
KURDISTAN


لە "ڕۆژنامەی کوردستان"
و"کوردستان میدیا"وە
بەفرانباری ٢٧٢٤
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی؛ ڕحمان نەقشی

# پێڕست:

١- پێویستیە لە پێناسەکردنی کوردستانی ئێران وەکوو یەکەیەکی جوغرافیایی بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی، زمانی و شوناسی نەتەوەییەکانیەوە هاوڕا بین................................................ محەممەدنەزیف قادری ..... ٥

٢- بەشێک لە هەوڵەکانی دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم................................................. هەردی سەلیمی ..... ٩

٣- ڕێوایەتی شەوچلە لە فەرهەنگ و باوەڕی کورداندا................................................ سارۆ خوسرەوی ..... ١٢

٤- گەردەلولی ئەقسا یان کۆتایی ئۆختاپووس!.......................................................... ڕەزا دانشجوو ...... ١٧

٥- ڕاگەیەندراو بەبۆنەی: کۆچی دوایی فەتاح ئەمیری، نووسەر و کوردیزانی ناوداری کورد لە بۆکان..................... ٢٢

٦ خۆرنشینی گۆڕەپانی خاک و خوێن............................................................. برایم چووکەڵی ..... ٢٤

٧- رووخانی ئەسەد گورزێکی قورسە لە "محیوەری مقاومەت"ی ئێران.................... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ٢٧

٨- ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرچاوەکانی هێز و گەمەی سیاسی....................................... تەهای ڕەحیمی ..... ٣١

٩- خامنەیی و ترس لە دارمانی ڕێژیمەکەی.......................................................... سمایل شەرەفی ..... ٣٦

١٠- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕوو بە بیروڕای گشتی، دەنگۆی دانووستانی نێوان خۆی و کۆماری ئیسلامی ئێران ڕەت دەکاتەوە............................................................................................. ٣٩

١١- ڕۆژئاوا لە پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتەوە.............................................................. ئەلبورز ڕووینتەن ..... ٤١

١٢- ڕۆڵی ئەفسەرانی خەباتگێڕ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا................................. ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ٤٥

١٣- سەدەی ٢١ و گاڵتەجاڕییەک بە ناوی پاراستی مافی مرۆڤ..................................... عومەر باڵەکی ..... ٤٩

١٤-پەلەپرتیەیل ئاخر.......................................................................... پژمان شەریعەتی ..... ٥٣

١٥- ئەمە "تۆفانی ئەلئەقسا"یە یان پشیلەی ڕەجەبە شێت؟................................................ دارسمە ..... ٥٦

١٦-پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (ڕوانگەی بیرمەندان).
....................................................................................... فوئاد خاکیبەیگی ..... ٥٩

١٧- هاوارەبەرە و میرزا بناخەی ئەدەبیاتی ئیقلیمیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.......................... کەژاڵ ساڵحی ..... ٦٦

١٨- ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرژەوەندییەکانی کورد.......................................... خالید بۆکانی ..... ٨٠

١٩- ئەو دەرسانەی کۆماری ئیسلامی وەریانناگرێ................................................ هەردی سەلیمی ..... ٨٣

## بەفرانباری ٢٧٢٤

٢٠- شکستی کۆماری ئیسلامی له ناوچەکه وەک دەرفەتێک بۆ ئۆپۆزیسیۆن.......................... سمایل شەرەفی ..... ٨٦

٢١- کاوه ئاهەنگەری: نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی له شوناسی نەتەوەیی بۆ جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەکان و دابەشبوونی خاکی کوردەکان بە سەر چوار جوغرافیای سیاسیدا دەگەڕێتەوە........................ دیمانە: شەهرام سوبحانی ..... ٨٩

٢٢- زرمەی پێی فاشیزم له گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا............................................ هەردی سەلیمی ..... ٩٤

٢٣- بەرزبوونەوەی نرخی ژیان بە نرخی مانەوەی ڕێژیم.................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ٩٧

٢٤- ساڵی کۆڵنەدان............................................................................ ئاسۆ مینبەری ..... ١٠٠

٢٥- پێویستیی پشتگیری له ئۆپۆزیسیۆنی کورد..................... لوقمان ڕادپەی ..... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٠٣

٢٦- تراویلکەی دەشتی قوم............................................................ د. ئاسۆ حەسەنزاده ..... ١٠٦

٢٧- ئەسما مەحیەدین: ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد................................................................................................................... وتووێژ: شەهرام سوبحانی ..... ١١١

٢٨- ئەو کە نیشتمان ژوانگەی ئەبەدیی بوو (شەهید تاهیر جۆڵاکار)............................ برایم چووکەڵی ..... ١١٩

٢٩- سەرپۆشی دیجیتاڵیش دەێتە بازاڕ.............................................................. دارسمە ..... ١٢٢

٣٠- ڕاستییەکی تاڵ و تەنیا یەک چارەسەر!.......................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٢٦

٣١- سەردەمێکی نوێ بۆ ڕۆژنامەی کوردستان.................................................. حەسەن قارەمانی ..... ١٢٩

٣٢- خیانەت بە فەلسەفە و ڕووناکبیری!............................................................ شارۆخ حەسەنزاده ..... ١٣٧

٣٣- له کۆلکە ڕەوینەوە و بەسەر بەرازدا کەوتن.................................................. سمایل شەرەفی ..... ١٤٣

٣٤- ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات: پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و خەبات لەپێناو ئازادی بە ماف و ئەرکێکی گشتی دەزانین.............................................................................................................. ١٤٦

٣٥- ٢٠٢٥ و ئەگەرە دژوارەکان!.......................................................................... شەماڵ تەرغیبی ..... ١٤٨

٢٦ له دیکتاتورییەوە بۆ دێموکراسی یا هەر دیکتاتوری!؟.................................. ئەلبورز ڕووییندتەن ..... ١٥١

٢٧- دەوڵەتی ناکارامەی ئێران دەرفەتی نوێ بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەستەبەر دەکات........... و: کەماڵ حەسەنپوور ..... ١٥٤

٢٨- دژی فاشیزم!........................................................................................ ڕەزا دانشجوو ..... ١٥٨

٣٩- له ٧٩ ساڵ بەر لەئێستاوە............................................................................ عەلی بداغی ..... ١٦٢

٤٠- سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئەرکی حیزبی دێموکرات.................................... جەماڵ ڕەسووڵ دنخە ..... ١٦٥

٤١- کۆتا بزمارەکان له تابووتی "بەرەی موقاوەمەی" کۆماری ئیسلامیی ئێران..................... ناسر ساڵحیئەسڵ ..... ١٦٨

٤٢- بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان...................................................... فواد خاکی بەیگی ..... ١٧٣

٤٣- گرتن و لێدان و کوشتن، عاملی ئازادییە.......................................................... هەردی سەلیمی ..... ١٧٩



سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

٤٤- بە چی ڕا کۆماری ئیسلامی گەیوەتە لێواری هەڵدێران؟........................................ عەلی بداغی ..... ١٨٢
٤٥- بە بۆنەی مەحکومکردنی حوکمی داسەپاوی لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی........................................ ١٨٥
٤٦- دیپلۆماسیی ژنان پاڵنەرێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی................................ ئازاد مستۆفی ..... ١٨٧
٤٧- شکستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی، سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان......................... "کوردستان" ..... ١٩٩
٤٨- شەترەنجی شێتان.............................................................. شیوا مورادیان ..... ٢٠٢
٤٩- خامنەیی تووشی وەهمی سەرکەوتن بووە یا ترساوە؟.................................. هەردی سەلیمی ..... ٢٠٤
٥٠- مێژووی پڕسەروەریی خەباتی حیزبی دێموکرات .......................................... فەتاح ڕەسووڵی ..... ٢٠٧
٥١- پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان.............................................................. ٢١٢



## محەممەدنەزیف قادری: پێویستیە لە پێناسەکردنی کوردستانی ئێران وەکوو یەکەیەکی جوگرافیایی بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی، زمانی و شوناسی نەتەوەییەکانییەوە هاوڕا بین




**(وتاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وێبیناری بەرەو گوتارێکی هاوبەش)**

**ئاماژە**: ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە واشنگتۆن - "مێراو" سەرلەئێوارەی ڕۆژی شەممە، ١٧ی سەرماوەزی ١٤٠٣ی هەتاوی، وێبینارێکی بە بەشداریی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە ژێر ناوی "بەرەو گوتاری هاوبەش" پێک هێنا.

لەم وێبینارەدا کاک محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی ناوەندی بەڕێوەبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتاری حیزبی دێموکراتی پێشکێش کرد. هەروەها کاکۆ عەلیار، ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران؛ حەسەن ڕەحمانپەنا، جێگری دەبیری ئەوەڵی ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران؛ بێهرووز مەلەکشا، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ جەلال خۆشکەلام، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران؛ خەلیل کانی سانانی، وتەبێژی پارتی ئازادی کوردستان و زاگرۆس ئەندەریاری، بەرپرسی پەیوەندییەکانی پژاک لە دەرەوەی وڵات بەشدارانی دیکەی وێبینارەکە بوون.

ئەم وێبینارە لەلایەن ناسر باباخانی و خالید بۆکانی بەڕێوە برا و تێیدا نوێنەرانی هێزە سیاسییەکان پەیام و نەخشەڕێی حیزبەکانیان بۆ داهاتووی ئێران و کوردستان خستەڕوو.

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**

ئەم وێبینارە لە هەلومەرجێکدا پێک دێت کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دنیا بە گشتی لە ئاڵوگۆڕێکی سیاسیی بنەڕەتیدایە و بە تایبەت ئەم ئاڵوگۆڕانە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەرەوە کە حەماس هێرشی کردە سەر ئیسرائیل و دواتر شەڕی لوبنان و ئێستاش دۆخی سووریە سیمای سیاسیی ناوچەکەی گۆڕیوە. بۆ ئێمەش وەک کورد پێویستە خوێندنەوەی خۆمان هەبێت و لە لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ڕووداوەکاندا بتوانین بەرچاوڕوونییەک بۆ خەبات و تێکۆشانەکەمان دروست بکەین و بەرەو پیلی ئەو ئاڵوگۆڕانە بچین کە ویستی سیاسیی خەڵکەکەمانە و ئەرکە لە سەر لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەوەندەی بۆ دۆخی ئێران دەگەڕێتەوە، هەموومان بەگشتی بە هۆی ئەو وەزعە شپرزەی ئابووریی ئێران بەهۆی کاریگەریی و شوێندانەریی گەمارۆکان، دۆخی بێکاری و نەبوونی خزمەتگوزرای و هەروەها نەبوونی ئەمنییەتی کاری لەنێو کۆمەڵگەی ئێراندا دەبینین کە دۆخەکە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبێ و خەڵکی ئێران بەگشتی لە ژیانێکی تاڵ و ناخۆشدا بەسەر ئەبن. لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەشی زۆری سەروەت و سامانی کۆمەڵانی خەڵکی ئێرانی تەرخان کردوە بۆ ئەو مێلیشیا و لایەنە نیابەتییانەی لە یەک ساڵی ڕابردوو بەردەوام لە شەڕ و ململانێدا بوون لەگەڵ ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی. بینیمان لە هەنگاوی یەکەمدا حەماس نەیتوانی بەرانبەر کاردانەوەی ئیسرائیل خۆی ڕاگرێ و بەکردەوە شکا. دواتر حیزبوڵڵای لوبنان وەک بەهێزترین میلیشیای دەستپەروەردەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە چۆکدا هات و دوایەش دۆخی سووریە و هەموو ئەوانە پێمان دەڵێ کە بالانسی هێز بە زیانی کۆماری ئیسلامی تەواو بووە. ئەم پاشەکشە کردنە بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە فەلەستین، لە لوبنان، و ئێستاش لە سووریە نیشانەی ئەوەیە ڕووداوەکان و ململانێیەکان بۆ بەچۆکداهێنان، یان ڕامالێنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بێکاریگەرکردنی مێلیشیاکانیەتی کە بەردەوام بۆ ئەمنییەت و ئاسایشی ناوچەکە هەڕەشە بوون.

لەو بارودۆخەدا زۆرتر ڕووی قسە لە ئێمە وەک لایەنە سیاسییەکان ئەوەیە لەم بارودۆخە هەستیارە و لەم ئاڵوگۆڕە سیاسییانەدا گوتارێکی کورد چییە؟ چ هەنگاوێک هەڵدەگرێ بەرەو یەکیەتیی و یەکریزی نێوخۆیی؟ چ بەرنامە و پرۆژەیەکی هەیە بۆ ئەوەی لە ئێراندا کاریگەریی خۆیی دابنێ و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بتوانێ ئەو ئەرکە سیاسیی و نەتەوەیی و مێژووییەی خۆی بە ئەنجام بگەیەنێ و بتوانێ ئاوات و ئامانجەکانی گەلی کورد وەدی بێنێ؟ بابەتی دیکەش

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

هەن وەک سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی ئەمریکا، یان ڕەفتاری سیاسیی ڕێژیم لە هاوکێشە جیهانییەکاندا کە لە یەکساڵی ڕابردوودا زیاتر و ڕاستەوخۆ چووەتە نێو ئەو بازنەیە پەیامی بە جۆرێک تەسلیمبوون بە ئورووپا و بە ئەمریکا بدا. ئەمە لە قسەکانی خودی پزشکیان، سەرککۆماری ئێران لە کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها لەم دواییانە لە لێدوانەکانی بەشێک لە ڕاوێژکارانی خودی ڕێبەر نیشانەی ئەوەیە کۆماری ئیسلامی هیچ ڕێگەیەکی تری نییە، ئیللا پاشکەشە و نەویکیشان. ئالێرەدا پرسیار دێتە گۆڕێ کە بزووتنەوەی نارەزایەتیی دژی کۆماری ئیسلامی دەبێ چ ڕێکارێک بگرێتە بەر کە بتوانێ بەردەوام بێ و لەو دەرفەت و لەو هەلومەرجەدا بە ئامانجی خۆی بگات.

**ئێمە بۆ دەستپێشخەری و هەروەها نواندنی هێز و قوورساییمان لە گۆڕانکارییانەدا دەبێ شان بدەینە بەر کۆمەڵێک ئەرکی دەستنیشانکراو:**

**یەکەم**؛ پێویستیی کۆڕایی لە پێناسەکردنی کوردستانی ئێران وەکوو یەکەیەکی جوغرافیایی بە تایبەتمەندییە نەتەوەیی، زمانی و شوناسی نەتەوەییەکانیەوە.

**دووهەم**؛ هاوڕابوون لە سەر ڕوانگەی لایەنەکان بەنیسبەت ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی وەکوو کێشەیەکی بنەڕەتی و جێگرەوەی بە سیستەمێکی دێموکرات، سێکۆلار و فیدراڵ.

**سێهەم**؛ دەرووەستبوون بە بنەماکانی هەرجۆرە هاوپەیمانی یان هاوکارییەک.

**چوارەم**؛ وەلانانی کێشە تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییەکان بۆ گوتاری هاوبەش لەسەر بنەمای پرسە نەتەوەییەکان و بەرجەستەکردنی خاڵە هاوبەشەکان بۆ گەیشتن بە یەکگرتوویی سیاسی.

**پێنجەم**؛ بەشدارکردنی کەسایەتییە سیاسی، ئاکادمیک، ئەدەبی و چالاکانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان لەو هاوپەیمانی، هاوخەباتی و یەکگوتارییەدا

**شەشەم**؛ گرنگیدان بە ژنان، لاوان لەو پرۆسەیەدا وەکوو زەروورەتێکی سیاسی و زیندووهێشتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**حەتەم:** یەکگوتاری لە ئاستی پرسە سیاسی و دیپلۆماسییەکاندا و داکۆکی لە مافی نەتەوەیی و سیاسییەکان.

**هەشتەم:** هاوکاری لەگەڵ ئەو حیزب و لایەنە سیاسییانەی باوەڕیان بە دێموکراسی و پرسە نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران هەیە.

**نۆیەم:** پشتبەستن بە هێزی مرۆیی نێوخۆی وڵات و هەوڵدان بۆ بەشداریی هەموو چین و توێژ و کۆمەڵگە مەدەنییەکان.
ئێمە لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هیواداریـن بە یەکگوتاری و هاوخەباتی بتوانین ئەو نەخشەڕێگایە تەنزیم بکەین کە ویستوداخوازیی هەموومانە و ویستی خەڵکەکەشمانە. ئەزموونیش نیشانی داوە هەر کاتێک هێزە سیاسییەکان خاوەنی پەیامێکی هاوبەش بن، خەڵکەکەش پشتی دەگرێت و بە هۆگرییەوە هاوخەباتە لەگەڵیان و هەر کاتێکیش تەفرەقە و ناهەماهەنگی هەست پێ بکەن، خەڵکەکەمان بێهیوایی دایاندەگرێ. بۆیە پێویستە بە کاری هاوبەش، بە هاوخەباتی و بە پشتبەستن بە ئیرادەی خەباتگێڕانەی خەڵکەکەمان لە نێوخۆی وڵات بتوانین جووڵانەوەکەمان سەربخەین و دەسکەوتی زیاتر بۆ نەتەوەکەمان دەستەبەر بکەین.

**١ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# بەشێک لە هەوڵەکانی دەزگای پرۆپاگاندای ڕێژیم





**هەردی سەلیمی**

پرۆپاگاندا لە وشەدا بەواتای هەڵخڕاندن دێت، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە واتای بەربڵاوتری لە خۆ گرتووە، لەوانەش: بانگەشە، بەقەناعەتگەیاندن، شانتاژ، کەشخولقێنی و... لە دنیای ئەمڕۆدا دەوڵەتان و بەتایبەت دەوڵەتە دیکتاتۆری و تۆتالیتاریستەکان گرنگییەکی زۆر بەم بوارە دەدەن. پرۆپاگاندا دەیهەوێ لە ڕێی ئەندازیاریی ڕای گشتییەوە، بە ئامانجە لەپێشدا دیاریکراوەکانی بگات، کە باس دێتە سەر ئەندازیاریی ڕای گشتی، بەو واتایە کە بیر و زەین ئامادە دەبن بۆ قەبووڵکردنی هەندێک باوەڕ و سووژە کە پێشتر بۆیان دیاری کراوە و خۆیان نازانن لە دروستبوونی ئەو باوەڕ و بیرۆکانەدا ڕۆڵێکیان نییە و نەبووە.

کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو دەسەڵاتانەی سەردەمە کەوا زیاترین پرۆپاگاندای هەیە و لە زۆربەی بوارەکاندا بەکاری

هێناوە. پێش لە هەر شتێک دەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کۆماری ئیسلامی ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکە، پاشان دەسەڵاتێکی سیاسییە، چون لەپێشدا لەڕێی ئیدئۆلۆژیی مەزهەبییەوە خۆی ناساندووە و ڕیشەیەکی مێژووییشی هەیە لەم بارەوە. بە واتایەکی تر ئایینزای شیعەی داوزدە ئیمامی کە خوێندنەوەی فەرمیی کۆماری ئیسلامی لە ئایینی ئیسلامە، ساڵانێکی زۆر پێش لە بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی حکوومەتێک لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە، هەر هەبووە و لە مزگەوت و حوسەینییەکان و لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسیی خەڵکدا ڕۆڵی گێڕاوە و دەوری هەبووە، ئەم ڕۆڵگێڕانەشی بە بانگەشەکردن و لەسەر بەستێنێکی کولتووری و لەڕێی مینبەرەوە بووە.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێ کە بۆچی کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم ساتەکانی هاتنە سەر کارییەوە، زۆر زوو توانیی پەرە بە وتاربێژی و مەدداحی و بانگەشەکردن و تەبلیغات بدات، چون هەم بەستێنیان هەبوو و بەجۆرێک دەتوانین بڵێین یەکێک لە شارەزاییە دیارەکانیشیان بوو، هەمیش دەیانزانی لەم ڕێگەوە دەتوانن لەسەر ڕای گشتیی خەڵک کاریگەری و شوێندانەرییان هەبێ. ئەوەش بڵێین لەم بوارەدا چەقبەستوو نەبوون و هەر لەسەر شێوە کلاسیکییەکەیان ڕانەوەستاون، بەڵکوو پەرەیان پێداوە و لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم، ئەوانیش لە ئامرازە مودێرنەکان بۆ بڵاوکردنەوە بیروبۆچوونە چەوتەکانیان کەڵکیان وەرگرتووە و ڕەهەندی جۆراوجۆریان گرتووەتە بەر.

بانگەشەکەرانی کۆماری ئیسلامی لە وتاربێژانی سەر مینبەر و مەدداحان و سرووودبێژەکانی سەرەتای شۆڕشەوە، گەیشتن بە "هونەرمەند" و "نووسەر" و "ڕووناکبیر" و "مامۆستای زانکۆ" و "بەڕواڵەت دژبەر" و هەتا ئەم دواییانەش ئینفلۆئینسەر و بلۆگێر و ڤلۆگێرەکان؛ ئەم کەسە تیپیکاڵانە هەموویان یەک ئامانج دەپێکن، بەڵام لە ڕێگەی جیاوازەوە.

لە دەیەی پێنجەمی ژیانی سیاسیی کۆماری ئیسلامیدا ئەگەری لەنێوچوونی ئەم دەسەڵاتە چەندقات زیادی کردووە، بۆیە ئامانجی سەرەکیی تەواوییەتی ڕێژیم ئەوەیە ئەم دەسەڵاتە بپارێزێ، هەر لەو ڕووەشەوەیە کە ئەرک و ئامانجی هەموو ئەم کەسانە پاراستنی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام وەک وترا بە شێوە و بەردەنگی جیاوازەوە؛ بەو واتایە کە هەرکام لەمانە ڕووی دەمیان لە کۆمەڵێک کەسە. ئەرکە سەرەکییەکانیان بریتییە لە: بانگەشەکردن، نانەوەی چەندبەرەکی لەنێو خەڵکی نارازی، بەقەناعەتگەیاندن، درۆکردن، بڵاوکردنەوەی نائومێدی و ترس و دڵەڕاوکێ، خەمساردکردنی خەڵک و دەیان ئەرکی دیکە.

نامانەوێ لێرەدا ئاماژە بە هەموو شێواز و ئەرک و تاکتیکەکانیان بکەین، بەڵام لە پێوەندی لەگەڵ چەند خاڵێکدا چەند ئاماژەیەکمان دەبێ بۆ وریایی زیاتر لە بەرامبەر ئەم سیستمەدا.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**یەکەم**: نەهێشتنی یەکیەتی و یەکڕیزی لەنێو دژبەراندا، بۆ ئەم مەبەستەش لە چەندین شێواز کەڵک وەردەگرن کە لەیبڵلێدان واتە بەرچەسپلێدان یەکێک لەو شێوازانەیە، بۆ نموونە کاتێک لە ڕووی مەنتقییەوە وڵامیان بۆ کەسێک پێ نییە و ناتوانن لە ڕووی سیاسییەوە بە قەناعەتی بگەیەنن خێرا بەرچەسپی "پرۆژەیی"، "تجزیەطلبی"، "چەپیبوون" و "بەستراوە بە ئەم وڵاتە و ئەو دوژمن" و هتدی لێدەدەن، بۆ ئەوەی هەستی ترس و هەڕەشە و ڕق و دەمارگرژیی خەڵک بەرامبەریان هەڵخرێنن و لەو کەسانە بیانکشێننەوە و بەم شێوەیە بتوانن کەلێن بخەنە نێو دژبەرانەوە.

**دووەم**: چاندنی هەستی ترس و دڵەڕاوکێیە کە لەم بەشەدا و لەم ساڵانەدا کۆماری ئیسلامی مانۆڕێکی زۆری لەسەر داوە، بە دەیان لاپەڕە و کاناڵی جۆراوجۆر لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بەم مەبەستە چالاکن و دەیانهەوێ خەڵکی ئەو وڵاتە لە داهاتوو بترسێنن و چارەنووسیان هاوشێوەی خەڵکی سووریە و لیبی و عێراق و... وێنا بکەن. ئەم تاکتیکەیان وەک وترا زیاترین مانۆڕی لەسەر لێدەدرێ و تا ئێستاش کاریگەریی زۆری هەبووە. ئەمە لە کاتێکدایە ئێمە لە مێژوو هیچ چارەنووسێکی هاوشێوە و هاوبەشمان نییە و هەر ڕووداوێکی مێژوویی جیاوازیی خۆی هەیە و ناتوانین دوو دەرهاویشتەی یەکسان لە مێژوودا بدۆزینەوە. لەگەڵ ئەوەش بەستێنە جوغرافیایی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، سیاسی و مێژووییەکانی هەر وڵاتێک لەگەڵ وڵاتێکی تر جیاوازە و هەر بەم پێیە لە ئەگەری گۆڕانەکاندا ئاکامی جیاوازیشی دەبێ.

**سێیەم**: دوایین خاڵ لێرەدا سەرنجی دەخەینە سەر ئادرەسی هەڵە دانە، واتە هەندێک ناونیشان هەن بەڕواڵەت گۆڕانخواز و دژبەری ڕێژیمن و دەیانهەوێ سەرکەوتووش بن، بەڵام کە لێی دەکۆڵییەوە، دەزانی لە نێوەرۆکدا زیاتر لە تراویلکەیەک دەچن. یەک لەو نموونانە ئەوەیە کەوا دەیانهەوێ شەپۆلێک وەڕێ بخەن بۆ ئەوەی هەوڵی دیپلۆماتیکی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆن بەتەواوی بێننە ژێر پرسیار و بە کارێکی بێئاکام و نابەجێی بناسێنن. یەکێکی تر لە دیارترین هەڵەکان کە لە ڕاستیدا لەلایەن ئازادیخوازانیشەوە هاتە ئاراوە بەڵام دەسەڵات قۆستییەوە و ئێستاش بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاری دێنێ، ئەوە بوو کە دژایەتیی ڕۆڵی "ڕێبەری"ی لە نارەزایەتییەکاندا دەکرد و هیوای لەسەر سەرکەوتنی بزووتنەوەی بێسەر یا بێڕێبەر هەڵچنیبوو، کە لە ژماری یەکێک لەو ناونیشانانەیە وا لێرەدا بە ناونیشانی هەڵە ناوزەدمان کردووە؛ چون هیچ بزووتنەوەیەک ناتوانێ بێڕێبەر، بێئامانج، بێڕێکخستن، بێستراتیژی، بێڕێباز، بێتاکتیک و بێتیۆری سەرکەوتوو بێت. هەر لەم ڕووەوەیە پێویستە بە وشیارییەکی زیاترەوە چاودێریی هەوڵەکانی بەشی پرۆپاگاندای ڕێژیم بکەین و دڵنیا بین لەوەی زۆربەی کاتەکان لە بەرگی دژبەرێکی ڕێژیمدا دێنە مەیدانەوە، بۆ ئەوەی بیروڕاکان بە لاڕێدا بەرن.

**١ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕیوایەتی شەوچلە لە فەرهەنگ و باوەڕی کورداندا




**سارۆ خوسرەوی**

شەوچلە بۆ زاگرۆس‌نشینان، شەوێکی فەرهەنگی و نەریتێکی کەونارایە. خەڵک لە شەوچلەدا لە دەوری یەک کۆبوونەتەوە و جەژنیان کردوە تا ڕۆژ بێتەوە و پێشوازی لە خۆر بکەن.

دانیشتووانی زاگرۆس، ژیان و گوزەرانیان پەیوەست بووە بە کشتوکاڵەوە. لە دوای شەوێکی دوورودرێژ، هەمدیسان خۆر لە زەویی کشتوکاڵییان دەدرەوشێتەوە و دەبێتە هۆی وزەی زۆرتری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانیان، هەر بۆیە لە شەوچلەدا بەرهەمی ڕەنجی خۆیان لەسەر سفرە دادەنێن و ئەمەگناسیی خۆیان بۆ کۆرپەی زەوی و ڕووناکی و گەرمیی خۆر پێشان دەدەن.

لەگەڵ بڵاوبوونەی ئایینی میترا، ئەم نەریتە بە دنیادا بڵاو بووەتەوە. لە نەریتی شەوچلەدا، خەڵک لە درێژترین شەوی زستاندا کۆ بوونەتەوە. ئەو شەوە، زەوی ئاوس بووە بە میتراوە، میترا لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی دانیشتووانی

زاگرۆسدا، خوادایک و هێمای خۆر و ڕووناکییە.

گردبوونەوە لە دەوری یەک و خواردنی میوە و چەرەزات لە شەوی چلەدا، بە واتای کۆبوونەوەی زەوییە بۆ لەدایکبوونی کۆرپەیەک کە دەبێتە هێما و سەرچاوەی گەرمی و ڕووناکی.

بەو جۆرەی باسی لێوە دەکرێت، لە سەرەتاکانی زایینیدا، ئایینی مێهر گەیشتووەتە ئورووپا. یەکەم جار ڕۆمییەکان کولتووری ئایینی مێهریان قەبوڵ کردوە و ڕۆژی لەدایکبوونی میترایان لەگەڵ ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا مەسیح لە کات و زەمەنێکی دیاریکراودا گونجاندوە. ئایینی میترا، بە هۆی شەڕی درێژخایەنی نێوان ئێران و ڕۆم، لە لایەن سەربازە دیلەکانی ڕۆم کە دواتر گەڕاونەوە بۆ وڵاتی خۆیان، گوازراوەتەوە بۆ ڕۆم و لە قۆناغێکدا بووە بە ئایینێکی جیهانی.

یەکێک لە پەیامە گرینگەکانی شەوچلە، کۆبوونەوەی خێزانییە. لە شەوچلەدا خوانچە دەکرێتەوە و میوە و چەرەزات لە سەر سینی ڕوو دەکرێت بۆ پێشوازی و بەرزڕاگرتنی ئەو شەوە. کۆبوونەوە لە شەوچلەدا بۆ ئەوە بووە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەهێزتر و بەردەوام بێت.

پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ئیرادەی جەم، یەکێک بووە لە هێما بەرچاوەکانی ئایینی میترایزم.

ئایینی میترایزم کۆنترین ئایینی کوردە کە ئێستایش پەرستگەکەی لە کەنگاوەڕ لە دەڤەری شاری کرماشاندا ماوە. وشەی میترا، واتای "ئەڤین" و "پەیمان" دەگەیەنێت. ئەم خودایە پێشتر خودای خۆر و ڕووناکی بووە و دواتر بە پارێزەری ئاسمان و زەوی ناسراوە.

هەتا ئێستا زۆرێک لە یارسانییەکان، خۆر بە یەکێک لە هێما پیرۆزەکانی ڕیشەی ئایینەکەیان کە میترایزمە، دەزانن و سوێندی پێ دەخۆن، وەک ئەوەی کە دەڵێن: "وەی خوەر نازارە قەسەم."

وەک دەڵێن، ئایینی مێهر یان میترا چەقی هەموو شتێک لە زەمیندا دەبینێت و لە مرۆڤدا کۆی دەکاتەوە، بە تایبەت لە ژندا، لەبەر ئەوەی میترا خوادایک بووە. ئەم ئایینە بە دنیادا بڵاو بووەتەوە و پەرەستگاکانی گەیشتووەتە ڕۆم، ئیسپانیا، ئاڵمان و زۆر وڵاتی دیکەی دنیا. وەک گوتمان، ئایینی میترا لە سەروبەندی لەدایکبوونی عیسای مەسیح بە دنیادا بڵاو بووەتەوە و تێکەڵ بە کولتووری ئایینیی وڵاتان بووە. کاریگەریی ئایینی مێهر لەسەر جەژنی کریسمس بە ڕۆشنی دەبینرێت.

ئایینی مەسیحی، زۆر یاسا و ڕێسای لە ئایینی میترا وەرگرتوە. کلێتەکەی بابا نوئێل، جەژنی هۆلۆوین، ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا، واتا ٢٥ی دێسامبر کە ڕۆژی لە دایکبوونی میترا بووە، ڕەنگکردنی هێلکە، کە هێشتا لە کوردستان باوە، بەشێک لەو بابەتانەیە کە مەسیح لە میترا وەریان گرتوە. هەروەها هێمای ڕەنگی سوور لە شەوچلەدا، زۆر گرینگ و واتادارە. زۆربەی ئەو میوەگەلەی لە شەوچلەدا دادەنرێن، ڕەنگیان سوورە. جلوبەرگ و کڵاوی "بابانۆئێل"یش کە بەشێکی سوورە، لە هێما سوورەکانی میترا وەرگیراوە. واتە، ئایینی مێهر کاریگەریی هەیە لەسەر ئایینی مەسیحییەت. هەنار کە لە شەوچلەدا دەخورێ، هێمایەکی گرینگە لە فەرهەنگی زاگرۆس و ئایینی مێهردا و تا ئێستاش وەک هێمای پێکەوەژیان لە ئایینی یاریدا پارێزراوە.

ژمارەی چل لە زمانی کوردی و لە ئەدەبیاتی باوەڕیی و ئایینی زاگرۆسییەکاندا، پیرۆز بووە. بە تایبەت لە ئایینی یاریدا زۆر ژمارەیەکی پیرۆزە و چەندین شوێن و هێمای یارسانییەکان بە ژمارەی چل دەست پێ دەکات، لەوانە دەتوانین ئاماژە بکەین بە "چلتەن، چلتەنان و هەروەها چلانە" کە ناوی کانییەکە لە نزیکی مەزاری باوایادگار لە داڵاهۆ هەڵکەوتوە.

هەنار، نمادی دەوڵەتی مادە. لە میتۆلۆژیای زاگرۆسدا، دانەکانی نێو هەنار، هۆزەکانی مادن، پەردە تەنکەکانیشی بە واتای سنوورەکانی نێوان هۆزەکانی مادن. نووکی هەنار هێمای تاجی پادشایی مادەکان بووە. سووریی هەناریش هێمای لەدایکبوونی میترایە.

لە جەژنەکانی یارساندا، هەنار وەک هێمایەکی گرینگ دەبینرێت، کە دیارە لە کولتووری میتراوە وەک میرات بۆیان بەجێماوە. هەنار هەر لە ئەدەبیات و فەلسەفەی باوەڕیی یاریدا پیرۆزە و بە واتای یەکیەتی و یەکبوونە. زاگرۆسنشینان بەردەوام گرینگیان بە بەرووبۆمی کشتوکاڵ داوە بۆ درێژەدان بە ژیان و دەربازبوونیان لە زستانە سەختەکانی ساڵ. لەوێدایە میوەیەک وەک هەنار واتا پەیدا دەکات و دەبێتە هێمان یەکبوون و مانەوە.

بە پێی توێژینەوەی توێژەرانی کورد و بیانی، چیاییەکان بەردەوام ڕووبەڕووی واقعیکی سەخت بوونەتەوە، بۆیە پێویستیان بەوە بووە بۆ درێژەدان بە ژیان و سەرکەوتن بەسەر سەختییەکاندا داهێنان بکەن و هێما بخوڵقێنن. ئەگەر هێزی داهێناو و هێما نەبووایە، چیانشینەکان چۆن دیانتوانی بۆ ماوەی شەش مانگ بەرگەی سەرمای سەختی زستان بگرن.

لە شەوچلەدا، خەڵک لەدەوری ئاگر کۆبوونەتەوە و چیرۆک و ئەفسانە و شانامەیان خوێندووەتەوە. ڕێوڕەسمی شەوچلە، لە درێژترین شەوی زستاندا دەست پێ دەکات و تا بەرەبەیان درێژەی دەبێت. کۆبوونەوەی خەڵک و درێژەکێشانی ئەو شەوە بۆ


سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

ئەوە بووە، یارمەتیی زەوی بدەن تاکوو کۆرپەکەی لەدایک بێت، کە دیارە لێرەدا مەبەست لە کۆرپەی زەوی، لە دایکبوونی ڕووناکییە. بەیانییەکەی کە ڕۆژ دەبێتەوە، پێی دەگوترێت ڕۆژی یەکسانی. لەو ڕۆژەدا پاشاکانی زاگرۆس دەستبەرداری دەسەڵات بوون، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە یەکسان بێت. هەر لەو ڕۆژەدا کوژرانی هەموو جۆرە باڵندە و ئاژەڵێک قەدەغە کراوە.

لە ڕێوایەتەکاندا هاتووە، دەڵێن ئەگەر یەکەمین ڕۆژی چلە بەفر باریبا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی خێر و بەرەکەت بووە.

خواردنە سەرەکییەکانی سەر سفرەی شەوچلە, جگە لە هەنار، چەرەزات و میوەی وشککراو، دانوولە و گەنمەکوتاو لەگەڵ دۆڵمە بە گەڵامێو بوون. گرینگیدان بە خواردن لە شەوچلەدا بۆ ئەوە بووە تاکوو بە هێزی سەروە نیشان بدەن کە خەڵک ئەوەندە خۆیان ئامادە کردوە بتوانی شەڕی ئەم زستانە سەخت و ساردە بکەن.

### ئەنجام:

کورد ڕیشەی لە زگرۆسە و خاوەنی شارستانیەتی خۆی بووە، بۆیە بە دووری دەزانم لە خەڵکی دیکەوەرە کولتووری شەوچلەی وەرگردبێت.

بەکورتی، ڕیشەی جەژنی شەوچلە لە نێو دڵی زەنجیرە چیاکانی زاگرۆسەوە سەریهەڵداوە، چوونکە ئەم جەژنە پەیوەندی بە لەدایکبوونی میتراوە هەیە. هەر بۆیە زۆر گرینگە کورد باوەڕ بە خۆی بێننەوە کە جەژنی شەوچلە بەر لە هەر گەل و نەتەوەیەک، بۆنە و یادی ئەوان بووە.

### سەرنج:

یەلدا وشەیەکی سریانییە و بە واتای لەدایکبوونە. وشەی یەلدا زۆر لە یوولی سوێدییەوە نزیکە کە دەبێتە ڕۆژی لەدایکبوونی عیسا مەسیح و سەرەتای وەرزی زستان. وشەی یەلدا لە فەرهەنگی کوردەواریدا تازەیە کە بە هۆی بەرفراوانبوونی پێوەندییەکان لە کوردستان و ناوچەکە بە گشتی برەوی پەیدا کردوە و جێگای وشەی شەوچلەی کوردی گرتووەتەوە. بۆ کورد وشەی شەوچلە واتادارە، لەبەر ئەوەی ئەم بۆنەیە پەیوەستە بە ئایینی میتراوە لە زاگرۆسدا. لە دێرزەمانەوە لە هەموو جوگرافیای کوردستاندا، هەر بە شەوچلە ناوبانگی ڕویشتووە، بۆیە باشترە گەلی کورد هەر ناوە کوردییەکەی خۆی بەکار بێنێت.



سەرچاوە
Serchawe

**سەرچاوەکان:**

- ئایینی یاری، د. حسێنی خەلیقی
- پژوهشی در شەوچلەی کورد، آژوان رازیانی
- شب یلدا از کجا شروع شد؟، ابراهیم دبیری
- تاریخ جشن کریسمس، ن: تحریریه فایندا‌تو
- جشن شب یلدا، حمید سفیدگر شاهنقی
- آیین یارسان در اساطیر اقوام کرد: منصور یاقوتی

ای بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## گەردەلولی ئەقسا یان کۆتایی ئۆختاپووس!



**ڕەزا دانشجوو**

لە ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣، لە ئۆپەراسیۆنێکدا بە ناوی "گەردەلولی ئەقسا" کە لەلایەن حەماسەوە وەرێخرا و ڕاستەوخۆ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پلانی بۆ داندرابوو و چەند ڕۆژێکی خایاند، هێزەکانی حەماس دەیان موشەکیان ئاراستەی شار و شارۆچکەکانی ئیسرائیل کرد و دواتر لە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەنێو خاکی ئیسرائیلدا سەدان کەسیان کوشت و بریندار کرد و هەندێکیان وەک یەخسیر و بارمتە لەگەڵ خۆیان برد.

ئەم ئۆپراسیۆنە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن ڕێکخراوی تیرۆریستیی سپای پاسدارانەوە پلانی بۆ دانرابوو و بە حەماس جێبەجێکرا، دەیەویست وێڕای بەلارێدابردنی دۆخی قەیراناوی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی لە سەروبەندی دانوستانە ئەتۆمییە نوێیەکان لەگەڵ گرووپی (١+٥) توانایی ڕژێم بۆ مامەڵە کردن و چەنەلێدان و وەرگرتنی هەرچەشنە ئیمتیازێک زیاد بکات.

ساڵێک و چەند مانگێک دوای ئەم ئۆپەراسیۆنە، شیکاریی داتاکان ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوەی لە ڕاستیدا ڕووی دا بەتەواوی پێچەوانە بووە و ئەم ئۆپەراسیۆنە شکستخواردووە سەرەتای کۆتاییهاتنی میحوەری بەناو مقاوەمەت لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامی بوو! لە درێژەدا بە کورتی باس لە شکستی ڕەها و لە ڕاستیدا ڕووخانی یەک لە دوای یەکی ئەڵقەکانی میحوەری شوومی بەناو مقاوەمەت دەکەین.

## کلک و گوێ لەبری سەری ئۆختاپووس

لە کاتێکدا هەر لە سەرەتای وەڵامدانەوەی ئیسرائیل بۆ ئەم هێرشانە، زۆرێک لە شرۆڤەکاران چاوەڕوانی ئەوە بوون ئیسرائیل ڕاستەوخۆ وەک ئەنجامدەری سەرەکی ئەم ئۆپەراسیۆنە ڕووبەڕووی کۆماری ئیسلامی ببێتەوە، بەڵام سیاسەتمەدارانی ئیسرائیل بە ئاگاداری لە دۆخی ناوچە و بە پێی خوێندەوەی ڕاستییەکان، سەرەتا هەوڵیان دا هەتا دەکرێت توانایی پشتیوانی و وەڵامدانەوەی بەکرێگیراوانی ڕێژیم لە ناوچەدا کەم بکەنەوە. هێرش بۆ سەر غەززە و هەوڵی هاوکات بۆ نەهێشتنی فەرماندە باڵاکانی حەماس بەشی یەکەمی ئەم پلانە بوو و ئیسرائیل توانی بە تێرۆر و لەبەینبردنی نزیکەی هەموو سەرکردە باڵاکانی حەماس و تێکوپێکدانی ژێرخانی سەربازیی و داگیرکردنی غەززە بە تەواوەتی ئامانجەکانی خۆی بگات.

سەرەڕای هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ ئیسرائیل لە دوای تێرۆری ئیسماعیل هەنیە لە تاران، دیسان ئیسرائیل خۆی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕێژیم بەدوور گرت. هاتن و بەشداری لەناکاوی حیزبوڵڵا بۆ مەیدانی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل بە فەرمانی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامییش نەک هەر نەیتوانی کێشەکانی میحوەری مقاوەمەت چارەسەر بکات، بەڵکوو ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ لەنێوچوون و نوقمبوونی زیاتری بەرەی مقاوەمەتی ڕێژیم لە تاڵاویی شەڕدا. ئەمجارەش ئیسرائیل بە گرنگیدان بە دوو خاڵی گرنگ لە ژیان و مردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی وەک حیزبوڵڵا، بە سیاسەتی نەهێشتن و لەنێوبردنی سەرکردە باڵاکانی ئەو ڕێکخراوە لە لایەک و نەهێشتنی توانا سەربازییەکانی لە لایەکی دیکەوە توانی ئاراستەی ڕووداوەکان بە تەواوەتی بە قازانجی خۆی بگۆڕێت. ئێستا ڕێژیمی داماو و کلۆڵی کۆماری ئیسلامی بارودۆخی بەکرێگیراوانی لە هەمیشە لاوازتر و نالەبارتر دەبینێت. ئەو بەکرێگیراوانەی کە ئیستا لە جێی جێبەجێکردنی فەرمان و ڕاسپاردەکانی ڕژیم لە ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون و پاراستنی خۆیان دەگەڕێن و لە ڕاستیدا تەنیا بیر لە مانەوە دەکەنەوە.

## شاورمە بە تامی ڕووخان

لاوازبوونی هێزەکانی بە وەکالەتی ڕێژیم بە تایبەتی حیزبوڵای لوبنان کە بۆ پاراستنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد کاریگەری و بوونی بەسوودیان لە سووریە هەبوو، دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ نەیاران و هێزە ڕکابەرەکانی ئەسەد و کۆماری ئیسلامی کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە لایەن تورکیەوە سەرکردایەتی دەکران و ماوەیەکی زۆر بوو ئامادەی ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاو بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بەشار ئەسەد بوون. هەرچەندە وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامی هەوڵی دا لە نمایشێکی گاڵتەجاڕیدا بە خواردنی شاورمە لە دیمەشق دۆخەکە ئاسایی نیشان بدات، بەڵام تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێک نیشانی دا کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد توانایی بەربەرەکانیی نییە و دەڕوخێت. سەبارەت بەوەی بۆچی کۆماری ئیسلامی بۆ پاراستنی بەشار ئەسەد دەستوەردانی نەکرد دەتوانرێت بە ئاماژەدان بە قسەکانی خامنەیی دوای ڕووخانی ئەسەد بگوترێت کە کۆماری ئیسلامی ئاشکرا لە تێکەڵاوبوون لە شەڕێکی تازە لەگەڵ ئەو هێزانەی دژایەتیی ئەسەدیان دەکرد و هەڵبەت ئەگەری ڕووبەڕوبونەوە لەگەڵ ئیسرائیل لە کاتێکدا کە هێزە بەکرێگیراوانی ڕێژیم توانایی شەڕ و خۆڕاگرییان نەماوە دەترسا. هەر بۆیەش ڕێژیم بڕیاری دا و لە ڕاستیدا مەجبوور کرا بینەری قوربانیبوون و تێداچوونی ئەسەد بێت؛ بەڵام دەرفەتێکی بۆ نۆژەنکردنەوە و دووبارە ڕێکخستنەوەی هێزە بەکرێگیراوەکانی هەبێت. جێی ئاماژەیە کە ڕووسیەش بە هۆی سەرقاڵبوونی لە شەڕی ئۆکراینەدا نە توانایی دەستوەردانی زیاتری هەبوو و نە پاڵنەرێکی هەبوو بۆ دەستوەردان! لە هەموویان گرنگتر سوپای بێوەرە و بێئەنگیزەی ئەسەد بوو کە نە توانایی شەڕکردنی مابوو و نە هێزێک بۆ شەڕکردن!

ڕاستی ئەوەیە کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ساڵانێکە لەنێو گەلانی سووریەدا ڕووخاوە و نەماوە وەک نەخۆشێک کە جەڵتەی مێشک لێیداوە و لە ڕوانگەی پزیشکیی مێشکی مردوە و هیچ هیوایەک بۆ گەڕانەوەی نییە و تەنیا بە یارمەتی و پاڵپشتی ئامێرە تایبەتەکان زیندووە و بە کووژانەوەی هەر ئامێرێک ژیانی کۆتایی پێ دێت!

لە کۆتاییدا دەبێت بگوترێت کە لێکدانەوەی هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە تاڵیبان نیشانی دا کە بە پێچەوانەی دروشمە پووچەکانی سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی، ڕێژیم ئامادەی دانوستان لەگەڵ هەر گرووپێک یان ڕێکخراوێکە، تەنانەت ئەگەر مێژووی دوژمنایەتی و شەڕیان لەگەڵ یەکتردا هەبێت و لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە تەواو لە یەکتر دوور بن! لە سیستمی کۆماری ئیسلامیدا هەموو شتێک جێی مامەڵە و دانووستانە ئەگەر ئەمانج مانەوەی ڕژیم بێت! لە ڕاستیدا ڕێژیم دڵنیا لە ڕووخانی ئەسەد، پێی باش بوو شاهیدی قوربانیبوونی لەلایەن نەیارانییەوە بێت، ڕەنگە دواتر بتوانێت لەگەڵ نەیارانی ئەسەد لەسەر مێزی دانوستان دابنیشێت! ئێستا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین گەشتەکەی عەراقچی



سەرچاوە
Serchawe

وەزیری دەرەوەی ڕێـژیم بـۆ تـورکیە دوای خـواردن و چێژوەرگـرتن لە شـاورمە لە سووریە و دیـدارەکەی لەگەڵ هاکـان فیـدان تەنها بۆ گفتوگۆکردن لەسەر چۆنیەتیی کشانەوەی هێزەکانی ئێران و بابەتی پاراستنی شوێنە پیرۆزەکـانی شیعەکان بـوو و هیچی تر!

## پەتی ڕزیوی کۆماری ئیسلامی و کۆتایی چیرۆکی ئۆختاپووس

ئێسـتا دوای سـاڵێک و چەنـد مانگێـک لە گەردەلـولی ئەقسـا، ئەوەی لە هەمـوو شـتێک زیـاتر دیـارە، دارمـانی دۆمینـۆواری پاشهاتەکانی ڕێژیمی کۆمـاری ئیسلامییە. دارمانێک کە لە حەماسەوە دەستی پێکـرد و دواتـر حیزبـوڵڵا و بەشـار ئەسـەدی تێوەگلاوە. لە ڕاستیدا ئەو شێرپەنجەیەی کە کۆمـاری ئیسلامی بـۆ لەنێـوبردنی دوژمنەکـانی لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بڵاوی کردەوە، ئێستا بە ئاراستەی پێچەوانەدا، دوای ئەوەی تەواوی جەستە و لەشی یەک لە دوای یەکی بەکرێگیراوەکـانی ڕژێمی داگرت، بەرەو بنیاتنەر و خـوڵقێنەرەکەی - کۆمـاری ئیسلامی - دەڕوات! ئـاڵقە ژەنگاوییەکـانی میحوەریی مقـاوەمەت یەک لە دوای یەک دەکەونە خوارەوە و بەکردەوە ئێستا هیچ لەم زنجیرە کۆن و ژەنگـاوییە نەمـاوە! ئۆختاپووسی بـێ کلک و دەست و لاقی کۆماری ئیسلامی لە حالی گیانەڵڵا و دەمی ڕوح دەرچوونە!

ئێسـتا، نە هەڕەشـەو قەسـە بـێ بنەماکـانی ناوبەنـاوانەی حەسـەن نەسـروڵڵا، نە ئاژاوەگێڕییەکـانی حەمـاس، نە بەشـار ئەسەدی گۆێ لە زاری تـاران، ناتوانن هیچ کارێک بۆ کۆماری ئیسلامی بکەن.

خـاڵێکی دیکەی گرنگ کە نـابێ لەبیـر بکرێت، چارەنووسی ئەو کەس و حکوومەتـانەیە کە ئومێـدیان بە کۆمـاری ئیسـلامی هەبـوو. سـاڵانێکە پەتـی ڕزیـوی کۆمـاری ئیسـلامی جگە لە مـردن و مـاڵوێرانی هیچـی تـری نەبـووە بـۆ خزمەتکـاران و بەکرێگیراوانی. ئەم ئیمـامزادە سـاڵانێکە دەکوژێت و تێدا دەبـات، بەڵام تـا ئێسـتا نە کەسـی شیفا داوە و نە کەس شیفا دەدات.

لە ڕوانگەی کۆمـاری ئیسلامییەوە هەمـوو خزمەتکـار و بەکرێگیراوێـک وادەی بەسەرچوونێکی هەیە! بەشـار ئەسـەد نـوێترین نمـوونەیە! ڕەنگە کۆتـایی ئەسـەد ببێتە وانەیەک بـۆ هەمـوو ئەوانەی هێشـتاش بـۆ ڕزگـاری و گەیشـتن بە ئامانجەکانیـان ئومێـدیان بە پەتـی ڕزیـوی دەسەڵاتـی وەلایەتـی فەقێیە! هیـوادار بە ڕێژیمێک کە خۆی هەر ڕۆژ زیـاتر نـوقم دەبێت و زۆر لەمێژە هیوای دەربـازبوونیی نەماوە و دوا پەلەقاژەکانی تەنیا بۆ چەند ڕۆژ مانەوەی زیاترە!



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ڕۆژێک لەناکاو جارێکی تر شەقامەکانی ئێران پڕ دەبنەوە لە هەڵمەت و نەڕەی شێرانەی شۆڕشگێڕان! ئەو ڕۆژە کۆتایی چیرۆکی ئۆختاپووسە! سەرەتایەک بۆ بنیاتنانی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستی نوێ لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی هەموو گەلان!

گەردەلولی ئەقسا سەرەتای کۆتاییهاتنی کۆماری ئیسلامی بوو! دارمان و ڕووخانی هەموو ئەو شتانەی کە ملهوڕ و سەرکێش زەمانە، دیکتاتۆری وەلایەتی فەقیه، بەدرێژایی ساڵان و بە کوشتن و بە کوشتندانی هەزاران کەس و تێکدانی ئاسوودەیی و ژیانی ئاسایی و ئاوارەکردنی ملیۆنان کەس، بنیاتی ناوە!

**٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

## ڕاگەیەندراو بەبۆنەی: کۆچی دوایی فەتاح ئەمیری، نووسەر و کوردیزانی ناوداری کورد لە بۆکان




فەتاح ئەمیری، نووسەر، ڕۆماننوس و ئەندامی پێشووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ئێوارەی شەممە، ١ی بەفرانبار لە تەمەنی ٧٨ ساڵیدا بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.

فەتاح ئەمیری ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی لە بنەماڵەی گەورەی ئەمیرییەکانی ئاوایی مەنیچێر لە ناوچەی مەحاڵی بۆکان لەدایک بوو. کاک فەتاح هێشتا ساڵێک تەمەنی پڕ نەکردبوو کە عەلیخانی باوکی کۆچی دوایی کرد و لە خوار تەمەن ٧ ساڵیدا دایکیشی لەدەست دا.

کاک فەتاح ئەمیری لەژێر سەرپەرستیی مامیدا وەبەر خوێندن نرا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سەخت و تایبەتیی ژیانی، پێش وەرگرتنی دیپلۆم خوێندنی قوتابخانەی بە نیوەچڵی بەجێ هێشت، لەگەڵ ئەوەشدا هۆگریی ئەو بە خوێندەوە و پاشان نووسین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوو.
کاک فەتاح ئەمیری ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی لە ئیدارەی کارەبای شاری مەراغە وەک فەرمانبەر دامەزرا و لە تەنیشت کارە ئیدارییەکەی کە پاشان بۆ شاری بۆکان گوێزرایەوە، درێژەی بە کاری ئەدەبی و سیاسیی خۆی دا. هەر لە سۆنگەی چالاکییە

سیاسییەکانی لەلایەن ڕێژیمی پێشووی پاشایەتییەوە گیرا و تامی تاڵی ئازار و ئەشکەنجەی ساواک و بەندیخانەکانی ڕێژیمی پاڵەوی چاشت. لەگەڵ دەسپێکی ڕاپەڕین دژی ڕێژیمی پاشایەتی، چالاکییە سیاسییەکانی کاک فەتاح ئەمیری زۆرتر بوون و دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئاشکرابوونەوەی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک ئەندامێکی چالاکی حیزب، هەتا لەشکرکێشیی بەرینی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ کوردستان و لەدەستدانی ناوچە ئازادکراوەکان لە بەشی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتدا لە ئەرکە سیاسی و ئەدەبییەکانی بەردەوام بوو.
کاک فەتاح کەسایەتییەکی دیاری بواری وێژەی کوردی بوو. بە نووسین و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکانی فەتاح ئەمیری، بەتایبەت "هاوارەبەرە" و میرزا" دنیای گێڕانەوەی کورد پێی نایە قۆناغێکی نوێ و، زمانێکی تازە و دەنگێکی ڕەسەن پێی نایە گۆڕەپانی گێڕانەوەی کوردی، بەتایبەت لە بواری ئەدەبی بەرگریی کوردیدا. بەڕێزیان شێوازی نووسینی تایبەت بەخۆی هەبوو. زمانێکی دەوڵەمەندی پڕ لە ئیدیۆم و قسەی نەستەقی کوردەواری، بەشێک لە شێوازە نووسینە شیرینەکەی بوو. بۆیە بەتایبەت "هاوارەبەرە" و "میرزا" جیا لەوەی ڕۆمانێکی شیرین و سەرنجڕاکێشن، دەکرێ وەکوو هەنبانەیەکی ئیدیۆم و پەند و مەسەلیش لێیان بڕوانین، چونکە کارەکتەرەکانی ئەو دوو ڕۆمانە لەوپەڕی سادەیی و ساکاریدا بەو زمانە دەوڵەمەند و شەقڵنەشکاوە دەدوێن کە کاریگەریی زمانی داگیرکەرانی بەسەرەوە نییە. هەروەها بە هاندان و ڕێنوێنییە کاریگەرەکانی شوێندانەریی لەسەر پێشگەیشتنی زۆر ئەدیب و نووسەری کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو وەک ڕچەشکێنێک لە مینبەری گۆڤاری "سروە" و دواتر ئەنجومەنە ئەدەبییەکانەوە، خزمەتێکی زۆری بە ئەدەبی کوردی و پێگەیاندنی نوێقەڵەمانی بواری نووسین کرد و خۆی گوتەنی حاسڵی عومریشی چەند ڕۆمانێکی بەناوبانگن کە کتێبخانەی کوردییان پێ دەوڵەمەند بووە.

"هاوارەبەرە"، "میرزا"، "زیندەخەو"، "گێژەڵووکە" و "خەم و خەیاڵ" چەند بەرهەمێکی چاپکراوی کاک فەتاح ئەمیرین کە بە یادگار بۆ نەتەوەکەی بەجێی هێشتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک فەتاح ئەمیری سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری دەکا و بە چاوی ڕێز و ئەمەگەوە لە ڕابردوو و تێکۆشانی سیاسی و هەروەها خزمەتە ئەدەبییەکانی دەڕوانێ.


حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی ئیداری

٢ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# خۆرنشینی گۆڕەپانی خاک و خوێن (سەرگورد کەریم عەلیار)




**برایم چووکەڵی**

لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا زۆر ڕۆڵەی بەوەج بەتایبەتی ئەفسەرە نیشتمانپەروەرەکان هەبوون کە هەموو پلە و بەرپرسایەتییەکی حکوومەتییان وەلا ناو و خزمەتێکی لەبیرنەکراویان دوای شۆڕشێ گەلانی ئێران بە گەلەکەیان کرد. یەکێک لەو قارەمانە نیشتمانپەروەرانە شەهید سەرگورد کەریمی عەلیارە کە لە ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی لە شەڕێکی قارەمانانەدا بەدژی لەشکری خومەینی لە ناوچەی بانە هاوڕێ لەگەڵ سێ پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی، ئەبوبەکر کاکە برا (ناسراو بە عەبوو سەقزی)، سلێمان پیرۆت و هەمزە شێخەیی شەهید بوون.

شەهید کەریم عەلیار (ناسراو بە سەرگورد عەلیار) لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە ئاوایی عەمبار سەر بە ناوچەی ئەحمەدیکۆری بۆکان چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. ئەو لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند گەورە بوو، لە خوێندنیشدا زۆر زیرەک بوو، و پۆلەکانی خوێندنی یەک بەدوای یەکدا بڕی. پاشان چووە ئەرتەش و پلە نیزامییەکانی هەتا پلەی سەرگوردی بڕی. سەرگورد عەلیار بە پلەیەکی باش کۆلێژی ئەفسەریی تەواو کرد و لیسانسی حقووقی سیاسیی وەرگرت. کاتێکیش ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی ئیسلامی پەلاماری خەڵکی کوردستانی دا، سەرگورد عەلیار چەند مانگ پاش دەستپێکردنی



سەرچاوە
Serchawe

بەرگریی چەکدارانەی خەڵکی کوردستان دژی ڕێژیمی خومەینی، ئەرتەشی ڕێژیمی کۆنەپەرستی خومەینی بەجێهێشت و هاتە ڕیزی پێشمەرگەوە و هەتا ڕۆژی شەهیدبوونی، خەباتی خۆی بۆ هێنانەدیی ئامانجە پیرۆزەکانی گەلی کورد درێژە پێدا.

شەهید سەرگورد عەلیار لەبەر لێوەشاوەیی و ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی گەلەکەی پاش ماوەیەکی کەم بە فەرماندەری هێزی پێشمەرگە دیاری کرا و لە چەندین ناوچەی کوردستان ئەم بەرپرسایەتییەی بەچاکی بەڕێوە برد. لە ماوەی شەش ساڵ بەرپرسایەتی لە کاروباری نیزامیدا چ وەک فەرماندەری هێزو ئەندامی کومیسیۆنی پێشمەرگە و چ وەک ڕاوێژکاری نیزامیی دەفتەری سیاسی سەلماندی کە پێشمەرگەیەکی خاوەن بیروباوەڕو بەرپرسێکی پسپۆڕ و شارەزایە.

سەرگورد عەلیار مرۆڤێکی ئارام و سەرەخۆ بوو، هەرگیز لەکار ماندوو نەدەبوو و هەر ئەرکێکی لەلایەن حیزبەوە پێئەسپێردرابا بێ ئەم لاوئەولا بەڕێوەی دەبرد و لە هەموو دەرفەتەکاندا لە ئەزموونەکانی خۆی بۆ خزمەت بە پێشمەرگە کەڵکی وەردەگرت. سەرگورد عەلیار بۆ دوژمن ببوو بە چقڵی چاو و بە بیستنی ناوەکەی ترس و لەرز دڵی هێزەکانی ڕێژیمی دادەگرت. فەرماندەی لەخۆبوردوو ئەزموونی دوو فەرماندەهی شەڕی کلاسیک و شەڕی پارتیزانیی لێک گرێ دابوو و سەری لە هێزی کۆنەپەرستی شێواندبوو. بێجگە لەوانە، بەهۆی مرۆڤدۆستی، لەسەرەخۆیی و ئاکار و ئەخلاقی نموونەی ببوو بە خۆشەویستی هەموو هاوڕێیانی حیزبی و پێشمەرگەکان.

سەرگورد عەلیار لەبەر لێهاتووی و لێوەشاوەیی لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب (ڕێبەندانی ساڵی ١٣٦٢) بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. ئەو بایەخێکی زۆری بە هێزی خەڵک وەک پشتیوانیی سەرەکیی جووڵانەوە دەدا، و زۆرجار دەیگوت: شۆڕش و جووڵانەوە کاتێک سەردەکەوێ کە ڕیشەی لەنێو دڵی زەحمەتکێشان داکوتابێ. بۆیە گرینگییەکی لە ڕادەبەدەری بە پێوەندیی نێوان خەڵک و پێشمەرگە دەدا و هەمیشە هەوڵی دەدا ئەو پێوەندییە قایم و پتەوتر بکا. هەروەها ژیری و لێزانیی سەرگورد لەوەدا بوو کە چەندین فەرماندەی بەوەجی پەروەردە کرد کە لە پاش خۆی هەرکامەیان ببوونە فەرماندەیەک کە جێی پەنجەیان لە حیزبی دیموکراتدا دیار بوو.

کار و چالاکییەکانی سەرگورد هێندە کاریگەر و شوێندانەر بوون کە کۆماری ئیسلامی بۆ بەدناو کردنی تەنانەت پاش سێ ساڵ لە شەهید بوونیشی وازیان نەهێنا و بە دروستکردنی فیلمێکی پڕ لە درۆ و چەواشەکارانە بە ناوی "شور شیرین" هەوڵیان دا سیمایەکی دیکە لە سەرگورد عەلیار بە نەوەی نوێ بناسێنن، غافڵ لەوەی دایک و بابەکان و هاوسەنگەرانی سەرگورد وەها چیرۆکی پڕ لە خۆشەویستیی سەرگورد عەلیاریان بە گوێی ڕۆڵەکانیاندا چرپاندوە کە کارەکەی کۆماری ئیسلامی بوو بە بڵقی سەرئاو.



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ئەو پێشمەرگە تێکۆشەرە، ئەو فەرماندە لێوەشاوەیە، جێێ هیوا و هۆمێدی حێزبی دێموکرات بوو. کەریم حاجیڕەسووڵی کە لە دوایین کاتەکانی ژیانی سەرگورد لەلای بووە، بەمجۆرە باسی شەهید بوونی دەکا: "بەدۆڵێکدا بەرەوپشتی وشترمل وەسەر دەکەوتین ، ئێستا زۆر دوور نەکەوتبووینەوە کە لە بەرزاییەکانی برۆشکانی تۆپی ١٠٦ یان پێوەنایین کە پەنجا میترێک دوور لە ئێمە کەوت. کاک سەرگورد کە بە سووکی بریندار ببوو، فەرمووی دەبێ زوو لێرە تێپەڕین. چەند دەقەیەکی پێ چوو لەگەڵ زرمەی تۆپی دووهەم هەموومان بەسەر یەکدا کەوتین. تۆپەکە وە سەری "عەبوو سەقزی" کەوتبوو و تەنیا پێستی سەروچاوی مابوو. کاک سەرگورد جارێکی دیکەش ئەمجارەیان بە توندی لە پشت و زگ و کەلەکەوە بریندار بۆوە. ئەسپەکە ورگ و ڕیخۆڵەی هاتبۆ دەرەوە، منیش لەگەڵ ئەوەی تۆپەکە فریێ دام و بەتەواوی تاسابووم، لەدوو جێگاشەوە بریندار ببووم. تەپ وتۆزێکی زۆر بوو، نەمدەتوانی هەستم، هەموو لەشم قورس و کوترابوو. هەرچۆنێک بوو نیوە بەگاگۆڵکە و نیوە بەپێوە خۆم گەیاندە کاک سەرگورد. برینی من کەمتر بوو، هەربۆیە وەزعی من باشتر بوو. ڕەنگی ڕوخساری لەبەر خوێنڕێژیی زۆر گۆڕابوو، بەلێوە لەرزەیەکەوە فەرمووی زێڕەگیان تۆ باشی؟ ئەدی عەبوو؟ چاوێکی بۆ گێڕا، فەرمووی کوا؟ کاک تایر ئاگاتان لێی بێ و پێ بڵێن وریای عەینەکەکانی بێ، ئەو بۆ شەو چاوی زۆر زەعیفە. گوتم کاکە هەموو باشین وەرە کۆڵم با دوور کەوینەوە. فەرمووی نا، تۆ ناتوانی. من تازە تەواو بووم تۆ برۆ، دەستم بردە بەر پشتی ڕاستی بکەمەوە، مستم پڕ بوو لە خوێن، دەستی چەپیم خستە سەرشانم و لەسەر چۆک ویستم لەکۆڵی بکەم، بەڵام بەسەر لاشانمدا بەر بۆوە. بە نیوەدەنگێکی ناتەواو فەرمووی تۆ برۆ لێت دەدەن و قسەکەی تەواو نەکرد و گیانی پاکی بە خاکی پیرۆزی کوردستان سپارد."...

**٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕووخانی ئەسەد گورزێکی قورسە لە "محیوەری مقاومەت"ی ئێران



واشینگتۆن پۆست – سوزانا جۆرج و مستەفا سەلیم

کەماڵ حەسەنپوور کردوویەتی بە کوردی

خێرایی کەوتنی سەرۆککۆماری سووریە بەشار ئەسەد، بە دوای زەبرە گورچوبڕەکان کە حیزبوڵڵا تووشیان بوو، گورزێکی قورسی لە "محیوەری مقاومەت" ئێران، کۆڵەکەی سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەی ئێران دا، کە لە ماوەی دەیان ساڵدا پێکی هێنابوو.

لە ماوەی شەڕی ١٣ ساڵەی نێوخۆیی سووریەدا، ئێران خوێنێکی زۆر و سامانێکی زەبەلاحی بۆ پشتگیریی لە ڕێژیمی ئەسەد تەرخان کرد، تەنیا بۆ ئەوە کە ببینێ دوای کەوتنی شار لە دوای شاری ئەو وڵاتە بۆ ژێر دەسەڵاتی یاخیبووان، وەبەرهێنانە مەزنەکەی لە ماوەی چەند ڕۆژدا لەنێو بچێ. بەڵام تاران تەنیا کرپارێکی لەکیس نەدا؛ ئەو بۆی دەرکەوت توانایی نیشاندانی دەسەڵاتەکەی و کلیلەی ئەمنییەتی خۆی کۆتایی هاتوە.

حیزبوڵڵا، ئەو تاقمە میلیشیاییەی سەردەمێک کێبڕکێی لەگەڵ سوپاکانی ناوچە دەکرد، لە مانگی ڕابردوو تووشی شکستێکی سەرشۆڕانە لە بەرانبەر ئیسرائیلدا بووە و بۆ نۆژەنکردنەوەکەی حیساب لە سەر ئێران دەکات.

وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، عەبباس عێراقچی، ڕۆژی یەکشەممە لە وتوویژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران دانی بەوەدا نا کە، "بەرەی خۆڕاگری سالێکی بەڕاستی دژواری تێپەڕ کردوە". بەڵام ئەو گوتی ئەوان زیاتر لە ئاستی چاوەڕوانکراودا دەرکەوتوون و ئامادەی بە هێرشە بەردەوامەکانی حەماس دژی ئیسرائیل کرد: "کەس پێشبینیی ئەوەی نەدەکرد کە بەرەکە هێندە بەهێز بێ".

## خەڵکی دیکە لەوە بەگومانن

دیپڵۆماتێکی ڕۆژاوایی، کە وەکوو خەڵکی دیکە، بە مەرجی بەنهێنی مانەوەی ناوەکەی ئامادەی گفتوگۆ لەسەر سیاسەتی هەستیاری ئەمنییەتی بوو، گوتی: "بێ سووریە، ئێمە توانیمان ببینین کە سەرجەم تەوەری خۆڕاگریی لەبەر یەک هەڵوەشا". لە نێوخۆی ئێران، هەواڵی ڕووخانی ئەسەد بەرەوڕووی ڕەخنەی بەربڵاو لە سیاسەتی تاران بۆوە، تەنانەت لایەنگرانیش ڕەخنەیان لە بڕیاری خەرجکردنی میلیاردها دۆلار لە ڕایەڵەیەک گرت کە وەها خێرا لێکهەڵوەشا. حیشمەتوڵڵا فەلاحەتپیشە، ئەندامێکی پێشووی پارلەمان لە ڕایەڵەی "ئێکس"دا نووسیی، "ئێرانییەکان ناتوانن دڵخۆش بن. ئیتر کەس مافی خەرجکردنی دۆلارەکانی وڵاتیان بۆ پاراستنی تۆڕی جاڵجاڵۆکان نییە ".

دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، لە ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، تەوەرەکە، هاوپەیمانییەکی شل لە نێوان تاقمە چەکدارەکانی پشتگیریکراو لە لایەن تارانەوە لە یەمەن تا غەزە، وێدەچوو گەشە بکەن. بۆیە بە پشتیوانیی لە حەماس، حیزبوڵڵای لوبنان، حوسییەکانی یەمەن و تاقمە چەکدارەکانی عێراق بەیەکەوە هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ناوچەکەدا. بەڵام ئیسرائیل ڕێبەرانی حەماس و حیزبوڵڵای کوشت و هێزەکانیانی لە غەززە و لوبنان تووشی زەرەری بەرچاو کرد. هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، لە جیات چاوترسێنکردنی دوژمنەکەی، تەنیا لاوازییە مەزنترەکەی ئاشکرا کرد.

ئێران نزیکەی ٢٠٠ هاژەکی بالیستیکی لە مانگی ئۆکتۆبەر، لە مەزنترین هێرشی ڕاستەوخۆ لە جنگی شاراوەی دەیانساڵەیاندا، ئاراستەی ئیسرائیل کرد. بەڵام ئەو هاژەکبارانە، هەتا ڕادەیەکی زۆر لە لایەن هێزەکانی بەرگریی ئیسرائیل، وڵاتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان، پووچەڵ کرانەوە و زەرەرێکی کەمیان بەدواوە بوو. هێرشی تۆڵە



سەرچاوە
Serchawe

ئەستێنانەی ئیسرائیل بەڵام پێشکەوتووترین کەرەستە سەربازییەکانی ئێرانی لەنێو برد، واتە توانایی بەرگریی ئاسمانی. ماریا لوویسا فانتاپییە، سەرۆکی بەرنامەی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست لە ئینستیتۆی کاروباری نێونەتەوەیی لە ڕۆم گوتی، "ئێران پێویستە بیرێکی دیکە لە ستراتیژیی بەکرێگیراوانی بکاتەوە. بەکرێگیراوەکانی لە جیات سامان، زۆرتر بوونەتە بارگرانی بۆ ئەو ڕێژیمە".

کاربەدەستانی تاران پارەیان لە میلیشیاکانی دوورەدەست خەرج کرد، ئەوان بە ئێرانییەکانیان گوت ڕایەڵەکە ئەمنییەتی چەند توێ دەبەخشن و "ئەوان لە جیاتی لەماڵەوە، شەڕی دوژمنەکانیان لە دەرەوەی سنوورەکان دەکەن".

کاتێک هێرشی حەماس بووە هۆی هەڵایسانی ئاگری شەڕی ناوچەیی، ئەو دەلیل هێناوە تووشی تاقیکاریی بوو. لە ڕوانگەی فانتاپییەوە، ئەو بۆچوونە تووشی شکست بوو. ئەو گوتی، "ڕایەڵە بەکرێگیراوان ڕێگایەکی کاریگەر بۆ نیشاندانی دەسەڵات نییە. بە پێچەوانە، ئەوە نیشانەی لاوازی بوو".

لە چرکەساتەکانی ڕووخانی دەسەڵاتی ئەسەددا لە ڕۆژی یەکشەممە، پلەبەرزترین کاربەدەستانی ئێران بێدەنگ بوون. کاتێک وەزارەتی کاروباری دەرەوە لێدوانێکی بڵاو کردەوە، جەختی لەسەر مێژووی دووروودرێژی پەیوەندیی نێوان ئێران و سووریە کرد.

وەزارەتەکە گوتی، "پەیوەندیی نێوان دوو وڵاتی ئێران و سووریە، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و هەمیشە دۆستانە بووە. ئەو چاوەڕوانە ئەو پەیوەندییانە بە هەڵوێستێکی ژیر و دووربینانەی هەر دوو وڵات درێژەیان هەبێ".

کاتێک ئێران حەوتووی ڕابردوو هێزەکانی وروژاند تا بەرگری لە ئەسەد بکەن، داوای لە هاوپەیمانانی کرد تا هێڵی پشتگیریی تاران لە حیزبوڵڵای لوبنان بپارێزن.

چەند ڕۆژ دوای بەدەستەوە گرتنی دەسەڵاتی شاری حەڵەب لە لایەن تاقمی چەکداری حەیات تەحریر ئەلشام، عێراقچی، وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران، لە دیمەشق سەردانی ئەسەدی کرد، دوای کۆبوونەوە لە کۆشکی سەرکۆماریی، میدیای ئێرانی وێنەی عێراقچییان لە نێو ڕێستورانێکی ناوەندی شار بە پەیامێکی هاوپشتییەوە بڵاو کردەوە.
بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی پێشڕەوەییەکانی سەرهەڵداوان، نیگەرانیی ئێران زۆر زوو بەرەو پەشۆکان گۆڕا. عێراقچی لە وتووێژێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی دەوڵەتیی ئێران گوتی، "ئەوەی سەرسوڕهێنەر بوو بێتوانایی سوپای سووریە و خێرایی

ڕووداوەکان لە سووریە بوو". ئەو گوتی تەنانەت ئەسەد، "لە دۆخی سوپاکەی خۆی پەشۆکا".
ڕۆژی هەینی، عێراقچی سەردانی بەغدای کرد تا پشتیوانیی کۆ بکاتەوە. بەڵام تا ئەوکاتی، کاربەدەستانی ناوچە و دیپلۆماتەکان باسی ئەوەیان دەکرد کە هێزەکانی ئەسەد شاری حەمایان دۆڕاندوە و لە شارۆچکەکانی دەرەوەی دیمەشق پاشەکشە دەکەن.

## عێراق خۆی لە ناردنی هێز بوارد

کاربەدەستێکی عیراقی کە پەیووەندیی بە میلیشیا شیعەکانی عێراقەوە هەیە گوتی، "وەزیری کاروباری دەرەوەی ئێران بە بێهیوایی عێراقی جێهێشت". کاربەدەستەکە گوتی، عێراقچی پێیوابوو بەغدا پشتگیریی لە تاران دەکات، وەکوو پێشدا کە لە کاتی شەڕی ناوخۆی سووریەدا کردبووی و لە بیستنی بۆچوونی پێچەوانە "سەری سوڕ مابوو."
دیپلۆماتێکی ناوچە گوتی، لە کۆتاییدا، ئێران بەو ئاکامە گەیشتبوو کە ئەسەد "گروپێکی دۆڕاو بوو" و فەرمانی بۆ هێزە سەربازییەکەی و باڵوێزخانەکەی دەرکرد کە ئەوێ چۆڵ بکەن. دوای چوار دەیە هاوپەیمانی، تاران دەیهەویست دۆڕانەکانی کەم بکاتەوە.

فەرماندە و دیپلۆماتەکانی ئێرانی بەپەلە خۆیان گەیاندە فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی دیمەشق. بەگوێرەی دیپلۆماتێک و کاربەدەستێکی عێراقی، بەشێکی دیکە هەوڵیان دا لە ڕێگای زەمینییەوە خۆیان بگەیێننە لوبنان و عێراق.

ڕۆژی یەکشەممە، محەممەد قادری، لێکۆڵەرێکی ئێرانی بە ڕایەڵەی ئیرنا، کە هەواڵدەریی فەرمیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەی گوت، "دەوڵەتی سووریە و، بەڕێز بەشار ئەسەد بۆخۆی، ئیتر ویستی مانەوەیان نەمابوو." ئەو ئیددیعاکانی پشتتێکردنی ئێران لە هاوپەیمانە درێژمەوداکەی ڕەت کردەوە. ئەو گوتی، "ئێران تا دوایین چرکەسات پشتیوانی سووریە بوو".
بەڵام ڕەخنەی تاران پەرەی ئەستاند. بەشێک داوایان لە ڕێبەریی ئێران کرد وانە لە ڕووخانی ئەسەد وەرگرن.
عەبدوڵڕەزا داوەری، کە ڕاوێژکارێکی مەحموود ئەحمەدینژاد لە کاتی سەرکۆماریی ناوبراودا بوو لە "ئێکس"دا گوتی، "ئەزموونی کەوتنی شارەکانی سووریە وەکوو پوولی دۆمینە، وانەیەکی گرینگ پێیە." ئەو نووسی، "مەزنترین هاوپەیمانی هەر ڕێژیمێک خودی خەڵکەکەیەتی و ڕەزامەندیی خەڵک مەرجێکی پێویست بۆ مانەوە دژی هێرشی دەرەکییە".

٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# ڕۆژهەڵاتی کوردستان، سەرچاوەکانی هێز و گەمەی سیاسی



تەهای ڕەحیمی

مێژووی کەونار وەلانێن، جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر لە چاوی بزاڤ و بەتایبەتیش بەشداریی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی ناوچەکان، لە خەباتی ڕزگاریخوازی کورددا دیاریکراوە. یان تەنانەت ئەگەر ناوچەیەکی دەرەوەی بەشداربوو وەک کوردستان ئاماژەی پێ درابێ، ئەو قوورسایی و گرنگییەی دەبوو پێی بدرێ بۆ گەڕانەوە بۆ باوەشی کوردستان و تێکەڵکردنی بە خەبات پێی نەدراوە. بەلام ئیدی ڕیساڵەتی خەباتی کورد و زیندوویەتی کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتیش ئەو فەلسەفەیەی کۆمەڵگە و بزاڤ بە پێوەندیی دوولایەنە بردیانە پێش و، لە بزووتنەوەی ژینادا بوو بە وێژەمانی زاڵ بەسەر ئێراندا و تەنانەت پەڕییەوە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش، شۆڕشێکی فەرهەنگی بەدوای خۆیدا هێنا کە وەک دیاریکردنی نافەرمی سنوورەکانی ڕۆژهەڵات کوردستان دەکرێ سەیری بکرێ.

هەر شۆڕشێک وزەیەکی یەکجار زۆر ئازاد دەکا، کە دەبێ کانالیزە و بەڕێکخستن بکرێ، ئەگینا وەک فیشەکە شیتێک دەکرێ هەڵگەڕێتەوە، جا ئەم هەڵگەڕانەوەیە مەرج نییە یەکجێ بپێکێ، بەڵام پێکانێکی بەرەبەریی دەبێ. کارنەڤاڵی نەورۆزیی

ساڵی پار کانالیزەی ئەم وزە بەهێزە بوو. ئەم وزەیە پەنگخواردوویە لە کارناڤاڵەکەدا سەرەڕای ئەو خەسارە گیانی و زەبروزەنگەی لە کاتی شۆڕشدا دیبووی، لایەنی دەرەهەستی کۆمەڵگەی هێندە بووژاندەوە کە، شان بە شانی ئەکت و ڕەفتارە سیاسییەکانی خۆی لە گەرمەی شۆڕشەکەدا سنووری فەرهەنگییەکانی ڕۆژهەڵاتی بەرفراوان کردەوە. ئەوەش پێمان دەڵێ ئەگەرچی شۆڕشی ژینا دەرهاویشتەیەکی وەک یەکەی سیاسی بۆ ڕۆژهەڵات لێنەکەوتەوە، بەڵام ڕوخساری ڕۆژهەڵاتی لە زۆر ڕەهەندەوە یەک لەوان جوغرافیای کوردستان گۆڕی.

بەم پێشەکییە و بە سەرنجدان بە دووڕەدیمەنی ئاڵوگۆڕەکان، دەمەوێ بگەڕێمەوە شۆڕشی ژینا و چۆنیەتیی ڕەفتار و کرداری سیاسی بزاڤ لە پێوەندی دەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری کە دەکرێ لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی بە گرنگیدان بە سەرچاوەکانی هێز تیشکی زیاتری بخرێتەسەر.

تالکۆت پارسێنس (١٩٦٣) هێز بە توانای گشتی بۆ دابینکردنی ئاسایش و ئەمنیەتی ئەو بەرپرسیارەتییانە دەزانێ کە لە سیستەمێکی دیاریکراودا لە ڕوانگەی گشتییەوە ڕەواییان پێدراوە. پارسێنس دراو بە یەکێک لە سەرەکیترین ئامرازەکانی هێز دەزانێ، کە لە ئەنجامدا ئازادی و سەربەستیش دەگەڵ خۆی دەهێنێ. ناوبراو لە ڕوانگەیەکی کلاسیکەوە دیارە بە گرنگیدان بە بنەماکانی دیموکراسی کە خۆی لە لیجیتیمەیسیدا دەبینێتەوە دەڕوانێتە هێز. ئەو پێیوایە بەبێ ئابوورییەکی دەوڵەمەند بنەما و کۆڵەکەکانی هێز لەقن و ئەم باسە دەمانباتە سەر سەرچاوە سەرزەوی و ژێرزەوینییەکانی وڵات. کە ئەگەر ئەم سەرچاوانە لە ڕێگەی ڕەوایی‌پێدراو (لێجیتیمەیسی)یەوە بەکار بهێندرێن، دەبێ بە دەوڵەمەندی ئابووری و ئابوورییش واتە دراو، کە لە گۆڕەپانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی جیهاندا ئازادییشی پێدەکردرێ. بە چاوخشاندنێک بە سەرچاوە ئابوورییەکانی ڕۆژهەڵات لەم بوارەدا دەکرێ باشتر لەم فاکتەرەی هێزی کورد لە دانوستانەکانی داهاتوو بڕوانێ.

لە لایەکی دیکەوە میشل شیهان (١٩٩٦) سەرچاوەکانی هێز لە زانیاری و تەکنۆلۆژیدا دەبینێ. دیارە شیهان تێگەیشتنی کلاسیک لە هێز ڕەت ناکاتەوە، بەڵکوو پێیوایە پێوەرەکانی سەرچاوەی هێز گۆڕانکارییان بەسەردا هاتوە. لەم ڕوانگەیەوە کۆنترۆڵ بایەخی زیاتر دەبێ لە هەموو پێوەرەکانی دیکە، چونکی زانیاری ئەو دەرەفەتە بە ئەکتەری سیاسی دەدا، بەربێژی ئەکتی بەرانبەر بکا و چارەسەر یان پێشگیری تایبەتی بۆ بگرێتە بەر. تەکنۆلۆژییش ئامرازی جێبەجێکردنی دژکردەوە و هەمیش ڕێکخستن و کۆکردنەوەی زیاتر و ڕاستتری زانیارییە. بۆیە بۆ هەر ئەکتەرێکی دەوڵەتی و نادەوڵەتی زۆر زۆر گرنگە بتوانێ ئەم توخمانە دەستەبەر بکا هەتا مانەوەی خۆی و بەدیهێنانی ئامانج و بەرنامەکانی مسۆگەر بکا. دیارە هەر ئەکتەرێک ئەم دەرەفەتانەی لە بەردەست بوو و نەیتوانی کەڵکیان لێ وەربگرێ یان توانای تێگەیشتنی لێیان نەبوو، پووکانەوەی مسۆگەرە. لەم بوارەدا ڕەنگە بزاڤی ڕۆژهەڵات توانای دابین و دەسڕاگەیشتنی بە تەکنۆلۆژی بەهۆی توانای

داراییەوە کە سنووردارە نەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئەو هێزە مرۆییەی هەیەتی و خۆبەخشانە خەریکی خزمەت بە بزاڤە، دەکرێ زانیاری لەسەر کوردستان بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە سەرچاوەیەکی هێز بێ، کە لە داهاتوودا بخرێتە خزمەت پاراستن و بەهێزکردنی یەکەی سیاسی ڕۆژهەڵات. دەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبیرمان بچێ کە پێوەرەکانی هێز تەنیا ئەم چەند خاڵە نین، بەڵکوو ڕەنگە ئامانە گرنگترینیان بن.

لەم ڕوانگەیە ئایا ڕۆژهەڵات خاوەن سەرچاوەکانی هێزە؟ ئایا فاکتەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات توانیویانە ئەم دەرفەت و پێوەرانە بقۆزنەوە کە دەبێتە مایەی هێز بۆ ئێستایان و هەروەها دارشتنی یەکەیەکی بەهێزی خاوەن سەروەری کوردی لە جوغرافیای کوردستاندا جا چ بە ئۆتۆنۆمی، فیدراڵی یان سەربەخۆیی کۆتایی بێ؟ بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە دەبێ بزانین ڕووبەری کوردستان کوێیە. یان باشتر بڵێم ئەکتەری سیاسیی ڕۆژهەڵات، بەگوێرەی دوایین ڕووداوی سیاسی کۆمەڵایەتی لە ڕۆژهەڵات کوێ بە کوردستان دەزانێ و وێنای لە کوێ دەخوێنێتەوە؟

ساموێل هانتینگتۆن (١٩٩٦) لە تیۆریی "بەریەککەوتنی شارستانییەتەکاندا، کە لەڕاستیدا دژکردەوەیەک بوو بە "کۆتایی مێژووی" فۆکۆیاما، پێیوایە قۆناخی دوای شەڕی سارد قۆناخی خۆناساندنی کۆمەڵگە جیاوازەکان لەسەر شارستانییەت، فەرهەنگ و ناسنامەیە. بۆ وێنە ناوبراو ئاماژە بەو قۆناخە بەسەرچووە دەکا کە یۆگۆسلاڤی، چێکۆسلاڤی و سۆڤییەتی لەسەر دروست بووە و، ئێژێ قۆناخی یەکگرتن و پێکهاتنی پێکهاتەی سیاسی لەسەر ئایدیۆلۆژی کۆتایی پێ هاتوە و، ئەم فاکتەرانەی دەبنە هۆی ئەوەی پێکهاتەیەکی سیاسی بمەیێ، فاکتەری شارستانییەتی و فەرهەنگین. جا لەو قۆناخەوەی ساموێل ئەم باسە دێنێتە گۆڕ، هەتا ئێستا بەردەوامە و، بەگوێرەی پێگەیشتنی وشیاری کۆمەڵایەتی و سیاسی لە کۆمەڵگەی جیاوازەکاندا دەرکەوتەکەی دەبیندرێ. بۆ وێنە ئەم باسە دەمانباتەوە سەر دروستبوون یان تەنانەت خۆڕاگرتنی ئەم پێکهاتەیەی ئێستا ناوی ئێرانە. هەموو دەزانین، ئەم وڵاتە پاشماوەی ئیمپراتۆرییە جۆراوجۆرەکانی وەک سەفەوی، قەجەرە، کە لە قۆناخی جۆراوجۆردا لەت لەتی لێ بۆتەوە، بەڵام لە سەردەمی پێش کۆتاییهاتنی زەمەنی ئیمپراتۆرییەکاندا، ئایدیای ئایینی و ناسیۆنالیستی داتاشراو بەتایبەتیش ئایینییەکە بەمجۆرە دەیهێڵێتەوە، کە پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە هۆی جاڵەبوونەوەی چەمک و ئایدیا سیاسی و کۆمەڵایەتییە مودێرنە ئورووپییەکان ڕەنگێکی دی دەگۆڕێ. مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەو سەردەمی هانتینگتۆن باسی دەکا کە بەسەر چووە، درەنگتر لەو وڵاتە بەسەر چوو. بۆ وێنە لە شۆڕشی ١٣٥٧دا تەنانەت ئەم یەکگرتنە (مەبەست هەمووی کۆمەڵگە نییە) ئابدەیتتریش دەبێتەوە، بەڵام ئیدی دەسەڵاتی سەقەتتری کۆماری ئیسلامی، ئەم دۆخەی هانتینگتۆن باسی دەکا پێ‌دەگەیەنێ.

شۆڕشی ژینا بۆ کورد لووتکەی پێگەیشتنی ئەم قۆناخەیە. لە کاتێکدا بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕۆژهەڵات لە سەردەمی



سەرچاوە
Serchawe

پاڵەویدا و تەنانەت دەیەکانی ڕابردووی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ڕووبەڕێکی فراوانی ڕۆژهەڵاتی تێنەپەڕاندبوو، شۆڕشی ژینا و پاشهاتەکانی شۆڕش، خۆپێناسەکردنەوەی کورد بوو بەگوێرەی ناسنامە. دیارە ئەمە چ لە لایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکی ئەم شۆڕشە کەم ناکاتەوە، بەڵکو بە زیادەکردنی ئەم ڕەهەندەوە، گوروتینێکی زیاتر و کاریگەرتر بەو شۆڕشە دەبەخشێ. بۆ وێنە لایەنە ناسنامەییەکەی شۆڕشەکە سنووری وێنایی و نۆستالۆژیکی تاکی کورد تێدەپەڕێنێ و، پاڵ وە پێتەختی کەوناری مێدییەکان، هەمەدان(١) دەدا کە بە باب و باپیرانی کورد لانیکەم لە بواری زمانییەوە (نەک DNA ) دادەنرێن. ئەم شۆڕشە ڕووبەری کوردستان هێند فراوان دەکاتەوە کە پلانەکانی یەکەکی سیاسی کوردی بەگوێرەی ئەو توخمانەی هێز دەبەخشن، وێنا بکەین کە هیچ کەموکوڕییەکی نەبێ. بەڵام ئایا ئەکتەرە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات توانیویانە بەو گۆڕانە بزانن، یان شۆک بوون بە باری ئەرێنی و نەرێنیدا؟ بەرفراوانبوونەوەی سنووری فەرهەنگیی کورد بە واتای گەورەتربوونەوەی کوردستان و، دەگەڵ ئەویش زیادبوونی حەشیمەتی کوردستان، واتە بەرزبوونەوەی پۆتانسییەلی مرۆیی و ئابووری، کۆمەڵایەتی، و کاریگەریی و هتد. ئەگەر وای دانێین، حیزبەکان بە هۆکاری ئەمنییەتی ئەم باسە یان تواناییەکانیان سەبارەت بە تێگەییشتن لەو گۆڕانە یان کانالیزەکردنی پۆناسییەلەکە دەرناخەن، بەڵام ئایا لە کاتی گەرمەی شۆڕشی ژینادا یان، دوایە لە کۆڕ و کۆبوونەوە دەگەڵ حیزبە بەناو سەرانسەری، بەڵام ئینتێرنێتی و بەیاننامەییەکاندا توانیان لەئاست سەرچاوەکانی ئەو هێزەی سیاسەتی لەسەر و لەپێناو دەکەن، خۆ دەرخەن. ڕەفتار و کرداری ئەم حیزبانە لە ماوەی شۆڕشی ژیناوە هەتا ئێستا وڵامی هەموو پرسیارەکانمان دەدەنەوە.

هەروەک دەزانین پێوەندی نێوان ئەکتەری سیاسی و کۆمەڵگە پێوەندییەکی دوو لایەنە. تەنانەت تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم (جان بالیس و هاوکارنی، ٢٠٢٣) لە پێوەندی لەگەڵ پیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا بەم جۆرە پێناسەی ئەکتەری سیاسی و کۆمەڵگە دەکا، کە دەوڵەت (ئەکتەری سیاسی) و کۆمەڵگە دوو دیاردەی لێک جیا نین و ڕیشەکانی ڕەفتاری ئەکتەری سیاسی لە نۆرم و فەرهەنگ کۆمەڵگەدا دەبینن. بنەماکانی ئەم تێڕوانینە بۆ پێوەندی نێودەوڵەتی تەنانەت پێوەندیی دوولایەنەی کۆمەڵگە و ئەکتەری سیاسی لێرە بۆ ئێمە دەردەخا. ئەکتەرێک کە هاوشان نەبێ دەگەڵ کۆمەڵگەکەی، واتە وێژەمانی دەگەڵ وێژەمانی کۆمەڵگەی لێک دوور بێ، پۆتانسییەل و تواناییەکانی کۆمەڵگەکەی نەخوێنێتەوە، لە گۆڕانکارییەکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی بەستێنی پێکهاتنی خۆی نەگا، بەدڵنیاییەوە ناتوانێ توخمە هێزبەخشەکانی کۆمەڵگەی بپشکوێنێ. دەرکەوتنی نوێنەرانی کورد لەو دانوستانە بەراییانەدا نەک لە ئاست سەرچاوەی هێزی کۆمەڵگە و جوغرافیای دیاریکراوی ڕۆژهەڵاتی پاش شۆڕشی ژینادا نەبوون، بەڵکوو لە ئاست بازنەی هێزی حیزب و گرووپی خۆشیاندا، خۆیان نیشان دا و تەنانەت لە هەڵبژاردنی پارتنێری سیاسیشدا ناکارامەییەکی سیاسییان پێوە دیار بوو. چونکی پێناسەی هاوپەیمانیی سیاسی بە ئێمە دەڵێ (دەیڤید سێبودوبدو و هاوکارانی ٢٠١٦) هاوپەیمانی میکانیزمێکە فرەبەرژەوەندی کە ئەکتەر و سەنتەری جیاواز پێکەوە دەبەستێتەوە و پێکەوەژیانی گرووپەکان جیاوازەکان وێکڕا گرەنتی دەکا. ئەو شتەی بەهیچ جۆرێک

ئێمە لە دانیشتنەکانی گرووپە جیاوازەکاندا بەدیمان نەکرد، بەڵکوو بەرایی هاوپەیمانییەکان هەروەک لە "مەنشووری مەهسا"دا بینیمان دووپاتبوونەوەی سەروەریی نەتەوەیەکی جیاواز بوو بە گەرەنتیی پێکەوەژیانی گرووپە جیاوازەکان. ئەو لایەنە کوردییانەش تووڕەکەیان بۆ هەڵدووریبوون و خەریک بوون هاوپەیمانییان دەگەڵ پێک بێنن، هیچ خاڵێکی هاوبەشیان وێکرا نەبوو، تەنانەت لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامیشدا کە وای دانێین خاڵە هاوبەشەکە بوو، جیاواز بوون و چەشنی ڕووخاندنەکەیان لێک نەدەچوو. ئەم سەرلێشیواوییە ئاکامی تێنەگەیشتن لە جەوهەری شۆڕشی ژینا بوو کە ئەکتەرە سیاسییە ڕۆژهەڵاتییەکان شۆڕشەکەیان بەسەردا ڕووخا.

بەگشتی شۆڕشی ژینا بەلای بزاڤەوە تەنیا ئەو دڵخۆشییە بوو، هێشتا ڕۆژهەلات زیندووە، هێشتاش سەنگەری ئازادی و دیموکراسییە و، بەبانگەوازەوە هاتنی شەقام دوای ڕاگەیەنراوەکانیش جۆرێکی متمانەبەخۆیی بەخشییەوە ئەم بزاڤە کە لەڕاستیدا دوای هاوپەیمانییە لەرزۆک و بێ کاریگەرییەکەی "مەنشووری مەهسا" و سڕبوونی ناوەندی هاوکاری دیتمان ئەو متمانەیەش لە کورتی دا .

***

سەرچاوە:

Parsons, T. (1963). On the Concept of Political Power. Proceedings of the American Philosophical Society, 107(3), 232–262. http://www.jstor.org/stable/985582

Sheehan Michael (1996). The balance of power history and theory. 9780203344613_previewpdf.pdf

Huntington P. Samuel. (1996). The clash of civilization and the remaking of world order. The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order (Simon & Schuster; 1996)

John Baylis, Stev Smith, Patricia Owens, 2023. The globalization of world politics, an introduction to international relations. The Globalization of World Politics.pdf

Sebudubudu, D., Bodilenyane, K., & Kwerepe, P. (2016). The Politics of Opposition Electoral Coalitions and Alliances in Botswana. The African Review: A Journal of African Politics, Development and International Affairs, 43(1), 1–26. http://www.jstor.org/stable/45342124

1 . فێستیڤاڵی هەنار لە شارەدێی بەهار، هەمەدان/ ڕێوڕەسمی نەورۆزی کوردەواری لە ئەسەئابادی هەمەدان و، نورئابادی خۆرەمئاوا

٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# خامنەیی و ترس لە داڕمانی ڕێژیمەکەی



سمایل شەرەفی

لە ماوەی کەمتر لە ١٠ڕۆژدا عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ٣ جار لە کۆڕی لایەنگرانیدا دەرکەوت و لەسەر تازەترین شکستەکانی ڕێژیمەکەی لە ناوچە بە گشتی و سووریە بەتایبەتی قسەی کرد. دەرکەوتن و قسەکانی خامنەیی دەکرێ زیاتر لە خانەی دڵنەوایی‌کردنی لایەنگرانی و پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەتە شکستخواردووەکانی لە ناوچەکە و پێشگیری لەو داڕمانە ئیدئۆلۆژیکە لێک بدرێتەوە کە بەم نزیکانە سەرتاپای نیزامەکەی داگرێت.

خامنەیی لە یەکەم دەرکەوتنی دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و دۆڕاندنی یەکێک لە پێگە ئیستراتیژییەکانی لە ناوچەکە، هەموو هەوڵی ئەوە بوو ڕەوایەتێکی پێچەوانەی لەو شکستە هەبێت کە لە سووریە تووشی هات. ئەو بەوپەڕی داماوییەوە گوتی؛ "ئێمە هەموو هەوڵێکی خۆمان دا نەهێڵین سووریە تووشی ئەو بارودۆخە بێت، بەڵام ئەوان –کەمەبەستی ئیسرائیل و ئامریکا بوو– هەموو ڕێگاکانیان گرتبوو"! پاشان خۆی لەژێر باری بەرپرسیاریەتییەکی ئایدۆلۆژیک کە بۆ ڕێژیمەکەی ساز کردبوو، دزییەوە و گوتی؛ "خۆ قەرار نییە ئێمە لەبری ئەرتەشی ئەو وڵاتە شەڕ بکەین!"

بەڵام دوای یەکەم دەرکەوتنی خامنەیی و ئەو قسانەی لەسەر پاشەکشەی سەرشۆڕانەی سپا شکستخواردووەکەی لە سووریە، لایەنگرانی توندڕەو و "انقلابی" هەر لە "جەزم"ی بەناو "مدافعین حرم" دان و نایانهەوێ باوەڕ بە تێکڕووخانی ڕێژیمەکەیان بێنن. بۆیە لە دەرکەوتنێکی دیکەیدا خامنەیی ئەمجارەیان بە هەڕەشە لەو کەس و لایەنانەی بە ڕوومالّی ڕووداوەکان "دڵی خەڵک سیس دەکەن" و وەک ئەو ڕەوایەتی ڕووداوەکانی سووریە ناکەن، دیسان وەک هەمیشە قۆڵی لە خەڵەتاندنی لایەنگرانی بە درووشمدان هەڵماڵی و گوتی؛ "زۆر ناخایەنێ دۆخی سوریە دەگۆڕێ و بەرەی مقاومەت زیاتر لە هەمیشە گەشە دەکاتەوە". بەڵام بە پێی ڕووداوەکان و ئەوە لە سووریە و دەورووبەر دەبیندرێ، سووریە بەرەو ئاقارێکی جیاواز لە لێکدانەوەکەی خامنەیی هەنگاو دەنێ و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر قووڵایی شکستی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەکە دەردەکەوێت.

بە پێچەوانەی ڕەوتی ١٠ -١٢ ساڵی ڕابردوو کە لایەنی سەرەکیی قسەکردن لە داهاتووی سووریە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو، ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران جیا لە دەرکراوێکی گۆڕەپانی سیاسیی سووریە و شەریکەتاوان و جینایەتەکانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد شتێکی دیکە نیە.

خامنەیی ڕاشکاوانە دانی بەم شکستەدا نەناوە، بەڵام نێوەرۆکی قسەکانی لە سووریە جیا لە دانپێدادانێکی ناڕاستەوخۆ بەم شکستە سیاسی و مەیدانی و ئیدئۆلۆژیکییە، شتێکی دیکەی لێ ناخوێندرێتەوە. ناوبراو لە تازەترین دەرکەوتنیدا کە دوێنێ یەکشەممە ٢ی بەفرانبار بوو، بۆجارێکی دیکە و ئەمجارەیان لە کۆبوونەوەیەکدا بۆ جارێکی دیکە لەسەر سووریە قسەی کرد و ئەمجارەیان کە دیار بوو تەنیا بۆ مەداحەکان قسەی کرد، کۆتا بزماری لە تابووتی مردنی خۆی و ڕێژیمەکەی لە سووریە دا. خامنەیی کە چەند ڕۆژ پێشتری لە زمان کاربەدەستانی دەوڵەتەوە باسیان لە دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی تازەی سووریە دەکرد، لەم کۆبوونەوەدا داوای لە "لاوانی سووری" کرد کە دژ بەو کەسانەی ئەم دۆخەیان ناوەتەوە و ئەوانەش کە هاوکاری پێکهێنانی دۆخەکە بوون، ڕاپەڕن. ناوبراو گوتی؛ "لاوانی سووری هیچیان نەماوە بۆ لەدەستدان... بۆیە مافی خۆیانە دژ بەەو دۆخەی هاتۆتە پێش ڕاپەڕن...". ئەوەش لە حاڵێکدایە لاوانی سووریە تا ئێستاش شەوانە لە گۆڕەپانە گشتییەکاندا شایی دەگێڕن و هەڵدەپەڕن و سەرمەستی ڕووخانی ڕێژیمێکن کە هاوپەیمانی ڕێژیمەکەی خامنەیی بوو.

خامنەیی کە لە نزیکەوە شاهیدی تێکڕمانی ئیدئۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و سازکردنی هێزە نیابەتییەکان لەنێو ڕیزی لایەنگرانیەتی، بۆ دەربازکردنی خۆی و لایەنگرانی لەو بارە قورسە لە شکستهێنانی هێزە نیابەتییەکانی، بەوپەڕی ڕووهەڵماڵاوییەوە گوتی؛ "ئیمە هێزی نیابەتیمان نەبووە و ئەگەر بمانهەوێ هەر کاریک بکەین

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**پێویستمان بە نیابەتی نیە!!"**

**خامنەیی کە لە دەرکەوتن و دەربڕینەکانیدا بەتەواوەتی هەست بە بێهێزی، بێهیوایی و شکستی سیاسیی ڕێژیمەکەی دەکرێ، ناتوانێ پێش بە دارمانی دەروونی و باوەڕە ئیدئۆلۆژیکەکانی لایەنگران و هەڵوەرینی ڕیزەکانیان بگرێ. ناوبراو دەبێ لەوە تێگەیشتبێ کە ڕێژیمەکەی پێش ئەوەی تووشی هەر جۆرە هەڕەشەیەکی دەرەکی بێتەوە، لەبەردەم دارمانێکی نێوخۆیی‌دایە، بۆیە نیگەرانی کەوتنی کۆڵەکە ڕزیوەکانی ئەم قەوارە شەکەت و بێکەڵکەیە. بەخۆڕایی نییە پەیتاپەیتا بە کۆبوونەوەی تەوجیهی و پاساوهێنانەوە، هەوڵ دەدات لەسەرپێیان ڕابگرێت کە نە تەمەنی ئەو مرادی ئەو کارەی ماوە و نە قەوارەی (ڕێژیمەکە) هیچ دەرفەتێکی بۆ نۆژەنکردنەوە و پاراستنی لە بەردەمدایە.**

**٣ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## حیزبی دێموکرات: هیچ جۆرە وتوێژ و دانووستانێکمان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ئارادا نیە




**دەقی ڕونکردنەوەکە بەم جۆرەیە:**

**ڕوونکردنەوە:**

چەندڕۆژ پێش ئێستا و لە وتارێکی ڕۆژنامەنووس ئەنوەر حسێن (بازگر) کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاوبۆتەوە و لەچەند سەردێڕێکدا باس لە دۆخی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا دەکات، لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند خاڵێک باس کراوە کە زانیارییەکانی هەڵە و ناڕاستن. نووسەر لە بەشێک لە بابەتەکەدا باس لە پرسێک بەناو "دانووستانەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تاران لە بەغدا" و بێئاکاممانەوەی ئەم "دانووستانانە" دەکات!

لەم پێوەندییەدا ڕووبە بیروڕای گشتی ڕادەگەیەنین؛ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێرای باوەڕی لەمێژینەی بە دیالۆگ و وتوێژ وەک ئەسڵ و پرنسیپێکی خەباتکارانە لەپێناو چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی نەتەوایەتیی خەڵکی

بەفرانباری ٢٧٢٤

کوردستانی ئێران، هیچ جۆرە وتووێژ و دانوستانێکی لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا نیە و هەروەها سیاسەت و پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتیش لە ئاست وڵاتان و لایەنە سیاسییەکان، لەسەر ئەساس و بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان داڕێژراوە و، هەر لەسەر هەمان ڕێچکە دەمێنێتەوە و دەچێتە پێش.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی ڕاگەیاندن

٣ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی

٢٣ی دێسامبری ٢٠٢٤ی زایینی

٣ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ڕۆژئاوا لە پەنجەرەی ڕۆژهەڵاتەوە




ئەلبورز ڕووین‌تەن

ئەوەی لە سووریە دەگوزەرێ بەر لەوەی وەک ڕووداوێکی گرینگی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕووخانی یەکێکی دیکە لە دیکتاتۆرەکان و کورتکرانەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی ببینین، هەڵگری زۆر وانەگەلی دیکەیە کە پێویستە بەباشی بخوێندرێنەوە هەتا لە ڕۆژهەڵات سەرکەوتوو بین. چونکە وێڕای هەموو جیاوازییەکان هەبوونی زۆر توخمی وێکچووش دەبیندرێ کە لێرەدا باسی لێ دەکەین.

زۆربەی چاودێرانی سیاسی بۆچوونیان وایە ئەوەی کە لە سووریە ڕوی دا، پلانێکی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بوو کە لە ڕێگەی تورکیەوە جێبەجێ کرا، بەو شێوەیە ئەمریکا دەسەڵاتی بەشار ئەسەدی لەژێر هەژموونیی ڕووسیە دەرهێنا و پێگەی ئەوی لاواز کرد. ئیسرائیل بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و دوای ئەو زەبرە قورسەی لە حەماس و حیزبوڵڵای لوبنانی دابوو، ئێرانی لاوازتر و لەرزۆکتر لە هەر کاتێک کرد، تورکیەش بە دوای ئەوە بوو بتوانێ ڕۆڵی کورد لە گۆڕانکارییەکانی ناوچە کەم بکاتەوە هەروەها لە ڕێگای پڕوپاگەندەی نێوخۆیی ئەو بابەتە وەک سەرکەوتنێکی حیزبی دەسەڵاتدار پیشان بدات و بیکاتەوە هەنگاوێک بۆ سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کە ئێستا

بە هۆی قەیرانی ئابووری و هەبوونی ڕێژەیەکی زۆر پەنابەری سووری لە تورکیە دەنگەکانی کەم بونەتەوە. لە ئێستادا داهاتووی سووریە پاش بەدەسەڵاتگەیشتنی ئیسلامییە توندڕەوەکانی دوێنێ -ئەگەرچی ئێستا خۆیان جیاواز نیشان دەدەن- ئاڵۆز و ناڕوونە.

### ئاماژە بە چەند خاڵی بنەڕەتی بەرچاوڕوونی زیاترمان دەداتێ:

### ئیسلامی سیاسی

یەکەم خاڵ کە تیشکی دەخەینە سەر باس لە ڕۆڵ و دەوری لایەنی چەکدار و سیاسیی هەڵگری ئایدۆلۆژیایی ئیسلامی یا بە گشتی ئیسلامی سیاسییە. پرۆفیسۆر ئەحمەد ئەسلان، فەیلەسوفی تورک لە سەر گرووپە ئیسلامییەکان و ڕەوتی ئیسلامی سیاسی دەڵێ لە هەر شوێنێک ئیسلامی سیاسی هەبێ، ئەوە شتێک بە ناوی ئایین نیە. ئەو قسەیە کاتێک باشتر وەردەگیرێ کە دەبینین گرووپە ئیسلامییەکان وەک باسکی دەزگا هەواڵگرییەکانی ناوچە و دونیا دەر دەکەن. گەورەترین لایەنی ئیسلامیی سووریە هەیئەتی تەحریری شام بە ڕێبەرایەتیی محەممەد جولانیە، کە مێژوویەکی ئاڵۆزی لەگەڵ هەموو گرووپە چەکدار و توندڕەوەکاندا بووە و ئێستا وەک ڕێبەرێک دەردەکەوێ کە دەیهەوێ ئاراستەی ڕووداوەکان دیاری بکات. محەممەد جولانی لە ڕیزەکانی ئەلقاعیدە و دواتر لە ڕیزەکانی داعشدا فەرماندەیەکی باڵا بووە و ئێستاش باس لە داڕشتنەوەی دامەزراوەکانی حکوومەتی دەکات. بەوەش جارێکی دیکە مەترسی ئیسلامی سیاسی دەر دەخاتەوە کە چۆن لە سەربڕین و خۆ تەقاندنەوەوە بۆ حکوومەتداری هەنگاو دەنێن، یا چۆن بە ناوی جیهاد دژی ئەمریکا و ئیسرائیل لاوان و هێزی شەڕ لە سەراسەر دونیا کۆ دەکەنەوە دواتر بۆ خزمەت بە ئامانجی دەزگاکانی هەواڵگریی ئەمریکا و ئیسرائیل ڕۆڵ دەگێڕن. واتە درۆ و فریو و گۆڕانی سەدوهەشتا پلە لە پێناو بەرژەوەندییەکان بۆ ئەوان ئاسانە.

ئەو گرویە ئیسلامییانە کە ئێستا لە تورکیە نزیکن ئەسەدیان بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا ڕووخاند، ستراتیژیی محەممەد جولانی و گرووپەکانی دیکەی توندەڕو کە ئێستا لە جەبهەیەکی یەکگرتوودا پێکەوە کار دەکەن. جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیانە؛ ئەویش بە نیشاندانی ڕوویەکی جیاواز لە مێژووی توندڕەویی خۆیان. ئەوەی لە سووریە دیتمان سەرەتا بە چاوپێکەوتن لەگەڵ کانالی سی ئێن ئێنی ئەمریکا بە جورێک باسی دامەزراوەی حکوومەتی و دابین ردنی خزمەتگوزارییەکانی دەکرد، دواتر بە هۆی ئابووری داڕووخاوی سووریە باسی گەرمی ئەوان دابینکردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان وەکو نان و کارەبا بۆ ئەوەی بەو خزمەتگوزارییانە ڕوویەکی جیاواز نیشان دەدەن هەتا بتوانن زیادتر دەسەڵاتی خۆیان جێگیر بکەن.

دووهەم هەنگاویان وەک باسی دەکەن چەککردنی گروپە چەکدارەکانن بۆ ئەوەی تەنیا چەک لە دەستی ئەواندا بێت و بۆ ئەو مەبەستەش وێڕای دامالینی چەک لە کوردەکان و دژەبەرەکانی دیکە هەنگاوێکی گرینگ لە جێگیرکردنی دەسەلاتی خۆیان بەرەو پێش دەبەن. ئەو ستراتیژییە بۆ جێگیرکردنی دەسەلات خومەینی و تالیبانیش گرتبوویانە بەر. دوو ساڵ بەر لە ئێستا تالیبان دەیگوت مەترسی نییە بۆ مافەکانی مرۆڤ و ژن بە تایبەتی و ئەمڕۆ دەبینین بە تەواوی گەڕاونەتەوە سەر شێوازی حکومەتی پێش ٢٠٠٣. ئەوەی دەتوانێ کۆسپ بێ بە سەر ڕێگای جولانی و هاوکارانی بۆ جێگیرکردنی دەسەلاتی خۆیان، کۆمەڵگەی سێکۆلاری سوریەیە و ئەوەش کە ئەو کۆمەڵگەیە چەند دەتوانێ بەرگری بکات، جێگای پرسیارە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ساڵانێکی زۆرە تەیفی جیاوازی ئیسلامی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان کار دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن لاوانی کورد بە ناوی ئایینەوە بۆ مەبەستە ئایدۆلۆژییەکانی خۆیان بەکار بێنێن. ئەو گرووپە جیاوازانە بێگومان بۆ ئەوەی ببن بە ئامرازی سیاسەتی داگیرکەران ئامادەییەکی یەکجار زۆریان تێدا هەیە و پێویستە لەلایەن بزاڤی سیاسیی کورد کە بزاڤێکی پێشکەوتنخواز و سێکولار و نەتەوەییە و کۆمەڵگەی وشیاری کوردستان بە هەند وەربگیرێن، هەتا سبەی نەبن بە کۆسپێکی جیدی لە کوردستان.

## سەربەخۆیی حیزبە سیاسیەکانی ڕۆژئاوای کوردستان

بزاڤی سیاسیی کورد لە ڕۆژئاوا لەژێر هەژموونی پارچەکانی دیکە و بە تایبەتی پەکەکەیە کە خاوەن دەسەلات بووە لە چەند ساڵی ڕابردوودا. ئەو دەسەلاتە لە ڕووی هێزی سەربازییەوە بۆ مەبەستی جیاواز بە کارهێنراوە، لێ نەیتوانیوە ئەولەوییەتەکانی ڕۆژئاوای کوردستان بکاتە ئەولەویەتی سیاسیی خۆی. ئەوەش وایکردوە ئێستا مەترسییەکی جیدی هەبێ بۆ سەر ئەو ئەزموونە. چونکە لایەنی دەسەلاتدار - هەیئەتی تەحریری شام و گرووپەکانی دیکەی توندڕەو- لە تورکیە نیزیکن و ئەوانیش بە دوای ئەوەن نەهێڵن ئەزموونێکی وەک هەرێمی کوردستان لەوێ دووبارە ببێتەوە. لەلایەکی دیکە ئەو دۆخە وەک سەرکەوتنێک بۆ حیزبی دەسەلاتدار و ئەردوغانە کە بۆ جارێکی دیکە لە هەڵبژاردنەکاندا کەڵکی لێوەردەگرێ. ئەو هێزە سیاسییانەی ڕۆژئاواش کە لەژێر هەژموونیی لایەنەکانی باشوری کوردستانیش بوون و بە هۆی دەسەلاتی پەکەکە لە ڕۆژئاوا لاواز بوون، داخوازیی جیاوازیان هەیە و ئێستا لە دیمەشق بە جیا خەریکی دانووستانن.

بەر لە هەموو بابەتێک کورد بە گشتی لە ڕۆژئاوا خاوەن داوای دیار و ڕوون نین کە چیان دەوێ، ئەوەش وایکردوە پێگەی ئەوان لاواز بێت، دووهەم نەبوونی سەربەخۆیی سیاسی وایکردوە نەتوانن ڕۆژئاوا بکەنە تەوەری سیاسەتی خۆیان. ئەو بابەتە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان وێڕای هەبوونی چەندین خاڵی ئەرێنی بێ کەندو کۆسپیش نیە، واتە پارتە سیاسییەکانی



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

کاریگەری ڕۆژهەڵات خاوەن سیاسەتێکی ڕۆژهەڵات تەوەرن، بەڵام هەندێک لایەن کە لەژێر کاریگەریی حیزبەکانی پارچەکانی دیکەن، دەکرێ هەمان کۆسپی ڕۆژئاوا دوبارە بکەنەوە. لە لایەکی دیکە ئێمەش دەبێ لە ڕۆژهەڵات خاوەن سیاسەتێکی ڕوون بین کە چیمان دەوێ و چۆنمان دەوێ، چونکە ناڕوونیی ستراتیژییەکان لە کاتی دانووستاندندا پێگەی ئێمە لاواز دەکات.


## ئێران لاوازتر بووە

لە پێشدا پێویستە ئەو بابەتە بگوترێ ئیتر لاوازبوونی ڕۆژ دوای ڕۆژی ئێران ئیتر بابەتێکی نوێ نیە، بەڵکوو فاکتە. بۆیە لە جیاتی باسکردنی ئەو فاکتە پێویستە پرسیاری ئەوە بکەین چۆن یا بۆچی لە دوای لاوازیی ئێران ئێمە بەهێزتر و بەهێزتر نابین. واتە پێویستە باس لە بەهێزیی خۆمان بکەین نەک لاوازی ئێران. دوای هێرشی ٧ی ئۆکتۆبەری حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لەوانەیە هەرچی لە شەڕ و ئاڵۆزی ڕووی داوە بەپێچەوانەی بەرژەوەندییەکان ئێران بووە. لە ڕابردوو شەڕ و ئاڵۆزییەکان بۆ بەهێزبوونی پێگەی کۆماری ئیسلامی لە دانوستاندنەکان بوو، بەڵام شەڕەکانی ئێستا پێگەی ئێرانی زۆر لاواز کردووە و گرنگترین پێگەی خۆی واتە سوریەی لەدەست داوە کە ڕاگرتنەکەی لە ساڵانی ڕابردوودا تێچوویەکی یەکجار زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی هەبوو. ئەو لاوازییەی ئێستای ئێران لە ناوچە دەبێ بکرێتە سەکۆی بەهێزی کورد لە نێوخۆ و بەهێزترکردنی خەباتەکەی.

ڕووخانی دیکتاتوری سووریە کە بە ستەم سەرکوت لەسەر حوکم مابۆوە و سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ئەو وڵاتەی کوشت و بە میلیۆن کەسی ئاوارەی کرد، بەڵام بینیمان نەیتوانی هەتا سەر لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە و ئەمە جارێکی دیکە ئەو ڕاستییەی سەلماند دیکتاتور هەر دەڕووخێ و دەچێتە زبڵخانەی مێژوو. هاوکات هیوای خەباتی گەلانی ئێرانی بوژاندەوە و پێچەوانە دەسەڵاتدارانی تارانیشیان زیاتر وەلەرزە خستوە. بێگومان ئاسۆی ڕووخانی ئەوانیش دور نابیندرێ و لە دوێنێ نزیکترە.

**٤ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# ڕۆڵی ئەفسەرانی خەباتگێڕ لە هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا



**ناسر ساڵحیئەسڵ**

نازناوی "پێشمەرگە" بۆ یەکەم جار، لە بارەگای پێشەوای مەزنی کوردان "قازی محەممەد"، سەرکۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە شاری مەهاباد، بۆ ڕۆڵەی کورد کە لە پێناوی وەدەستهێنانی ئازادی و دادپەروەری، ڕزگاری لە ژێردەستی و ستەمی نەتەوایەتیی گەلی کورد، پارێزگاری لە هێماکانی نیشتمان و خاک گیانی خۆی فیدا دەکا، دیاری کرا. بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کۆڵەکەی خەباتی نەتەوەی کوردە کە وەرە بە خەباتی جەماوەریی گەلی کورد لە شار و شەقام دەدات. هەروەها لە سەردەمی کۆماری کوردستانەوە تا ئێستا هەر کات خەباتی پێشمەرگانە لە ئارادا بووە، هەموو ڕەهەند و شێوەکانی خەباتی جەماوەریی گەشەی سەندوە و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەمیشە پشتیوانییان لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان کردوە.

لە مێژووی خەباتی پێشمەرگانەدا باسکردن لە ڕۆڵی ئەفسەرانی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەر، شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی کورد لە "هێزی پێشمەرگەی کوردستان" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، کە هەم لە مێژووی هاوچەرخی خەباتی سیاسی -

نەتەوایەتیی گەلی کورددا جێگە و پێگەیەکی تایبەتییان هەیە و هەم وەکوو ڕووداوێکی گرینگە لە خەباتی پڕ لە شانازی چەکداری دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، پێویستی بە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەی زیاتر هەیە. هەر بۆیە لێرەدا بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان" بە کورتی باس لە کاریگەری و کاردانەوەی ڕۆڵی ئەفسەرانی خەباتگێڕی کورد لە بەرەوپێشچوون و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و خەباتی چەکداریی و نەتەوایەتی -دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، پەیوەستبوونی پۆلێک لە ئەفسەرانی خەباتگێڕ و نیشتمانپەروەری کورد بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە تایبەت بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە قۆناغێکی گرینگ لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی و نەتەوەیی و دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەژمێردرێ. بە خۆڕێکخستنەوەی سەر لە نوێی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەژێر تیشکی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەری مەزن دوکتور قاسملووی نەمر، بەشێک لە ئەفسەر و دەرەجەدارانی شۆڕشگێڕی کورد، لە کاتی خۆپێشاندانەکانی گەلانی ئێران و بەشێکی دیکە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، لەگەڵ کۆمیتەکانی حیزبی دێموکرات لە شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لەگەڵ ڕێبەری ناوداری کورد شەهید دوکتور قاسملوو، پەیوەندیان گرت و وەک پێشمەرگە و ئەندامی چالاکی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، تێکۆشانی سیاسیی - نیزامیی خۆیان دەست پێ کرد. هەر بۆیە تێکەڵبوونی ئەفسەرانی خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کورد لە شۆڕش و ڕاپەڕینی خەڵکی مافویستی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دابینکردنی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی و ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا، هەڵوێستێکی شۆڕشگێڕانە، لاپەڕەیەکی زێڕین لە خەبات بۆ مافە سیاسی - نەتەوایەتییەکان و مێژوویەکی پڕ لە شانازییە لە خەبات بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

پاش بەتاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لە لایەن لایەنگرانی خومەینییەوە، ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە لایەک بە هەموو شێوەیەک دژایەتیی لەگەڵ ئەو فەزا ئازاد و دێموکراتیکە دەکرد کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێکهاتبوو، لە لایەکی دیکەوە هیچ باوەڕێکی بە چارەسەرکردنی ئاشتیخوازانەی مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی نەتەوەکانی ئێران و بە تایبەت مافی سیاسی و نەتەوایەتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبوو. هەر بۆیە ڕێژیمی خومەینی، هێزە گۆپاڵبەدەستەکانی وەک کومیتەچی و پاسدارەکانی بۆ شەڕ و ئاژاوەنانەوە، ڕەوانەی کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران کرد. بە هەڵگیرساندنی شەڕ لە شاری سنە، پاوە و نەغەدە و سەرئەنجام بە ڕاگەیاندنی فتوای جیهاد بە دژی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ویستی کە هەم ئەم فەزا ئازاد و دێموکراتیکەی کوردستان تێکوپێک بدا و هەم بە چاو سوورکردنەوە، نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی پاشگەز بکاتەوە. بۆیە ڕێژیمی ئێران بۆ داگیرکردنەوەی شار و گوندەکانی

کوردستان بە فڕۆکە و تانک و تۆپ هێرشێکی وەحشییانەی گرتەبەر. هەروەها ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستی کرد بە گرتن و کوشتاری خەڵکی سڤیل و ئاشتیخواز و مافویستی گەلی کورد و بە هەزاران کەسی گرت و لە زیندانەکاندا ئێعدامی بەکۆمەڵی وەڕێ خست. خەڵکی سڤیلی سەدان گوند قەڵاچۆ کران و بە میلیاردها تمەن زیان بە سەروەت و سامانی گشتی و نەتەوەیی خەڵکی کورد کەوت.

لە وەها بارودۆخێکدا بەشێکی گرینگ لە ئەفسەر و دەرەجەدارانی مافویستی کورد بە دیتنی پێشێلکردنی تەواوی مافە نەتەوەیی، سیاسی، فەرهەنگی و مرۆییەکانی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە و هەنگاوەکانی ئەو ڕێژیمە بۆ زیاتر میلیتاریزەکردنی کوردستان، هەروەها گرتنەبەری سیاسەتی ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجە و زیندانیکردنی مافخوازانی کورد لە لایەن ڕێژیمەوە، هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە تەنیا ڕێگا دژ بە دەسەڵاتی ڕەش و سەرەڕۆ و دیکتاتوری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خەباتی چەکدارییە. لە وەها هەلومەرجێکدا ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ و ئازادیخوازی کورد بە گرتنی پادگانی مەهاباد وەک بنکەیەکی سەرەکیی سەرکوتی خەڵک ڕۆڵی بەرچاویان بینی. هەر بۆیە پاش کۆتایی هاتنی کۆنگرەی چوارەمی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند کەس لە ئەفسەرانی شۆڕشگێڕ بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و بەشێکی دیکەیان دوای کۆنگرە، لە شوڕای نیزامی حیزبی دێموکراتدا لە پێگەیاندنی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا. ئەوەش بووە هۆی ئەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەمیشە بۆ ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کورد لە بۆسە و پیلانگێڕیدا بێ، بۆ ئەوەی بتوانێ لەنێویان بەرێ، یان لە مەیدانی بە کردەوەی خەبات دووریان خاتەوە.

ڕێژیمی ئیسلامی لە یەکەمین کردەوەی چەپەڵی خۆیدا پاش داڕشتنی پیلانێکی دژە مرۆیی، سەرئەنجام توانی شەهیدان سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی و سەروان ئەحمەد چەڵەبی لە بنکەی شوڕای نیزامی حیزبی دێموکرات لە شاری مەهاباد بە فێڵ و تەڵەکە تێرۆر بکات. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش ئەو تێرۆرە، دەیان و سەدان کردەوەی تیرۆریستی دیکەی لە شوێنە جیاجیاکانی کوردستان بە دژی ئەفسەرانی شۆڕشگێڕی کورد و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە برد. بەڵام بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرکەوت کە بە گرتنەبەری تێرۆر و گرتن و ئیعدامی ئەفسەرانی خەباتگێڕ و ئازادیخوازانی کورد، خەڵکی کورد لە ئامانجەکانی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو ورە و باوەڕی خەڵکی کوردستان بۆ گەیشتن بە مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، زیاتر و بە گوڕو تین تر دەکات. چونکە لە ڕەوتی خەباتی خوێناویی نەتەوەی کورددا بینراوە، کە ئەفسەر و دەرەجەدارانی شۆڕشگێڕی کورد هەم بوونەتە سیمای پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەیان -کە لە مێژوویی هاوچەرخی سیاسیی کوردستاندا جێگە و پێگەی تایبەتییان هەیە- و هەم بە هەزاران ڕۆڵەیان لە تێکۆشەرانی کورد پێگەیاندوە. ئەفسەرانی شەهیدی وەک: شەهید سەرگورد حەبیبوڵڵا عەبباسی خەڵکی مەهاباد و بەرپرسی شووڕای

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

نیزامی، شەهید سەرگورد کەریم عەلیار، بەرپرسی کۆمیسیۆنی پێشمەرگە و خەڵکی بۆکان، شەهید سەروان ئەحمەد جاویدفەر" کاک هەژار" خەڵکی مەهاباد، شەهید سەروان خەلیل زەرع ناسراو بە خەلیل خەلەبان خەڵکی کرماشان و فڕۆکەوان، شەهید سەروان حاتەم دوعاخوان فڕۆکەوان و خەڵکی ورمێ، شەهید سەروان ئیقباڵ کەریم نژاد خەڵکی سنە، شەهید سەروان ئەحمەد چەڵەبی خەڵکی مەهاباد، شەهید سەروان عەبدوڵڵا ئەفشین خەڵکی بۆکان، شەهید خەلیل موراد‌ی خوێندکاری فڕۆکەوانی و خەڵکی سەقز، شەهید سەروان ئیبراهیم ئەحمەدی خەڵکی شاری سنە، شەهید سەروان تەحسین برومەند خەڵکی پاوە، نەمر سەرهەنگ ئەحمەد ڕەبیعی ناسراو بە کاک چیا خەڵکی مەهاباد و شەهید سەروان چەکۆ ڕەحیمی خەڵکی مەهاباد، پۆلێک لەو ئەفسەر و دەرەجەدارە نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون کە بۆ هەتا هەتایە لە لاپەڕەکانی پڕ لە شانازیی مێژوویی خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورددا ڕێگا و ڕێبازیان بە زیندوویی دەمێنێتەوە.

بێگومان کاریگەری و شوێندانەریی ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر، خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد بۆ مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکان، بۆتە حەقیقەتێک و هێمایەک بۆ خەباتی ڕەوای نەتەوایەتی گەلی کورد. ئێستا خەڵکی کوردستان و بە تایبەت نەوەی نوێی بزووتنەوە ژینا "ژن . ژیان . ئازادی"، شانازی بە ڕێگا و ڕێبازی ئەفسەرانی نیشتمانپەروەر، خەباتگێڕ و ئازادیخوازی کورد دەکەن و تا گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو شەهیدانە لە تێکۆشان و خەبات لە پێناو مافە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە شار و شەقام لە شکڵ و شێوەی جۆراوجۆردا بەردەوام دەبن.

لە ڕۆژی "پێشمەرگەی کوردستان"دا یاد و ناوی ئەفسەرانی شەهید بۆ نەوەی نوێ دەبێتە هەوێنی خەباتگێڕانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ ڕزگاریی کوردستان و ڕێگا و ڕێبازیان بۆ هەمیشە لە زەینی خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بە زیندوویی دەمێنێتەوە و خەبات و بەرخۆدان لە شێوە و شکڵی جۆراوجۆردا بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانیان تا سەرکەوتن بەردەوام دەبێت.

**٤ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# سەدەی ٢١ و گاڵتەجاڕییەک بە ناوی پاراستی مافی مرۆڤ



**عومەر باڵەکی**

دوو ڕۆژ دوای ڕووخانی حکوومەتی بەشار ئەسەد لە سووریە و شکاندنی دەرگای زیندانەکان لوتکەی دڕندەیی و زاڵمبوونی ئەو دەسەڵاتە دەرکەوت. وێنە و ڕوخساری زیندانییەکان کە نەیاندەزانی لە دەرەوەی زیندان چ ڕووی داوە، شاهیدی ئاشکرای ئەو دڕندەیی و بێبەزەیی دەسەڵاتدارانی حکوومەتی سووریە بوو. سەرسووڕمانی زیندانییەکان لەو دۆخەی کە لە گەڵی ڕووبەڕووبوون بە چەشنێک بوو کە هێندێک لە زیندانییەکان نەیاندەزانی کە حافز ئەسەد، باوکی بەشار ئەسەد ٢٤ساڵە نەماوە و بەشاری کوڕی جێگای گرتۆتەوە. وێنەکان بەخێرایی لە لایەن ڕاگەیەنە گشتییەکان بە سەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەوە و بڵاو بوونەوەی وێنەکان بوو بە هۆکاری هەژاندنی ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانی. بەدەیان کاناڵی ڕاگەیاندن بە زمانە جیاوازەکانی دنیا ڕاپۆرتیان لەسەر ئامادە کرد. بەڵام لێرەدا ئەوەی جێگای سەرسووڕمان بوو ئەوەیە بڕیاردەری سەرەکی ئەو جینایەتە سامناکانە بەشار ئەسەد بوو و ئەویش بێ هیچ بەربەست و لەمپەرێک و لەبەر چاوی هێزە دژبەرەکان و دەوڵەتانی سەرقاڵ بە پرسەکانی سووریە توانی ئەو وڵاتە بەجێ بهێڵێ و لە وڵاتی ڕووسیە بگیرسێتەوە و بە قسەی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە مافی پەنابەری ئینسانی بۆ مانەوە پێبدرێ.



سەرچاوە
Serchawe

بە داخەوە لە سەدەی ٢١دا ئەو جینایەت و تاوانانەی دژ بە مرۆڤەکان دەکرێن، لەلایەن حاکمانی وڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکانەوە بەڕێوە دەچن. ئەوە لەحاڵێکدایە ڕۆژانە کۆڕوکۆبوونەوەی ڕێکخراوە جۆراوجۆرەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ لە سەرانسەری دنیادا بەڕێوە دەچن و بە پێی ڕاپۆرتەکان کە لە لایەن ڕێکخراوی پاراستنی مافەکانی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە ئامادە دەکرێ، کۆمەڵێک دەوڵەت بە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ تاوانبار دەکرێن. بەڵام لەبەر نەبوونی هەڵوێستی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و میکانیزمێک بۆ بەرەنگاربوونەوە، ئەو جۆرە ڕاپۆرتدان و مەحکوومکردنانە هەتا ئێستا نەیانتوانیوە کاریگەرییان هەبێ لەسەر کاروکردەوەی ئەو حکوومەتانەی بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ مەحکووم کراون. چونکە ئەو ڕێکخراوانە و تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی بەردی پارێزگاری لە مافەکانی مرۆڤ لە سینگی خۆیان دەدەن زیاتر بیر لە بەرژەوەندیی خۆیان دەکەنەوە و نایانهەوێ بە گرتنەبەری ڕێگای توند لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە بەرژەوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە. واتە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ هەڵوێستیکی بەکردەوە کە بەرگری لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بکا لەخۆی نیشان نەداوە. ئەوە لە حاڵێکدایە بە پێی بنەما و جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێ هەموو دەوڵەتانی ئەندام لە نێوخۆی وڵاتەکەیاندا پابەند بن بە پاراستی مافەکانی مرۆڤ.

لە دوای هەر دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی دەوڵەتانی سەرکەوتوو لەو شەڕانەدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون بۆ پاراستنی ئەمنییەتی جیهانی و ئاشتی نێودەوڵەتی ڕێکخراوێکی بەهێز دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە پابەند بکەن بە بنەماکانی ئەو ڕێکخراوەیە و پێش لە هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە بکەن. بۆیە دەبینین دوای شەڕی یەکەمی جیهانی "کۆمەڵەی نەتەوەکان " پێک هات، بەڵام نەیتوانی پێش بە هەڵگیرسانی شەڕی دووهەمی جیهانی بگرێ. بۆیە لە دوای تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر بناخەی "کۆمەڵەی نەتەوەکان" بە خوێندنەوەیەکی وردتر لە گرفت و ڕووداوەکانی نێودەوڵەتی لەساڵی ١٩٤٥ "ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان" دامەزرا و بەدەر لە هەموو بابەتەکانی دیکە بە دواداچوون و بەرگریکردن لە پرسەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی مرۆڤ هۆکاری سەرەکی بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییە بوون. واتە شەڕی دووهەمی جیهانی و بابەتەکانی پێوەندیدار بە پاکتاوی ڕەگەزی بوونە هۆکارێک کە ڕێکخراوەیەکی نوێی جیهانی سەرهەڵبدا و لە چوارچێوەی یاسادا بەرگری لە ڕوودانی کارەساتی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ هاوشێوەی شەڕی دووهەمی جیهانی بکا و دەبینین ئەوە لە "جاڕنامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان"جێگیر کراوە کە هەموو ئەندامەکانی ئەو ڕێکخراوەیە دەبێ پابەندی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بن.

بەڵام بەداخەوە بە ئاشکرا دەبینین کە سات وسەودای نێودەوڵەتی هیچ ڕێگایەکیان بۆ پارێزگاریکردن لە مافەکانی مرۆڤ نەهێشتۆتەوە. دەنا کەسێکی وەک بەشار ئەسەد یا هاوشێوەکانی ناوبراو لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەو هەموو جینایەت و

تاوانانەی کە کردوویانە چۆن ئاوا بە ئاسانی دەبێ لەدەستی دادگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەربچن و هیچ لایەنێکی ڕێکخراوەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ چ لە کاتی دەسەڵاتدارییان و چ لەو کاتەدا کە لەدەسەڵاتدا نەماون سکاڵایان لەسەر تۆمار ناکا و لەبەردەم یاسادا بەرپرسیاریان ناکا. دیارە ئەمە یەکەمجار نییە ناکارابوونی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و لق و پۆپەکانی سەر بەو ڕێکخراوە لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ بە ئاشکرا خۆی دەرخستوە و هەر ئەو ناکارامە بوونە وای کردوە کە دەسەڵاتدارانی وڵاتانی وەک سووریە و ئێران لەسەر شێوازی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی خۆیان بەردەوام بن و بەئاشکرا و لە بەرچاوی کۆمەڵگەی جیهانی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتانی ژێر حوکمڕانییان پێشێل بکەن.

ساڵی ٢٠١٣ یەکێک لە سەربازەکانی سپای سووریە لە ڕیزەکانی سپای ئەو وڵاتە ڕایکرد و لە ژێر ناوی خوازراوی "سزار" زیاتر لە ٥٣ هەزار وێنەی لە زیندانەکانی حکوومەتی سووریە هێنایە دەرێ و لە ڕێگای ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی لێ ئاگادار کردەوە، بەڵام نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە دەوڵەتان دەستیان بۆ هیچ ڕێکارێک نەبرد کە لانیکەم حکوومەتی سووریە و خودی بەشار ئەسەد لە بەرانبەر ئەو تاوانە دڕندانەیەدا بەرپرسیار بکەن و هەر ئەو بێ هەڵوێستییە وایکرد کە ڕێژیمی سووریە بە سەرکردایەتیی بەشار ئەسەد چاونەترستر بێ لە سەرکوت و کوشتاری خەڵکی بێتاوانی سووریە. ئەگەر ڕەوتی ڕووداوەکانی دوای ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ کە لەو ڕۆژەدا ڕێکخراوی حەماس هێرشی کردە سەر خاکی ئیسرائیل و دژکردەوەی خێرای دەوڵەت ئیسرائیل بەدوادا نەبوایە، ڕەنگە ئێستاش ڕێژیمی سووریە بە دەسەڵاتدارەتیی بەشار ئەسەد هەر لەسەر حوکم بوایە و لەبەر چاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی درێژەی بە حوکمڕانی خۆی دابا و تەنانەت لە مانگەکانی پێش ڕووخانی هەوڵەکان ئەوە بوو کە بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی بگێڕنەوە بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی و نێودەوڵەتی. ئەو هەوڵانە لە حاڵێکدا لە ئارادا بوون کە بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی ڕۆژ بە ڕۆژ جەسوورتر دەبوون لەسەر پێشیلکاری مافەکانی مرۆڤ و بە داخەوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ئەوەیان دەزانی.

ئێستا کە ڕێژیمی بەشار ئەسەد ڕووخاوە و هەواڵی شکاندنی دەرگای زیندانەکانی سووریە و ئازادی زیندانییەکان بە هەموو جیهاندا بڵاو بۆتەوە، دەتوانێ نیشانەی ئەوە بێ کە حاکمانی دیکتاتۆر و ملهوڕ ناتوانن هەتا سەر دەوام بێنن و هەر بەو جۆرەی کە دەسەڵاتداریەتی بەشار ئەسەد کۆتایی پێهات و زیندانییەکان ئازاد کران. هەر بەو جۆرە دەتوانێ هیوای سەرکەوتن بدا بە گەلانی ئێران کە ڕۆژێک دادێ کە حکوومەتی ئیسلامیی ئێران لە لایەن گەلانی ئەو وڵاتەوە دەڕوخێندرێ و دەرگای زیندانەکان دەشکێندرێ و زیندانییەکان لەگەڵ سەرجەم خەڵکی ئێران دەستەملانی ئازادی دەبن. بەو مانایە ئازادی هەر زیندانییەک لە سووریە دەتوانێ پەیامێکی هیوابەخش بێ بۆ زیندانیانی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی. ئەگەر لە لایەکەوە ئەو هیوا و ئومێدە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و ئازادبوونی زیندانیەکان هاوچەشنی سووریە لەنێو خەڵکی


سەرچاوە
Serchawe

ئێراندا ڕووی لە زیاد بوون کردوە، دەسەڵاتدارانی تاران بە جێگای ئەوەی دەرس لە چارەنووسی بەشار ئەسەد و حکوومەتەکەی وەربگرن لە ڕاگەیەنە گشتییەکانی خۆیاندا هەوڵ دەدەن بە قسە و نووسین ئەو هەواڵانەی لەسەر زیندانەکانی ڕێژیمی ڕووخاوی سووریە بڵاو دەبنەوە وە درۆ بخەنەوە و لە بیروڕای گشتی کۆمەڵگەی ئێراندا کەم ڕەنگ نیشانی بدەن.

هەواڵدەریی"مهر" سەر بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠٣ وتارێکی لەژێر سەردێری "هەموو شتێک سەبارەت بە زیندانی سیدنایا لە ئەشکەنجەی زیندانییانەوە هەتا فیلمی هالیودی" بڵاو کردۆتەوە و لەو وتارەدا نووسەر هەوڵی داوە ئەو وێنە و فیلمانەی لە لایەن ڕاگەیەنە گشتی و هەواڵنێرە جیهانییەکان لە زیندانەکانی حکوومەتی سووریە بڵاو کراونەوە زیاتر بە هەڵبەستراوە و دوور لە ڕاستی بقەبڵێنێ. لە بەشێک لە وتارەکەدا ئاوا دەڵێ: "ئەگەر چی هەڵسوکەوتی نەشیاو و خراپ و ئەشکەنجەی دژبەرانی حکوومەتی سووریە لە زیندانەکاندا بابەتێک نییە بشاردرێتەوە، بەڵام ڕێژەیەکی بەرچاو لەو زیندانییانە ئەو کەسانەن کە هاوفکری ئەو گرووپە تێرۆریستییانە بوون کە بەوزووانە لە سووریە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە....."واتە بە وتەی نوسەری هەواڵدەریی "مهر" ئەشکەنجەدان و تەنانەت ئێعدامی زیندانییەکان لە زیندانەکانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد بەربەرەکانێ لەگەڵ دژبەرانی دەسەڵات بووە و بە کارێکی یاسایی دادەنێ. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەی هەواڵدەریی "مهر"دا نوسەری بابەتە دەڵێ: "بەشێک لەو هەراو هوریایە کە دروست بووە لە لایەن زیندانییەکانی پێشووەوە دروست بووە بۆ ئەوەی لە دابەشکردنی دەسەڵاتدا بەشێکیان بەربکەوێ."
لێرەدا نوسەری بابەتەکە دەیهەوێ لە گرینگی پرسەکە کەم بکاتەوە و بڵێ کە ئەو هەراوهوریایەی لەسەر زیندانەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد دروست بووە تەنیا بۆ بەرژەوەندیی هێندێک کەس و لایەنە و دەنا جینایەت و تاوانەکانی حکوومەتەکەی بەشار ئەسەد لەو ڕادەیەدا نییە کە باسی لێوە دەکرێ و ئەوەش جۆرێک پاساوهێنانەوەیە بۆ هەموو ئەو جینایەت و تاوانانەی حکوومەتی ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە ئازادیخوازانی ئێران کردوویەتی.

ئاکامگیرییەکی بەپەلە لەو باسە ئەوەیە نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک گەورەترین ڕێکخراوی جیهانی هەتا ئێستا توانیویەتی ئەرکی خۆی کە پاراستی مافەکانی مرۆڤە لە چوارچێوەی ئاشتی و ئەمنییەتی جیهانیدا بە جێ بگەیەنێ و، نە حکوومەتە دیکتاتۆرەکانیش لە چارەنووس و ڕووخانی حکوومەتە هاوشێوەکانی خۆیان دەرس وەردەگرن. بەڵام بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی هەتا ئێرە سەلمێندراوە ئەوەیە حکوومەتەکان دەڕوخێن و حاکمە دیکتاتۆرەکان بەچۆک دادێن و ئەوەی دەمێنێتەوە و سەردەکەوێ خەباتی گەلانە بۆ ئازادی و دادپەروەری لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

٤ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# پەلەپرتیەیل ئاخر



**پژمان شەریعەتی**

لەی ڕووژەیلە باسییگ سەرهەڵداس لەبارەی لاوردنێ فیلترییینگ لە ئینترنت ئێران و وە قسەی وەرپرسەیل ڕێژیم بەشییگ لە فیلترینگ لەسەر بڕییگ لە بەرنامەگان لاچوود.

ئی بابەتە فرە لایەن لەناو ساختار ڕێژیم و لایەنەیل ترەک جوور دژبەرەیل ڕێژیم و چالاکەیل میدیایی و ڕووژنامەوان دەرگیر خوەی کردێە و تا ئێرنگە دیار نییە ک وەڕاسی بەرنامەی ڕێژیم چەس، ئمانێگ خاڵ سەرەکی ئەوسە ک هوچ کەس لەی کارە خوشبین نییە و وە پلان نوو ڕێژیم زانێ ئەڕای کپ کردنێ ئازادی.

شورای بانێ فەزای مەجازی ڕێژیم لە نووترین کردەوەی خوەی ک وە بەشداری چەندین ئورگان ڕەسمی ڕێژیم بییە، باس لەوە کردنە ک لە دریژەی چەن برگەی جیاواز فیلترینگ لەسەر ئینترنت لاچوود و لە وەراییوەر نزارەت وەسەر ئینترنت و وەکارهاوردنێ و بەشدای لە فەزای مەجازی چەن بەرابەر کەن و لە ئاخر بەرنامە یەسە، ک تووڕەیل کۆمەڵایەتی ناو ئێران

و سازریای خودێ ڕێژیم جی بەرنامە خارجییەگان بگرێد.

لەلای ترەک، میدیاگانێ ڕێژیم جووریێگ باس لەی بابەتە کەن ک چمانییێگ وە گشتی ئینترنت و دەسرسی وە زانیاری و جەهان ئازاد لە ئێران ڕووداس و لایەنەیل پشتیوان لە پزشکیان ڕەئیس جمهور ئێران، وە شێوازیێگ باسی کە ک پزشکیان درێ وەعدەگانێ خوەی وە کردەوەیی کەیدن، لە حاڵێیگ ک تەنیا باس لەوە کریاس ک فیلترینگ لەسەر دو ئەپلیکەیشن لاچوود.

لە لای ترەکیش خامنەیی باس لەوە کردیە ک هیچ قانوونیگ لەسەر ئینترنت لە ئیران وجود نەیرێد و دەوڵەت و ئورگانەیل ڕێژم بایس بکەفنە شوون ئی بابەتە و قانون بیلن ئەڕای وەکار هاوردنێ ئینترنت.

ئەوەی ک دیاری لە ئیران یەک قانون هەس ئەوەیش کپ کردنێ ئازادییە و تەجروبە نیشانداس ک ئی سیستمە وە هیچ شێوازیێگ ئسلاح نیەد و هیچ بەرنامەیگیش ئەڕای گۆڕیان نەیرێد.

لە ڕووژێگ کە ڕێژیم ئێران هاتیەسە سەرکار جیا لە سەرکوت و دژایەتی ئازادی،سەمەرەیگ ئەڕای مەردوم نیاشتێە و نزیک وە پەنجا ساڵە باس لە ئازادی بەیان و میدیای ئازاد کریەد و ڕێژیمیش وەتێە ک لە ئێران میدیای ئازاد هەس و هەر کەسیگیش تووینێد قسەی خوەی بکەید!

وەداخەو ئامارییگ دەقیق نیەتووینیمن بگریم وەلی وە یەقین بایەد بویشیمن ک لە ڕووژێگ ک ئی ڕێژمە هاتیەسە سەر کار هزاران ڕووژنامە لە ئیران داخریاس، هزاران ڕووژنامەوان زندانی و شکەنجە و ئعدام کریانە، و ڕییێگ نەمەنیە ڕێژیم بگریدە وەر ئەڕای کپ کردنێ دەنگ موردوم و لەبەین بردنێ ئازادی.

تاریخ دەسەڵاتداری ڕێژیم ئێران وە خاسی ئەڕامان دەرخەید ک لاوردنێ فیلترینگ لە ئێران هیچ وەخت سەر نیەگرێد و تا ئی ڕێژمە وەسەر کار بوو دەسڕشی وە ئینترنت و جەهان ئازاد لە ئێران مانایێگ نەیرێد.

یە لە حالییگە ک بەشییگ لە چالاکەیل سیاسی باس لەوە کەن ک ڕێژیم، لە ترس دەس بردیەسە ئی کارە و ناچار بییە ک بەشییگ لە فشارەگان کەم بکەیدن لەسەر موردوم تا فشارەیلیگ ک لەسەر خوەی هەس لابچوود و لە قەیرانەگان نجات پەیدا بکەید.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

لێرە ئی پرسیارە دروس بوود، جیا لە یەک ڕێـژیم دیکتـاتوری ڕێـژیم ئێران وە هـاز و توانـای مەردوم ڕخـی چیـیە، لە کـام مەرحەلەی تـاریخی دەسـەڵات خـوەی هەدەفـی کەمکردنـێ فشـار و قەیـران بیـیە لەسـەر مەردوم، وەڕاسـی هـیچ نموونەییـگ نیەتوینیم باریمن و بگر هەر جارییگ ک ئی ڕێکارەیلە گردیەسە وەر فشار و قەیران لەسەر مەردوم زیادترەو بییە.

لەبـارەی ئینتـرنتیش وە خاسـی دیـارە ک ڕێـژیم پـلان نگریسـیگ درێـد و خـوەی لە لێـوار ڕمیـان و مەرگ دوینێـد و درێـد ئامادەکاری کەی ئەڕای کونترول و مان دەسەڵات خوەی.

لێرە وە جیا نیەچیمنە سەر باسەگان چونکە گشتاین نیاز وە شیکاری تایبەت درن، وەلی وەختییگ دووخ ڕێژیم لە نـاوخۆ لە بوارەیل ئقسـادی سیاسـی ونزامـی گـریمنە وەرێ چەو، لە دەروەی ئێـرانیش و دیپلوماسـی و سیاسـەت خـارجی ڕێـژیم پەیگیـر بـویمن، هەر ئیجوورە کۆمەڵگـای جەهـانی و وڵاتەیل نـاوچەگە دوینـیمن، لە ڕەئس گشـتیان داخـوازی و دەنگ ملەتەیل نـاو جوغرافیای ئێران شنەفیمن، وە خاسی دیارە ک ڕێژیم ئاخر ڕووژەگان خوەی درێد بەیدە سەر و خوەیـانیش وە خاسـی زانن و گشت توانایی خوەیان درن نەنە بان ئی بابەتە ک وە هەر ڕێ نـاڕەواییگ ک بتوینن مانێ خوەی گارانتی بکەن.

یەکیگ لە ئەبزارەیلییگ ک لەوەر دەس موردوم بییە و وە گشت مەحـدودیەتەگان و فیلترینـگ وەکـارێ هـاوردنە ئەڕای دەنگ بەرز کردنـێ خوەیـان، ئینترنت بییە و لە جمشت ژن ژیـان ئـازادی ، مەردوم هەم ئەڕای ڕەسـانن دەنگ خوەیـان وە دونیـا و سازماندەیی خوەیان وە خاسی وەکاری هاوردن و ئێرنگەیش ڕێژیم ئەو تەجروبە ک ئەڕای فرە تـاڵ بـی دوارە نەود، پـرس و بابەتەگان هاوردیەسە سەر ئینترنت.
ئی کارە لاوردنێ فیلترینگ نییە بەڵکە ڕێژیم تِوای کونترول گشتی فەزای ئینترنتی لە ئێران بگرێدە دەس و پەیوەنـدییەگان مەردوم ڕەسەد بکەید، هەرچەن ئی قسە هەمیشە شوعـار بییە و جوور پروپـاگاندا وەکـارێ هـاوردێە ئەڕای ترسـانن مەردوم و دروس کردنێ فەزای ئەمنییەتی، نەتوینستیە و نیەتونێد وە گشتی لایەنەگان ژیان ڕەسەد بکەید و هەمیشریس ناکـام مەنیە لە وەرایوەرێ ئرادەی مەردوم ئەڕای ئازادی.

وە گشتی خاڵ سەرەکی یەسە ک ڕێژیم تـا حەدییگ ترسیاس و قەبووڵی کردیە ک ئاخری ڕەسییە دی نیەزانێـد چە بکەیـد و لەیادیان چییە ک مەردوم پەنجا سـاڵە لەی قسـە ۆ شـوعارەیلە شنەفن و دی ئمکـان نەیرێـد لەی باسەیلە بخەڵەتـن و درن خوەیان ئامادە کەن ئەڕای لاوردنێ فیلترینگ لەسەر ژیانیان.

**٥ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

## ئەمە "تۆفانی ئەلئەقسا"یە یان پشیلەی ڕەجەبە شێت؟



**دارسمە**

هەرکەسێک دوو دێڕە هەواڵی خوێندبێتەوە یان ڕۆژێک لە ڕۆژان سەیری تەلەفزیۆن و ئەم مۆبایلە پانکۆلانەی بەردەستمانی کردبێت، یان لەنێو ماشێنەوە دەستی بە دوگمەی ڕادیۆ کەوتبێت، بێگومان ناوی "تۆفانی ئەلئەقسا"ی بەر چاو یان بەر گوێ کەوتوە.

تۆفان لە مێژوودا گەلێکن، بەڵام ئەم تۆفانەی باسی دەکەین، وەک هیچکامیان نیە. بۆ وێنە، لە ئەمریکا "تۆفانی کاترینا" نێوبانگێکی زۆری دەرکرد و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی سەبارەت بەم تۆفانە بڵاو بوونەتەوە، ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی هەڵی کرد و بەخێرایی ٢٨٠ کیلۆمیتر لە کاتژمێرێکدا، لە بەشێک لە "کەنداوی مەکسیک"ـەوە هەتا ویلایەتی "لووئیزیانا" و "ئالاباما"ی گرتەوە و هەزار و ٨٣٦ کەسی لەکۆڵ ژیان کردەوە. لە خۆرهەڵاتی ئەم گۆی زەوییەش گەورەترین تۆفان، "تۆفانی بێبینکا"یە و لەم ساڵانەی دواییدا چین و چەند وڵاتێکی ئەم ناوچەیەی گرتەوە و ئەم تۆفانەش نزیکەی هەزار کەسی دیکەی لە ژیان داماڵی.



سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

ئەمانەی سەرەوە ئەو تۆفانە بەناوبانگە سرووشتیانە بوون لە مێژووی ئەم ساڵانەی دواییدا لە خۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهان ڕوویانداوە. بە هەر دوو ئەم تۆفانە گەورانە، لەسەریەک دووهەزار و پێنسەد کەسێکیان پێ لە ژیان دوور نەخراوەتەوە و هەرکامیان (پەرژینی بەگوڵ بێت لە ڕووی ئێوە)، چەند کاتژمێرێک دوای هەستان نیشتوونەتەوە.

بەڵام لە خۆرهەڵاتی ناوین کۆماری ئیسلامی تۆفانێکی هەستاندوە، هەتا ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی ئەم ڕۆژنامەیە ساڵێک و دوومانگ و ١٥ ڕۆژە بەردەوامە و بە گەلەکۆمەی زۆربەی وڵاتانی جیهان نانیشێتەوە.

ئەم تۆفانە هەتا ئێستا توانیویەتی دەیان هەزار کەس بێ‌ژیان بکات و ژمارەی برینداراتی بەرەو بێ‌ژیانکردنیش لە بان ١٠٠ هەزار کەسن و بە میلیۆنان کەسیش لە ئاوارەییدا ژیان‌تاڵن.

ئەمەی خۆرهەڵاتی ناوین "تۆفانی ئەلئەقسایە" و ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەرانی خاوەن "فوو"ی کۆماری ئیسلامیی ئێران "فوو"یان پێدا کرد و سەرئەنجام لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ لە سنووری نێوان ئیسرائیل و فەلەستینەوە هەڵیان‌ئەستاند و ئێستا هەر ئەوانەی هەڵیان‌ئەستاندوە، لەترسانی خۆیان دە بۆدڕ و تۆنل و ژێرزەمینان داوێن و بە لارەملی چاوەڕوانن بنیشێتەوە.

ئەم تۆفانەی بە ناوی ئەلئەقسا هەستاوە، تۆفانێکی سەیرە. ئەوانەی هەڵیان‌ستاند، زیاتر لە ١٤ مانگە خۆیان بە دەستیەوە دەناڵێنن. تۆفانی ئەلەقسا وەک هیچ تۆفانێکی دیکە نیە، گەردەلوولی جوداجودای لێ ساز دەبن و هەر جارە لە شوێنێک لەم خۆرهەڵاتی ناوینە تەپوتوز بەبا دەکات.

ئەم تۆفانەی باسی دەکەین، دوای ئەوەی لە سەرەتادا لە ئیسرائیل خۆی بە شوێنێکی هەڵپەڕکێ و گۆرانی‌گوتن و سەما و هەڵپەڕیندا کرد و کۆمەڵێک ژن‌وپیاوی عاشقەوماشقەی سەرخۆشی بێگوناحی دایەبەر، ئەمجارە لە غەززە، گەردەلوولێکی لێ‌کەوتەوە و زیاتر لە چل‌هەزار کەسی بەگوناح و بێ‌گوناحی لە کاروانێکی دوور و درێژدا کردە ڕێبوارانی بەتاسەی بەهەشت و دۆزەخ.

هێشتا گێژەڵووکەی غەززە نەنیشتووەتەوە، گێژەڵۆکەیەکی دیکە لە لوبنان سەری هەڵدا و وەک "ئەسپەک" و "نەخۆشیی لەناکاو" خۆی بە وردە ئامێری پێوەندیکردندا کرد و هەموویانی لە ئان‌وساتێکدا تەقاندەوە و خەڵکێکی زۆری کوێروکوتر کرد و ئەمجارە کەوتە گیانی مامە "حەسەن نەسرووڵلا" و چەندین گەورە پیاوی حیـــزبوڵڵای سەرنگون کرد.



سەرچاوە Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

پێش ئەوەی ئەم گەردەلـوولە بچووکە بکەوێتە گیـانی حیـــزبوڵلا، گێژەڵـووکەیەکی بچووکی دیکەی جیـابووەوە هەمـان تۆفانی هەستاو، وەک ئـازەری دەڵێن لە چیاکـانی ئازەربایجاندا لەنێوان دوو "بـاڵەفڕان"دا باوەشی بە بـاڵەفڕی هەڵگری برایم ڕئیسی و وەزیر دەرەوەی ئێران و پێشنوێژی شاری تەبرێز داکرد، ئەوەنـدەی پێ نەچوو لە بنـاری چیـای دەماوەنـدیش لە تـاریکەشـەوێکی ئەنگوستەچاودا دەسـتی نـایە بینەقـاقـای "ئیسـماعیل هەنیـە"ی سـەرۆکی ڕێکخـراوی حەمـاس و لە جێـدا لەژیان دایبڕی.

ئەم تۆفانی ئەلئەقسایە، تۆفانێکی سەیرە. ئەوانەی هەڵیانئەستاند و ماوەیەکی زۆر هەوڵیان دەدا نەنیشێتەوە، دەیانداتە بەر خۆی و بەشێکی زۆریان یەکیەک و دوودوو و سێسێ و چەندچەند کەوتن و لەبەرانبەریدا خۆیان نەگرت.

هەر سـەیری ئەم "بەشـار ئەسـەد"ە ملـدرێژەی سووریە بکەن، نـزیکەی چـاردە مانـگ بـوو بـە هەنبـانەیەکی وەک هەنبـانەی ئاگردەماندنی ئاسنگەران بای بە تۆفانەکە دادەکرد و هەوڵی دەدا نەنیشێتەوە. ئـاخری کار گەیشتە شوێنێک تۆفان ملی خـۆی و ژنە قەدبـاریکە بـاڵەبەرزەکەی بـادا و بەچەشـنێک ڕەهەوای خسـتن، لە دامێنـی سـەحرای کاکیبەکـاکیی سیبری کەوتـنەوە زەوی. هەر ئەم تۆفانە پێش ڕەپێچەکدانی بەشار و "ئەسما گیـان"ی هاوسەری، گەشتێکی بەسـەر ئێرانـدا لێـدا و لەتـرسان هەمـوو ئەو مووشـەکانە نیشتنەوە، بە هیـوای گورزەوشـاندن خەریکـی هەسـتان بـوون. لەمەو دوا کەس ناتوانێـت بەم جـۆرە مووشەکانە بڵێت نوقتەزن، بەڵام تۆفانی ئەلئەقسا هەر خوا خۆی دەزانێت چ نوقتەزەنێکە!

ئەلئەقسـا، ئێسـتا کونبەکـون بەدوای ئەو کەسـانەدا دەگەڕێت، یەکەم جـار فوویـان پێـداکردوە و هەڵیانئەسـتاندوە. ئەم تۆفانە بە هیچ شێوە و شێوازێک ناکرێت دەگەڵ تۆفانە سرووشتیەکانی مێژوودا هەڵبسەنگێنی. تۆفانێکی ماندوونەناسە و ئەوانەی بـۆ هەسـتانی هەرەوەزیـان دەکـرد، هەموویـانی گـرتەبەر و هەتـا هانـدەری سـەرەکیی سەرهەڵدانیشـی نەگـرێتەوە، ناسەکنێت و هەدا نادات.


قسـەی خۆمـان بێـت، ئەم تۆفـانە سەرشـێتە وەک پشـیلەی ڕەجەبەشـێتە و خەریکـە گەڕەکە مـاڵی خـۆرهەڵاتی نـاوین بە خۆیەوە دەسووتێنێت.

**٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# ڕوانگەی بیرمەندان لەسەر پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان



فوئاد خاکیبەیگی

## پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان (ڕوانگەی بیرمەندان)

### تیئۆریی نیل سملسەر(Neil Joseph Smelser)

یەکێک لە ئاراستە گرینگەکانی شیکردنەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، ئاراستەی تیئۆریی کۆڕەفتارە و "نیل سملسەر" بە یەکێک لە دیارترین ئەو بیرمەندانە دادەنرێت کە گرینگیی بەو بابەتە داوە. نیل سملسەر، کۆمەڵناسی دیاری ئەمریکایی لە توێژینەوەیەکی مەیدانی لە ماوەی شەش ساڵدا توانیویەتی بگاتە ئەنجامی گرینگ دەربارەی کۆڕەفتار و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. ئەو لە شیکردنەوەی بۆ کۆڕەفتار بە گشتی و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی "مۆدێلی بەهای زیادە(Value-Added Model)"ی بەکار هێنا.

تیئۆریی بەهای زیادکراو چوارچێوەیەکی شیکاریی ئاڵۆزە کە هەوڵ دەدات ئەو هێزانە ئاشکرا بکات کە کردارە بەکۆمەڵەکان لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا دەجووڵێنن. تیئۆرییەکە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییانە (کە بە دیاریکەری کردەی بەکۆمەڵ ناو دەبرێن) لەنێو کۆمەڵگەکاندا دەستنیشان دەکات کە یارمەتیدەرە لە ڕوودان و دەرئەنجامی ئەو جۆرە کردارانە. ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە شێوەیەکی وردتر و فراوانتر پێناسە کراون و ڕەفتارە بە کۆمەڵەکانی وەک؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، میلیشیاکان، کوتلە ئایینییەکان، شۆڕشگێڕان و هاوشێوەکانی لە خۆ دەگرێت. بنەمای سەرەکی تیئۆریی بەهای زیادکراو ئەوەیە کە دەبێت هۆکارێکی دیاریکراو بوونی هەبێت تا کردەیەکی بەکۆمەڵ ڕووبدات و لە ڕێگەی پرۆسەی بەهای زیادکراو، هەر دیاردەیەک ئەگەری ڕوودانی کردارێکی بە کۆمەڵ و کاریگەربوونی زیاد دەکات. هۆکاری ناولێنانی ئەم تیئۆرییە -بەهای زیادە- بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە چۆن هەوڵێکی بەکۆمەڵ بە شێوەی دووبارە بەهادار دەبێت لە هەر قۆناغێکی گەشەسەندن تا دەرکەوتنی وەکوو کردەیەکی بەکۆمەڵ.

سملسەر هەروەها شەش مەرجی بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاری کردوە، ئەو شەش مەرجە قۆناغی یەک لە دوای یەکی دروستبوونی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتین و تەواوبوونی هەر قۆناغێک مەرجی دەستپێکی قۆناغێکی دیکەیە، **کە بریتین لە:**

- بارودۆخی بونیادی: بارودۆخی گشتی کە هاندەر یا ڕێگرە لە دروستبوونی جۆرە جیاوازەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان.
- گوشاری بونیادی: ئاڵۆزی، نیگەرانی سەبارەت بە داهاتوو، ناڕوونی، یان پێکدادانی ڕاستەوخۆی ئامانجەکان کە دەبێتە هۆی بەرژەوەندیی دژ بە یەک لەنێو کۆمەڵگە.
- پەرەسەندنی باوەڕە گشتێنراوەکان: بزووتنەوەکان لەژێر کاریگەریی هێندێک ئایدۆلۆژی تایبەت کە هۆکارن بۆ دەرکەوتنی ناڕەزایەتی و ڕێکاری کردەیی بۆ نەهێشتنیان پێشان دەدات، دروست دەبن.
- هۆکارە خێراکەرەکان: ئەو ڕووداو و پێشهاتانەی کە دەبنە هۆکاری ئەوەی ئەو کەسانەی لەنێو بزووتنەوەکە دان ڕاستەوخۆ هەنگاوی کردەیی بنێن.
- گروپەکانی ڕێکخستن: کەرەستەکانی پەیوەندیکردن، ڕێکخستن و ڕێبەریکردنی بزووتنەوەکان.
- ئامرازەکانی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی: کە وەڵامدانەوەی دەسەڵاتدارانە لە بەرانبەر بزووتنەوەکە، هەروەها چۆنیەتیی ڕێبەریکردن لە لایەن نوخبەکانی کۆمەڵگە یا ڕێکخەرانی بزووتنەوەکە دیاری دەکات ئاخۆ ئەو بزووتنەوەی دەستی پێ کردووە بەردەوام دەبێت و سەرکەوتوو دەبێت یان نا؟

تیئۆرییەکەی سملسەر ڕەخنەی زۆری لێگیرا، بە تایبەتی ڕووبەڕووی ئەو ڕەخنە بۆوە کە ئەم تیئۆرییە بۆ شرۆڤەکردنی ڕەفتارە کۆمەڵییەکان گونجاوە نەک بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. بەڵام هێشتا تیئۆرییەکەی هەمەلایەنی و لایەنگری زۆری هەیە و دەکرێت لە سەر بنەمای ئەم تیئۆریە شیکردنەوە بۆ زۆر لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بکرێت، بەڵام کێشەکە



سەرچاوە
Serchawe

ئەوەیە (بارودۆخی بونیادی و گوشاری بونیادی) کە بە هۆکاری دروستبوونی بزووتنەوەکان دادەنرێن ناڕوونیی پێوە دیارە و بە وردی شرۆڤەی نەکردووە.

## تیوریی "ئالێن تۆرن"

ئالێن تۆرن (Alain Touraine 1925) کۆمەڵناسی فەرانسی بە یەکێک لە تیئۆریسیەنەکانی نێو مارکسیەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دادەنرێت. بەلای تۆرن بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان ئامانجیان ڕزگارکردنی ئەو خودەیە کە چەمکی "بکەری کۆمەڵایەتی" نوێنەرایەتی دەکات، واتە ئەو چەمکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکات بە ڕەهەندێکی ڕەسەن لە تاکدا. تۆرن جەخت دەکاتە سەر ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان زادەی ویست و ئاگایی تاکەکانن، ئەوەش بە ڕێگای دروستکردنی سەندیکای سیاسی، لەپێناو داکۆکیکردن لە داخوازییەکانیان. هەروەها دەڵێ؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تازەکان لە ڕێگەی کاری سیاسی و پێکدادانەوە دروست نابن بەڵکوو لەژێر کاریگەریی ڕای گشتی دروست دەبن.

تۆرن پێیوایە لە جیهانی مۆدێرن بەبێ گفتوگۆی دێموکراتیک لە ئاستی گشتی و فراواندا، ناکرێ کولتووری دێموکراتیک و ڕەخنەگرانە و ناڕەزایەتیدەربڕین دروست ببێت، و پێداگریش دەکات لەسەر ئەوەی کە دەکرێت لە ڕێگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەرگری لە ناسنامە و سەربەخۆبوونی خود و ئازادیمان بکەین. ئەو پێیوایە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دیاردەی ڕێزپەر نین، بەڵکوو بە بەردەوامی لە ناخی کۆمەڵگە هەن.

**بە بڕوای ئەو چوار بنەما پارمەتیدەرە لە ناسینی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کە بریتین لە:**

١- هەبوونی شوناس: بەو مانایەی کە لایەنگرەکانی کێن و چۆن خۆیان پێناسە دەکەن.
٢- هەڵوێست وەرگرتن سەبارەت بە بابەتێک یا دژایەتیکردنی: واتە ئەو بزووتنەوانە لە بەرانبەر چ کەسانێکن، بە واتایەکی دیکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کاتێک بیچم دەگرن کە لە نێوان "ئێمە" و "ئەوان"دا بە تەواوی سنووریان بۆ دیاری کرابێت.
٣- ئامانجی کۆمەڵایەتیی بزووتنەوەکە، واتە لایەنگران و بەشدارانی بزووتنەوەکە بە دوای سەقامگیریی چ جۆر نەزم و ئامانجێکی کۆمەڵایەتیدانن.



سەرچاوە
Serchawe

٤- بواری هاوبەشی کولتووری و گشتگیربوون وەک پەسەندکردنی بەهاکانی مافی مرۆڤ، تەندروستی، ژینگەپارێزی و ئازادی لە لایەن ئەندامانی بزووتنەوەکە.

"تۆرن" بەتایبەتی جەخت لەسەر ناسنامە دەکاتەوە و پێی‌وایە بنەمای کاری گشتی کە لە بزووتنەوەدا دروست دەبێت ئەو ناسنامەیەیە کە لە نێو بەشداربووان هەستی پەیوەست بوون دروست دەکات، و سنووری هەموو دامەزراوەیەک یا گروپێکی تایبەت تێدەپەڕێنێت، لە هەمان کاتدا جیاوازی و تایبەتمەندیی کەسی بکەران دەپارێزێت. لەبەر ئەوەی بزووتنەوەیەک ئەوکاتە لەنێو دەچێت کە ناسنامەکانی ڕێکخراوەیی بەسەریدا زاڵ بن و هەستی گرێدراوی بە کۆمەڵێکی بەرفراوانترەوە بخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە. بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان تۆڕێکن لە هەڵسوکەوتی نێوان بکەرە جیاوازەکان و بەپێی هەلومەرجەکان دەتوانێت ڕێکخراوە فەرمی و نافەرمییەکان بگرێتەوە، لە بەر ئەوەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەندامیان نییە، بەڵکوو بەشداربوویان هەیە. ئەم بەشداربوونە سەرچاوەکەی هەستی بوونی تاکە لە هەوڵێکی گشتیدا، بێ ئەوەی گرێدراویی فەرمی بە ڕێکخراوێکی تایبەتەوە هەبێت، بەم شێوەیە بەشداری تاک لە سەر بنەمای مەیلی تاک خۆی دەبێت.
بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕای "تۆرن" ڕەنگدانەوەی گرینگی ئەو چالاکیانەن کە لە کۆمەڵگەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان ئەنجام دەدرێن. هەروەها خوازیاری تێگەیشتن لەو ئامانجانە بوو کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە دوایدا دەگەڕێن و ئەو بۆچوون و بیرۆکانەی کە دژی کار دەکەن. ئەو پێی وابوو کە پێویستە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەکردەیی و لە گۆڕەپانی کردار و چالاکی بزووتنەوەکان توێژینەوەیان لە سەر بکرێت. مەبەست لە گۆڕەپانی کردار ئاماژەیە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو هێز و فاکتەرانەی کە بزووتنەوەکە ڕووبەڕووی دەبنەوە. "تۆرن" سەبارەت بە داهاتووی بزووتنەوەکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەییان جەخت لەسەر شێواز و پەیوەندییەکانی بزووتنەوە و پێکهاتەکانیان دەکاتەوە. پێیوایە پرۆسەی گفتوگۆی ڕووبەڕوو کە لە مەیدانی کارکردن هەیە، لەوانەیە ببێتە هۆکاری گۆڕانێک لە هەلومەرجەکاندا، کە بزووتنەوەکە هەوڵی بەرنگاوبوونەوەی داوە، بەڵام لەوانەشە ببێتە هۆی تێکەڵبوون و یەکگرتنی دیدی هەردوولا، لە هەر یەکێک لەو بارودۆخانەدا لەوانەیە بزووتنەوەکە لە ناو بچێت یا وەک ڕێکخراوێکی هەمیشەیی بمێنێتەوە.

## تیوریی "مانۆیل کاستلیس"

مانۆیل کاستلیس (Manuel Castells 1942) کۆمەڵناسی ئیسپانی لە "هێزی پەیوەندییەکان"دا بۆچوونەکانی خۆی خستووەتە ڕوو، ئەم کتێبە تیشک دەخاتە سەر پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان و جەخت لەسەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن لە پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان وەکو مۆبایل، ئینتێرنێت و تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

دەکات و میتۆدۆلۆژییەکی سەربەخۆ و تا ڕادەیەک گشتگیر دەخاتەڕوو. بە جۆرێک کە بەرهەمەکانی هاوکات لەسەر بنەمای ئەو تێبینی و ئامار و داتایانەیە کە خۆی تێیدا بەشدار بووە و ئەزموونی کردوون و نێوەرۆکێکی ڕەخنەگرانەیان هەیە، هەر بۆیە هێندێک کەس "کاستلیس" تا ئێستاش بە دیارترین تیئۆریڤانی جیهانی و تایبەت بە سەردەمی زانیاری دەزانن.

چوارچێوەی هزری "کاستلیس" لە سەر چەمکی (کۆمەڵگەی تۆڕی)ـی وەستاوە. لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵگەی تۆڕی جیهانی، کۆمەڵگەیەکە کە بونیادە کۆمەڵایەتییەکانی لە چوارچێوەی تۆڕە چالاکبووەکان بە ڕێگای تەنکنۆلۆژیای زانیارییەکان، پەیوەندییەکان و ڕێکخستنی داتا بە شێوەی دیجیتاڵی لەسەر بنەمای مایکرۆئێلکترۆنیک بیچمیان گرتوە. لە وەها کۆمەڵگەیەک تۆڕەکان دەسەڵاتیان هەیە بە سەر ئەو چالاکی و ئەو کەسانەی کە لە ڕوانگەی تۆڕەکان (دەرەوەیی و نێوخۆیی) بە ئەژمار دێن و هەر لەم سۆنگەشەوە تۆڕە جیهانییەکان هۆکارن بۆ لەنێوچوونی تۆڕە خۆجێیەکان.

"کاستلیس" لە کتێبەکەی دیکەی -تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا- زیاتر دەپرژێتە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەیەی ڕابردوودا. ئەو پێیوایە بزووتنەوە بەتۆڕکراوەکانی سەردەمی پەیوەندییەکان شێوازێکی نوێ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانن، ئەو بزووتنەوانەی کەمتر زنجیرەی پلەبەندین و زیاتر لە سەر بنەمای بەشداری کردنن. بزووتنەوە بێ ڕێبەرەکان، زیاتر لە سەر بنەمای تۆڕە ئاسۆییەکان، خۆبەڕێوەبەری سیاسی تاک و یەکانگیری پلان بۆ دانەڕێژراو ڕاوەستاوە. لە ڕوانگەی "کاستلیس" ئەم جۆرە بزووتنەوانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەست پێ دەکات و لە جیهانی ئەمڕۆی پەیوەندییەکان وەکوو ڤایرۆسێکی گوازراوە، لە ڕێگای مۆبایل و گواستنەوەی نووسین و دەنگ و ڕەنگ پەرە دەستێنێت. ئەو پێیوایە کە ئینتەرنێت بارودۆخ و دەرفەتێکی ڕاستەوخۆی بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و بەشداری پێکردن، هەستەکانی تووڕەیی گشتی و هیوای دروست کردوە. ئەو بە مەبەستی زاڵبوون بەسەر ترس و دۆزینەوەی هیوا، پەلکێشمان دەکات بۆ چەمکێکی گرینگ لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا، ئەویش چەمکی "شوناسی گشتی"یە. شوناسی گشتی ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی پتەو و تێکەڵاو لە پەیوەندییەکان کە بە هۆیەوە بکەران دەتوانن پێناسەیەکی یەکگرتوو، بێ سنوور و نەگۆڕ لە (ئێمە) لە هەر کاتێکی دیاریکراو بخەنە ڕوو و بە بەشداری کردنیان لە بزووتنەوەکە پێکەوەیان گرێ بدات. لە ڕوانگەی کاستلیس ئەمە بابەتێکی بنەڕەتی و گرینگە بۆ بزووتنەوەکان، لەبەر ئەوەی خەڵک بە هۆی پێکەوەبوون بەسەر ترسیاندا زاڵ دەبن و دەتوانن ئاسۆی هیواکانیان بدۆزنەوە. پێکەوەبوون هەمان چەمکی (کۆمەڵگە) ناگرێتەوە، لەبەر ئەوەی کۆمەڵگە پێویستی بە هەبوونی کۆمەڵێک بەهای هاوبەشە و ئەمەش هێشتا لە بزووتنەوەکە دروست نەبووە بەڵام بەرەو دروستبوون دەچێت، لەبەر ئەوەی زۆرێک لە خەڵکانی بەشداربوو بە خۆزگە و ئامانجی تایبەتی خۆی پەیوەست بە بزووتنەوەکە دەبن و دواتر هەوڵ دەدەن شتە هاوبەشەکانیان لە ڕەوتی بزووتنەوەکەدا بدۆزنەوە؛ هەر بۆیە کۆمەڵگە ئامانجێکە کە دەبێت بەدەست بێت بەڵام پێکەوە بوون خاڵی دەستپێک و



سەرچاوە Serchawe

سەرچاوەی گەیشتن بە هێزە.

کاستلێس لە کتێبەکەیدا ئاماژە بە بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو دەکات و بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە تۆڕییەکان ناوی دەبات، کە سەرەتا لە جیهانی عەرەب پەرەی سەند و ڕووبەڕووی توندوتیژی تۆقێنەری دیکتاتۆری عەرەبی بوونەوە. ئەم بزووتنەوانە چارەنووسی جیاوازیان هەبووە، هەر لە سەرکەوتن تا دانوستان، ڕەشەکوژیی بەردەوام و تەنانەت شەڕی نێوخۆییان ئەزموون کردوە، دواتر بزووتنەوەکانی دیکە دژی بەڕێوەبەریی ناتەندروستی قەیرانی ئابووری لە ئورووپا و ئەمریکا سەریان هەڵدا.

**سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی و بزووتنەوەی "وال ستریت" لە کتێبی (تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێتدا) چەند تایبەتمەندییەک بۆ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەیاری دەکات کە بریتین لە:**

١- بزووتنەوەکان بە شێوازە جۆراوجۆرەکانیان تۆڕین (Networked)، کە ئینتێرنێت، مۆبایل و ئامرازەکانی دیکەی ئۆنلاین و ئۆفلاین دەوری سەرەکی دەبینن.

٢- لە کاتێکدا ئەو بزووتنەوانە بە گشتی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئینتێرنێتەوە سەرهەڵدەدەن، تەنها بە داگیرکردنی ژینگەی شار دەبنە بزووتنەوەیەکی گشتگیر، چ بە دەستبەسەرداگرتنی گۆڕەپانە گشتییەکان بێت یا بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان لە شەقامەکان. کەشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەمیشە لە کارلێکیی نێوان کەشی ڕەوتەکانی سەر ئینتێرنێت و کەشی ئەو شوێنانەی کە خۆپێشاندانی لێ دەکرێت پێک دێت، هەربۆیە ئەم تێکەڵبوونەوەی کەشی سەرهێڵ و کەشی شار، سێهەم کەش بە دوای خۆیدا بەناوی کەشی ئۆتۆنۆمی. ئەم کەشیی ئۆتۆنۆمی (خۆدمختاری)ـە شێوازی نوێ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانە.

٣- ئەگەرچی بزووتنەوەکان بە هۆی دەستبەسەرداگرتن و خۆپێشاندان لە شەقامەکان تاڕادەیەک ڕەگیان لە ژینگەی شار داکوتاوە، بەڵام بەردەوام بوونی ئەوان لە کەشی ئازادیی ئینتێرنێت دەستەبەر دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە بزووتنەوەکان تۆڕێکن لە تۆڕەکان، دەتوانن بەبێ ئەوەی شوێنێکی دیاریکراویان هەبێت بە ڕێگای کارلێکی نێوان ئەو تۆڕانە یەکگرتوویی و یەکدەنگیی خۆیان دەستەبەر بکەن.

٤- بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی پریشکێکەوە دەست پێدەکات کە دەکرێ بە هۆی ڕووداوێکەوە بێت یا بە هۆی بێزاری زۆر لە کردەوەی دەسەڵاتداران. کە لەم بوارەدا ڕۆڵی گواستنەوەی دیمەنەکان زۆر گرینگن، بەتایبەتی ماڵپەڕی یوتیوب دەورێکی کاریگەری هەبووە لە ڕێکخستنی قۆناغە سەرەتاییەکانی بزووتنەوەکاندا.

٥- بزووتنەوەکان لە هەمان کاتدا کە لۆکاڵین، جیهانییشن؛ بە هۆکاری تایبەت بەو ژینگە یا کۆمەڵگەیە لە بەستێنێکی تایبەتەوە سەر هەڵدەدەن و کەشێکی گشتی دروست دەکەن لە ڕێگای داگیرکردنی کەشی شار و پەیوەست بوونیان بە ئینتێرنێت، کاردانەوەی دەبێت لە ئاستی جیهانی، لەبەر ئەوەی بە هۆی ئامرازەکانی تەکنۆلۆژیا و ئینتێرنێت پەیوەندییان بە سەرانسەری جیهان هەیە و بۆ ڕێکخستنی خۆیان سوود لە ئەزموونەکانی دیکە وەردەگرن. و وەکوو ڤایرۆسێکی گوازراوە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و لە وڵاتێک بۆ وڵاتێکی دیکە وەک ئەزموونی بزووتنەوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی کە چەندین وڵاتی عەرەبی گرتەوە کە زۆرینەی ئەوانە بە هۆی خراپیی دۆخی گوزەرانی خەڵک و دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتداران بوو.


٦- قۆناغی تێپەڕیین لە تووڕەییەوە بۆ هیوا بە ڕێگای هاوفکری لە کەشی ئۆتۆنۆمی دەستەبەر دەبێت. بڕیارەکان بە گشتی لە کۆبوونەوە و لێژنەکان بە وەرگرتنی ڕای بەشداران دیاری دەکرێت. لە ڕاستیدا ئەم بزووتنەوانە بێ ڕێبەرن، ئەوەش نەک بە هۆی نەبوونی خواست یا نەبوونی کەسی شیاو، بەڵکوو بەهۆی بێ متمانەیی زۆرینەی بەشدرانی بزووتنەوەکە بەرانبەر هەر جۆرە نوێنەرایەتی کردن و پێ سپاردنی دەسەڵاتەکان.

٧- تۆڕە ئاسۆییە فرە ڕەهەندەکان لە کەشی ئینتێرنێت و کەشی شار، دەبنە هۆی هەستی پێکەوەبوون، بە خاڵێکی سەرەکی بۆ بزووتنەکان دادەنرێت. لەبەر ئەوەی خەڵک بە هۆی پێکەوە بوون بە سەر ترسیان زاڵ دەبن و ئاسۆی هیوایان دەدۆزنەوە. هەر بۆیە ئاسۆیی بوونی تۆڕەکان دەبنە هۆی بەهێزبوونی هاوکاری و یەکانگیری لە نێوان بەشداران و پێویستیی هەبوونی ڕێبەری فەرمی کەم دەکاتەوە.

٨- بزووتنەوەکان بەبەردەوامی خۆیان هەڵدەسەنگێنن و لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان باسی ئەوە دەکەن چ جۆرە کۆمەڵگەیەک و دێموکراسییەکیان دەوێت. بزووتنەوەکان لە بنەڕەتدا توندوتیژ نین، پشت بە نافەرمانی مەدەنی دەبەستن، بەڵام ناچار دەکرێن بە مەبەستی گوشار خستنەسەر دەسەڵاتداران شوێنە گشتییەکان بگرن یا پشت بە تاکتیکی تێکدەرانە ببەستن.

٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# هاوارەبەرە و میرزا بناخەی ئەدەبیاتی ئیقلیمیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان




**کەژاڵ ساڵحی**

لە نێو ڕۆمان نووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، مامۆستا فەتاح ئەمیری وەک ڕۆمان نوسێکی پێشەنگ چل ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ڕۆمانی پێشمەرگەی دکتۆر ڕەحیمی قازی، بە نووسینی دوو ڕۆمانی هاوارە بەرە و میرزا، هەنگاوێکی جیددی لە بواری گێڕانەوەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵێناوە. نووسەر لەو ڕۆمانانە دا ئاگایانە بڕیار دەدا بەرهەمێکی وا بخوڵقێنێ کە سەرەڕای خستنە ڕووی شوناسی فەرهەنگی و مێژوویی و زیندوو کردنەوەی زمان، بە ئاوێتە کردنی توانستی هەندێک لە قالب و ژانرە ئەدەبییە فۆلکلۆرییەکان کەشێکی دیکە و چەشنێکی تایبەت لە نووسینی دەوڵەمەند بە توانستی ئەدەبی زارەکی بخوڵقێنێ. بۆ وێنە بە خستنە گەڕی توانایی قالبە ئەدەبییەکانی وەک وردە چیرۆک و حەکایەت و بەیتی فۆلکلۆر و پەندی پێشێنیان، بیر و باوەڕی کۆمەڵایەتی و ئایینی و شێوە ژیان و ئاخافتنی کۆمەڵگەی دێرینی خۆی بۆ خوێنەر بگێڕێتەوە و وێڕای هەوڵ بۆ پاراستنی وردەکارییەکانی ئەو ژانر و قالبە ئەدەبییانە، لە زیندوو ڕاگرتنی ماکەی شوناس سازەکانی زمانی کولتووری کۆمەڵگەی کوردستان ڕۆڵ بگێڕێ.



سەرچاوە
Serchawe

لەو نووسینە دا وێڕای باسێک لەسەر ئەدەبیاتی ئیقلیمی/ناوچەیی/ لە باری زمانییەوە، ماکە پێکهێنەرەکانی ئەو بەشە لە ئەدەبیات دەخەینە بەرچاو، هەروەها باسی ڕۆڵی ئەو ژانرە ئەدەبییانە لە گێڕانەوەی دوو ڕۆمانی هاوارە بەرە و میرزا دا دیتە ئاراوە. لە لایەکی دیکەوە پێویستە باسی هەوڵی نووسەر بۆ تێکهەڵکێشانی ئەو ژانر و قالبانە لەگەڵ ڕۆمانەکەی بکرێ کە چۆن توانیویەتی ئەو تواناییانە بقۆزێتەوە و موتوربەی ڕۆمانەکەی بکا و هەم ڕۆمانەکەی پێ ڕەنگین و سەنگین تر بکا و هەم بەشێک لەو کەلەپوورە بپارێزێ.

ئەدەبیاتی ئیقلیمی ناوچەیی یان لۆکاڵ؛ لە ڕاستی دا دەربڕ و نیشاندەری شێوەیەک لە ئەدەبیاتە کە تایبەتمەندی و خاڵە بەرچاوەکانی جوغرافیایی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و ئابووری ناوچەیەکی تایبەت نیشان دەدا، بە شێوەیەک کە ئەو تایبەتمەندییانە خاڵی جوداکەرەوەی ئەو ناوچەیە لە ناوچەکانی دیکەی وڵاتێک بێ.

بەر لەوەی ئاماژە بەو خاڵانە بکەم کە نیشاندەری هێڵە جوداکەرەوەکانی ئەو چەشنە لە نووسینن، ئاماژەیەک بۆ ڕوونتر بوونەوەی مەبەست بە پێوست دەزانم.

ئەدەبیاتی ئیقلیمی بە هیچ چەشنێک وەک دابەزین لە چەشنێک لەئەدەبی بەرزەوە بۆ ئەدەب لە بازنەیەکی بچووکتر نییە، بەڵکوو ئەو تایبەتمەندییە نیشاندەری کەش و جوغرافیایەکی تایبەتە کە ڕۆمان لەبار دەکا بۆوەی توێژینەوەی خەڵکناسانە و کۆمەڵناسانە و زمانناسانە و تا دوایی لەسەر بکرێ. بۆ وێنە لە ئەدەبی فارسی دا بە دەیان توێژینەوە لەسەر بەرهەمەکانی غوڵام حوسێنی ساعیدی، مەحمود دەوڵەت ئابادی، عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ئەحمەد مەحموود و زۆر نووسەری دیکە کراوە کە چۆن بەرهەمی بە پێز و بەهێزیان لە بواری ڕۆمان و گێڕانەوەدا خوڵقاندووە و ناوبانگی نەتەوەیی و جیهانیشیان هەیە بەڵام خاوەن تایبەتمەندییەکانی ئەدەبیاتی ئیقلیمیش هەن. بەو پێیە دەمهەوێ بڵێم ئەو چەشنە لە ئەدەب خاوەن هەندێک تایبەتمەندییە نەک دابەزین لە ئاستێکی ئەدەبەوە بۆ ئاستێکی بەر تەسک تر.

ئێستا بە پێی ئەو پێشەکییە هەندێک لە خاڵە جوداکەرەوەکانی ئەو چەشنە لە نووسین دەخەمە بەرچاو:

١- تایبەتمەندییە جوغرافیاییەکان. ئەو تایبەتمەندییە خۆی هەڵگری ئەو وردە خاڵانەیە : وەک کەش و هەوا، بارودۆخی سروشت، بوونی دارستان و لێرەوار و چۆم و ڕووبار و کوێستان و دەشت و بیابان... کە هەر کام لەوانە دەبێ جۆرێکی تایبەت بن وبە هۆی ئەو تایبەت بوونەوە لە ناوچەکانی دیکە نەچن و ئەو لێک نەچوونە ببێتە خاڵی جیاوازی لەگەڵ شوێن و جوغرافیاکانی دیکە.



سەرچاوە
Serchawe

بۆ وێنە ئەگەر لە پانتای وڵاتێکی وەک ئێران دا ئەو تایبەتمەندییانە بخەینە بەرباس، دەکرێ بڵێین تایبەتمەندییە جوغرافیاییەکانی باکووری ئێران بە دەریا و جەنگەڵ و کەش و هەوای سەربەخۆیەوە بەچەشنێک لە دەقی ئەدەبی دا ڕەنگ دەداتەوە کە جودایە لە تایبەتمەندی باشووری ئێران بە گەرما و دارخورما و ئەو تایبەتمەندییانەی بەو شوێنەوە دەناسرێن.

٢- تایبەتمەندی دووەم خاڵی جوداکەرەوەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. وەکوو داب و نەریت و بڕوا ئاییینییەکان، زمان، مەزهەب، ڕەگەز، شێوەی خەبات و بەرەنگاربوونەوە لە بەرانبەر بێگانە و زۆر شتی دیکەش.

٣- تایبەتمەندی ئابووری، وەکوو چالاکی کشتوکاڵ و پیشەسازی وابەستە بە شوێن و شێوەی بەرهەمهێنانی کاڵا و خواردەمەنی و چەشنی پیشەسازییە دەستییەکان و ....کە هەر کام لەوانە لایەنێکی نوێ و تازە بەو بابەتە دەبەخشن و بە شێوەیەک دەتوانن ئەدەبی هەڵقوڵاو لەو ناوچەیە دەوڵەمەند بکەن.

چیرۆکە ناوچەییەکان بە شێوەیەکی ئاسایی هەڵگری هەموو یان بەشێک لەو تایبەتمەندییانەن و بەو پێیە دەتوانن ئاوێنەی بالانوێنی فەزای شار یان گوند یان کولتووری ئەو بەشە لە وڵاتێک بن کە لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبی لەوچەشنە دا دەکەوێتە بەر باس.

پاش خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی هاوارەبەرە و میرزا و بەراوردی کۆی ئەو تایبەتمەندییە جوغرافیایی، زمانی، کولتووری، ئابووری و تەنانەت سیاسیانەی لەو دەقانە دا خراونەتە ڕوو و پێک گرتنیان لەگەڵ چوارچێوە دیارەکانی ئەدەبی ئیقلیمی و ناوچەیی دەکرێ بڵێین ئەو دوو ڕۆمانە دەچنە ژێر پێناسەی ئەو چەشنە لە ئەدەبیات و بەشێکی هەرە زۆری ئەو خاڵانەیان تێدایە کە نووسەرانی جودا بە تیۆری تایبەتەوە لەمەڕ ئەدەبی ئیقلیمییەوە خستوویانەتە ڕوو.

لەو ڕۆمانانە دا ڕەوتی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ئەستوونی دەچنە پێش و پێوەندییەکی هزرمەندانە ڕووداوەکان لێک گرێ دەدا. ناواخن و دەروون مایەی ڕۆمان سەرەڕای ویستی نووسەر کە هەوڵی پاراستنی زمان و وشەی داوە و لە هەر ڕستەیەک دا بۆ یەک وشە چەندین هاو واتای خستوەتە ڕوو، وشەکانی وا لە ڕستە دا جێ کردووەتەوە و زەمینەی بۆ ڕەخساندوون کە ئەگەر خوێنەر مانای سەرەکی وشەیەکیش نەزانێ ئەوە بە خوێندنەوەی ڕستەکە بە تەواوی و خوێندنەوەی ڕستەکانی بەرو دووای ئەو وشەیە، مانای سەرەکی بو ڕاست دەکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە ئەگەر ڕوانینێکی کۆمەڵناسانەشمان بۆی ببێ ئەوە هەر ئەو گێڕانەوەیە حەز و ئارەزووی لە مێژینەی تاکی کۆمەڵگای ژێر دەست و ناسەرکەوتوو لە زۆر بوار دا دەخاتە ڕوو.



سەرچاوە
Serchawe

ئەو ڕەوتەش دەگێڕدرێتەوە کە کۆمەڵگایەکی وا بۆ دەرباز بوون لە جەغزی سەختی ناسەرکەوتوویی گرتوویەتە بەر یان ئەو پێشنیاری گرتنەبەری لە قالبی گێڕانەوەیەکی داستانی دا دەخاتە بەرچاو. ڕەوتی گەیشتن بە ئازادی بۆ سەربەستی و یەکسانی و ژیانێکی تێکەڵ بە هێمنایەتی و دوور لە ناحەزی و دزێوی کە لە بەشی شیکاری لەسەر فەلسەفەی ئەو چەشنە ڕۆمانانە دا دەکرێ و دەبێ بە تەسەلی لە سەری بدوێین. چون لەو چەشنە گێڕانەوانە هەرچەند ئەرکی گێڕانەوە وەک سەرەکیترین کردەی نووسینی ڕۆمان؛ لە ئەستۆیانە، بە لام نووسەر هەوڵی خستنە ڕووی واتا و بابەتی کۆمەلایەتی و سیاسیشی هەیە.

## ماکەکانی ئەدەبیاتی ئیقلیمی لە هاوارەبەرە و میرزادا

### ئەلف: ناوچەی جوغرافیایی:

لە ڕوانگەی نووسەرێکی رئالیستەوە جوغرافیا و شوێن گرینگایەتییەکی تایبەتی هەیە و بەدیهێنەری فەزای داستانە و نووسەری ئەو شێوازە لە نووسین تەنیا بۆ ڕازاندنەوە و خستنە ڕووی بەشێک لە وەسفەکانی یان بردنە پێشی ڕەوتی چیرۆکەکەی کەڵکی لێ وەرناگرێ. ئەو لایەنە واتە سەرنج بە تایبەتمەندییەکانی ناوچەیەک وەکوو داب و نەریت و شێوەی هەڵسوکەوتی خەڵک لەگەڵ یەک و شێوەی دابین کردنی بژێو، جۆری جل و بەرگ، وەسفی سروشت و بیر و باوەڕە ئایینییەکان و زمان و زاراوەی ناوچەیەک، وردبوونەوە لە ڕەنگدانەوە و دەنگدانەوەی وردەکارییەکانی ژیان و ئاقاری دەوروبەر بەرهەمەکە دەبەستێتەوە بە ناوچەیەکی تایبەتەوە و بە واتایەکی تر ڕەنگێکی خۆماڵیی و ناوچەیی بە بەرهەمەکە دەبەخشێ. هەر بۆیە نووسەر هەوڵ دەدا تەواوی توانای خۆی وەگەڕ بخا تاکوو ئەو شوێنە بەهەموو وردەکارییەکانییەوە لە ناوچەکانی دیکە جودا بکاتەوە. ئەوەش بە شێوەیەکی ئاسایی زیاتر ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کە ژیانی نووسەری لێ رابراوە و بە شێوەی جۆراوجۆر کارتێکەرییان لەسەر ژیانی نووسەر بووە.

ئەو ناوچانە بە هۆی ئەوەی نووسەر خووی بە هەموو کەلێن و قوژبن و کەند و لەند و کەش و هەوای گرتووە و بە تەواوی دەیناسێ وەکوو تابلۆیەکی نەققاشی دەیرەنگێنێ و بە وشە و سەمای ڕستە و واتاکان تابلۆی کەلامی ئەو شوێنە دەکێشێتەوە و لە قالبی وەسفێکی داستانی دا ئەو هەستە بە خوێنەر دەبەخشێ کە لەگەڵ ڕووداوەکان دا ژیاوە و لەگەڵ هیچ کامیان نامۆ نییە.

ئەو شێوە نووسینە هەم لە نێو نووسەرانی ناوخۆیی و هەم لە نێو نووسەرانی بیانی دا بەدی دەکرێ و نموونەی زۆر

سەرکەوتووی هەیە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بە مەحموودی دەوڵەت ئابادی بکەین کە فەزای زۆربەی ڕۆمانەکانی کۆمەڵگایەکی گوندییە و وەکوو نووسەرێکی ریئالیست لە دووی شوێنە راستەقینەکان دەگەڕێ و تا بتوانێ گۆشەیەک لە ژیانی واقیعی خەڵک بگێڕێتەوە.

**ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ڕۆمانەکانی هاوارە بەرە و میرزا وەکوو ڕۆمان لە شێوزای ئەدەبیاتی ئیقلیمی دا باسیان لێ بکەین دەکرێ ئاماژە بەو ماکانە بکەین کە لەو بەرهەمانە دا بە وردی وەسف کراون:**

**١- وەسفی سروشت:** کاتێک نووسەر نوقمی وەسفی سروشتی ناوچەیەک دەبی ئیتر نە چاوی تێر دەبێ لەو هەموو جوانییە و نە دڵی دێت بە جێی بێڵێ. هەر بۆیە بە وردی هەموو دیاردەکانی پێوەندیدار و ئامادە لەو شوێنە باس دەکا و هیچی لە بیر ناچی. ئەو وەسفە ورد و دەقیقانە نیشاندەر و بەڵگەی هۆگری نووسەرن بەو ناوچەیەی ڕەوتی گێڕانەوەکەی ئەوی تێدا دەگۆڕێ وهەستی پاک و ناسکی و ئەزموونی تاکی و چاوی وردبینی نووسەر و لەهەمان کاتیشدا داهێنەرێتی ئەو لە داڕشتنی وشە و ڕستە و واتا سازی و خوڵقاندنی دۆخی داستانی بەو کەرەسانە و پێکهێنانی جیهانێک لە وشە نیشان دەدا کە هەر کام لە وشەکانیش جیهانی تایبەت بە خۆیان هەیە. واتە وشە لەو نووسینانەی فەتاحی ئەمیری دا جیا لەوەی کارکردێکی واتاییان هەیە کەسایەتییەکی فەرهەنگی و ناوچەیی و جوغرافیاییش لەگەڵ خۆیان بەکێش دەکەن وە یان باشتر وایە بڵێین لە هەناوی خۆیان دا ئەو وردەکاریانەیان تواندوەتەوە. ئەوەش بە خوێندنەوەی ئەو وشانە لە زەمینە کۆمەڵایەتی و کاتی و شوێنیی ئەوان دا بە باشی دەردەکەوێ و ئەو توانایییەش لە قەڵەمی کەم نووسەر دا دەتوانێ خۆ بنوێنێ. تەنیا ئەو نووسەرانە دەتوانن قەڵەم لەو بوارەدا تاو دەن کە کەسایەتی وشە و ڕۆڵی تایبەتی وشەیان لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و دۆخی زەمانی و مەکانی خۆی دا دەرک کردبێ. بۆ دەرخستنی ئەو باسە گرینگە لەسەر شوێن لە ڕۆمانی هاوارە بە رە دا سەرنجی ئەو بەشە لە ڕۆمانەکە بدەن:

لەهەورازێکی ڕژد وە سەرکەوت، بە سەر دارستانێکی پان و بەرین دا کەوت، باریکە ڕێیەک بە پەنای دارستان دا خۆی ڕاکێشاوە، لە هێندێک جێیان وەنێو دار و دەوەن دەکەوێ. ڕێبوار ون دەبێ. دیسان سەر وەدەر دەنێ. ڕێ پڕە لە پێچ وفلووچ، دارستان بە پانایی پاناوک، بە درێژایی دۆڵ و دەرە، بە دڵی لاپاڵ و گەوەوە سەوزایی و شینایی بڵاو کردوەتەوە، سروشت وەک حاتەمی تایی و سولەیمانی نەبی سفرەی سەوز و گەشی بە وڵاتدا ڕاخستووە. لەبەر شینایی ڕەش و گەش دەنوێنێ، پنچک بەژنی بەرزی داری لە ئامێزدایە و لک دەستی بە داوێنی پۆپ گرتووە، پیرەدار شانیان ڕەشانی یەک دەخەن، دارستان تێک چڕژاو و لێک هاڵاوە تەنانەت قەڵەشتی بەردەکانیش ڕەگاژۆی نەمامی شلک و ساوای لێ ڕواندووە"

بە پێی ئەو نموونەیە و بە دەیان نموونەی تر سروشت وەکوو یەکێک لە دەورگێڕانی ڕۆمان کارایە و شوێن پەنجەی لە ڕۆمان دا دیارە و ئەگەرچی جاری وایە وەسف درێژ و دووپات دەبێتەوە و ئەگەر کورت ببڕابایەوە چوارچێوەی گێڕانەوەکەی پتەوتر دەکرد، بەڵام بە هۆی دەوڵەمەند و ڕەنگین بوونی زمانی کوردی و خەمی پاراستنی وشە ڕەسەنەکان و ترسی توانەوە و لەبیر چوونەوەیان هەر بەو جۆرەی نووسەر لە پێشەکی کتێبەکەدا باسی لێدەکا، ئاستی ماندوو بوونی خوێنەر دێنێتە خوارێ وهەستی ئەو قورساییەی زمان و وشەی کوردی هەیەتی لە دەروونی دا تەشەنە دەستێنێ. لە لایەکی دیکەوە هەر ئەو بوارە دەتوانێ لەبار بێ بۆ توێژینەوەی وشەناسانە و زمان ناسانە و ساغ کردنەوەی بۆ وێنە هەموو تایبەتەندییەکانی زمانی وراوێژیی ناوچەی موکریان. هەر وەکو کاری لەو چەشنە لەسەر هاوارەبەرە و میرزا کراوە و ئامادە کردنی فەرهەنگی زاراوەکانی هاوارەبەرە و میرزا بە کۆکردنەوەی جەماڵ کارڕەشی و شەرح و لێکدانەوەی نووسەری ڕۆمان، ئەو ڕاستییە دەردەخا کە ئەو ڕۆمانانە لە باری زمانییەوە هێندە دەوڵەمەندن و ئەوەندەیان وشەی کۆن و ڕەسەن و زاراوە و قسەی نەستەق و پەندی پێشێنیان تێدایە کە ئەو زمانانە فەرهەنگی تایبەتی خۆیان پێویستە و ئەوەش تایبەتمەندییەکە تا ئێستا هیچ ڕۆمانێکی کوردی نەیبووە و تا ئێستا هەوڵی وای بۆ نەدراوە.

## ٢- تایبەتمەندی دووەم خۆراک و جل و بەرگ

یەکی دیکە لەو ماکە ناوچەییانەی لە هەر دوو ڕۆمانی هاوارەبەرە و میرزادا دەبیندرێ، وەسفی جل و بەرگ و خورد و خۆراکی خەڵکی ناوچەکەیە و نیشان دەری وابەستە بوونیان بە سروشتەوەیە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان و پاراستنی خۆیان لە سەرد و گەرمی ڕۆژگار و هەروەها ڕازاندنەوەی خۆیان بۆ بۆنەی جودا و ڕێوڕەسمی خۆیان. ئەو ڕاستییە زیاتر لە هاوارەبەرەدا خۆ دەردەخا و لەهەموو ئەو بوارانەدا نووسەر ئاگاییەکی ورد بە دەست خوێنەرەوە دەدا.

بابەتێک کە جوانییەکی زیاتری لەو بوارەدا بە دەقەکە داوە ئەوەیە کە هیچ کام لەو باسانە واتە باسی خواردن و جل و بەرگەکان و... بە شێوەی جودا و لە دەرەوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا باس نەکراون و وەها لە تان و پۆی گێڕانەوەدا قاڵ بوونەتەوە کە هەست بەوە ناکرێ نووسەر ناچار بووبێ بە ئانقەست جێیەکیان لە توێی ڕۆمانەکەی بۆ تەرخان بکا. ئەگەرچی ڕەنگە لە خەیاڵی نووسەردا ئەو ویستەش بۆ پاراستنی ئەو نەریتانە بووبێ. ئەوە بە خوێنەر نیشان دەدا کولتووری جل و بەرگ و جوانکاری مرۆڤی کورد و کولتووری خواردەمەنی لەو هەرێمەی ڕۆمانەکە باسی دەکا لەو کاتەدا کە وەک زەمانی ڕەوایی ڕۆمانەکە دەیگێڕێتەوە چۆن بووە و تەنانەت جاری وایە شێوەی چێشت لێنان و وردەکارییەکانیشی بۆ خوێنەر دەگێڕێتە وە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەو بەشە لە دەقی کتێبەکە وەک نموونەیەک لە دەیان نموونە بکەین:

"کەوڵ لە عەرزی درا، مزراویلکە بۆنی لە وڵاتی گەڕا، نانی چووکە مەیلە وسوور، برژاو، بێ قەراغ، نانی گەنمە سمەوەج، خوارشتی خۆش، ناسک، تەنک، سەلکێک پیواز، پیاڵەیەک خوێ. هەر یەکەی جامێکی مس، هەڵمی لەسەر هەڵدەستا، مزراویلکەیەکی چەور، هێلکەی خڕ تێدا، مزر، ترشی سماق تام و بۆنی داوەتێ".

**یان ئەو کاتەی وەسفی نانی شوانی دەکا، دەڵێ:**

"لەسەر ویستی یارە ڕۆژ بە ڕۆژ تور بێنی یارە پرتر دەکرا. کولێرە چەورە، کەلانە، کولیچە، کەشکە فەریکە، شیرێژ و ڕۆن، نان پاڵە و پشتی ژیان، نانی گەنم، نانی جۆ، هەرزن، کولێرەی گەنمەشامی و..." یان ئەو کاتەی باسی شایی یارە دەکا وێڕای ئەوەیکە باسی نان و چێشتی کاتی شایی ئەو سەردەم دەکا، شێوەی چێشت لێنان و کەرەسەکانی پێویست کە ئەوکات کابان و چێشت لێنەر دەکاریان دەکرد و پێوسیتیان پێی بووە بە وردی تەوسیف دەکا.

جودا لەو باسە هەر وەک کۆمەڵناسان و پسپۆڕانی بواری شوناس باس دەکەن، جل و بەرگ یەکێک لە سازدەرە (مولفه) گرینگەکانی شوناس و شوناسی نەتەوەیی و لە ئاستی دیکەدا شوناسی ناوچەییە. بێ گومان جل وبەرگ بەرچاوترین نیشانەی کولتووریی نەتەوەیەکە و زۆر بە خێراییش کارتێکەری و کاریگەری خۆی دەردەخا. نووسەری هاوارەبەر و میرزا بە تەوسیفی ورد و دەقیقی جل و بەرگ ئەو ڕاستییە وەبیر دێنێتەوە کە لیباس وەک نمادێکی نەتەوەیی لە دوای زمان ڕۆڵێکی کاریگەر لە ناساندنی شوناسی کورد دەگێڕێ و چون بەردەوامیش گۆڕان بە سەر مودێل و فۆڕمی دادێ، نووسەر بە تۆمارکردنی وردەکارییەکانی ئەو جل و بەرگانە لە سەردەمێکی داستانیی دا هەوڵی پاراستنیانی داوە و بە ناسینی ئەو تایبەتمەندییانە دەکرێ جوغڕافیا و مێژوو و سیاسەت و کۆمەڵگا و هونەر و زۆر شتی تری نەتەوەیەکیش بناسێنێ..

**ئەگەر نموونەیەک لە هەستیار بوونی نووسەر لەمەڕ ئەو دیاردەیە وە لە دەقی ڕۆمانەکە بە دەستەوە بدەم ئاماژە بەو بەشە دەکەم کە نووسەر باسی جل و بەرگی یارە دەکا. هەرچەند جل و بەرگەکەشی نەدارانەیە:**

"دەڕوا، قوت و سڵ، قیت و قۆز، توند و تۆڵ، کز و ساغ، جووتێک گوڵینگی سوورمەرە ز بە تەنیشت زەنگاڵەکانییەوە کایە دەکەن، رانک و چۆغەیەکی تاوبردوو، شەدەیەکی ڕیشۆ نەماو، جووتێک کەلاشی نووک هەڵگەڕاوە ی قولاغە کراوی لە پێ دایە. هەر دووک ئانیشکی چۆغەکەی شی بۆتەوە، ئاهێکیان پێوە نەماوە، رانکەکەی پاش و پێش کراوە، هەرچەند کلاوەکەی پلێتەی وەدەرکەوتووە کەچی نوشتەیەکی لە تەپلەکەیەوە دەچێ".

یان بۆ تەوسیفی جلکی مندالانی ئەوکاتەی سۆفی ئەحمەد نوقمی خەیاڵی رابردوو دەبێ و کوڕە جوانەمەرگەکەی لەتەمەنی منداڵیی دا دەبینێ. ئاوا باسی لیباسی منداڵەکەی دەکا:" کەوایەکی قوتنی سوور لەبەر، کڵاوی کووژەکەدار لەسەر، و... بەو جۆرە جل و بەرگی منداڵی ساوا و خەڵکی ئەو سەردەم وێنا دەکا.

## ٣- داب و رەسم

یەکێکی دیکە لەو ماکە ناوچەییانەی تام و بۆنێکی ناوچەیی و ئیقلیمی بەو رۆمانە دەبەخشێ داب و نەریتی نەتەوەیە. گەشە و بەرز بوونەوەی داب و نەریتەکان کاریگەریی لەسەر بەرزبوونەوەی ئاستی فەرهەنگی نەتەوەیەک دا هە یە . وەسفی داب و نەریتی خەڵکی ئەو ناوچەیە بۆ بەردەنگێکی نائاشنا بابەتێکی جوان و نوێیە و رەنگێکی واقیعی بە بەرهەمە دەبەخشێ. بۆ نموونەدەکرێ ئاماژە بەو نەریتانە بکەین کە لە درێژایی ژیانی تاکی ناوچەدا برەویان بووە و وەک بەشێک لە میراتی کلتووری دێنە حیساب. بۆ وێنە باسی گوێزەبانە کردن بۆ منداڵ، داب و رەسمی پێوەندیدار بە شایی و زەماوەند و سەرەخۆشی و تەنانەت باسی چەشنی ئەسپاردەکردنی مردوو بە خاک و زۆر بابەتی دیش لە رۆمانی هاوارەبەرەدا بە وردی گێردراونەتەوە. ئەو داب و نەریتانە زۆربەیان ئاوێنەی بالانوێنی رێزگرتن لە مرۆڤ و رووحی پێکەوە ژیان و هاوکاری و میوانگری و یەکتر خوێندنەوەیە و لە خوێندنەوەی خەڵکناسانەدا جێگای سەرنج و تێرامانن.

## ٤- زمان وەک ماکەیەکی ئەدەبیاتی ئیقلیمی

ئەو رووداوانەی لە ئەدەبیات دا رەنگ دەدەنەوە زۆربەیان ئەوانەن لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە خاوەن بایخن و پێوستە دیسان بنوێندرێنەوە تا لە بیر و زەینی خەڵک دا بمێننەوە و بەشێک لە بیرەوەری بە کۆمەڵی کۆمەڵگان. زمان وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و وەک زایەڵەی رووح و ژیانی کۆمەڵگا تەنیا رۆڵی پێوەندی نییە و ئەو کۆمەڵگایانەی لە ئەدەبیات دا ساز دەکرێن یان ساز دەکرێنەوە تەنیا نیشاندەری ژیان نین بەڵکوو رەنگدانەوە و دەنگدانەوەی رێسا و بیرە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنە جوداکانی ناو ژیانی کۆمەڵ، شین و شەڕ و تێکهەڵچوونی عێلەکان، دابەشکردنی چینەکانی کۆمەڵگا، شێوەی موڵکداری و بەرهەمە کشت و کاڵییەکان و زۆر بابەتی دیکە، وەکوو زانست و کەرەسەی تێگەیشتن و تێگەیاندن رۆڵێکی بەرچاویان لە ساز کردنی ئەو سامانە هەیە کە پیی دەکوترێ کۆمەڵگای نەتەوەیی و هەر کام لەوانەش وشەو دەستە واژە و راوێژی تایبەت بە خۆیان پێویستە و رۆمانێک هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی دا نە رشتبی دەکرێ بگوترێ لایەنی زمانییەکەی دەوڵەمەند نییە.

دەکرێ بڵێین بەهێزترین بەشی داهێنانی نووسەر بە زمانی کردنی چەمک و واتاکانە. بەو پێیە خالی ە رچاوی چیروکی هاواره بە ره و میرزا هە ر ئە و زمانە سادە و ساکاری ناوچە ییە کە بە شیوە یە کی زور سروشتی و بە بی گرێ و گۆڵی زمانی وشەو رستەکان لە وتوێژ و دیالۆگی کەسایەتی رۆمانەکە دا بەکاری دە هیندری. رەوتی گێڕانەوە لە هەر دو رۆمانەکە دا هەم تازەیی و جوانیی خۆیان هەیە و هەم بۆ کەسێک کەشارەزایی زمانی ئەو ناوچەیەنەبێ رەنگە تارادەیەک نامۆ بێتە بەرچاو. زمان و زاراوەی کەسایەتییەکانی رۆمان بە وشیاری و تەبا لەگەڵ تەمەن و ئاستی خوێندەواری و چینی کۆمەڵایەتی ئەوان هەڵبژێردراوە، بۆ وێنە کاتێک یارە دەدوێ دەزانی کوڕێکی ساکار و سادەیە و جار و بار ناتوانێ بە سەر هەستی خۆی دا زاڵ بێ، بەڵام کاتێک میرزا دەدوێ هەموو کەس بە ورد و درشتەوە لە خزمەتی دا بێدەنگ دەبن و گوێی بۆ شل دەکەن و قسەکانی بە تەواوی وەردەگرنو لە نێو خۆیان دا دەڵێن میرزا قسەی قەڵەمی دەکا. کاری میرزا قەڵەمە، کاغەزە، دیوانە. ئەوانە ئاستی خوێندەواری و زانست و لێهاتوویی و ئەزموونی میرزا دەردەخەن و کاتێکیش ژنانی نێو رۆمانەکە قسە دەکەن هەر کام لەوان پە ردە لەسەر لایەنێک لە ژیانی کۆمەڵگای ژنی ئەو سەردەم هەڵدەدەنەوە و بە وتەکانیان هەگبەی دەوڵە مەندی زمانی کوردی سەنگین و رەنگینتر دەکەن. جگە لەوەش زمان دەبێتە ئامرازێک بۆ دەربڕینی هەست و ویست و حەزی دەروونی کە سایەتییەکانی رۆمان و بەشێکی زۆر لە کەسایەتی ئەوان بۆ خوێنەر روون دەکاتەوە.

جار جارەش بوونی کەسانیک وەک ئەمیر حوسێن کە ئازەری زمانە و زمانی کوردی بە باشی نازانی و لەت و کوت قسە دەکا و نەقڵی گیران و تاوانەکەی وەک بنێشتە خۆشکە هەر دەیڵی و دەیلێتەوە سەحنەیەکی تەنز ئامیز لە رۆمان دا پیک دێنێ و شوناسەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە لە ناوچەکانی دیکە جودا دەکاتەوە.

## ٥- ماکەی باس لەتەورە سیاسییەکان

یەکێکی دیکە لەو ماکانەی رەنگ و بۆی ئیقلیمی بە رۆمانەکە دەبەخشی گێرانەوەی زیندان و گیران و جەزرەبە دان و باسی بابەتی سیاسییە. ئەوە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی چیرۆک لە ناوجەکانی وەک ئازەربایجان و کرماشان و باشووری ئێرانە. بەڵام راستەقینە ئەوەیە کە هەر نووسەرێک بە هۆی کاریگەریی فیکر و فەرهەنگ و دونیابینی و ئەزموونی تاکی خۆی و هەروەها جیاوازی جوغرافیای سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری، شێوازی تایبەت بە خۆی هەیە لە گێرانەوەی سیاسەتی ناوچەی خۆی. ئەوەی کە لەو بەرهەمانە دا دەبیندرێ گرتن و سیخوڕی کردن و وەکێو وشاخ کەوتن و کوشتن و ئاور تێبەردانی ماڵ و مووچە و مەزرا نموونەیەکی تایبەتی کۆمەڵگا ژێر دەستەکانی ئەو سەردەمەیە.

دەکرێ بڵێین لەو ناوچەیەدا ژیانی سیاسی بەشیک لە ژیانی ئاسایی خەڵکە و سنوورێک لە مابەین ئەو دوو ژیانە دا نییە. خەبات دژی زوڵم و داگیرکاری بەشیک لە ژیانە و ژیان بەشیک لەخەباتە. هەر بۆیە زۆربەی خەباتکاران بە جێی ئەوەی



سەرچاوە
Serchawe

کە کەسایەتییەکی بەرجاویان هەبێ مرۆڤ گەلێکی ئاساییێن و تواناییی و بڕست و بوێری خەبات و دژایەتی لەگەڵ چەوسێنەرانیان هەیە. لە ڕۆمانی میرزادا، میرزا دەبێتە هیوای سەردەم و داهاتووی کۆمەڵگا و جێی متمانە و پشت پی بەستنی خەڵک و دەبێتە سەرۆکێکی کاریزماتیک کە جەماوەر بەرەو کۆمەڵگایەکی ئارمانی ڕێنوێنی دەکا. لە هەمان کاتیش دا ئەو کەسانەی کە دەرەقەتی زوڵم و زۆری سیستەمی دەرەبەگایەتی نایەن لەو سیستەمە یاخی دەبن و چەک هەڵدەگرن و روو لە چیا ئەستەمەکان دەکەن. ئەو دیاردەیە نیشان دەدا کە لە کۆمەڵگای ژێردەستی  ئە و کات دابەرەنگاربوونەوەی تاکەکەسی بە بێ عەقلانییە تیکی کارامە هیچ ئاکامێکی لی ناکەوێتەوە و ڕەنگە ئاکامێکی نەرێنیشی هەبێ. لە ڕۆمانی میرزادا ڕەشید نموونەی ئەو شیوە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سیستەمی زاڵی ئەو سەردەمەیە کە بە پێی سروشت و کەسایەتی تایبەتی خۆی سەبر و تابشتی ئەو هەموو زوڵم و زۆرەی خدرئاغای نییە و لایەن و ناوەندێکی یاسایی و دادپەروەرانەش بۆ سکالا و ماف خوازی نابینێتەوە و بۆخۆی بە کردەوەیەکی کە لەسەر ئیرادە و ویستی تاکەکەسی خۆی دامەزراوە و لە سەرەوە و دەرەوەی یاسای ئەوکاتە بەڕیوەبەردنی یاسا وەئەستۆ دەگرێ و خدر ئاگا دەکووژێ.

ئەو شیوە دوانەی ڕۆمان نووس و گێرانەوەی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی سەردەست و بن دەستی ئەو کۆمەڵگایە بە چەشنێک سنووری یاسا و نایاسایی بوون لە سەردەم و زەمانیکی تایبەت لە شوێنکاتی ڕۆمانەکە دا دیاری دەکا. نایاسایی بوونیک کە یاسایی بوون لە ژێر تیشکی دا دزێو دەنوێنێ و بە پێچەوانەی باری باو خۆشەویستیش دێتە بەرچاو.

## بەشی دووەمی وتار: تێک هە ڵکیشانی ژانرە فولکلوریکە کان لە رومان دا

کورد وەک یەکێک لە گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوین بە مێژوویە کی دوور و درێژ و پڕ لە کەند و لەند و سیاسی و کۆمەلایەتییەوە، خاوەنی زمانی سەربەخۆ بە چەندین زاراوەی دەولەمەندەوەیە. بەشیکی زۆر لەو مێژووە سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە قالبە جۆراوجۆرەکانی کولتووری ڕەشۆکی دا پەروەردە کردووە، تا بۆ بەرەی داهاتوو بمێنێتەوە. هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی فەرهەنگی ڕەشۆکی کورد یەکێک لە کولتووورە دەوڵەمەندەکانی ناوچە بێت و بە سەدان و هەزاران شیعر و چیرۆک و بەیت و حەیران و نەقڵ و نەزیلە و پەند و مەتەڵ لەو چوار چیوەیە دا خوڵقابێ. بەشیک لەو میراتە لە لایەن نووسەرانی دڵسۆزی ئەو بوارە کۆ کراونەتەوە. دەقە فۆلکلۆرەکانی گەنجی سەربەمۆر لە لایەن ئەحمەد بەحری، کۆمەڵە بەیتێکی وەک میر و وەفا و سەعید و میرسێوەدین لە لایەن قادری فەتاحی قازی و ئەدەبی زارە کی موکریان و ژنان لە لایەن سەلاح پایانیانییەوە بەشیک لەو دەقانەن.

هەڵبەت دیارە جودا لەو نووسەرانە زۆر کەسی دیکەش لەسەر دەقە فۆلکلۆرییەکان کاریان کردووە و لە جێی خۆی پیویستە



سەرچاوە
Serchawe

بە شێوازی خوێندنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان بخوێندرێنەوە و باسیان لەسەر بکرێ بەڵام ڕوانین و چەشنی ڕووبەڕووبوونەوەی نووسەری هاوارەبەرە و میرزا لەگەڵ ئەو دەقانە جیاوازە.

دوای پێناسەی ئەو شوێنانە بۆ ناسینی ئەدەبیاتی ناوچەیی و ئاماژەدان بە چەند خاڵی گرینگی ئەو بەشە لە ئەدەبیات ؛ئەوەی کە لەسەرەتای ڕۆمانەوە هەتاکوو کۆتایی نووسەر وەکوو تار و پۆ لە نیو دەقی ڕۆمانەکەدا تەنیویێتی، چەندین دەقی فۆلکلۆری بە شێوازی جوداوەیە کە تێکەڵ بە ڕووداوەکانی ڕۆمان بوون. بوونی ئەو دەقانە ئەو ڕاستییە دەنوێنی کە نووسەر چەندەی بایەخ بەو بەیت و مەتەڵ و حەکایەت و چیرۆ ک و گۆرانییانە داوەو ناوەرۆکی ڕۆمانەکەی پێ دەوڵەمەند کردووە. دەکرێ بڵێین لە ئاوێتە کردنی ئەو بەیت و چیرۆک و پەندی پێشینیانە نووسەر داهێنانێکی نوێشی کردووە. بە بێ ئەوەی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان تووشی کەم و کووڕی بکا و لەهەمان کاتیش دا شوناسەی تایبەت بە هەر کام لەو قالب و فۆڕمە فۆلکلۆرییانە بپارێزێ.

ئەودەقانە لە هەندیک شوین دا درێژە بە مەبەستی ڕۆمانەکە دەدەن واتە ئەو شیوەیە لە کایەی نێوان دەقێتی کە نووسەر دەیکا جاری وایە بە مەبەستی پڕ کردنەوەی بەشیک لە بۆشایی گێڕانەوەیە کە نووسەر بۆ ئەو دەقانەی بەدیهێناوە، جاری واشە لە هەندیک قۆناخی ڕۆمانەکە دا نووسەر بۆ کورت بڕینەوەی گوتە و پیش گرتن لە زیاتر بوونی بارستای ڕستەکان کەڵکیان لێ وەردەگرێ و لەوانەیە ئامانجی نووسەر ئەوە بووبێ کە لە ئاوێتە و موتوربە کردنی ئەو وردە دەقە فۆلکلۆرییانە کاریگەرییەکی زیاتر لەسەر هەستی خوێنەر دابنێ و بەو شیوەیە خوێنەر زووتر لە مانای دەقەکە تێبگا و هەست بە نزیکایەتیەکی زیاتر لەگەڵ فەزاکەی بکا و تەنانەت ڕادەی چێژی دەق بەو شیوەیە بەرێتە سەرێ.

هەر لەو بارەوە بابەتێکی گرینگی جێگای ئاماژە ئەوەیە کە داڕشتنەوەی دەقە فۆلکلۆرییەکان لە چوارچیوەی دەقێکی داهێنەرانە دا، ژیانیکی تازەیان پێ دەبەخشی و ناهێڵێ بە هۆی تێپەڕبوونی کات قورسایی خۆیان لە دەست بدەن و کاڵ ببنەوە. بۆ وێنە دەکرێ ئاماژە بەو حیکایەتانە بکرێ کە یای ناز وەکوو دایکێک کاتی خەواندنی منداڵ بۆ وەتمانی دەگیڕێتەوە و بیر و زەینی منداڵی پێ پەروەردە دەکا و هێمنایەتی بە منداڵ دەبەخشێ.

لە شوێنیکی دیکە دا نووسەر داهێنەرانە و بە ئانقەست فەزای ئەویندارانەی هاوارەبەرە لەگەڵ هێندیک بەیت و چیرۆکی فۆلکلۆری کە بنەمای ئەویندارانەیان هەیە تێکهەڵدەکێشێ کە دەکرێ بۆ نموونە ئاماژە بە بەیتی لاس و خەزاڵ و چیرۆکی لەیل و مەجنوون بکرێ.

ئەو بەیتانەی لەو کتێبەدا تێکەڵ بە دەق کراون مەبەست و ئامانجی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەویندارانەیان هەیە و هەرکات ڕەوتی ڕۆمانەکە مەبەستێکی کۆمەلایەتییە ئەوە بەیتێک بەو نێوئاخنەوە دێتە ئاراوە و هەر کاتیش ڕەوتەکە ئەویندارانە دەبێ بە پیی فەزای داستان بەیتێکی وەکوو گەنج خەلیل و لاس و خەزاڵ خۆ دەنوێنن. ئەو بەیتانە هەر کامیان بە تەناسووبی ژیان و فیکر و کەسایەتی کاراکتێرەکان هەڵبژیردراون. بۆ وێنە بەیتی گەنج خەلیل لە سەرزاری حەسکۆ دەگێڕدرێتەوە کە بەیتێکی دڵدارانەیە و باسی عەشق و وەفاداری و ئەوین دەکات و حەسکۆش خۆی گیرۆدەی ئەوینی ئامۆزاکەیە تی و لە غەریبی و دەربەدەری دا ئاوا لەبەر خۆیەوە نارە ناری دێ:

"ئەز رابم کە مە را پشتا خۆ بشکینم بو اسبی گە نج خە لیل بکە مە نالە, بازنی خو بشکینم بکەمە وردە بزمارێ، بسکێت خۆ بیرم بکەمە سەر ڕەشمە. بەڵی بکەمە دۆخ و سەر هەوسارە گەنج خەلیل کوڕە مامی خۆ بیم . سوار بکەم لە کومیتەکی تالە."

دەق تێکەڵ بە پەندی پێشینیان؛ یەکی دیکە لە دیاردە جیاوازەکانی ئەو بە رهە مانە یە. هەر کام لەو پەندانە مێژوو و چیرۆکێکی پڕ ئامۆژگاری لە پشتە کە هەندیکیان لە بیر خەڵک جوونەتەوە و پێشینەی هەندێکیشیان بۆ خەڵک روون نییە.. لە دەقی ڕۆمانەکەدا بە پێی ئەوەی لە چ کات و لە زاری چ کەسیک و بە چ هۆیەکەوە بکوترێن لە کاراکتەرێکەوە بۆ ئەوەی تر جیاوازن و پەندەکان لە بارودۆخی تایبەت بە خۆیان دا گونجاون. بۆ وێنە کاتیک وەسفی بارودۆخی نالەباری سۆفی دوای مەرگی هاوسەرەکەی دەکا و هەموو کەس بەزەییان پێی دادێ و ولامی هەموویان ئاوا دەداتەوە:" سۆفی تامی زاری هەمووان دەزانێ، ئەوەی بە دڵ دەیکوت دڵ ئێشی نەدەکرد. ئەوەی بە پێی مەسڵەحەت و قازانجی خۆیان هەوڵیان دەدا جوابی توندی دەدانەوە و دەی ڕنین. بە فیتووی خۆی دەزانی و باش شارەزا بوو کوێ نیسکان دێنی. نانی بە منەت ناخۆم. کشە کشە مریشکە ڕەشە میوان ڕۆژێک و دوان خۆشە. هەتا دووری پووری. خۆم ماوم خۆم پیاوم. و هی تریش بەو جۆرە سۆفی هێندێک پەند دێنێتەوە کە دڵنەوایی تەنیایی و بێکەسی و نەداری خۆی پێ دەداتەوە.

بە گشتی دەکرێ بگوترێ کە پەندەکان لە زۆر جێیان پیشیان بە درێژکردنەوەی دەق گرتووە و چێژی تایبەتیان بە دەق بەخشیوە.

یەکی دی لەو بابەت و قالبانەی لە رومانە کە دا بە دی دە کری شێعر و گۆرانی فۆلکلۆرە. هەر نەتەوەیەک خاوەنی گۆرانی و مووسیقی تایبەت بە خۆیەتی و لەو ڕێگەیەوە هەست و حەزی ناخ و دەروونی خۆی رادەگەیەنێ. نەتەوەی کوردیش وەکوو

هەر نەتەوەیەکی دیکە خاوەن دەقی هەمەچەشنی گۆرانی تایبەت بە خۆیەتی و رەگ و ریشەی بە مێژووی هزری نەتەوەیی دا رۆچووە. عیزەددین مستەفا رە سول دەڵێ:

"گۆرانی کوردی خۆی وێنە و ئاوێنەی هەست و عاتیفەیە. چونکە شیوەی دەربڕینی ئەم هەستە سادە و بێ پێچ و پەنا و راستەوخۆیە. بۆیە گۆرانی دڵداری و عەشق و ئەوینی کوردی راست گۆیی و وێنەی راستی بەدی دەکەین. لەو بەرهەمانەش دا شێعر و گۆرانی فۆلکلۆر ئاویتە ی بەستەر و تەختی رۆمان دەبێ. بۆ وێنە کاتێک یای ناز بە گریان و بە سۆز دەلۆرێتەوە و خەمی دووری و دابران و تەنیایی لەبەر لێوییەوە بەو گۆرانیانە دەردەبڕێ:

"رێگای دارستان داچێنم بە گوڵ
ئاوی لێ بینم بە خوێناوی دڵ
ئەگەر دەمزانی لە کوێ دەکەی راو
خۆڵی بەر پێتم دەداشت بە شەکراو"

یان ئەو شوێنەی رەشید خەریکی میوانداری لە میرزایە و هەردێ و دەنگی لێ بڵیند دەکا و بە جێ و رێ و وەستایانە گورانی دە لی.گۆرانییەکەی جۆرێک ناڵەیە پڕ لە سۆز و کوڵ:

گەوهەرێ هەی گەوهەرێ پەروانەم لە دوای خێڵی
کەس نییە پێم بڵی ماڵ وێران ئەتۆ لە دوای چی وێڵی

بەو شیوەیە بەکارهێنانی گۆرانی و شیعرە فۆلکلۆرییەکان لە خولقانی فەزایەکی تایبەتی داستانیی دا رۆڵی بەرجاویان هەیە و یاریدەی نووسەر دەدا کە کەش و هەوایەکی گونجاو لەگەڵ دۆخی دەروونی کاراکتەر پێک بێنێ. بە بێ ئەوەی راستەوخۆ ئاماژە بە حالەتی رووحی دەورگێری رۆمانەکە بکات خوێنەر دەکاتە شەریکی خەمێ ئەوان و لە رازی دڵ و خەم و نارەحەتی و پەرۆشی و تەنیاییان تێدەگەیەنێ.

لە ئەنجامی ئەو خوێندنەوەیە دا دووخاڵی گرینگ روون دەبێتەوە

١- سەرەڕای توانا و مرخ و داهێنەرێتی تاکەکەسی نووسەر، شوێنی ژیانی نووسەری هونەرمەند لە سەر زەین و زمانی و هەروەها شیوەی گێرانەوە و ئەو وەسفانەی کردوویەتی کاریگەرییان بووە کۆی ئەوانەش بەرهەمێکی بە پێزی خوڵقاندووە و



سەرچاوە
Serchawe

کەهەم زمان و هەم بیری نووسەرانە تێی دا بە هێز و دەوڵەمەندن.

بەو پێیە دەکرێ بڵێین وەک چۆن لە ڕەوتی چیرۆک نووسی ئێران دازۆر بەرهەمی بە پیزی وا نووسراون کە تەبا لەگەڵ ناوچەی جوغرافیایی و ئیقلیمێکی تایبەتن و هەڵگری هەموو ماکەکانی ئەدەبی ئیقلیمین و لە بەشی هە وە ل دا ئاماژەم پێکردن. خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی هاوارەبەرە و میرزا ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە ناوچەیەک کە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانی تێدا گووراوە و خوڵقاوە بە تەواوی کەش و هەوا و خاک و دار و بەرد و داب و نەیتی خۆی هە یە و لە واتایەکی گشتی دا دەڵێین کوردەوارییە و لە ئاستی دیکە دا بە هەندێک بابەتی وردە کولتوور و تایبەتمەندی و زاراوەیی و شیوەی هەڵس و کەوتی ناوچەیەکی تایبەت تر هی پانتاییەکە بە ناوی موکریان.

ڕۆمان نووس لە ئاوێتە کردنی ژانرە ئەدەبییەکان دا توانیوێتی ئەو ئامانجە بپێکێ کە ئەو قالبە فۆلکلۆرییانە کاریگەرییان لەسەر ڕەوتی گێرانەوەی ڕۆمانەکە ببێ و لە زۆر شوێن دا چێژی تایبەتی پێ ببەخشێ و لە هەمان کاتیش دابەر بە درێژبوونەوەی دیالۆگەکان بگرێ. بەلام زۆر جاریش خوێنەر وا نوقمی ئەو بەیت و حەکایەت و پەندا و مەتەل و وردە چیرۆکانە دەبێ لە دەقی سەرەکی دوور دەکەوێتەوە و ئەوەش وەک خاڵێکی لاواز دەبیندرێ.

### پەوراوێزەکان:

مستەفا رەسووڵ، عیزەددین، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، عیزەددین مستەفا رەسووڵ
سە رکە وت عومەر ئیبراهیم، دەق ئاوێزان لە گیرانەوەی ڕۆماندا.
محمد جعفری، لە پانتایی ئە دە بیاتی ئیقلیمی دا.. کتاب ماه جاپ ١٣٨٠
فەتاح ئەمیری، ڕۆمانی هاوارە بەرە
فەتاح ئەمیری، ڕۆمانی میرزا فەتاح ئەمیری
ڕەحیم قازی، ڕۆمانی پێشمەرگە
چەند دەقی گۆرانی فۆلکلۆری
سەرچاوە: ماڵی کتێبی کوردی

٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئەمنییەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەرژەوەندییەکانی کورد



**خالید بۆکانی**

پێش ئەوەی باس لە ئاسایشی نێودەوڵەتی بکەین و بڵێین، ئەو پلان و ئەگەرانە چین کە وڵاتە زلهێزەکان بە دوایدا دەگەڕێن، پێویستە بابەتێک بیر بێنینەوە، ئەویش ئەوەیە کە لە یەکەم دەسەڵاتی ٤ ساڵەی دۆناڵد تڕامپدا کە پلان و باسی ڕێڕەوی ئیبراهیم، یا ئاشتیی ئیبراهیم لە گۆڕێدابوو، لە بابەتێکدا ئاماژەم بەوە کردبوو کە بۆ ئەوەی ئەو پلانە سەر بگرێت شەرتی یەکەم لە نێوچوونی هەموو بەرەی مقاومەتە، واتە گرووپە توندڕەو و تێرۆریستەکانی ناوچەکە کە بەشێکن لە بەربەستە سەرەکییەکانی ئەو پلانە، کە ئەو ڕۆژانە بەئاشکرا ئەوە بەدی دەکەین.

بە هەر حاڵ، بیری تێرۆریستی و هێرش و وێرانکاری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوە سەری هەڵدا و زۆر وڵاتی گرتەوە و تا ئەوڕۆش بەردەوامە، پێویست بوو ڕاوەستێت یا کۆتایی پێ بێت، بۆیە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە چەند شێواز ویستیان پێشی پێ بگرن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. ئەفغانستان و ئێراق نموونەی ئەو وڵاتانەن. دەزگاکانی هەواڵگری وڵاتان بە تایبەتی سی ئای ئەی بە هاوکاریی کۆمەڵناس و شارەزایانی بواری ئاسایشی نێودەوڵەتی، بەو بڕوایە گەیشتن کە هەوڵدان و داسەپاندنی سیستمی سەردەمیانە لە لایەن وڵاتانی ڕۆژئاواییەوە قبووڵکراو نییە بۆ

کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بۆ موسڵمانەکانی دژ بە بیری ڕۆژئاوایی، بە پێی ئەو ئەزموون و لێکۆڵینەوانە، ڕۆژئاواییەکان بە دوای چارەسەر دەگەڕان بۆ کردنەوەی ئەو گرێ کوێرانە و ئەو خالانەی کە لە لێکۆڵەرەکان بۆیان گرینگ بوون بە شێوەیەکی گشتی ئەوانەن:

١- بیر و بیرۆکەی دژە ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئەمریکایی، سەردەمانێکە بەشێکە لە بەشی پەروەردەی بیری موسڵمانە توندڕەوەکان کە خۆتان دەزانن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە، بەتایبەتی لەوەتی دینداەکان هاتوونەتە نێو دنیای سیاسەتەوە،بەردەوام هەوڵیان داوە دین بەکار بێنن بۆ سەرنجڕاکێشانی خەڵک بۆ بەدەستهێنانی پلەی سیاسی.
٢- پوچەڵکردنەوەی تیئۆریی ئەوەی کە ڕۆژئاواییەکان بە دوای بەرژەوەندیی خۆیاندا دەگەڕێن و ئەفغانستان، عێراق و سووریەیان وێران کرد و ئێرانیش بە نەمانی حکومەتی خامنەیی دەبێتە یەکێک لەو وڵاتانە. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە تیئۆرییەکی مەبەستداری ئێرانی لەپشتە، پێمان خۆش بێت یانا کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر بێ هیواکردنی دژبەرانی ئێران.
٣- لە نێوچوونی هەژموونیی شیعە- هیلالی شیعە بە دەستی سووننەکان. بە واتایەکیتر لە نێوچوونی تێرۆریست بە دەستی تێرۆریست. ململانە لەنێو ئیسلام وەک لایەنی شیعە و سوننە مێژوو و پەروەردەیەکی دوور و درێژی هەیە، ئەو بابەتە زۆرجاران بەکارهاتوە بۆ شەڕی سیاسی و چارەسەری کێشەکانی نێوان لایەنەکان،بێشک چەند لایەنێک تا ئێستا بە شێوەیەکی ئاشکرا لە ژێرناوی دین و ئیسلام گرووپی ترۆریستی سازمان دراویان پێکهێناوە .
٤- هەوڵدان بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دەوڵەتی وەکوو وڵاتانی عەرەبی کە تێکەڵەیەکی دینی و سەردەمیانە بێت بە لە بەرچاوگرتنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، لێرەدا مەبەست ئەو وڵاتانەیە لە چوارچێوەی وڵاتانی خۆیان ڕەنگە یاسای ئایین یان شەرع بەشێک بێت لە یاسای دەوڵەتداری بەڵام بەشێک نین لە مەترسی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

ئەوانە بۆیە باس کران کە خوێنەر بەرچاوڕوونیی هەبێت لەو ئامانجانەی ڕۆژئاواییەکان هەیانە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستێکی تازە.

**با ئێستا باسەکە بێتە سەر پرسی نەتەوەی کورد و ئاسایشی نەتەوەییمان.**

سیاسەتمەدار و شارەزایانی بواری ئاسایشی نەتەوەیی، پێویستە زۆر ژیر بن لە زانین و ناسینی زانستی ئاسایشی نێودەوڵەتی. ئاسایشی نەتەوەیی بە بێ لەبەر چاونەگرتنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نەک هەڵەیە بگرە پێشگریکردنە لە گەیشتن بە مافەکانی نەتەوەییمان. ئێستا بە پێی ڕووداوەکانی ناوچەکە، دابینکردنی ئاسایشی ئیسرائیل، سەرەکیترین

بـابەتە لە چوارچێـوەی ئاسایشـی نـاوچەیی کە ڕاسـتەخۆ پێوەنـدی بە ئاسایشـی نێـودەوڵەتییەوە هەیە. بەپێـی بـارودۆخی هەنووکەیی، ئیسرائیلە دیاری دەکات ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چۆن دەبێ، چۆن بەڕێوە بچێت و کێ پێویـستە خـاوەن دەسەڵات و هێـز بێت؛ بەتـایبەتی پشتیوانی تەواوی ئەمریکـای هەیە. بە خۆشـییەوە نەتەوەی کـورد لە ڕۆژهەڵاتـی نێوەڕاست بەپێـی پاشـخانی سیاسـی، خەبـاتگێڕی و بەڕێـوەبەریی پێشـووی لەلایەن کـۆمەڵگەی جیهـانی و زلهێزەکـانەوە نەک بە مەترسـی دانانـدرێ، بەڵکوو تا ڕادەیەک جێی بـاوەڕ بـۆ وەرگرتنـی دەسەڵات، بەتـایبەت لە لایەن ئەمریکـا و ئورووپاشـەوە تـرس و نیگەرانییەکی زەق بەدی ناکرێت.

لە بیرمان نەچێت نەتەوەیەک دەتوانێت ببێتە خاوەن هیز و دەسەڵاتی نێودەوڵەتی کە ژێرخـانی نـاوخۆیی بەهێـز بێت و لە ناوخۆیـدا بـاوەڕ بە خۆبـوون و یەکبـوونی بەهێـز کردبێت، بـۆیە زۆر پێویسـتە کـورد نێومـاڵی خـۆی یەک بخـات و ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی یەک بخات بۆ ئەوەی سەرلێشێواوی نێودەوڵەتی لێ نەکەوێتەوە.

**لێرەدا تیشک دەخەینە سەر ئاسایشی نەتەوەیی لە دوو تەوەردا:**

١- داڕشتن و پەروەردەی ویست و داخوازەکانی نەتەوەیی بە پێی ویست و داخوازییەکانی نێودەوڵەتی.

٢- نیشاندانی یەکگرتوویی یا لێک تێگەیشتن و بەهێزی نەتەوەیی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا .

٣- هاوڕابوون و هەنگاو نان لە گەڵ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**تێبینی:**

ئاسایشی نەتەوەیی بە پێی زانستی سەردەمیانە زۆر لایەن لەخۆ دەگرێت.

باوەڕی نەتەوەیی بەشێوەیەکی گشتی باوەڕێکە زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگا بە بێ جیاوازی سیاسی و ئـایینی ... بە خـاڵی سەرەکی پێکەوەبوونیان دەزانن.

کولتـووری قبـووڵکردنی یەکتـر، لە یەک سـەرنگەردابوون لە بەرابەر دوژمنـانی نەتەوە نەویسـت کە ئامانجیـان ڕووخـانی ژێرخانی پێکەوە بوونی ئەو نەتەوەیە. ئەو خـاڵانەی سەرەوە کە بـاس کـران کاتێـک ڕوو دەدات و جێی نیگەرانـی نابێت کە بابەت و هێڵەکانی نەتەوەیی بە گشتی لە ڕێگـای پەروەردەی باشـەوە لێـک تێگەیشـتنەکان ئەگەر وەک یەک نەبن لانـی کەم پێویستییان بە لێک نزیکییەکـی زۆر هەیە. ویست و داخوازییەکـانی نەتەوەیـی لە بـواری سیاسـی،کۆمەڵایەتی و ئایـدۆلۆژی سەردەمیانە بێت بۆ لە ناوبردنی نیگەرانییەکانی ئاسایشی نێودەوڵەتی.

٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# ئەو دەرسانەی کۆماری ئیسلامی وەریان‌ناگرێ



هەردی سەلیمی

کۆماری ئیسلامی لەدوای ئەوەی نەیتوانی لە شەڕی هەشتساڵەدا ئێراق شکست بدات و لە کەربەلاوە بچێ بۆ قودس و بەناچاری ئاگربەستی قەبووڵ کرد، بە شێوەیەکی مەیدانیتر و کرداریتر تەرکیزی خستە سەر هێزی پرۆکسی لە ناوچەدا. بەدرێژاییی هەموو ئەم ساڵانە ئەم هێزانەی بەرهەم هێنا و بەخێوی کردن و گەشەی پێدان؛ هەموو ئەم هەوڵانەش لە پاڵ بەرنامەی مووشەکییەکەیدا، پەیامێک بوو بۆ ئیسرائیل و ئامریکا. هێندێک سەرکەوتنی کاتی لە ناوچەدا، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی ئەم ڕێژیمەی وەها سەرمەست کردبوو کە جارناجارێ دەردەکەوتن و شانازییان بە هەبوونی شەش ئەرتەشی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەدا دەکرد.

وێڕای ئەم دوو بەرنامەیە واتە بەرنامەی مووشەکی و بەرنامەی پرۆکسی‌سازی، بەرنامەی ناوکییشیان هێنابووە ئاراوە؛ بۆ ئەمانە بە کرداری ڕابردوو باس دەکەین؟ چون لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ـەوە تا ئێستا گۆڕانی زۆر ڕوویان داوە و هاوکێشەکان بەتەواوی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتووە. کۆماری ئیسلامی کە سەرەتا دڵی بە ئۆپەراسیۆنی گەردەلوولی ئەقسا خۆش کردبوو و خامنەیی باسی لە گۆڕینی نەخشەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە قازانجی کۆماری ئیسلامی و بە زەرەری

ئامریکا دەکرد، ئێستا پاش زیاتر لە یەک ساڵ دەبینین ئەو پێشبینییانە ناڕاست دەرچوون و هەر گۆڕانێک ڕوو دەدات بەتەواوی لە زەرەری کۆماری ئیسلامیدایە.

گەورەترین هێزی پرۆکسیی کۆماری ئیسلامی کە هەمان حیزبوڵڵای لوبنان بوو، گەورەترین خەسارەکانی بەرکەوت، بە جۆرێک کە وێناچێ بتوانێ خۆی ڕاست بکاتەوە، بەتایبەتی بەو پێناسە و تەشکیلاتەی پێشوویەوە. دەوڵەتی بەشار ئەسەد ڕووخاوە و کۆریدۆری سەرەکیی هیلالی شیعە بە ڕووی کۆماری ئیسلامیدا داخراوە، بەشێک لە ژێرساختە نیزامییە گرینگەکانی کۆماری ئیسلامی لە دوایین هێرشی ئاسمانیی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو وڵاتە لەنێو چوون؛ لەمانەش گرینگتر بوونی فاکتۆری زیندووی ناڕەزایەتیی بەردەوامی خەڵکی ئێرانە لەدژی ئەو دەسەڵاتە؛ بۆیە دەبێ لەمەبەدواوە هەموو دەسکەوتە کاتی و بەرتەسکەکانی کۆماری ئیسلامی کە ببووە مایەی شانازییان بە بەشێک لە مێژوو بزانین.

بەم بەرچاوڕوونییەوە کۆماری ئیسلامی دوو ڕێی لە بەردەمدایە یا پاشەکشێ لە بەرنامەی ناوکی و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانەی ناوچە و پاشەکشێ لە بەردەم خەڵکی ئێراندا، یا درێژەدان بەو سیاسەتەی وا لەمێژە گرتوویەتە بەر. ڕاستە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لە لێدوانەکانیاندا بەپارێزتر بوون و تەنانەت بوونی هێزی پرۆکسی ڕەد دەکەنەوە، بەڵام نیشانەکان وا دەنوێنن کۆماری ئیسلامی دەست لەو سیاسەتانەی ناکێشێتەوە. عەلی خامنەیی باسی لە دەرسێک کرد کە لە ڕووخانی ئەسەد وەریانگرتووە، بەڵام ئەم دەرسەیان بە باری نەرێنییەکەیدا وەرگرتووە. بە واتایەکی تر نەهاتوون بڵێن ئەوە ئەسەدیش پاش ئەو هەمووە سەرکوتەی - کە بە هاوکاریی کۆماری ئیسلامی - کردی لە ئاکامدا هەر شکستی خوارد و ئەم ڕێگەیە ئاکامەکەی هەر شکست و دۆڕانە! نا بەڵکوو خۆیان ئامادە کردووە بۆ ئەوەی پەلەقاژە بکەن و ئەو دەسەڵاتەیان بەر نەدەن. خامنەیی باسی لە لاوانی دەروەستی سووریە کرد کە بەدژی ئەم ڕووداوانەی سووریە هەڵدەستن و گۆڕانکاری پێک دێنن، موحسین ڕەزایی پاش چەند ڕۆژ لەم قسانە وتی هەتا ساڵێکی تر سووریە وەک خۆی لێ دێتەوە، لەملاولەولاش باس لە پێویستیی گۆڕینی دوکتورینی بەرنامەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی دەکرێ، لەوەش گرنگتر هۆکاری سەرەکیی شکستی ئەسەد بۆ کەمکاریی هێزە نیزامییەکانی دەگەڕێننەوە نەک هۆکاری ناڕەزایەتییەکانی خەڵکی سووریە. کەواتە کۆماری ئیسلامی کە سەرمەستی ئەوەیە بەهۆی وەفاداریی هێزی سەرکوتەکەیەوە چەندین ڕاپەڕینی جەماوەریی خەڵکی ئێرانی سەرکوت کردووە، بەو چارەنووسەی ئەسەد تووشی بوو دووچار نابێت!

وێکچوونەکانی سیستمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی سووریە و ئێران هێندە زۆرن، کە هەم خەڵک و هەمیش دەسەڵاتدارانی ئێران بە بەشێک لە گۆڕانکاریی نێو ئێرانی دەبینن؛ جیا لەوەی هاوپەیمانێکی گرنگی ناوچەییی کۆماری ئیسلامی لەنێو چووە، هەر لە زۆر ڕووەوە هاوشێوە و بە ئەگەری زۆر زۆرەوە هاوچارەنووسیشن. سووریەش وەک ئێران

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

وڵاتێکی فرەچەشن و فرەنەتەوەیەوە، دەسەڵاتەکەی هەروەک ئێران دەسەڵاتی کەمینەیەک بوو بەسەر زۆرینەیەکدا — لە ئێراندا کەمینە لە ڕووی ڕەوایی و سیاسییەوە، دەسەڵاتی سووریەش پشتئەستوور بە ناوەندە ئەمنییەتی و هێزە سەرکوتکەرەکانی بوو، ئابووریی سووریەش لە پاوانی کەمینەیەکی گەندەڵدا بوو و خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەژاریدا بەسەریان دەبرد، دەسەڵاتی سووریە دەسەڵاتی بنەماڵەیەک بوو و ئێرانیش بەتەمایە دەسەڵاتی بنەماڵەی خامنەیی بەردەوام بکات و... ئەم هەموو لێکچوونانە نەستی هەمووانی بردووەتە سەر ئەو قەناعەتەی یەک چارەنووسیش چاوەڕوانیانە.

بۆیە لەم ڕووەوەیە کە خوێندنەوەی بڕیاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی و خامنەیی لە سەرووی هەموویانەوە، خوێندنەوەیەکی سەقەت و ناتەواوە و نایانهەوێ هۆکارەکانی ناڕەزایەتیی خەڵکی سووریە وەک فاکتەری سەرەکی ببینن، بەڵکوو وەفادارنەبوونی هێزە نیزامییەکانی ئەسەد بە هۆکاری سەرەکی دەزانن. هەروەک خوێندنەوەی پاشماوەی دەسەڵاتی پەهلەوی کە دانیشتنی گوادلۆپ و خۆڕادەستکردنی ئەرتەش وەک هۆکاری سەرەکیی نەمانی دەسەڵاتیان دەزانن. هەموو دیکتاتۆرەکان و کۆماری ئیسلامییش یەک لەوان بەباشی دەزانن کە کار گەیشتە ئەم قۆناغە هەرچی ویستی خەڵک لە سیاسەتەکانیاندا ڕەچاو بکەن، هەر بەو ئەندازەیە و زیاتریش کۆمەڵگە ڕادیکاڵتر دەبێ و ئەگەری ڕووخانیان هەڵدەکشێ، بۆیە تاقەڕێگەی بەردەمیان سەرکوتی زیاتر و پەلەقاژەیەکی زۆرترە، کە بەدڵنیاییەوە ئەم ڕێگەیەش نایانگەیەنەتە شوێنی مەبەست و ئاکامەکەی لە ئێستاوە ڕوونە چی و چۆن دەبێ.

**٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# شکستی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە وەک دەرفەتێک بۆ ئۆپۆزیسیۆن




**سمایل شەرەفی**

دۆخێک کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوچەکە تووشی هاتووە، ڕەنج بە خەساربوونیەتی لە هەوڵێکی دەیان ساڵەی هەمەلایەنە کە لە بانگەشەی "ناردنە دەرەوەی شۆڕش"ەوە دەستیپێکرد، بە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هیلالی شیعی و خەیاڵی دابینکردنی قووڵایی ئیستراتێژی لە وڵاتانی دەوروبەری درێژەی پێدرا. کۆماری ئیسلامی لە پێناو ئەو مەبەستانەی بە پێکهێنانی تاقم و گرووپی چەکدار لە وڵاتانی ناوچەکە، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و بەفیڕۆدانی سەدان میلیارد دۆلار لە سەرەوەت و سامانی خەڵکی وڵات، تا ڕادەیەکی زۆر هێژموونیی خۆی بەسەر ناوچەکەدا سەپاندبوو کە ئەمە بۆ ڕێژیم لە کێشە و پێوەندییە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیدا قورسایی و کارت بوون بۆی.

دوای ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ی زایینی و پێکهێنانی بزووتنەوەی مقاومەی ئیسلامی(حەماس) و حیزبوڵڵا لە لوبنان و، لە کۆتاییدا کەوتنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد لە سووریە، کۆتایی بە هێژموونیی دەیان ساڵەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە هات.



سەرچاوە
Serchawe

ئەم دۆخەی کۆماری ئیسلامی جیا لەوەیکە شوێنەواری جۆراوجۆری سیاسی لە ناوچەکە داناوە، بێگومان کاریگەریی بێئەملاوئەولای لەسەر خودی پێکهاتەی ڕێژیم، بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی نێوخۆی وڵات و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیش داناوە و دادەنێت. ئەم کاریگەرییانە کە دەکرێ لە هەردوو گۆشەنیگای هەرەشە و دەرفەتەوە سەیرێ بکرێ، لە ڕوانگەی بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلانی ئێرانەوە زیاتر ئەرێنی و هیوابەخشن.

لەم وتارەدا زیاتر سەرنج دەخەینە سەر کاریگەرییەکانی ئەم شکستەی کۆماری ئیسلامی لەسەر بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و لە دەلاقەی دەرفەتەوە سەیری مەسەلەکە دەکەین.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد هەرچەند عەلی خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیم لە سێ دەرکەوتنی جیاوازدا هەموو هەوڵێکی ئەوە بوو کە وا نیشان بدات کە هیچی لێ نەقەوماوە، بەڵام ناتوانێ دەرک بە شکست و داتەپینی ڕێژیمەکەی لە ناوچەکەدا نەکات و ئەم دانپێدانانەمان لە زۆرێک لە بەرپرسانی دیکەی ڕێژیمەوە بینی. کە ئەمەیان بۆ خەڵکی وڵات هەم خۆشە و هەم هیوا بەخشە. بە وتایەکی دیکە، ئێستا گەلانی ئێران باش دەزانن کە کۆماری ئیسلامی ئەو هێز و دەسەڵاتە نیە کە چەندین ساڵە خۆی پێوە ڕادەنێ و زۆر چاک لەوەش گەیشتوون کە کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆرێک لەو کارتانەی لە دەست داون کە لە ئاستی ناوچەکە و نێودەوڵەتی‌دا کایەی پێ دەکردن و گوشاری پێ دەخستنەسەر.

لە ئاستی نێوخۆییشدا خەڵک ڕۆژانە بە چاوی خۆیان دۆخی لەرزۆک و پڕ لە قەیرانی ڕێژیم دەبینن و زیاتر لە هەمیشە هیوایان لەسەر نەمانی ئەو ڕێژیمە و گەیشتن بە ژیانێکی سەربەرزانە هەڵچنیوە. خەڵک لە دەرفەتێک دەگەڕێ کە یەکگرتووانە، بە هێزێکی قایم و یەکانگیر، بە بەرچاوڕوونی لە داهاتووی هەوڵ و تێکۆشانەکانیان و دڵنیابوون لە گەیشتن بە داهاتوویەکی دڵخواز، ئیرادە بنوێنن و بۆ هەمیشە کۆتایی بەم ڕێژیمە بێنن.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی ئەم ڕۆژانە دوای قسە و باس لە دۆخی شپرێوی کۆماری ئیسلامی، زۆرترین سەرنجی دەخرێتە سەر و وەک زەروورەتێک قسەی لەسەر دەکرێ، بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم و ڕۆڵ و دەور و نەخشە ڕێگەیان لە پێناو کۆتاییهێنان بە کۆماری ئیسلامی و وەڵامدانەوە بە هەموو ئەو دڵنیگەرانیانەیە کە خەڵک لە دۆخەکەی هەیە.

بۆیە هەلومەرجێک کە کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە تێیکەوتووە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە دوورەوە جارێ چاودێریی دەکەن، بۆ هێز و لایەن و کەسایەتییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرفەتێکی مێژوویی خوڵقاندووە. کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی سێ ساڵ پێش ئێستای، هیچ کارتێکی ئەوتۆی بە دەستەوە نەماوە کە ئەساسەن دانووستانێکی لەسەر

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

بەڕێوە ببات. ئەوەی هەیەتی بەرنامەی ناوکی و ئیدیعاکانییەتی کە وێدەچێ نە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزە و نە لایەنە ئورووپاییەکان، بە قەوانی ڕابردووی لەگەڵ بڕۆنە پێش. کەوابوو ئۆپۆزیسیۆن لەم هەلومەرجەدا دەتوانێ لەگەڵ زەقکردنەوەی کارنامەی پڕ لە شەڕ و ئاژاوە و تێرۆری کۆماری ئیسلامی و بەسەرنجدان بە دۆخی ڕێژیم لە ناوچەکە و نێوخۆی وڵات و چاوەڕوانییەکانی خەڵک، هەم لە ئاستی نێونەتەوەییدا ئیدیعای نوێنەرایەتیی خەڵک بکات و هەم لە ئاستی نێوخۆییدا کار لەسەر یەکخستنی هێزی خەڵک و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکانیان لە داهاتوو بکات.

ئەوەی تا ئێستا لە جموجۆڵ و هەوڵی بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەبیندرێ، لەگەڵ ئەوەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ بەتایبەت لەسەر ئاستی کەسایەتییە سیاسی و ئاکادمییەکان دەنگیان بەرزتر و ڕوونتر لە جارانە و ئازایانە باس لە کۆتاییهاتنی کۆماری ئیسلامی و تێپەڕین لەم نیزامە دەکەن، بەداخەوە هێز و لایەنە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات بە ئاشکرا جموجۆڵێکی ئەوتۆیان لێ نابیدرێ.

خەڵکی وڵات و زۆرێک لە کەسایەتییەکانی دژبەری ڕێژیم لە نێوخۆی وڵات و تەنانەت هێز و لایەنە دیار و نادیارەکانی مخالفی ئەم ڕێژیمە لە نێوخۆ کە بەداخەوە بە هۆی سیاسەتی سەرکوتەوە، دەرەتانی خۆدەرخستن و مەیدانداریی نەبووە، زیاتر لە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات هەستیان بە قۆستنەوەی ئەو دەرفەتە مێژووییە کردوە کە هاتۆتە پێشێ، کە ئەمەش لە خۆیدا لەگەڵ ڕەخنە لە ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوەی وڵات، دەکرێ دڵخۆشکەر و هیوابەخش بێت.

ئەوەندەی پێوەندیی بە حیزب و لایەنەکانی کوردستانەوە هەبێت وەک بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم، زیاتر دەبێ وریای بارودۆخەکە بن و خۆیان بۆ هەر ئەگەرێک ئامادە بکەن. بە خۆشییەوە هەستکردن بە زەروورەتی گواستنەوەی دەرفەتەکان و پێکهێنانی جۆرێک لە یەکریزی بۆ کاری هاوبەش لەنێو حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا دەبیندرێ و کاری لەسەر دەکرێ.

بەگشتی وەک زۆر جاری دیکەش ئاماژەی پێکراوە و زۆریشی لەسەر نووسراوە و وتراوە؛ یەکێک لە سەرەکیترین کێشەکانی بەردەم هەنگاونان بۆ ڕووخانی ڕێژیم و دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ گەلانی ئێران، نەبوونی ئالترناتیڤ و جێگرەوەی ئەو ڕێژیمەیە کە درەنگ یان زوو – کە بە پێی هەموو لێکدانەوەیەک زۆری نەماوە – دەبێ بڕوات.

**١٠ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# کاوە ئاهەنگەری: نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی لە شوناسی نەتەوەیی بۆ جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەکان و دابەشبوونی خاکی کوردەکان بە سەر چوار جوغرافیای سیاسیدا دەگەڕێتەوە



دیمانە: شەهرام سوبحانی

## ئاماژە:

شوناسی نەتەوەیی لە هەست بە هۆگربوون بە خاک، کۆمەڵگە، بەهاکان و ئیدۆلۆژییەکی هاوبەش لە نێوان تاکەکان بیچم دەگرێت کە بەپێی تێپەڕبوونی کات بەهۆی چەندین هۆکارەوە خۆی دەنوێنێت. دەتوانین لەو هۆکارانە ئاماژە بە زمان، کەلتوور و نەریتە هاوبەشەکان بکەین کە لە کۆتاییدا هەست بە بەستراوەیی و وەفاداریی بە خاک بکەن و هەروەها لە هاوپێوەندی، یەکگرتوویی، یەکیەتیی و بەهێزکردنی بەها و بیرۆکە هاوبەشەکان لە کۆمەڵگەیەکدا کارا بکرێنەوە. لەم وتووێژەدا لەگەڵ پرسیارگەلێک وەکوو؛ شوناس چییە؟ و شوناسی نەتەوەیی چۆن بیچم دەگرێت؟ داگیرکەرانی کوردستان لە چ ڕێگەیەکەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی کوردەکان دەدەن؟ بۆچی ئێمەی وەک نەتەوەی کورد هەتا ئێستا پێناسەیەکی گشتیمان لە شوناسی نەتەوەیی نەبووە تاکوو لە ئاکامدا یەکیەتیی و هاوپێوەندی نێوان ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان مسۆگەر بکات؟ ڕووبەڕوو دەبینەوە و بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وتووێژێکمان



سەرچاوە Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**دەبێت لەگەڵ بەڕێز کاوە ئاهەنگەری، شرۆڤەکاری سیاسی.**

**شەهرام سوبحانی: کاک کاوە سپاس لەوەی بۆ بەشداریی لەم وتووێژەدا ئامادەیی خۆتان دەربڕی سەرەتای وتووێژە بەوەوە دەست پێ دەکەین، شوناس چییە و شوناسی نەتەوەیی چۆن بیچم دەگرێت؟**

**کاوە ئاهەنگەری**: شوناس کۆمەڵێک لە تایبەتمەندییەکان، باوەڕ، تایبەتمەندییە کەسیەتییەکان، ڕواڵەت و تەنانەت واتاییەکانە کە تاکێک یان گرووپێک بە یەکتر دەناسێنێت و لە یەکتر جیایان دەکاتەوە. شوناسی نەتەوەیی کۆمەڵە جۆراوجۆرییەکە کە ڕەوتی زەمەندا هێما و توخمی پێکهێنەر و شوناسی نەتەوەیەک پێک دێنێت. لە ڕوانگەی ڕەگەزناسییی وشەوە چەمکی"شوناس" لە ناوی لاتینی identitas وەرگیراوە کە جەخت لە وێنای زەینی تاکێک لە خۆی و "یەکسانی ئەوان لەگەڵ کەسانی دیکە" دەکاتەوە. بەپێی ئەو پێناسەیە شوناسی نەتەوەیی بە بوونی وێنایەکی زەینی هاوبەش نێوان خەڵکانێک کە خاکێکی هاوبەشیان هەیە، پێناسە دەکرێت. شوناس چەندین ڕوانگە و تایبەتمەندیی جیاواز وەکوو، شوناسی کاری، ئایینی، نەتەوەیی، قەومی یان نەژادی، ڕەگەزی، خوێندن، تۆرەمە و شوناسی سیاسی و هی دیکەی هەیە.

**شەهرام سوبحانی: داگیرکەرانی کوردستان لە چ ڕێگەکەوە هەوڵی سڕینەوەی "شوناسی نەتەوەیی کوردەکان" دەدەن؟**

**کاوە ئاهەنگەری**: لە یەک سەدەی ڕابردوودا داگیرکەرانی کوردستان زیاتر لە دوو ڕێگەی سەخت ئامێر و نەرم ئامێرەوە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ شوناسی نەتەوەیی داوە. بەو واتایە بە بەرهەمهێنانەوە لە بواری کەلتوورییەوە، دەیهەوێت بە دەوڵەمەندکردن و پەرەپێدانی کەلتووری خۆی، لەسەرەوەبوون و کارابوونی کەلتوور و شوناسی خۆی بە سەر ژینگەی گشتی، تاکەکان و منداڵاندا بسەپێنێت، بە واتایەکی دیکە شوناسی خۆیان بەسەرەوەتر لە شوناسی کورد لەقەڵەم داوە. لە لایەکی دیکەوە بەهۆی بێبەشبوونی شوناس و کەلتووری کورد لە بەرهەمهێنانەوە و پەرەپێدان، بە تێپەڕبوونی کات نەوە و وەچەکانی داهاتووی ئەم نەتەوەیان وا تێگەیاندووە باوەڕیان بە ناکارامەیی و بێ نێوەرۆکی شوناس و کەلتووری خۆیان بکەن. بەو پێیە لە لایەک بە بەرهەمێنانەوەی ماکی و ئاوەزی لە پێوەندی بە شوناس و هۆکارە کەلتوورییە ناکوردییەکان و لەلایەکی دیکەوە داگیرکەرانی کوردستان کوردەکانیان لە بواری پەرەپێدان بە کەلتوور، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ئەدەبی بێبەش کردووە و بەردەوامیی ئەو سیاسەتە بیرۆکەی لەخۆ بێگانەبوون، هەڵاتن لە شوناسی خۆیی و ناکارامەییبوونی کەلتووری کوردی لە ژینگەی تاک و کۆمەڵگەی کوردستاندا زاڵ کردووە.

**شەهرام سوبحانی: ئێمە وەکوو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت چۆن دەتوانین شوناسی نەتەوەیی خۆمان لە بەرامبەر داگیرکەراندا**



سەرچاوە
Serchawe

بپارێزین؟

**کاوە ئاهەنگەری**: بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی ڕێگە و شێوازی زۆر هەیە بەڵام پێش لە هەموو کارێک بۆ ئەوەی جێبەجێکردنی هەر هەوڵێک لەو بوارەوە ئەرێنی بێت مەرجێک هەیە، ئەویش بوونی هێمای ڕۆشنبیری، عەقڵ و زانستییە بەنسیبەت ئەو بابەتەوە. بۆ نموونە ئەگەر دەوڵەتی کوردیش دابمەزرێت بەڵام ستراتیژی و پلانێکی تۆکمە و گشتگیرمان لەو بوارەوە نەبێت ئەوا سەرکەوتنی دەوڵەتی کورد بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەیی کورد مسۆگەر و سەرکەوتوو نابێت. ئەگەر وای دابنێین ڕوانگەی عەقڵانی و زانستی لەمەڕ بوونی مەترسی لە سەر شوناسی نەتەوەیی کوردەکان هەیە، ئەوا بە باوەڕی من ئەو خاڵانە دەتوانن لە هاوکاریی بەو ڕوانگە گرنگ و شوێندانەر بن یەکەمیان: هەوڵدان بۆ شکستپێهێنان بە دەسەڵاتی ناوەندگەرا "سەنتەراڵیزم" بە مەبەستی دابینکردنی خودموختاری بۆ بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی شوناس و کەلتووری خۆیان لەو وڵاتەدا، هەڵبەت ئەو خاڵە لە کاتێکدا دێتە بەرباس کە هەلی دامەزرانی دەوڵەتی کوردی نەڕەخسا بێت. دووهەم: کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانی پێوەندیی هەنووکەیی بۆ پەرەپێدانی توخمی پێکهێنەری کەلتووری و شوناسی کوردی، بۆ نموونە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە بەستێنێکی باش و بەکەڵکە لەو بارەوە. سێهەم: پێوەندیی نێوان کەلتوورە جۆراوجۆرەکانی زاگرۆس کە زاراوە و بەرەی جیاوازی تێدایە. چوارەم: بەڕێوەبردنی فێستیواڵ و ڕێوڕەسمە هاوبەشەکان و بەشدارپێکردنی تەواوی ئەندامانێک کە شوناسی نەتەوەییان تێدایە و لە کۆتاییدا ئەزموون وەرگرتن لە مێژووی نەتەوەکانی دیکە لەو بوارەوە.

**شەهرام سوبحانی**: بە بڕوای ئێوە حیزبەکانی کوردستان لەو بوارەوە چ ڕۆڵێکیان بووە؟

**کاوە ئاهەنگەری**: حیزبەکانی کوردستان بەهۆی ئەوەی لە ئێراندا ناتوانن لە ڕێگەی یاساییەوە چالاکی بکەن، هەموو حیزب و ڕێکخراوەکان لەلایەن داگیرکەرانەوە بە نایاسایی لەقەڵەم دراون بۆیە بەپێی ئەو حیسابە بێت ئیمکانی ڕووبەڕووبوونەوە و هەڵسوکەوتی سروشتی و ڕۆژانەیان لە پێوەندی لەگەڵ ئەو بابەتە گرینگەدا نەبووە و نییە، بەڵام بەشێک لە ئامانجەکانی خەباتی حیزبەکانی کوردستان بە کەلتوور و شوناسی نەتەوەییەوە گرێ دراوە، پێداگری و ڕەچاوکردنی خواستی کەلتووری و شوناسی نەتەوەیی بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە خەباتی حیزبە کوردستانییەکان. وەکوو نموونە زمان کە یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی شوناسی نەتەوەییە، بەستێنی خەباتی حیزبە کوردستانییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک دێنێت. ڕێزلێنان و بەرزڕاگرتنی زمانی کوردی لە ڕاستیدا خەبات بۆ پاراستنی شوناسی نەتەوەییە.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی: بۆچی هەتا ئێستا ئێمەی کورد نەمانتوانیوە پێناسەیەکی گشتیمان لە شوناسی نەتەوەیی هەبێت تاکوو لە ئاکامدا یەکیەتیی و هاوپێوەندیی نێوان تەواوی ڕەوتە سیاسییەکانی کوردستان مسۆگەر بکات؟**

**کاوە ناهەنگەری**: پرسیارێکی باشە، هۆکاری ئەوەی هاوپێوەندی و یەکیەتییمان نییە دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی ڕوانگەی و شێوەی تێڕوانینیمان بۆ بابەتەکە. ئەگەر هۆکاری ئێمە ئەوەیە کە هەتا ئێستا خاوەنی ئاوا هاوپێوەندی و یەکیەتییەکی پێویست نین یەکێک لە هۆکارەکانی دەتوانین ئاماژە بە نەبوونی هێما و لێک تێنەگەیشتنی هاوبەشە لە کۆمەڵگەی دەوروبەر و دەردی هاوبەشمانە. شوناسی نەتەوەیی هۆکاری یەکیەتییە، لە ڕاستیدا کۆدی ڕەفتاریی و هۆکاری کردەوە و دژکردەوەی ئێمەیە لە ژیانی کۆمەڵ و تاکەکەسیدا. ئێمە کاتێک ئاماژە بە نەبوونی هاوپێوەندی و یەکیەتیی دەکەین بە واتای ئەوەیە هێشتا ئێمە ڕێوشوێنی واتایی، هێمایی و ڕەفتاریی یەکیەتییمان نییە، هەر بەو هۆیەوە پێش هەموو شتێک پێویستمان بە "پێکەوە کارکردن"، لەگەڵ یەک قسەکردن، یەکتر ناسینی قووڵ و ورد هەیە. لە سەر ئەو بڕوایەم کە شوناسی کوردی کۆمەڵێک جۆراوجۆری و جیاوازیی لەخۆ دەگرێت. بەڵام بەهۆی نەبوونی دەوڵەتیی کوردستانی، دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانیش کەرەستە و ناوەندی پێویستیان بۆ پەرەپێدان و بڵاوکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی دابین نەکردووە، بۆیە نەبوونی پێناسەیەکی گشتیی لە شوناسی نەتەوەیی لە نێوان کوردەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە لایەک جۆراوجۆری ئایینی، زاراوەیی و دابەشبوونی خاکی هاوبەشی کوردەکان بە سەر چوار جۆغرافیای سیاسیی بێگانە و ناکوردیدا، لە لایەکی دیکەوە نەبوونی ڕەوتێکی بەهێزی ڕۆشنبیری و ڕێکاری کەڵکوەرگرتن لە کەرەستە پێوەندییە هەنووکەییەکان بە مەبەستی نزیکیی زۆربەی کوردەکان لەگەڵ یەکتر و گەیشتن بە لێک تێگەیشتنی هاوبەش لە شوناسی هاوبەشی خۆیان دەگەڕێتەوە.

**شەهرام سوبحانی: پێویستیی ناساندنی شوناسی نەتەوەیی بە منداڵان لە چیدایە؟ ئایا ئەو هەوڵە لە جۆغرافیای داگیرکراوی کوردستاندا ڕێگە پێدراوە؟**

**کاوە ناهەنگەری**: منداڵانی ئەمڕۆ بەڕێوەبەران و کاربەدەستانی داهاتوون، چۆنیەتی پەروەردە و هەوڵی ئێمە لە ئێستادا بۆ پەروەردەی منداڵانمان لەو بارەوە، بەرهەمەکەی لە بەڕێوەبەریی و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەوان لە داهاتوودا خۆی دەنوێنێت، ئەگەرچی کەرەستەی پەروەردەیی فەرمیی وڵاتی ئێران لە ڕاستای پەروەردەی سروشتیی شوناسی کوردەکان نییە. بەڵام بەپێی ئەو پێناسەیە دەرفەتگەلێک کە لە سەردەمی دیجیتاڵ و بیری دەسکرددا بۆ ئێمە دابین بووە و دەتوانین بەشێک لەو نادادپەروەری و پێشێلکراوی مافەکانمان قەرەبوو بکەینەوە. بۆیە پەروەردەی منداڵان لەنێو ماڵدا لە ڕێگەی دایک و باوک و بەخستنەڕێی ڕێگە و شێوازی پەروەردەیی لەو بوارەوە دەتوانێت بەشێک لەو کەموکۆڕیانە قەرەبوو بکاتەوە.



سەرچاوە Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی**: ئێوه وەکوو کارناسێکی کۆمەڵناس چ ڕێکارێک بۆ پاراستنی "شوناسی نەتەوەیی" پێشنیار دەکەن؟

**کاوه ئاهەنگەری**: پێش هەموو شتێک ئێمه له هەمبەر بوونی شەڕێکی نەرم دژی شوناسی نەتەوەیی کوردەکان دەبێت ئاگا و هوشیار بین، به واتایەکی دیکه فەلسەفەی بوونی ڕێژیمێکی داگیرکەر له ئێراندا له دژایەتیکردنی شوناسی نەتەوەیی کورددا خۆی دەبینێتەوه، ڕێوشوێنی کەلتوور و شوناسی ئەو ڕێژیمه بەر سەر دوو کۆڵەکەی شێعه - فارسییەوه ڕاوەستاوه. بەو هۆیەوه توانایی پێڕاگەیشتن به شوناسێک بێجگه له دوو کۆڵەکەی شێعه - فارسی بۆ ڕێژیم نه تەنیا ڕێگه پێدراو نییە، بەڵکوو دەتوانێت لەنێوچوونی و کوژرانی به دواوه بێت. به زمانێکی دیکه برەودان به شوناسی شێعه - فارسی به واتای دژه ژەهرێکه بۆ مانەوه و جێگرکردنی شوناس و کەلتووری ڕێژیم له زەینی منداڵەکانی ئێران له داهاتوودا، هەر بۆیه ڕێژیم گرینگی به شوناسی نەتەوەکانی دیکه نادات. هەر ئەوەی که له پرسیاری پێشوودا ئاماژەم پێ کرد بۆ بەرێخستنی ڕەوتێکی ڕۆشنبیریی بەهێز، خوێندنەوه، بەرهەمهێنانەوه، خۆنوێکردنەوەی سروشتیی شوناسی نەتەوەیی، کەڵکوەرگرتن له کەرەسته و ئامێری پێوەندییه گشتییەکان، کەڵکوەرگرتن له ئەزموونی نەتەوەکانی دیکه و هەتا دواتر دەتوانێت له پاراستنی شوناسی نەتەوەیی خۆیان هەنگاوێک بۆ پێشەوه هەڵبێننەوه.

**شەهرام سوبحانی**: کاک کاوه سپاس لەوەی کاتتان دانا بۆ ئەم وتووێژه

**کاوه ئاهەنگەری**: تکایه، سپاس بۆ ئێوەیش هاوڕێیانی بەڕێز له ڕۆژنامەی کوردستان، سەرکەوتوو بن.


**١٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە
Serchawe

# زرمەی پێی فاشیزم لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا



هەردی سەلیمی

پێناسەی "فاشیزم" لە چەمکە سیاسییەکەیدا هەڵگری چەند واتایە و خاوەنڕایان لەم بارەوە زۆر کۆک نین و هەندێکیان دەیگشتێنن و هەندێکیشیان بەرتەسکی دەکەنەوە، بەڵام پێناسەیەکی گشتی بۆ فاشیزم ئەوەیە تێئۆرییەکی سیاسیی ڕاستی توندئاژۆیانە و ناوەندگەرایە کە پاڵپشتی لە دەسەڵاتێکی بەهێز دەکات. فاشیزم لە واتا گشتێنراوەکەشیدا دەتوانێ بریتی بێ لە هەر جۆرە بیر و بیرۆکەیەک کە نەیارانی خۆی سەرکوت بکات و بیانسڕێتەوە و دووانەی "من/ ئەویدی" دروست بکات، هەر لەم ڕووەوەیە زۆر جار دەبیستین فاشیزمی مەزهەبییش بەکار دەهێنرێ، نەتەنیا هەر فاشیزمی نەتەوەیی.

بەدوای شەڕی ماڵوێرانکەری دووەمی جیهانییەوە هەتا نزیک بە نیوسەدە بیرۆکەی فاشیستی بەتایبەت لە وڵاتانی پێشکەوتوو ڕووی لە کزی دا، لە سەدەی بیستویەکدا کە چاوەڕوان دەکرا جیهان بەرەو ئاشتەوایی و شارستانییەتێکی زیاتر هەنگاو بنێ، پێشبینییەکان ڕاست دەرنەچوون و بەتایبەت لە دەیەی دووەمی ئەم سەدەدا بیری فاشیستی و شۆڤینیستی گەشەی کردووە و زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتووەتەوە. ئەم بیرۆکە بەرچاوتەنگە لەم ساڵانەی دواییدا لە وڵاتی ئێرانیش سەری هەڵداوەتەوە و ڕێکخراو و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان بەچڕی خەریکن کاری بۆ دەکەن.



سەرچاوە
Serchawe

بیرۆکەی فاشیزم لەو بیرۆکانەیە کە زۆربەی کاتەکان بەدوای شکست و سەرنەکەوتنەکان و بێهیواییی کۆمەڵگە سەر هەڵدەدا و لەم نێوەدا کەسانێک بە مەبەستی دیاریکراو و بە کەڵکاوەژۆوەرگرتن لە هەستی برینداری خەڵکانێک و هەروەها بە پرۆپاگاندای پۆپۆلیستی سەرنجی کەسانێک بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن، وەک ئەو نموونانەی وا لە ئاڵمانی دوای شەڕی یەکەمی جیهانی بینیمان، کە پێشوازییشی لێکرا. فاشیزم بەنەرمی دێتە مەیدانەوە و لە زۆربەی کاتەکاندا گەر چاو و گیانێکی هەستیار نەبێ، هەستی پێناکرێ؛ پرۆپاگاندا و بانگەشەی سیاسی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە سڕینەوەی وشیاری و بێداریی ویژدانی کۆمەڵگەی جیهانیدا دەگێڕێ، بۆیە پێویستە ڕەسالەت و بەرپرسیارەتیی سەرەکیی میدیا کە ئاگایی‌بەخشین لە پێناوی گەیشتن بە بەختەوەریدایە، بگەڕێتەوە و هەوڵ و تەقەلای بانگەشەکەرانی داگیرکاری و سڕینەوە، پووچەڵ بکرێتەوە. لە سەردەمی ئێستادا هێرشی ڕووسیە بۆ سەر ئۆکراین، داگیرکاریی ئیسرائیل، بیرۆکەی بووژانەوەی ئیمپراتۆریی عوسمانیی ئەردۆغان، پەلهاویشتنی تاران بۆ داگیرکردنی چەندین پێتەختی وڵاتانی ناوچە لە ساڵانی دواییدا، هەڕەشە و تەماحی بەردەوامی چین بۆ سەر تایوان و... هەموو نیشان لە داگیرکاری و فاشیزمێکی نوێن، کە هەمووشیان بە پاساوی سەردەمیانە و ناوی جۆراوجۆرەوە لەبەر چاوی جیهاندا جێبەجێ دەکرێن.

کاتێک کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی سپای قودسەوە لە وڵاتانی ناوچەدا تەراتێنی دەکرد، تەنانەت هەستی ئافەرین‌بێژیی بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمیشی هەڵخڕاندبوو و پێیانوابوو دیسان ئیمپراتۆریی هەخامەنشییان بۆ زیندوو دەبێتەوە، واتە بێئەوەی بیر لەوە بکەنەوە ئەو ڕێژیمە لە ڕێی تێرۆریزمی دەوڵەتییەوە خەڵکی بێتاوانی ئەو وڵاتانە لە خوێن دەگەوزێنێ، کەسانی وەک ئەردەشیری زاهیدی، زاوای شا و وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی پێشووی ئێران، چەپڵەیان بۆ قاسمی سولەیمانی لێدەدا و هیوای سەرفرازییان بۆ دەخواست، بۆ؟ لەبەر ئەوەی بە گومانی ئەوان لەو ڕێگەیەوە ناوی ئێران بەرز دەبۆوە!

بۆیە بەخۆڕایی نییە کە دروشمی وەک "دەرکردنی ئەفغانستانی داواکاریی میللییە" دەبێتە ترێند، یا لەیبڵی "تجزیه‌طلبی" لە کورد و بەلووچ و عەرەب لێدان بۆ ئەوەی سەرکوت بکرێن، لەخۆڕا سەری هەڵنەداوە، بەڵکوو بیرۆکەی شۆڤێنیستی و سڕینەوەی جیاوازییەکانی لە پشتە. نوێترین کرداری نارەوای ئەم کۆمەڵە کەسە بێڕێزیکردن بە گۆڕی نووسەری گەورە "غلامحسین ساعدی" لە پێرلاشیزی فەڕانسە بوو، کە تەنیا هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕاوە، ساعدی نووسەرێکی دژی دەسەڵاتی ئیستبدادیی پەهلەوی بوو.

فاشیزم هەوڵێکە بۆ سەرکەوتن بەسەر مرۆڤایەتیدا و لەنێوبردنی هەرچەشنە جۆراوجۆرییەک و یەکدەستکردنی کۆمەڵگە، ئێستا زرمەی پێی فاشیزم لە گۆڕەپانی سیاسەتی ئێراندا بەرزتر لە هەر کاتێک دێتە گوێ، هەموو کەسایەتی و ڕێکخراوە

بەفرانباری ٢٧٢٤

سیاسییە دێموکرات و پێشکەوتووەکان لەسەریانە لە بەرامبەر ئەم بیرۆکە بەرچاوتەنگ و کوشندەیەدا ڕاوەستن و هەڵوێستی ڕوونیان هەبێ. کارەسات کاتێک ڕوو دەدا کە چاودێرانی سیاسی، کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی سیاسی نەتوانن ڕۆڵگێڕانی سیاسیی سەردەمی خۆیان بناسن و بوارڕەخساندنەکانیان نەبینن یان بە بیانووی ئەوەی پێیان ناگرنگ بێت، چاوپۆشی لە ئاکاریان بکەن. پرسی دێموکراسی و مافی مرۆڤ بۆ دواخستن نابێ و بە بیانووی یەکڕیزییەوە نابێ، هەموو کێشەکان بۆ دواڕۆژ بمێنێتەوە و ئەمڕۆ هەڵوێستی ڕوونیان لەسەر نەگیرێ.

١٥ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# بەرزبوونەوەی نرخی ژیان بە نرخی مانەوەی ڕێژیم



شەماڵ تەرغیبی

نرخی دۆلار لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە چەند قۆناغی جیاواز لە بازاڕەکانی ئێراندا پاش ڕووخانی دەسەڵاتی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە هەڵکشانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە. بەرپرسانی ڕێژیم هەتا ئێستاش یان خۆیان لە وەڵامدانەوە بە هۆکارەکانی دزیوەتەوە، یان هۆکاری دابەزین و داشکانی نرخی تمەنیان بۆ پرسگەلی وەک نەهاتنی دراوی بیانی و کەمبوونەوەی ڕێژەی هەناردەکردن گەڕاندۆتەوە. بەڵام کارناسانی ئابووری پێیان وایە سزای سەر کەرتی نەوت و هەناردەی ئێران وای کردوە کە دۆلار لە بازاڕی ئێراندا کەم ببێتەوە و چیتر دەستی کۆماری ئیسلامی ئاوەڵا نییە بتوانێ بەهای دراوی تمەن جێگیر بکات.

جیا لە کەمیدانی دۆلار لە دەستی ڕێژیمدا ئەو کۆمپانیانەش کە شمەکی غەیرەنەوتی هەناردە دەکەن، دراوەکەیان کە زیاتر دۆلارە لەبەر دوو هۆکار ناگەڕێننەوە بۆ نێوخۆ: یەکەم بە قازانجیان نییە، دووهەم بەهۆی بەربەستەکانی گواستنەوەیە. خەڵکیش ڕوویان کردووەتە کڕینی دۆلار، چونکە بەهاکەی جێگیرە، بەمجۆرە خواست لەسەر دۆلار بەردەوام زیاد دەکات و

تمەن و دۆلار کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی خواست و خستنەڕووی دراوەوە. دۆلار زۆر کەم بووەتەوە لە بازاڕی ئێراندا و خواست لەسەری زۆر بووە، بە پێچەوانەوە خواست لەسەر تمەن کەمە و خستنەڕووی هەر زۆر دەبێت (کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی هەڵاوسان). ڕوونە هەتا ئەم ڕەوتەش بەردەوام بێت، بەهای تمەن هەر کەم دەبێتەوە. لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەشدا دەبینین کە نرخی هەڵاوسان لە ئێراندا بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەچەشنێک کە دەتوانین بڵێین لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەهۆی زیاترکردنی سزاکانی سەر ئابووریی ئێران و ئەو کێشە بنەڕەتییانەی کە لە ئابووریی ئێراندا هەن وەک ئابووریی دەوڵەتی و بەڕێوەبردنی لاوازی ئابووریی، کەرتی بەرهەمهێنانی شمەک لاواز بووە.

ئەگەر سەیری ڕێژەی گەشەسەندنی ئابووری ئەم چەند ساڵەش بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە ڕێژەکە لە خوارەوەی سفر بووە، ئەمەش بە واتای لاوازیی کەرتی بەرهەمهێنان و کەمبوونەوەی بڕی شمەک و خزمەتگوزارییە. لەلایەکی دیکەوە، بڕی نەختینەیی هەتا دێت هەر زۆر دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە حکوومەت هیچ ڕێگەچارەیەکی بۆ نەماوەتەوە، تەنیا لە ڕێگەی بانکی ناوەندییەوە بەبێ‌دەنگی پارە لە چاپ دەدات. واتە لە نێوان شمەک و ڕێژەی زۆربوونی نەختینەییدا هاوسەنگیی نییە. ڕێژەی شمەک کەمە، لەبەرامبەریدا بڕی نەختینەیی زۆرە، بەمەش نرخی کاڵا و بەرهەمەکان هەر هەڵدەکشێت. کە نرخ هەڵدەکشێت کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەموو گۆڕاوە ئابوورییەکانی تر دادەنێت کە یەک لەوان پارەیە کە ئەوەندی تر لاوازی دەکات. هەتا ئەم ڕەوتەش بەردەوام بێت، نرخی شمەک و خزمەتگوزاریی هەر هەڵدەکشێت. هەر ئەم هەڵاوسانەیە کە بەهای تمەنیش کەم دەکاتەوە و هەردوولا کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە.


بوونی هەڵاوسانیش ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر لایەنی خۆراکی بە تایبەتی چینی کەمداهات و دواتر چینی مامناوەند دادەنێت. بەشی زۆری داهاتی خەڵکی کەمداهات بۆ خۆراک تەرخان دەکرێت، بۆیە بوونی هەڵاوسان فشارێکی زۆر لەسەر ئەم لایەنە گرینگەی ژیانی هاووڵاتیان دادەنێت. واتە هەڵاوسان هێزی کڕینیان کەم دەکاتەوە، بۆ نموونە، ئەگەر ساڵی ڕابردوو کیلۆیەک گۆشتی مریشک بە ٥٠ هەزار تمەن بوو، ئێستا بە ١٠٠ هەزار تمەنە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە داهاتی هاووڵاتییان هەر وەک خۆیەتی، بەڵام نرخی شمەک گران بووە، واتە بە پارەیەکی زیاتر شمەکی کەمتری پێ دەکڕدرێت. خەڵک باش ئەمە دەزانێ کە گرانیی هێزی کڕینیانی لە کەمی داوە و فشارێکی زۆری خستووەتە سەریان. هەر ئەم هەڵاوسانە هەڵکشێنەش ژمارەی چینی نێوەڕاستی کەم کردووەتە و کردوونی بە چینی هەژار، ئەو مووچەی وەری دەگرن بڕەکەی ناگۆڕێ، بەڵام نرخ دەگۆڕێت، واتە بەرەبەرە ژمارەی چینی هەژار هەتا دێت زیاتر دەبێت. لایەنێکی دیکەی هەڵاوسان ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە سەر وەبەرهێنان دادەنێت، چونکە تێچوو پێشبینیی ناکرێت و سەر لە وەبەرهێنەر دەشێوێنێت، بۆیە لەم دۆخەدا وەبەرهێنان ناکرێت. ئەمانە تەنیا کاریگەرییە ڕاستەوخۆکانی هەڵاوسان بوون. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا دەبێ بڵێین ڕاستە کە دۆخی ئابووریی ئێران زۆر خراپە، بەڵام دەستی سپای پاسدارانی وەک سەرەکیترین مافیای ئابووریی

ئێران کورت نەکردووەتەوە.

سپای پاسداران ڕاستەوخۆ هەزاران یەکە و کۆمپانیای ئابووری هەیە و لە پاڵ کاری سیاسی، ئەمنییەتی و عەقیدەتیدا کاری ئابووری و بازرگانیش دەکات. لەسەر چالاکییەکانی سپا هیچ ڕاپۆرتێک بڵاو ناکرێتەوە و بودجەکەشی نهێنییە، هیچ ڕاپۆرتێک نادات بەدەستەوە و ڕاستەوخۆ لە ژێر کۆنترۆڵی ڕێبەری ئەو ڕێژیمەدایە. هەتا ئێستاش بایی ئەوە پارەی لەبەردەستدا هەیە کە یارمەتی بە تۆڕ و دەستوپێوەندییەکانی لە ناوچەکەدا بدات. کەمبوون و زۆربوونی دەستێوەردانەکانی، بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئەو فشارەی کە لە دەرەوە لەسەری هەیە، بۆ نموونە، لە کوژرانی قاسم سلێمانییەوە خۆی لە ئامریکا دەبوێری و ئێستاش کە ئیسرائیل و دیارە لە چەند شوێنێکی داوە لەوانەیە بۆ ماوەیەک لە بەرامبەریدا پاشەکشە بکات، واتە خۆی مات دەکات و لە دەرفەت دەگەڕێ. ئەوە ڕادەی فشاری دەرەکییە کە بۆی دیاریی دەکات زێدەخوازییەکانی هەتا کوێ بن، نەک پارە، چونکە هێشتا پارەی هەیە. بەگشتی دەتوانین بەمشێوەیە کۆتایی بە باسکردنی ئەم کەتوارە بێنین کە دۆخی خراپی ئابووری زەمینەی لەناوبردنی دەسەڵاتی ڕەخساندووە و هیچکات بەقەد ئێستا زەمینەی لەناوبردنی کۆماری ئیسلامی لەبار نەبووە.

١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# ساڵی کۆڵنەدان




**ئاسۆ مینبەری**

**ساڵی ٢٠٢٤ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری و ڕووداوی جۆراوجۆر بوو کە ئەم دەسەڵاتەیان بەرەو لاوازییەکی ئێجگار زۆر برد. ڕووداوەکان بە جۆرێک بوون کە دۆخی ئەم دەسەڵاتە خۆسەپێنەیان لە بواری نێوخۆیی، ناوچەیی و نێونەتەوەییدا تووشی ئاڵوگۆڕ کرد و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ئەم ڕێژیمە دانا.**

**کۆماری ئیسلامی بە پێچەوانەی خواستی خۆی کە دەیویست زلهێزی ناوچەکە بێت و بە هەناردەکردنی ئینقلابەکەی، وڵاتانی ناوچە بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، ئێستا تووشی شکستێکی ستراتیژیک بووە کە خۆی بۆ کۆ ناکرێتەوە. ئەم شکستەی ڕێژیم، بەرهەمهاتوو لە کۆمەڵێک شکستی گەورە و بچووکی دیکەیە کە هەرکامەیان بە جۆرێک توانیویانە کاریگەرییان لەسەر دۆخی ڕێژیم هەبێ و بیگەیەننە ئەمڕۆ. بەردەوامیی ناڕەزایەتییە سێنفییەکان، قەیرانی وزە، پرسی حیجاب، بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار، نەمانی ڕەوایی، پرسە نێوخۆییەکانی دەسەڵات و بە دەیان بابەتی دیکە، بوونەتە هۆکار کە کۆماری ئیسلامی لە دەروونەوە تووشی داڕمان بێت و زۆریش ناخایەنێت کە ئەم داڕمانە هەموو دەسەڵاتەکە دەگرێتەوە. خۆ ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی هەوڵ دەدات وای بنوێنێ کە هیچ شتێک ڕووی نەداوە و دیسانەوە لەسەر لاقەکانی خۆی ڕادەوەستێتەوە، بەڵام**



سەرچاوە
Serchawe

بێگومان ئاماژەکان شتێکی دیکەمان پێ دەڵێن.

ساڵی ٢٠٢٤ بۆ کۆماری ئیسلامی ساڵێکی پڕ ڕووداو بوو. لە نەمانی ڕەوایی و پاڕانەوە بۆ ڕاکێشانی خەڵک بۆ سەر سندووقی هەڵبژاردنەکان هەتا کوژرانە گوماناوییەکەی ڕەئیسی و هاتنەسەرکاری پزشکییانی بەناو ڕیفۆرمخواز و لەنێوچوونی بەرەی مقاومەت و کەوتنە بەر ڕقی ئیسرائیل و بە دەیان ڕووداوی دیکە، وایان کرد کە ساڵی ٢٠٢٤ ساڵێکی سەخت بۆ کۆماری ئیسلامی بێت بەڵام پێشبینییەکان دەڵێن کە ئەمە دەسپێکە و ساڵانی داهاتوو خۆشتر دەبن!

کۆماری ئیسلامی لە دوای شکستهێنان لە بەرانبەر خەڵک لە بزووتنەوەی ژینادا، زۆر هەوڵی دا بە شێوەی جیاواز قەرەبووی شکستەکانی خۆی بکاتەوە و هەر بۆیە ڕێوشوێنی جیاوازی گرتە بەر و لەم ڕاستایەشدا بە دیاریکراوی ژنانی کردنە ئامانج. ڕێژیم هەوڵی دا بە گۆڕینی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی بۆ ژن، غەززە، ئازادی ئاراستەی پرسەکە بگۆڕێ، بە تەئیدی سەلاحیەتی ڕیفۆرمخوازێک هەوڵی دا خەڵک ڕاکێشی سەر سندووقەکان بکات و دواتریش بە هێنانەدەرەوەی ناوی لە سندووقەکان ویستی وای بنوێنێ کە ئەم دەسەڵاتە ڕیفۆرم هەڵدەگرێ و کاری بۆ دەکات. بەڵام دوابەدوای هاتنەسەرکاری پزشکییان و بە پێچەوانەی پروپاگەندەی سەردەمی هەڵبژاردنەکان، گوشارەکان بۆ سەر ژنان وەک کاتالیزۆری سەرەکیی شۆڕشی ژینا زیادی کرد. ڕێژیم لە چەند قۆناغی جیاوازدا، دەستی بە گەڵاڵەکردنی پرسی حیجاب کرد و هەر جارەو لەژێر ناوێک هەوڵی دا ستەمکارییەکانی بەرانبەر بە ژنان درێژە پێ بدات.

لە ڕاستیدا ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ژنانی نیشتەجێ لەو جۆگرافیایەی کە ئێرانی پێ دەوترێت، ساڵێکی سەخت بوو، ساڵێکی پڕ لە ئاڵنگاری کە لەژێر ناوی حیجاب بەڵام بە ئامانجی گەورەتر و بۆ دژایەتی لەگەڵ ژنان تێپەڕی. هەرچەند گەڵاڵەکانی ڕێژیم یەک لە دوای یەک شکستیان هێنا و خەڵک و بەتایبەت ژنان ملکەچی هیچ بڕیارێکی دەسەلات نەبوون، بەڵام ڕێژیم وازی نەهێنا و بە دەسبەسەرکردن و سەپاندنی سزای قورس بەسەر ژناندا، هەوڵی دا زیاتر لە جاران گوشار بخاتە سەر ژنان و ئازاریان بدات.

نموونەی بەرچاوی ئەم ئازارانە، سەپاندنی سزای قورسی بەندکران بۆ سەر ژنان، جێبەجێکرانی سزای قامچیی ڕۆیا حێشمەتی، دەرکردنی سومەیە ئەختەرشوومار، مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە کارەکەی و داخستنی چەندین شوێنی فەرهەنگی تەنیا بە بیانووی ڕەچاونەکردنی حیجاب و هەروەها سەپاندنی سزای لەسێدارەدان بۆ پەخشان عەزیزی و وریشە مورادییە. ئەگەرچی لەم ساڵەدا کۆماری ئیسلامی گوشاری زۆرتری خستە سەر ژنان بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەمەش هاواری ژنان بەرزتر لە جاران بوو. لە کوردستاندا کە خاڵی دەسپێکی شۆڕشی ژینا بوو، ژنان کۆڵنەدەرانە لە مەیدانی خەباتدا مانەوە و



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

نرخیشیان دا. بەپێی ئامارێک کە لەلایەن کوردپاوە لە ٢٥ی نۆڤامبری ساڵی ٢٠٢٤ بڵاو کرایەوە، پێشێلکاریی مافەکانی ژنان لە جۆرەکانی سەرکوتی حکوومەتی و دەسبەسەرکرانەکان، سیاسەتە داسەپاوەکانی حیجابی زۆرەملێ و حاڵەتەکانی ژنکوژی و خۆکوژیی ژنان کە لەلایەن دەسەڵاتەوە بەسەر ژناندا سەپاوە، ڕوویان داوە.

کوردپا ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی یەک ساڵدا، دوو سزای لەسێدارەدان و بەگشتی ٧ ساڵ و ٩ مانگ بەندکران بۆ ١٢ ژنی کورد لەلایەن دادگانی سزا و ئینقلابەوە دەر کراوە کە هەموو ئەم کەسانە پێشتر لەلایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کراون و بەرەوڕووی دۆسییەسازیی ئەمنییەتی بوونەتەوە.

سەرەڕای هەموو ئەو گوشارانە کە دژی ژنان ڕوویان داوە، تۆمارکرانی ناوی ژینا مودەڕس گورجی وەک یەکێک لە ١٠٠ ژنی کاریگەری جیهان لە ڕیزبەندی ساڵانی بی بی سی خۆی نیشانەیەک لە سەرکەوتنی ژنان و شکستی ڕێژیم بوو. ئەگەرچی ڕێژیم لە یەک ساڵی ڕابردوودا هەوڵی چەوسانەوە و بێدەنگکردنی ژنانی دا بەڵام ژنان بێدەنگییان هەڵنەبژارد و پاشەکشەیان نەکرد. ساڵی ٢٠٢٤ بۆ ژنان ساڵی کۆڵنەدان بوو و بەردەوامییان لەم ساڵە پێداگرییان لەسەر ماف و ئازادییەکانیان، بێگومان هەوێنی سەرکەوتنەکانی دواتریان دەبێ.

**١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# پێویستیی پشتگیری لە ئۆپۆزیسیۆنی کورد



ئورشەلیم پۆست – لوقمان ڕادپەی

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

وەک بەشێک لە ستراتیژیی بەرینی وڵاتە یەکگرتووەکان، لەجیات سازش لەگەڵ توندئاژۆکان، وەکوو لە سووریە دەبینرێ، هاوکاریکردنی کوردان بژاردەیەکی پراگماتیکە. وڵاتە یەکگرتووەکان دەمێکە ناچار بووە ڕێگاچارەی دژوار لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەڵبژێرێ و زۆر جار لەگەڵ لایەنی نە زۆر باش بووتەوە هاوپەیمان تا ئامانجە ستراتیژیکییەکانی دەستەبەر بکات. نوێترین دۆخی ئەوتۆ، تێوەگلانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ "حەیات تەحریر ئەلشام" بوو تا بتوانێ ڕێژیمی ئەسەد بنکۆڵ بکات.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئێران بەردەوام یەکێک لە ئالنگارییەکانی واشینگتۆن لە ناوچەکەیە، تێوەگلانێکی هاوشێوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنێک کە ڕوانگەیەکی جیاوازی هەیە، دەتوانێ خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بۆ گۆڕینی ڕێژیم بکات.

تاقمە ئەتنیکی و نەتەوەییەکان، بە تایبەت کوردەکان، دەورێکی سەرەکییان لە دروستکردنی ئالنگاری بۆ دەسەڵات و ڕەوایی تاران گێڕاوە. گەلی کورد، کە گریمانە دەکرێ حەشیمەتیان بگاتە ١٢ میلیۆن کەس، ماوەیەکی دووروودرێژە بەرەورووی هەڵاواردنی سیستماتیک، سڕینەوەی کولتوور و سەرکوتی سەربازیی دەبنەوە. لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامی لە ١٩٧٩، حیزبە کوردییەکان دژی سیاسەتەکانی ڕێژیم وەستاونەوە و خوازیاری خۆبەڕێوەبەری، حوکمڕانیی دێموکڕاتیک، مافی کەمینەکان و تەنانەت سەربەخۆیی بوون کە ئەمەیان لەلایەن پارتی ئازادیی کوردستان (پاک) داوای دەکرێ. هێزەکانی ئێران بەردەوام ناوچە کوردییەکان لە ڕۆژئاوای ئێران (ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەک کوردەکان پێی دەڵێن) هەم بە هێزی سەربازیی و هەروەها ئابوورییەوە بە ئامانج دەگرن.

## هاوتەریببوون لەگەڵ ئەوانەی هاوبیری پرینسیپەکانی حوکمڕانی و پاراستنی مافی هەموو لایەکن

بۆ واشینگتۆن، ئۆپۆزیسیۆنی کورد، نوێنەرایەتی دەرفەتێکی تاقانە بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی ئێران دەکات، هاوکات کە خۆی لەگەڵ ئەو لایەنانە دەگونجێنێ کە خوازیاری پرەنسیپە سەرەکییەکانی حوکمڕانی و پاراستنی مافی هەمووانن. ئۆپۆزیسیۆنی کورد سێکولارە، دەیان ساڵە بناخەیان لەسەر ڕێکخستنی سیاسی دامەزراوە و، هاوتەریبی بایەخە دێموکڕاتیکەکانن. پشتگیریکردنی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، دەتوانێ ڕێژیمی ئێران ناچار بکات سامانەکانی ئاراستەی نێوخۆ بکات و تواناییەکانی بۆ دەستێوەردان لە سووریە، عێراق، لوبنان و یەمەن سنووردار دەبێ. لایەنە کوردییەکان خۆیان لە بەستراوەیی بە ئایدیۆلۆژییە توندئاژۆکان پاراستوە و لەجیاتان جەختیان لەسەر چارەی خۆ ووسینی دێموکڕاتیک کردوە. بێجگە لەوە، بەهێزکردنی هێزە کوردییەکان لە ئێران دەتوانێ تەواو کەری پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کوردی عێراق و سووریە بێ، کە دەتوانێ ببێتە هاوسەنگییەکی بەربەرینتری ناوچەیی لە بەرانبەر تێرۆریزم و توندئاژۆییدا.

پشتگیریی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ یارمەتیدەری ڕایەڵە مێدیاییەکانی کوردی، هەم لە دەرەوەی وڵات و هەروەها لەنێوخۆی ناوچە کوردییەکاندا بێ. هەروەها، پشتگیریی نهێنی لە هێزە کوردییەکان دەتوانێ بەشینەوەی زانیاریی هەواڵگریی، تەکنەلۆژی چاودێریی و، ئامێری تاکتیکی بۆ پشتگیریکردن لە کوردان بێ تا بتوانن لە بەرانبەر سەرکوتە سەربازییەکانی ڕێژیم بەرگریی لە خۆیان بکەن. هەموو ئەوانە دەتوانن بێ تێوەگلانی ڕاستەوخۆی هێزی سەربازیی وڵاتە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکرێن.

بەڵام، ئالنگاریی لۆجیستیکیی بەرچاو بۆ ستراتێژیی پشتگیرییلە کوردانی ئێران هەن. دەستڕاگەیشتن بە ڕۆژهەڵات ساکار نییە، بە تایبەت بە لەبەرچاو گرتنی بوونی هێزی سەربازیی تاران و کۆنترۆڵی ئەوان بەسەر ناوچەکەدا. هیچ

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

حوکمڕانییەکی هاوشێوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە عێراق لە ئارادا نییە کە بتوانێ بوار بۆ گواستنەوەی سامان برەخسێنێ و ببێتە پێگەیەک بۆ پشتگیریی وڵاتە یەکگرتووەکان. وڵاتە یەکگرتووەکان ناچارە بە نهێنی هاوکاریی لەگەڵ ڕەوەندی کورد لە هەرێمی کوردستان بکات تا بتوانێ چارەسەری بەربەستە لۆجیستیکییەکان بکات. لە کاتێکدا کە دەستێوەردانی سەربازیی ڕاستەوخۆ کردەنی نییە، لەگەڵ ئەوەشدا بەشینەوەی زانیاریی هەواڵگریی و یارمەتی مرۆیی کاریگەریی دەبێ.

ئەزموونی سووریە سێ وانە دەسەلمێنێ: یەکەم، دژبەرانی ڕۆژئاوا زۆر جار هێندەی بانگەشەی بۆ دەکەن بەهێز نین. دووهەم، لاوازکردنی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان زۆر جار پێویست بە تێوەگلان لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەکات، هەرچەند بێ خەوشیش نەبن. سێهەم، مەترسییە درێژخایەنەکانی خاوەن دەسەڵات کردنی لایەنە توندئاژۆکان، دەتوانێ ئەو ئامانجانە بنکۆڵ بکات کە ئەوان دەڵێن بەتەمای دەستەبەر کردنیانن.

ئەوە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە کوردانی ئێران قەت پشتگیریی بەرچاویان بۆ چاکسازیی پێکهاتەیی یان پەرە پێدانی پرۆسە دێموکراتیکەکان وەرنەگرتوە، جا چ لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنی ناکارامەی ئێرانییەوە بووبێ یان لە لایەن سەرچاوە ڕۆژئاواییەکانەوە. پشتگیریکردنی کوردانی ئێران دەرفەتێک بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان دەستەبەر دەکات تا بتوانێ دەسەڵاتی تاران لاواز بکات. ئەوە بەو مانایە نییە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی بە تەنیا دەتوانێ ڕێژیم برووخێنێ یان داهاتووی ئێران بگۆڕێ. بەڵام، وەک بەشێک لە ستراتیژییەکی بەربەرینتری وڵاتە یەکگرتووەکان، هاوکاریکردنی کوردان بژارەیەکی پراگماتیک لەجیات سازشکردن لەگەڵ توندئاژۆکانە کە لە سووریە دەبینرێ. ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەتوانێ تا پێشکەشکرانی دوورەدیمەنێکی جێگای متمانە و دێموکراتیک بۆ داهاتووی ئەو وڵاتە، دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی تاران تووشی ئالنگاری بکات. بە گەڕانەوەی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی ترامپ دژی ئێران، ئەوە دەرفەتێکە کە شایانی تاقیکردنەوەیە.

**١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# تراویلکەی دەشتی قوم



## د. ئاسۆ حەسەنزادە

سەرەڕای دەیان قەیرانی نێوخۆیی و دەرەکی و کەڵەکەبوونی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بێزاریی لەڕادەبەدەری خەڵک و چەند جار هەستانی چین و توێژی جیاوازی کۆمەڵگەی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی، ئەو ڕێژیمە هێشتا لەسەر کار ماوە و تا ئێستا نەڕووخاوە. لە دەسپێکی چل و حەوت ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، لەکاتێکدا بزووتنەوەی ژینا خەباتی خەڵک و گەلانی ئێران بەدژی ئەو ڕێژیمەی بردە قۆناغێکی بێگەڕانەوە لە قەڵشت خستنە دیواری ترس و خۆیەکلاکردنەوەی خەڵک لەگەڵ ئەو ڕێژیمە و دوای ئەوەی بە ڕووخانی حکومەتی بەشار ئەسەد دەستەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەدا لە هەموو کاتێک زیاتر کورت کرانەوە و ڕۆژئاواییەکانیش باسی گەڕاندنەوەی گەمارۆکان و تەوژمی نوێ بۆ سەر تاران دەکەن، هەق وایە لە خۆمان بپرسینەوە ڕازی مانەوەی ئەو ڕێژیمە چیە و چ شتێک هێشتا دەتوانێ ڕێژیم لە هەڵدێری کۆتایی بگێڕێتەوە.

ڕازی نەڕووخانی تا ئێستای کۆماری ئیسلامی فرەچەشنە. بەپێچەوانەی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی دنیا، کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە جێگیربوون و مانەوەی خۆی لە چەندین لاوە دەستەبەر کردبوو. هەربەو پێیە ڕووخانی ئەو ڕێژیمەش

زیاتر لە هۆکارێکی پێویستە. زۆر فاکتەر هەن کە ئێستاش وەک کارتی یاری لە دەستی کۆماری ئیسلامیدا ماون، بەڵام بە تەواوی لاواز بوون یا لانیکەم بڕشتی جارانیان نەماوە و دەکرێ لاوازتریش بکرێن. لەنێو ئەو فاکتەرانەدا دەتوانین ئاماژە بە سەرکوتی جیابیران و ترساندنی خەڵک، کایەکردن بە هەستی مەزهەبی و نەتەوەیی خەڵک، بەرزکردنەوەی داوەڵی لەبەریەک هەڵوەشانی ئێران، ساتوسەودا بە مەوقعییەتی ژێئۆستراتژیکی ئێران، سوودبردن لە شکڵنەگرتنی ئالتێرناتیڤێکی جیددی و لە هەمووی گرینگتر بەکاربردنی ئۆختاپووسی ئیدی پەڕوپۆکراوی پراکسییەکانی ڕێژیم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بە بیانووی ناردنە دەرەوەی شۆڕش و بەپێی تازەترین دانپێدانانی خودی خامنەیی بۆ دوورخستنەوەی مەترسیی هاتنی دوژمن بۆ نێو ماڵەکەی بکەین.

نەخش و توانای خەڵک و لایەنەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بۆ گۆڕینی کارکردی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بۆ هەموویان وەک یەک نیە. بەپێچەوانەی ئەوە کە لە دەوڵەتانی دێموکراتیک و تەنانەت مەیلە و دێموکراتیکدا دەبینین، زۆربەی ئەو فاکتەرانە بە داوا و ئارەزووی خەڵک ناگۆڕێن و لەدەست خەڵکدا نین. بۆ نموونە لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتدا کە وێدەچێ تا سەر ئەو ڕێژیمە هەر پەنای بۆ ببا، خەڵک تەنیا دەتوانن خۆیان ڕێک بخەن، یەکگرتووتر بن و ڕێکارەکانی خۆڕاگری و و خۆپاراستن و هاوپێوەندیی نێوانیان باشتر بکەن. بە هەمان شێوە، بەرنامە تێکدەرییەکانی ڕێژیم لە ناوچەدا و پشتیوانی لە تێرۆریزم یان ساتوسەودا بە هەڵکەوتی ستراتژیکی و سەرچاوەکانی ئێران بەتایبەتی لەڕوانگەی دابینکردن و گواستنەوەی وزەوە فاکتەرگەلێک نین کە گۆڕینیان لە دەسەڵاتی خەڵکدا بێ. لە باشترین حاڵەتدا نەیارانی کۆماری ئیسلامی دەتوانن لە ڕێگای ئامرازە دەڵەمە و پەرش و بڵاوەکانی دەرەوەی وڵاتەوە لەلای بیروڕای گشتیی نێونەتەوەیی و ناوەندەکانی بڕیاری جیهانی لەو بارەوە بەدژی ڕێژیم لۆبیگەری بکەن.

لە بەرامبەردا، هێندێک فاکتەری دیکە هەن کە خەڵک و هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی دەتوانن لەواندا نەخشی چالاک و شوێندانەر بگێڕن، بۆ نموونە دروستکردنی بنەماکانی لێکگەیشتنی گشتی بەمەبەستی پووچەڵکردنەوەی فێڵ و پیلانەکانی ڕێژیم بۆ پەرەپێدان بە درزی کۆمەڵایەتی و پچڕاندنی پردەکانی هاوپێوەندیی نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگە؛ دۆزینەوە و قووڵکردنەوەی پاڵنەرە هاوبەشەکانی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی، تۆکمەکردنەوەی مایەکانی دروستکردنی ئالتێرناتیڤی کۆماری ئیسلامی یا لانیکەم جەمسەرە جیاوازەکانی وەها ئالتێرناتیڤێک، و... هتد.

لەنێو دەستەی دووهەمی فاکتەرەکاندا فاکتەرێک هەیە کە ئەمەیان بە تەواوی لە دەستی ئۆپۆزیسیۆن و خەڵکدایە و خۆ لێ لادان و وەدواخستنی پاساو هەڵناگرێ، ئەویش خۆیەکلاکردنەوە لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. یەکێک لە ڕازەکانی جێکەوتن و مانەوەی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە لە نەخشەسازیی دەستووری و ڕێکخستنی ژیانی نیهادیی ئەو ڕێژیمەدا،

سەرەڕای بوونی وەلی فەقیە، باڵەخانە و ویترینێکی بەڕواڵەت بە زەرفییەت و ڕکابەرانە لەسەر بنەما و ژێرخانێکی ئیدئۆلۆژیی پاوانخواز و تۆتالیتاریست دامەزراوە. لەلایەکی دیکەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی دنیا و سەرەڕای هەبوونی ناوک و لوتکەی هەرەمی سەرەڕۆیی، لە کۆماری ئیسلامیدا ئەو هەرەمە لە کردەوەدا لەسەر یەک کەس ڕانەوەستاوە و چەندین کۆڵەکەی هەیە. هەر ئەو چەند پایە بوونەشە کە وای کردوە کە ساختومانی کۆماری ئیسلامی، سەرەڕای ڕزین و چەمانی، هەرچۆنێک بێ تا ئێستا دەرەقەتی بوومەلەرزە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بێ.

هەر لە درێژەی ئەم تایبەتمەندییە بنەڕەتییەی ڕێژیمدا، کۆماری ئیسلامی توانیویەتی کۆمەڵێک زەرفیەتی هەمیشە قابیلی مەهار لە دەروونی خۆیدا دروست بکا بۆ ئەوەی چ لەڕێگای مەوعیدەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری و پارلمانییەوە و چ بەهۆی مشتومڕی نێوان باڵ و لاباڵ و کلیڤاژ (سەفئارایی)ە نێوخۆییەکانییەوە، خەڵک و دنیای دەرەوە بە خۆیەوە خەریک بکا بۆ ئەوەی لە نەبوون یان خراپ بوونی بژاری ڕووخانی ڕێژیم بە لێدانی سەربازیی دەرەکی یان هەستانی توندوتیژی خەڵک، ئەو تەمایەیان تێدا پێک بێ کە ڕەنگە لە ڕێگای ڕیفۆرمەوە بتوانن ئاڵوگۆڕ بەسەر ماهییەت و کارکردی ئەو ڕێژیمەدا بێنن. واقعییەتێک هەرچەند تاڵ و درێژخایەن بێ، بەبێ قبووڵکردن و دانپێدانانی ناگۆڕدرێ. ئەو واقعییەتەش ئەوەیە کە ئەو فاکتەرەی دوایی کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیە و نیوی ڕابردوودا بە زیرەکانەترین شێوە پشتی پێ بەستووە، هەمیشە ڕۆڵی سوپاپی دڵنیایی و کاریگەرترین هۆکاری مانەوەی ڕێژیمی گێڕاوە.

ئاشکرایە کە لە هەموو وڵاتێکدا و بۆ هەموو کەس و لایەنێکی لەڕووی سیاسییەوە ساغ و بەرپرسیار، سیناریۆی ئیدەئال و دڵخواز ئەوەیە کە کێشەکان بە نەرمی و لە بەستێنێکی ئارام و لەباری سیاسیدا چارەسەر بکرێن. بەڵام دیکتاتۆرەکان هەمیشە کەڵکی خراپ لە خەون و ئیدەئال و نیازپاکیی نەیارانی خۆیان وەردەگرن هەتا باشتر زەربەیان لێ بدەن و تەفرەقە بخەنە ڕیزەکانیانەوە و لە ئاکامدا تەمەنی خۆیان هەرچی زیاتر درێژ بکەنەوە. ئەوەش ڕاست ئەو شتەیەکە لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا ڕووی داوە، چونکە ئەگەر بەڕاستی کێشەی نێوان کلیڤاژە جیاوازەکانی ڕێژیم لەسەر ماف و داواکارییەکانی خەڵک و بەرژەوەندیی وڵات با نەک لەسەر جێگە و پێگە و قازانجی تایبەتیی باڵەکان و ڕوخسارەکان و چۆنیەتی پاراستنی ئەو ڕێژیمە لە ڕووخان، چل و شەش ساڵ کاتێکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی ئەو ڕێژیمە کەمترین ئاڵوگۆڕی پۆزەتیڤ بەسەر ماهییەتی خۆی و دۆخی وڵات و خەڵکدا بێنێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە بەڵێنی بەدرۆی باشکردنی دۆخی خەڵک و وڵات و پێوەندییەکانی ڕێژیم لەگەڵ دنیای دەرەوە و بەکورتی تراویلکەی نەرمئاژۆیی لە کۆماری ئیسلامیدا شتێکی تازە نیە بەڵکوو هەر لەدوای سەقامگیر بوونی ئەو ڕێژیمە لە کۆتایی شەڕی هەشت ساڵەدا واتە لە سەرەتای دەهەی دووەمی تەمەنی ڕێژیم و سەردەمی سەرکۆماریی هاشمی ڕەفسەنجانییەوە دەستی پێ کرد.

لە مامەڵە لەگەڵ هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە بەتایبەتی ئەمەی دواییدا، ئەرک و ڕیسالەتی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانیان لە هی باقیی خەڵک و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران قورستر و هەستیارترە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان تەنیا سەرزەمین لە ئێراندایە کە هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە دەستی ئەو ڕێژیمەی خوێندۆتەوە و بەهۆی ڕاوەستانی بێوچانی لە بەرامبەر ئەو ڕێژیمەدا زۆرترین قوربانیی داوە. لەلایەکی دیکەوە، گەورەترین دەسکەوتی شۆڕشی ژینا کە دەسپێک و قەڵای سەمبولیک و تەنانەت مەیدانیی ئەو بزوتنەوەیە کوردستان بوو، دروستبوونی ئیجماعێکی سەراسەری لە ئێراندا بۆ ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتیی خۆیدا بوو. ئەمە دەسکەوتێکە کە نابێ لەخۆڕا و تەنیا بەهۆی کەموکوڕییەکانی ئەو بزوتنەوەیە یان دامرکانی کاتیی بزوتنەوەکە بچێتەوە ژێر پرسیار.

خۆیەکلاکردنەوەی ڕوون و گشتگیری خەڵک لە ئێران و زۆرینەی ئۆپۆزیسیۆن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دەتوانێ خاڵێکی وەرچەرخان لە پرۆسەی ڕووخانی ئەو ڕێژیمەدا بێ، هەروەک کە دەتوانێ سەرەتای قۆناغێک بێ کە یەکسەر ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی لێ نەکەوێتەوە (ئەمە پێوەندیی بە فاکتەرەکانی دیکەوە هەیە). ئەو قۆناغە هەرچەندێک بکێشێ ئەوەی لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە سەربازی هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ درێژەدان بە مانۆڕە فێڵاوییەکانی و هێنانی پزیشکیان وەک بێمایەترین سەرکۆماری مێژووی خۆی کە تەنیا سوودی وی سووککردنی هەرچی زیاتری نیزام و هێنانە سەر بەرەی شتی ژێر بەڕەیە، ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی نابێ هەرگیز بکەوێتەوە داوی ئەو کایانەی ڕێژیم کە پاش ئەو هەموو کابینە یەک لەدوای یەکە ئێستا ئیدی دەرکەوتوە کە لە تراویلکەیەک زیاتر نین. لە هەرحاڵدا ئەوە کورد نیە کە دەبێ ببێتە پێشەنگی گەڕانەوەیەکی زیانبەخشی لەم چەشنە بۆ دواوە، بەتایبەتی کە سیگناڵەکانی ڕابردوو قەت هیچیان لێ شین نەبووە.

لێرەدا ڕەنگە ئەو پرسیارە بێتە پێش کە وەها پێداگرییەک لە فرێدانی بۆ هەمیشەی تەوەهوم بە ئەگەری ئاڵوگۆڕ لە ماهییەت و ڕەفتاری ڕێژیمدا چ شوێنەوارێک لەسەر بردنەپێشی خەباتی فرەڕەهەند لە بەستێنی مەدەنی و جەماوەری و زەرووڕەتی ئەرکدارکردن و بەشدارکردنی خەڵک لە خەباتی ڕۆژانەدا دادەنێ. وڵامی ئەو پرسیارە ڕوونە. خەباتی فرەڕەهەند بەبێ خەڵک ناکرێ و لەو باسەدا پێویستە حیسابی خەڵک و ڕێژیم بەڕوونی لێک جوێ بکرێنەوە، بەڵام خەباتی مەدەنی و جەماوەری نابێ بە قیمەتی تەوەهوم بە ڕێژیم تەواو بێ و پێویستە ئەو خەباتە لەپێناو ڕووخانی ڕێژیمدا بێ.

هەر لە بنەڕەت ڕا بەشی زۆری ڕێکار و ئاقارەکانی جموجۆڵ و چالاکیی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان هیچ پێویستی بە کایەکردن لە زەمینی کۆماری ئیسلامیدا نیە و لەهەرحاڵدا بۆ لەمەیداندابوونی گەلی کورد و بەهێزکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی دوارۆژ و دەستەبەرکردنی هەرمانی ئەو گەلە و پاراستنی زمان و ناسنامە و کولتور و دێمۆگرافی و سەرچاوەکانی زەروورن. بۆ ئەو بابەتانەش کە بابەتی خەباتی ڕۆژ و تاکتیکی سیاسیین -هەروەک ئەزموونی بزووتنەوەی ژینا نیشانی دا-



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

پێویستە پێوەرەکە هەر ئامانجی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بێ. لێرەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان و کۆمەڵگەی مەدەنیی ڕۆژهەلات دەتوانن بۆخۆیان مەیدانی مانۆڕ بۆ خەباتێکی جەماوەری پێناسە و ڕێکارەکانی دەستنیشان بکەن کە خەڵک نەباتەوە ئەو خانانەی کۆماری ئیسلامی بە مەبەست و ئاجێندای خۆی دیاریبیان دەکا و بەڕێوەیان دەبا. چونکە ئەگەر کەسیش تەوەهومی بەو ڕێژیمە نەبێ، چوون بۆ نێو کایەگەلێک کە هەرگیز کەمترین پاشەکشەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ویستی خەڵکدا لێ نەکەوتۆتەوە، بەرهەمەکەی تەنیا پەرش و بڵاوکردنی هێزی خەباتگێڕی و درێژ بوونەوەی تەمەنی ڕێژیمە.

ئەگەر قەرار بێ وەک دەڵێن کۆماری ئیسلامی بە کورد ناڕووخێ، کۆماری ئیسلامی بە کوردیش ئیسلاح ناکرێ و دروست نیە لە پرستیژی جوڵانەوەی کوردستان و یەکگرتوویی نێومالّی کورد لە ڕۆژهەلات بۆ ئەو بابەتە تێچوو بدرێ. بە پێچەوانەوە، دەکرێ بە خەلاقییەت و ڕاوێژ و دەکارخستنی توانای بژاردەکانی نێوخۆ و دەرەوە زۆر فۆرم و شێوازی دیکە بۆ ئەرکدارکردن و هێنانە مەیدانی خەڵک دەکار بخرێن کە لە خانەی خەباتێکی شوناسخوازانەی گەلێکی ڕزگاریخوازدا پێناسە دەکرێن، بەبێ ئەوەی کۆماری ئیسلامی بتوانێ کەڵکی خراپیان لێ وەربگرێ یا دڕدۆنگی لەنێو ڕیزەکانی بزوتنەوەی کوردستانیان لێ بکەوێتەوە.

ئەگەر ڕۆژێکیش فەرزی مەحاڵ ڕووی دا (کە ڕوو نادا) و لە کۆماری ئیسلامیدا مێهدیەیەک پەیدا بوو گوتی ئەمن گۆرباچۆفی ئێرانم، کەس پێشی پێ نەگرتوە. ئەزموونی دوور و درێژ دەری خستوە کە کورد نابێ بەو خەون و خەیالانەوە بژی و نابێ چاوەڕوانی "گۆدۆ" بێ.

**١٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

## ئەسما مەحیەدین: ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد



وتوویژ: شەهرام سوبحانی

**ئاماژە:**

**مێژوو دەلاقەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و گۆڕەپانێک بۆ لێفێربوون، ئاوێنەیەک لە زانست و چیرۆکێک پڕ لە ئەزموون. لەو دیمانەیەدا لەگەڵ خاتوو ئەسما مەحیەدین، کارناسی مێژوو باس لە هۆکارەکانی بایەخمەندی مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک، و ئەو چەواشەکارییانە دەکەین بەسەر مێژووی کورددا هاتوون.**

**شەهرام سوبحانی**: خاتوو ئەسما سەرەتا با ئەمە بپرسم کە هۆکاری بایەخمەندیی مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک چییە؟

**ئەسما مەحیەدین**: مێژوو بۆ هەر نەتەوەیەک گرینگی و تایبەتمەندی خۆی هەیە چونکە بناغەیەک دەرەخسێنێت لە داڕشتنی داهاتووی ئەو نەتەوەیە کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا باسیان بکەین:

**یەکەم**: مێژوو یارمەتیی ئەو نەتەوەیە دەدات کە تێبگات لە بنەچە و ڕەچەڵەک و بەها باڵاکانی خۆی و هەستی شانازیکردن بە میراتی مێژوویی لا دروست دەکات.

**دووهەم**: وانەوەرگرتن و فێربوون لە ئەزموونی پێش خۆیان، واتا هەر نەتەوەیەک دەتوانێ سوود لە ڕووداوە مێژووییەکانی خۆیی وەرگرێ، بەجۆرێک کە هەڵەکان دووبارە نەکاتەوە، و لە هەمان کاتیشدا ئەو ستراتیژییە بەکاربهێنێ کە نەتەوەکەیان تێیدا ئەنجامی باشی بەدەست ختسوە.

**سێیەم**: گرینگی مێژوو خۆی دەبینێتەوە لە پاراستنی کولتوور و فەرهەنگی ئەو نەتەوەیە، و ئەگەر بایەخدان بە مێژوو لای ئەو نەتەوەیە هەبوو، ئەوا بایەخدان بە فەرهەنگ و هونەر و کولتووریش دێتە ئاراوە. کەوابوو ئەمانە هەموویان گرێدراوی یەکن و کاریگەرییان لەسەر یەک هەیە .

**چوارەم**: گرینگییەکیتری مێژوو کە ڕۆڵی باڵا دەبینێ بۆ سیاسەتی ڕێنماییکردن و بڕیاردانی سەرکردەکانی ئەو نەتەوەیە، ئەوەیە کە سەرکردەکان دەتوانن پێشینەی مێژوویی نەتەوەکەیان بەکار بهێنن و تێکهەڵکێشی سیاسەتی مۆدێرنی سەردەمی بکەن، کەواتە دەتوانین بڵێن کە مێژوو دەکرێت ببێتە ئامرازێک بۆ حوکمڕانییەکی سەرکەوتوو.

**پێنجەم**: مێژوو بە تیشک ختسنەسەر دەسکەوت و خەباتی نەتەوەیی دەتوانێ هەستی نیشتمانپەروەری و شانازیکردن لای ئەو نەتەوەیە بەهێزتر بکات.

**شەهرام سوبحانی**: ئایا ئێمەی کورد توانیومانە ئەو بایەخە بە مێژووی خۆمان بدەین؟

**ئەسما مەحیەدین**: ئاشکرایە ئێمە وەک گەلی کورد خاوەن خودان دیرۆکی دێرین و لەمێژینە و دەوڵەمەندین، بەڵام بەداخەوە لە هەمان کاتدا تاکی کورد کەمتر پەرژاوەتە سەر گرینگیدان بەو مێژووییەی کە هەیەتی. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ سەر چەندین هۆکار کە گرینگترین هۆکار هەلومەرجی ڕامیاریی و کۆمەڵایەتییە. کورد لەم ڕوانگەوە ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی و دژواری بۆتەوە بەجۆرێک کە هەر لە کۆنەوە نەیاران نەیانهێشتوە چاو بکەینەوە و چاوترسێن کراوین. بەڵام بەو پێیە بۆ گەلێکی چەوساوە و زوڵملێکراوی وەکوو کورد لەسەریەتی گەڕان بە مێژووی خۆیدا بکات و دەبێ لە خەبات و تێکۆشانی ناودارانی خۆیی ئاگادار بێ. ئەگینا ناچار دەکرێت مێژووییەک قبووڵ بکات کە نەیارەکەی بۆیساز کردووە.

هۆکارێکی دیکە سڕینەوەی مێژووی کوردە. ڕوونە مێژووی کورد لەلایەن زلهێزەکان و دەسەڵاتە باڵاکانەوە بەتایبەتی مێژوونووسەکانی سووریە، عێراق، تورکیە، ئێران دەستێوەردانی تێدا کراوە و سەر لەنوێ لە چوارچێوەی بەرژەوەندی وڵاتەکانیان دایانڕشتۆتەوە. ئێمە لێرەدا دەبێت بگەڕێینەوە سەر مێژوونووسە ڕۆژئاواییەکان و گەڕیدەکان بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتناسەکان کە چۆن بەشێکیان باسیان لە کورد و ژیانی کورد کردووە. زۆر جار ئێمەی کورد لە ململانێی سیاسی و

سەربەخۆیی هێندەی شەڕی مانەوەمان کردوە، بەوە ڕانەگەیشتووین کە مێژوو بخوێنینەوە بەو واتایەی کە کورد شەڕی مافی سەرەتاییەکانی پێش مێژوو و زانستی مێژووناسی خستووە. بۆ هۆکارێکی دیکە دەتوانین ئاماژە بە ناسەقامگیری سیاسی و نەبوونی هەوڵی یەکگرتووی خۆمان بکەین.

**شەهرام سوبحانی**: ئەو هەنگاوانە چیین کە داگیرکەر بۆ چەواشەکردنی مێژووی کورد بەکاریان دێنێ؟

**ئەسما مەحیەدین**: چەواشەکاری و تێکدانی مێژووی کورد ئامرازێکی بەردەوامی زلهێز و دەسەڵاتە باڵاکان بووە کە بەردەوام بۆ سڕینەوە و سەرکوتکردنی گەلی کورد و ویستی سەربەخۆیی و دووبارە نووسینەوەی مێژوویییەکی سەراسەر درۆیینە لە خزمەت ئەجێندا و مەرامە سیاسییەکانی خۆیان کەلکیان لێوەرگرتوە. لێرەدا چەندین هۆکار هەن کە نەیار بۆ چەواشەکاری مێژووی کورد دەستی بۆ بەرێت، لەوانەش سڕینەوەی کولتووره، ئەوەیش لە ڕێگای داگیرکاری فکری، بەجۆرێک کەوا لەو نەتەوەیە دەکەن کە کلوتوور و دابونەریتی خۆیان بیر بچێتەوە و نەریتی و کولتووری بێگانە قبووڵ بکەن و وەریبگرن. بە تایبەت زمان، مۆسیقا، جلوبەرگ، شایی و هەڵپەڕکێ و... یانێ دەتوانین بڵێین کە ئێمەی کورد بەجۆرێک فیکرمان داگیر کراوە کە دەستمان بەرداوە لە زۆرێک لە دابونەریت و کلتووری ڕەسەنی خۆمان کە دەتوانین ناوی بنێین سیاسەتی "ئاسێمیلە"کردن.

هەنگاوێکی دیکە بە کەم سەیرکردنی ڕۆڵی کوردە لە ڕووداوە مێژووییەکان، بە تایبەتی سەردەمی هەر دوو زلهێزی عوسمانی و سەفەوی کە زۆر جار کوردەکان وەک سەرکردەی سەربازی یان والی، موفتی، ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە. بەڵام بە دەگمەن یان بگرە هەر تیشک ناخرێتە سەریان. و زۆرجار ئێمە دەبینین کە ڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کورد وەک خواست و ویستی سەربەخۆیی دژی داگیرکاری سەیر نەکراوە، بەڵکوو وەک کردەوەی یاخی بوون و خیانەت و دەرچوون لە قاڵب دراوە، کە ئەمە لەکاتێکدایە کە هەموو ئەوانە بۆ کورد خەباتی ڕەوان و بۆ چارەی خۆنووسین و ویستی سەربەخۆیی بوونە. هەنگاوێکی دیکە نکۆڵیکردنە لە بوونییەت و ڕەچەڵەکی کورد وەک نەتەوەیەکی دیاریکراو لە جۆگرافیایەکی جیاوازدا، کە سەرەڕای بوونی هەزاران بەڵگەی مێژوویی و شوێنەوار بۆ سەلماندنی بوونییەتی کورد لە زێدی خۆیان، بە نموونە لە سەردەمی ئەتاتورک بە کوردەکانیان دەگوت: "تورکی چیایی" کە نکۆڵییان دەکرد لە بوونی ناسنامەی نەتەوەیی کورد یان ئەوەتا "تیئۆری ئاریایی" بوون کە بەداخەوە بەشێکی زۆری ئێستای کورد ئەم تیئۆرییەی پەسەند کردووە و مێژووەکەی خۆی پێ بچووک کردۆتەوە. هەنگاوێکی دیکەی ئەم چەواشەکارییە، سنووری دەستکرد و گۆڕینی بە ئەنقەستی دیمۆگرافیای شوێنە کوردستانییەکانە کە ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕن لە داڕشتنەوەی مێژووییەکی ساختە.



سەرچاوە
Serchawe

**شەهرام سوبحانی**: هۆکاری مانەوەی نەتەوەی کورد دوای سەدان ساڵ بێدەوڵەتی و پارچە پارچەبوونی خاکەکەی لە چیدا دەبینی؟ ڕۆڵ و دەوری زمان و گۆرانی لە مانەوەی کورددا چی بووە؟

**ئەسما مەحیەدین**: مانەوەی نەتەوەی کورد دوای ئەو هەموو دژواری و نەهامەتییەی کە بەسەریدا هاتوە و سەرەڕای بێدەوڵەتی و دابەشبوونی بەسەر چەندین وڵاتدا جێگەی سرنج و تێڕامانە کە دەکرێت لە چەند هۆکاری سەرەکیدا پۆخت بکرێتەوە.

لێرەدا ڕاستە کە زمان و گۆرانی دەورێکی باڵایان بینیوە لە هێشتنەوەی کورد، چونکە زمان وەک پایەی شوناس دادەنرێت، ئەوەش ڕاستە کە بەکارهێنانی زمانی بێگانە لەنێو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لە ئێستادا بە تایبەتی لەنێو گەنجان کەم یان زۆر دەبیندرێ، بەڵام بایی ئەوەشمان ماوە زمانەکەمان لە فەوتان بپارێزین و بەرگەی لەمپەرەکان بگرین. و سەبارەت بە مۆسیقا، دەنگبێژی و هونەری زارەکی و چیرۆک گێڕانەوە دەتوانین بێژین کە دەوری باڵایان هەبووە و هەیە و مێژووە بەهاکانیان هەتا ئێستا پاراستوە و تەنانەت لە قۆناغە پڕ دژوار و فشارییەکاندا وەک سەکۆی کلتووری مامەڵەیان کردووە. ئەمانە کە باسمان کرد دەکرێت هۆکاری مانەوەی گەلی کورد بێت و لە هەمان کاتدا دەتوانین لە چەندین هۆکاری دیکەدا چڕی بکەینەوە، وەکوو: بەهێزی پێکهاتە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی پەیوەندی خێڵەکی. بە بۆچوونی من هۆکاری سەرەکی پێوەندییە خێزانییەکانن، بەجۆرێک کە ڕێژەیەکی زۆری کوردەکان زەماوەد لەگەڵ هاوزمان و هاوخوێنی خۆیان دەکەن و کەمتر تێکەڵی نەتەوەکانیتر دەبن. هۆکارێکی دیکە، جوگرافیایە. ئاشکرایە کوردستان وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە بوونی ناوچەی شاخاوی و بەرز کە هەر لە دێرۆکەوە تا ئێستا ڕۆڵی باڵایان لە بەرگریکردن لە هێرشە دەرەکییەکان بینیوە، هەر لەم بابەتەوە خاکی کوردستان دەوڵەمەندە بە بوونی نەوت و سامانی سروشتی کە لە ئاکامدا وایکردووە بەشێکی زلهێزە دەرەکییەکان پشتیوانیان بۆ کوردەکان دەربڕن کە ئەوەش دەکەوێتە چوارچێوەی ستراتێژی بەرژەوەندی دەرەکی. و هەروەها بەدرێژایی مێژوو ئێمەی کورد کەم تا زۆر توانیومانە ئامرازی خۆگونجاندن و خۆڕاگری بەکاربهێنین و لەگەڵ گۆڕانکارییە ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەکاندا بەر هەڵستکاری ئاسمیلەکردن ببینەوە و لە ئەنجامی ڕاپەڕین و شۆڕشەکانمان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییمان ئەگەرچی زۆر جارانیش سەرکەوتوو نەبووین. بەڵام سەرەڕای دووبەرەکی بە هۆی هەبوونی خواست و ئامانجی هاوبەش لە هەر ناوچەیەکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا سەرەڕای نەبوونی دەوڵەت و پارچەپارچە بوونی خاکەکەمان توانیومانە ئەمانە بکەینە میکانیزمێک بۆ پاراستنی خۆمان و هۆکارێک بۆ مانەوەمان.

**شەهرام سوبحانی**: چیرۆکی شاماران چییە؟

**ئەسما مەحیەدین**: قسە لەسەر کوردانەیی شاماران ناکەین چونکە لە ڕەگ و ڕیشەوە چیرۆکێکە لە ئەفسانە و فۆلکلۆری کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە و لە دەوری بوونەوەرێکی ئەفسانەییدا دەسووڕێتەوە و دەتوانین بڵێین کوردانەترین دیمەنی هەیە، شاماران کە واتای "شاژنی مارەکانە" چیرۆکێکە کە بە چەندین شێوە باس کراوە و جارێک بە ئێرانی دەکرێت و جارێکیش تورکی و گەلانیتری ناوچەکەش هەر لایەنە و دەخوازێ بەرگی خۆی پێیدا هەڵواسێ کە بەداخەوە تەنیا کورد نەبێ زۆر جاران نکۆڵی لە بوونی ئەفسانە و چیرۆکەکانی دەکات و لە خۆیدا دایدەماڵێت، شامارانیش بەدەر نییە لەوە.

جابۆیە لێرەدا من بەپێی ئەزموونی خۆم و خوێندنەوەم بۆ چەندین سەرچاوە و ژێدەر بەمجۆرە دەکرێت چیرۆکی شاماران باس بکەم: شاماران کە وەک خواژنی زانایی و بوونەوەرێکی نیوە ژن و نیوە مار وێنا دەکرێت، کە هێمای زانایی و زانست و ژیری و هێزی عیرفانییە، لە بەهەشتێکی ژێرزەمینیی شاراوەدا نیشتەجێیە کە پڕە لە گەنجینە و جوانی سروشتی. و لێرەدا دەکرێت بپرسین کە چۆن ئەم بوونەوەرە دۆزراوەتەوە؟ تاماسب یان تاماسپ کە داربڕێکی هەژارە ڕۆژێک لە دارستان دەکەوێتە نێو چاڵێکی تەنگ و تاریک زۆر هەوڵدەدا لێی بێتە دەرەوە بەڵام بێسوودە، پاشان دەست دەکاتە کۆڵینی دیواری چاڵەکە و دەیکۆڵێ و تا دەگات بە دەروازەی ئەشکەوتێک، ئەشکەوتێکی پڕ لە مار دەبینێ و مارەکان بە دیتنی بەرەو ڕووی دێن، لەو کاتەدا چاوی دادەخا و لە خودا دەپاڕێتەوە کە ڕزگاری بکات، کە چاوی دەکاتەوە ژنێک دەبینێ کە نیوەی جەستەی مارە و نیوەکەیتری مرۆڤ. خۆی دەناسێنێ و دەڵێ:"من شامارانم، شای مارەکان و هەموو زانست و نهێنییەکانی جیهان دەزانم". ئیدی شاماران بەخێرهاتنی دەکا و تاماسب ماوەیەک لەلای دەمێنێتەوە و بە جوانی و مێهرەبانی شاماران سەرسام دەبێت. ساڵ دێت و ڕۆژ دەڕوات تاماسب بیری ماڵەوە و ئارەزووی گەڕانەوە دەکات، شاماران ڕازی دەبێت بەڵام بەو مەرجەی شوێنی ئاشکرا نەکات، چونکە مەترسی بۆ سەر دروست دەبێت، تاماسپ ئەوێ جێدەهێڵێت و بەڵێنەکەی دەباتە سەر تا ئەو کاتەی کچی پاشا تووشی نەخۆشییەکی دەگمەن دەبێت و ڕاوێژکاری پاشا بانگەشەی ئەوە دەکات کە تاکە چارەسەر گۆشتی شامارانە، بۆ دیتنەوەشی ئەگەر ئەو کەسەی کە لەگەڵی ژیابێ تەڕ بکرێ پێستی دەگۆڕدرێ وەک پوولەی ماریی لێدێ و ئاشکرا دەبێ کە لەلای بووە بۆیە هەموو گەنجەکانی شار دەخەنە ناو حەوزێکەوە و تاماسبیش بە زۆری هەڵدەدەنە ناو ئاوەکە و تاماسب پێستی دەگۆڕدرێ و دەستبەجێ دەسگیر دەکرێ و لەژێر فشارێکی زۆردا ناچاری دەکەن شوێنی شاماران بدرکێنێ، ئیدی شاماران دێننە لای فەرمانڕەوا، شاماران پێش مردنی دەڵێ: "هەر کەس سەرم بخوا دەمرێ و هەر کەس ناوقەدم بخوا چاک دەبێتەوە و هەرکەس کلکم بخوا ژیری منی پێدەگا" بەو شێوەیە وەزیر سەری دەرخواردی تاماسب دەدا و لە ناوقەدی دەدات بە شازادە و خۆشی کلکی دەخوا، بەڵام شاماران کە دەیزانی وەزیر تووشی ئەو بارودۆخەی کردووە درۆی کردبوو و وەزیرەکە دەمرێ و تاماسب زانایی پێ دەگا و شازادەش چاک دەبێتەوە و فەرمانڕەوا داوا لە تاماسپ دەکات ببێتە وەزیری ئەو، تاماسپیش بە ڕەنگێکی پڕووکاوە کۆشک جێدەهێڵێت، بەم شێوەیە چارەنووسیان بۆ دیاریکرا و بەڵام ئەوەی ناوی لەنێو ناوان مایەوە شاماران بوو.



سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

**شەهرام سوبحانی**: بۆچی نەیاران و داگیرکەران دەیانەوێت شاماران لە کورد داماڵن و بە ناوی خۆیانەوە تۆماری بکەن؟

ئاشکرایە ویستی داماڵینی ئەفسانە و چیرۆک و توخمە کلتوورییەکان لە کورد دەچێتە قاڵبی سڕینەوەی مێژوو و پاڵنەری سیاسی کلتووری، زۆر جاران داگیرکەران ئامانجیان لە هەڵوەشینی کلتووری ئەو ناوچەیە کە داگیری دەکەن بۆ تێکدانی ناسنامەی مێژووییە، ئەفسانەیەکی وەک شاماران کە ناوەخنی دانایی و ژیری لەخۆ دەگرێت، داگیرکەران هەوڵیانداوە بیکەن بە میراتی خۆیان و دووپاتە نووسینەوەی بۆ بکەن و لە بەرژەوەندی خۆیاندا بەکاری بهێنن، کورد چەندین سەددە ڕووبەڕووی سەرکوتکردن بۆتەوە بە تایبەتی زمان و کلتوورەکەی بۆ کەمکردنەوەی هەوڵی سەربەخۆیی سیاسی. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە ئەو ناوچانەی کە ئەفسانەی شامارانیان تێدا ناسراوە کوردستان بە هەر چوار بەشەکەی "باکوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا" لەمێژە کێبەرکێیان لەسەرە و ئەو گەلانەشی ئەو ناوچانەیان کۆنترۆڵ کردووە زۆر جار هەوڵدەدەن بانگەشەی میراتی کولتووری ناوچەکە بکەن بۆ بەهێزکردنی شەرعییەتی مێژوویی خۆیان. سەرلەبەری ئەو خۆبەخاوەن زانینەی داگیرکەران، کورد چالاکانە هەوڵ و تەقالای خۆی داوە بۆ پاراستنی چیرۆک و ئەفسانەکانی بە تایبەتیش لە ڕێگەی هونەر و وێژەوە کە نووسەران و شاعیران و هونەرمەندان لە بەرهەمەکانیان شامارانییان وەک هێمایەکی ناوازەی کوردی چاندووە و هاوشانی ئەوانە هونەری زارەکی و زار بە زاری چیرۆکەکەی گەیاندۆتە نەوەی نوێ، و سەرەڕای ئەوەیکە داگیرکەران بەردەوام لە هەوڵی داماڵینی ئەم بەرگە زێڕینە لە مێژووی کوردستان بوونە، بەخۆشحاڵییەوە نەیانتوانیوە لە ئێمەی بستێنن و ئێستاکە وەک هێمایەکی بەهێز و ناسنامەی خۆڕاگری دەوڵەمەندی چاندی کوردی ماوەتەوە.

**شەهرام سوبحانی**: وێستگە مێژووییەکانی کورد لە خەبات بۆ سەربەخۆیی کامانەن؟

**ئەسما مەحیەدین**: کوردەکان بەدرێژایی مێژوو چەندین جار بە دوای سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بوون بەڵام هەوڵەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر بەهۆی ئاڵۆزییە ژێئۆپۆلەتیکییەکان و دەسەڵاتە دەرەکییەکان و داینامیکی ناوچەییەوە پووچەڵ کراوەتەوە. بە نموونە: سەردەمی کۆن و ناوەڕاست ماددەکان کە ئیمپراتۆرییەتێکی مەزنیان لە هەگبەتان، هەمەدانی ئێستا دامەزراند کە ئێمە ناتوانین بڵێین بزووتنەوەیەکی سەربەخۆیی بوو، بەڵام هەوڵێکی سەرەتایی بوو بۆ کورد، کە دواتر بەهۆی خیانەتی ناوخۆییەوە لە دوایین پاشای ماددەکان لەلایەن فارسەکانەوە دەسەڵاتیان لێوەرگیرا. هاوکات دەرکەوتنی چەندین میرنشین لە شانۆی مێژوویی کورددا کە هەوڵیانداوە لەژێر فەرمانڕەوایی خەلیفەکان و بنەماڵە تورکییەکان دەربچن وەک میرنشینی (حەسنەوییەکان، مەروانییەکان، شەدادییەکان، و ئەیوبییەکان). دواتریش دەرکەوتنی ململانێی عوسمانی و سەفەوییەکان لەسەر خاکی کوردستان لە سەدەی شانزەوە تا سەدەی هەژدە وایکرد میرنشین و دەسەڵاتە کوردییەکانی ئەوکاتە هەوڵی جیددییانە بدەن بۆ سەربەخۆبوون و بەرگرییەکانیان چڕتر کردەوە و هەوڵەکانیش پچڕ پچڕ بوون دووری یەک بوون ئەوەش

دەکرێت هۆکاری سەرنەکەوتن بووبێت، هەر چەندە میرنشینەکان تا ڕادەیەک سەربەخۆیی خۆیان هەبوو چونکە خودی خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان و ناوچەکەی خۆیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پاشخانی دەسەڵاتی ناوەندی بوون لە تاران و ئیستەمبوڵ، جێی باسە بەردەوام لەنێو خۆیاندا دوژمنایەتی یەکترینیان دەکرد و کەمکات هەبووە پێکهاتبن و بەیەکەوە هەوڵی سەربەخۆییان دابێت.

بە بۆچوونی من سەرەتای سەرهەڵدان و خواستی سەربەخۆیی لە میرنشینەکانەوە دەستی پێ کرد ئەگەرچی هاوڕاش نەبووبن، بەڵام لە بازنەی دەسەڵاتی خۆیاندا هەوڵی تەواویان داوە. بە نموونە: "میربەدرخان" میرنشینی بۆتان بوو کە بەهۆی هەوڵەکانی بۆ سەربەخۆبوون لە ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردیش دێتە باسکردن و بۆ یەکەم جار هەوڵی‌دا لە بازنەی تیرەگەری و تایفەگەری بێتە دەرێ و هەوڵی داوە میرنشینەکانی‌تر وەک هەکاری بێنێتە سەر ئەو ڕایەی کە سەربەخۆبوونی کوردستان کارێکی پێویستە. لە دوای ئەویش شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە وەک یەکەم سەرکردە ناوی هاتوە بۆ دامەزراندنی ویلایەتێکی سەربەخۆی کوردی و پێی وابوو تاکە چارەسەری کێشەی کورد دامەزراندنی کوردستانی گەورەیە و بۆ ئەو مەبەستەش شۆڕشێکی بەرپا کرد کە وەک هەنگاوێک بوو بۆ بوون بە دەوڵەت و سەرەتایەک بوو بۆ سەربەخۆیی.

لە دوای ئەویش چوونی شەریف پاشا بۆ پاریس کە بانگەشەی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی کردوە و لەو پێناوەشدا ساڵانێکی زۆر لە ئەورووپا تێکۆشاوە و لە جەنگی یەکەمی جیهانی وەک سەرۆکی شاندی نوێنەرایەتی کورد بەشداری کۆنفڕانسی ئاشتی کرد لە پاریس بۆ ئەو مەبەستەش پەیوەندی بە سمکۆی شکاک و شێخ مەحموود دەکات، بەڵام دواجار ئەم خەونەش نایەتەدی و شەریف پاشاش بێ ئۆمێد دەبێت و دەستبەرداری خەونەکەی دەبێت. و پاشان حکوومەتەکەی شێخ مەحموود لە ساڵی ١٩١٩کە هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە ڕەواندز و کۆیە دەگرێتەوە کە زمانی فەرمی کوردی بوو. پاشان ساڵی ١٩٢٠ هەوڵێک هەبوو بۆ سەربەخۆیی کورد لە پەیمانی "سیڤەر" بەڵام دواتر کە پەیمانی "لۆزانی" بەسەردا هات سیڤەر جێبەجێ نەکرا و کوردیش لە نێوان "عێراق، ئێران، تورکیە، سووریە،" دابەش کرا. دواتر شۆڕشی سمایل‌ئاغای شکاک و دوایە دامەزرانی "کۆماری کوردستان" لە مەهاباد لە ساڵی ١٩٤٦ و "کۆماری ئارارات" لە ئاگری لە ساڵی ١٩٢٧ هەوڵەکانی شێخ ئەحمەد لە باشوور و هەوڵەکانی مەلا مستەفا کە بە دوای ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆییە بوون.

لە باشووری کوردستان ساڵی ٢٠٠٥ و دوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام کورد بە فەرمی هەرێمێکی بەدەستهێنا و لە ساڵی ٢٠١٧ هەوڵی سەربەخۆبوونی دا، بەڵام سەرنەکەوت . لە ڕۆژئاوای کوردستانیش پارتە کوردییەکان ساڵی ٢٠١١ەوە هەتا ئێستا ئیدارەی خۆسەرییان لە سووریادا هەیە.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**شەهرام سوبحانی**: **هۆکاری سەرکەوتوو نەبوونی کورد لە هەوڵدان بۆ خواست و ویستی سەربەخۆیی چییە؟**

بێگومان کورد لە پێناو سەربەخۆیی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی بۆتەوە و هیچ جارێکیش لەم هەوڵانەی سەرکەوتوو نەبووە و ئێمە دەتوانین هۆکارەکانی لەم چەند فاکتەرەدا دابڕێژین:

١- هۆکاری سەرەکی ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوخۆییە کە دەردێکی کوشندەی نێومالّی کوردە کە زۆر جاران جیاوازی ئایدۆلۆژی دەگرێتەوە کە سیاسەتی دژ بەیەک بەکاردەهێنن، کەواتە کورد بەبێ یەکرێزی ئەستەمە بتوانێت دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو بنیات بنێ.

٢- پارچەپارچەبوونی خاکی کوردستانە و کورد لە سەرەتای مێژووەوە هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێت بە تایبەتی لەلایەن عێراق، ئێران، سووریە و تورکیە کە خاکی کوردستان بەسەریاندا دابەش کراوە و بەهەر شێوەیەک بۆیان ڕەخسا بێت دژایەتی سەربەخۆبوونی کوردیان کردوە. بەو بەهانەیەی کە یەکپارچەیی خاکی ئەوان دەخاتە مەترسییەوە کە خۆی لە ڕاستیتدا هەر ئەوانن لەسەر خاکێکی داگیرکراودان.

٣- نەبوونی پاڵپشتی نێودەوڵەتی. ئەگەرچی لە هەندێک ئان و ساتدا پشتیوانییان لە دۆزی کورد کردووە، بەلّام بێ ئەنجام بووە چونکە تاکتیکی و کاتی بووە، و پاراستنی پەیوەندییان لەگەڵ نەیارانی کورد لەپێشینەی کارەکانییان داناوە. لێرەدا دەکرێت بڵێین ناکۆکی نێوخۆیی کورد ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە نەگەیشتنی کورد بە سەربەخۆیی و ئەگەر ئەم دووبەرەکییە لەنێو کورددا کۆتایی پێ نەیەت تا ئەبەد ناگەینە مەقسەد.

**شەهرام سوبحانی**: **خاتوو ئەسما سپاس بۆ بەشداریتان لەم دیمانەیەدا و ماندووش نەبن**

**ئەسما مەحیەدین**: سپاس بۆ ئێوەش کە ئەم دەرفەتەتان بە من دا بتوانم لە خزمەتتاندا بم.

**١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# ئەو کە نیشتمان ژوانگەی ئەبەدیی بوو (شەهید تاهیر جۆڵاکار)




**برایم چووکەڵی**

کاتێک وەڵامی سەرەتاییترین داخوازەکانی هەر نەتەوەیەک بە ئاور و ئاسن دەدرێتەوە، کاتێک سەرکوت و ڕەشەکوژی و زەبروزەنگ جیگای ئازادی دەگرێتەوە، بێگومان ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ دیفاع لە مافو ئازادییەکانی دەست بۆ چەک بەرێ و بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی ئازادی چەک لە شان بکا. هەربۆیە نەتەوەی کوردیش لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نزیک بە ٨٠ساڵ لەوە پێشەوە حیزبی خۆی دامەزراندوە و بۆ وەدیهێنانی مافی ڕەوای لە ماوەی ئەو نزیک بە ٨ دەیەیەدا لەبەرامبەر درەندەترین دوژمنی ئازادیدا چەکی دەست داوەتێ و شێلگیرانە درێژەی بە خەبات داوە. لە ڕەوتی ئەو خەباتە خوێناوی و دوور و درێژەشدا لە پێشکەشکردنی گیانی باشترین ڕۆڵەکانی درێخی نەکردوە. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە کە لەم ژمارەیەی "هەگبەی شاخ و شۆڕش"دا ڕێز لە یاد و بیرەوەریی دەگرین، شەهیدی فەرماندە تاهیر جۆڵاکار ناسراو بە "تالی" لە ناوچەی مەهابادە.

شەهید تاهیر جۆڵاکار ساڵی ١٣٤٠ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی زەحمەتکێش لە ئاوایی "کێچاوا"ی شارۆێران سەر بە شاری

مەهاباد چاوی بە دنیای ڕوون کردەوە. هێشتا لەسەر لانک بوو کە لە سۆز و خۆشەویستیی باوکی کۆچکردووی بێبەش بوو. ئەو سەرەڕای لەدەستدانی باوکی بە هۆی ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی برا گەورەکەشی کەوتە زیندان و ئەو قۆناغە لە ژیانی بۆ تاهیر سەخت و دژوار بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا تالی چووە قوتابخانە و قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی لە ئاوایییەکانی گابازەڵە و گردەگرۆێ تەواو کرد. پاشان بۆ درێژەدانی خوێندن ڕووی لە شارەکانی نەغەدە و مەهاباد کرد و هەتا دووهەمی دواناوەندی دەرس خوێند.

کاتێک خۆپیشاندانەکانی لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی دەستی پێکرد تالی بە چاو و گوێی کراوەوە لە خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا وەک زۆربەی لاوانی شاری مەهاباد بەشداریی چالاکانەی خۆپێشاندانەکانی دژی ڕێژیمی پاشایەتی کرد. دوای ئاشکرابوونی تێکۆشانی حیزبی دێموکرات لە پاییزی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی بە فەرمی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لەبەر کرد.

لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی سالی ١٣٥٩ لو ە یەکەم شەڕ لە ئاوایی باخڵە لە نیزیک شاری کامیاراندا بەشدار بوو. لەبەر ئازایەتی و قارەمانەتیی بێوێنەی ناوبراو بوو بە خۆشەویستی هەموو هاوڕێکانی. ئەو لە ماوەیەکی کورتدا نیشانی دا کە ڕۆڵەی ئازاو بەجەرگی نەتەوەکەیەتی. سەبارەت بە ئازایەتی و جوامێری، سەبارەت بە ورەی بەرز و هەڵسووڕبوونی، سەبارەت بە ئیمانی قووڵ بە ڕێبازی حیزب و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی زۆر زوو جیگای خۆی لە نێو ریزی هاوسەنگەرانیدا کردەوە. ئەو ئامادەی هەر چەشنە فیداکاری و گیانبازییەک بوو. پاشان لە گرتنی پادگانی نەوسود و پاسگای دزڕۆڵە ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا. تالی هەروەها یەکێک لە قارەمانەکانی شەڕی ٢٤ ڕۆژەی نێو شاری سنە لە ساڵی ١٣٥٩دا بوو. دوای گەڕانەوە لە مەئموورییەتی جنووبی کوردستان لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە تەشویق کرا.

هەستکردن بە بەرپرسایەتی، بردنەسەرێی زانیاریی سیاسی، خاکی و خەڵکیبوون، بوێری و سەراحەت لە قسەکردن، لەسەرەخۆ و بەئەخلاق، فیربوون و فێرکردن لە تایبەتمەندییەکانی ناوبراو بوو. لە زۆربەی مەئمورییەتەکانی لکی ٣ی هێزی پێشەوا دا بەشدار بوو، و شەڕەکانی نێو شاری مەهاباد، مەنگوڕایەتی، شارویران، دارەلەک و ئیندرقاش کە تاڵاوی شکستیان بە زاری دوژمن داکرد، مۆرکی نەترسی و زاکوونی ئەو قارەمانە بەدەستوبردەیان پێوە دیارە و بۆ هەمیشە لە یاد و دڵ و دەروونی دانیشتووانی ئەو مەڵبەندە نەخشی بەستوە؛ شاهیدی بۆ قارەمەنەتی و ئازایەتی تاهیر جۆڵاکار دەدەن.

لە هاوینی ساڵی ١٣٦٠ لە مەئمورییەتی شومالی کوردستان (قوتور) بریندار بوو، پاییزی ١٣٦٠ بوو بە سەرپەلی پەلی شەهید بالغی و پاشان بە هۆی لێهاتووییەکەی وەک فەرماندەری لکی ٣ی هێزی پیشەوا دیاری کرا. شەهید تالی

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

پێشمەرگەیەکی هەڵسووڕ و فەرماندەیەکی لێوەشاوە بوو، گورجوگۆڵ و کارلێهاتوو بوو، بەدەستوبرد و زەبروەشین بوو، نەعرەتەی شێرانەی زراوی دوژمنی توقاندبوو، چەندین شەڕی گەورە و بچووکی دیکەی فەرماندەهی کرد، لە شەڕ لەگەڵ دوژمن چاونەترس و بوێر بوو بەتایبەتی لە نێو شاری مەهاباد و دارەلەک ئازایەتیی ناوبراو هیچکات لەبیر ناچێتەوە.

ئەو لە بواری سیاسیشدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ پلەی زانیاریی خۆی بەرەو سەر دەبرد و هەوڵیشی دەدا چەندی لە توانایدایە لە بارهێنانی سیاسیی هاوڕێیانیدا نەخشی هەبێ. شەهید تالی کوڕێکی خوێن شیرین، ئارام و مەتین، بەئەدەب و خەڵک دۆست بوو. بۆیە لە دوای شەهیدبوونیشی لە خۆشەویستیان چەندین منداڵ لە ناوچەکە بە ناوی ئەوەوە کرا.

مخابن فەرمانده تاهیر ڕۆژی یەکی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦١ لە شەڕیکی قارەمانانەدا لە چیای مۆسکە لە پشتی ئاوایی بەیتاس لەگەڵ هاوسەنگەریکی بە ناوی محەممەدجانی گیانی پیشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

**١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# سەرپۆشی دیجیتاڵیش دێتە بازاڕ



**دارسمە**

ساڵی ٢٠٢٥ە و سەرەنجام گەشتی ئیرشاد بڕیاری داوە تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتوو بەکار بهێنێت. ئێستا لە جیاتی ئۆتۆمبێلی "وەن"ی سپی و پۆلیسی مرچومۆنی گەشتی ئیرشاد، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی بچووک بە کامێرا و هۆشی دەستکردەوە بەسەر شەقاماندا دەسووڕێنەوە و وەک "پاسەوانانی دیجیتاڵی عەفاف" ناسراون، هەموو ڕۆژێک بە زانیاریی نوێ بارگاوی دەکرێنەوە دەگەڵ نوێترین مۆدێلی پۆشین و فێڵی دەرچوون لە یاسا ئاشنا دەکرێن.

"یاسەمین گیان" هەرئێستا لە ئارایشتگا هاتووەتە دەرەوە، قژی بە جۆرێک ڕێکخستوە کەمێک لەژێر لەچکەکەیەوە دیارە. فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوان نزیک دەبێتەوە و بە دەنگێکی ڕۆبۆتیەوە دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، ٣,٧ سانتیمەتر لە قژی ئێوە دیارە. تکایە لە ماوەی ١٠ چرکەدا دایپۆشەوە. هەروەها ڕەنگی قژیشت چەندین پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو چاوانی نێرینەی کچپەسەند دەئەنگێوێت. یاسەمین گیان بە زەردەخنەیەک دڵبزوێن و دڵڕفێنێشەوە دەڵێت: "هەر بەڕاست وردبینینیی ئێوە لە پێواندا هەتا یەک لەدەی سانتیمیترە؟"

فرۆکەی بێفڕۆکەوان وڵام دەداتەوە: "بەڵێ خاهەر. ئێمە پێشکەوتووترین سیستەمی پێوانمان هەیە. هەروەها لە ساڵی نوێی کافران یان ساڵی نوێی زایینیدا دیاریکردنی ڕێژەی نەرمی و بۆنداریی قژ و عەیب نەبێت هێندێک شتی دیکەشمان بۆ زیاد کراوە".

لەم کاتەدا "ویدا خانم"ی هاوڕێی یاسەمین گیان بە مانتۆیەکی فشەوە دەگاتێ و بە شێوازی "نەستەعلیق" لەسەر مانتۆکەی نووسراوە: "ئەم مانتۆیە لەگەڵ هەموو پێوەرەکانی پۆشینی ئیسلامی دەگونجێت." ویدا خانم وای دانابوو، بەم داهێنانە نوێتەوە دەتوانێت کڵاو بخاتە سەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان.

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە، بە تیشک وێنە لە ویدا خانم دەگرێت و دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، فۆنتی نەستەعلیقی ئێوە ٢ پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو لارترە. هەروەها پیتەکانی 'ئەلف' و 'لام'ـی ئێوە ٠,٥ میلیمیتر لە ستانداردی ڕێگەپێدراو درێژترن. ئەمە دەتوانێت ببێتە هۆی وروژاندنی هەستی دیتن و تێکدانی نەزمی گشتی".

ویدا خانم، بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت: "یانی ئێستا دەبێت لە نێوەڕاستی شەقام فۆنت بگۆڕم؟ بۆچی مەگەر پیتەکانی ئەلفوبێش سەرپۆشیان هەیە؟"

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەڵێت: "نەخێر، دەتوانن سەردانی نزیکترین نێوەندی گۆڕینی فۆنتی سەرپۆش بکەن. هەروەها بەپێی گشتاندن (بخشنامە)ی نوێ، هەموو پیتەکانی ئەلفوبێ دەبێت سەرپۆشی گونجاویان هەبێت و بە هیچ شێوەیەک نابێت ئاستی پێکەوەلکانی دو پیتی ئەلف و لام وەک دیاردەیەکی ناشەرعی بەدیارەوە بێت و ئەمە وەک ئەوەیە میوفرۆشی زیددی ئینقلاب دوومیوەی ناشرینی خەیار و تەماتە یان پرتەقاڵ بەمەبەستی فرۆشتن یان بە هەر مەبەستێکی دیکە لە تەنیشت یەکتر دابنێت".

لەم کاتەدا، پیرەژنێک بە لایاندا تێدەپەڕێت. چارشێوەکەی کەمێک لادەچێت و فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە دەستبەجێ هەستی پێدەکات. سیستەمی ناسینەوەی دەموچاو لە فرۆکە بێفڕۆکەوانەکەدا، تەمەنی ئەم پیرەژنە بە ٧٥ ساڵ دەخەمڵێنێت، بەڵام بەپێی پرۆتۆکۆل، هیچ جیاکارییەک بۆ تەمەن دیاری نەکراوە.

پیرەژن تووڕە دەبێت و بە گۆچانەکەی هێرش دەکاتە سەر فڕۆکەکە و دەڵێت: من چل و شەش ساڵە چارشێو دەپۆشم، ئێستا پارچە ئاسنێکی هیچوپووچ دەیەوێت فێرم بکات چۆن چارشێو بکەمە سەرم؟ بە مەرقەدی ئەم شێخ عەبدولعەزیمە، ئەو

کاتەی ئەم فڕۆکە و مرۆکە دیجیتاڵ و میجیتاڵانە نەبوون، سەرپۆشمان باشتر دەپۆشی"!

فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە خێرا بەرز دەبێتەوە و دەڵێت: "خوشکی بەڕێز، هەڕەشە لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گەشتی ئیرشاد بە تاوان دادەنرێت و دەبێت بە پێدانی پارە و بەشداریکردن لە خولی ڕێزگرتن لە فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی گەشتی ئیرشاددا سزا بدرێی. تکایە ئارامیی خۆشت بپارێزە".

یاسەمەن گیان و ویدا خانم، بۆ ڕاکردن لەم دۆخە بڕیار دەدەن بچنە کافەیەک. لە کافەکە، لەسەر مێزی تەنیشتیان کچێک دانیشتوە و قژێکی دەستکرد بەسەریەوەیە. فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکە لە پشت شووشەوە وێنەی دەگرێت و ئاگەداری دەکاتەوە و دەڵێت:"خوشکی بەڕێز، قژی دەستکردت سێ لەسەدی پلە بەرەو چەپ لاربووەوە. ئەم لاربوونەوەیە دەتوانێت نیشانەی مەیلێکی نەشیاو لە بیرگەی خاوەنەکەی دابێت.

کچەکە بە تووڕەییەوە دەڵێت: "ئاخر مەگەر قژی دەستکردیش ئاراستەی جوگرافیایی هەیە؟ نەکا سبەی ناچار بین بۆ ڕەنگی چاویشمان مۆڵەت وەربگرین؟"

فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، وڵام دەداتەوە: بەڵێ خوشکی بەڕڕڕێـــززز. بەپێی ڕێنماییەکانی ژمارە ٧/٢٠٢٥، پێویستە قژی دەســـتکرد ڕێــک دەگەڵ کەمەری زەوی (خەتـــی ئیســـتیوا)هاوتەریب بێـــت. ســـەبارەت بە ڕەنگـــی چـــاویش بەم زووانە گشتاندن(بخشنامە)ی نوێمان پێدەگات.

خاوەنی کافە لەم دۆخە ماندوو دەبێت و پەردەی ئەستوور دەکێشێت. بەڵام فڕۆکەی بێفڕۆکەوان هاوار دەکات: ئاگاداری! ئاگاداری! بەکارهێنانی پەردەی دژە سکان قەدەغەیە. پلەی گەرمی نێو کافەکەش ٢ پلە لە ئاستی ڕێگەپێدراو بەرزترە و دەتوانێت ببێتە هۆی گەرمای زۆر و لاچوونی نائاگایانەی لەچک".

کاتێک شەو دادێت، فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەگەڕێتەوە بنکەی خۆی و لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەیدا دەنووسێت: ئەمڕۆ ١٢٤٧ حاڵەتی قژی نادیار، ٨٩٢ حاڵەتی فۆنتی نەگونجاو، یەک حاڵەتی هێرش بە گۆچان بۆ سەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان، و ٥٢٣ حاڵەتی لاریی قژی دەستکرد تۆمار کرا. هەروەها ١٤٧ کەس بەهۆی زەردەخەنەی زیاتر لە ئاستی ڕێگەپێدراو ئاگادار کرانەوە.

بەم شێوەیە سەرپۆش دەچێتە چاخی دیجیتاڵەوە، بەڵام ڕاپۆرتی پێوندیی نێوان قژی خاو و دەروونی کچان و کوڕان و

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**هەستی خەڵکی بێکار و پیرەژنی بێزار و وەزاڵە هاتوو، لە ئەوپەڕی نهێنی (فوق‌محرمانە)دا تۆمار دەکرێن و دەگەنە دەستەڵاتداران. ترس لە گەرمبوونی بازاڕی سەرپۆشی دیجیتاڵی دەستەڵاتداران دادەگرێت. سەرپۆشی دیجیتاڵ ئەو سەرپۆشانەن هەست بە بوونی فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دەکەن و لە خۆیانەوە هەتا تێپەڕینی فڕۆکە قژە خاوەکان بە شێوەی کاتی دادەپۆشن.**

**١٧ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# ڕاستییەکی تاڵ و تەنیا یەک چارەسەر!



**شەماڵ تەرغیبی**

بارودۆخی ژیان لە ئێستەی ئێراندا ئەوەندە ئەستەم و تاقەتپڕووکێنە کە بیرکردنەوە لێی مرۆڤ ئازار دەدات چ بگات بەوەیکە تێیدا بژی و خۆت یەکێک بی لەو کاراکتەرانەی لە شانۆگەرییەکەدا بەشداریت و ڕۆژانە نا، بەڵکوو خولەک بە خولەک و چرکەبەچرکەی ژیانت بە پێست و ئێسکەوە درکی پێ بکەیت؛ درک بەو کەتوارەی کە تێچووەکانی ژیان زۆر و قورسن، نان دەس ناکەوێت، گرانی ئێخەی دادڕیوی، بە ڕۆژی ڕووناک ستەمت لێ دەکرێ و مافت دەخورێ و بەرگی یاساییشی بە بەردا دەکرێ؛ درک بەو کەتوارەی کە بە بەرچاوتەوە مرۆڤێکی تر ژیانی لێ دەستێندرێ، لە گەنداوی سیاسەتەکانی ڕێژیمدا نوقم دەبێ و ئیزن بە کەسیش نادرێ کە دەنگ هەڵبڕێ! درک بەو کەتوارەی کە ئەمڕۆ ڕۆن، شەکر، برینج یان هەر پێداویستییەکی ترت بەهۆی گرانبوون نەکڕیبێ بەو ئاواتەی سبەینێ فەرەج و کرانەوەیەک ڕوو بدات بەڵام سبەینێ سەیر دەکەی لە ڕۆژی پێشتر بە چەندقات زیاتر گران بووە و تۆ دیسان دۆش دادەمێنی و بە ڕووزەردی دەگەڕێتەوە ماڵەکەت؛ هەڵبەت ئەگەر ماڵێک هەبێ و خەمی نەدانی کرێ ماڵ و دەرکران لە لایەن خاوەن ماڵەکەشت لە دڵدا بێ ئیتر ئەوە دەبێتە دەردی بان دەردان.

ئەمە بەشێکە لەو تابلۆ تراژیکەی کە ئەمڕۆ خەڵکانی ئێران ئەزموونی دەکەن؛ تابلۆیەک کە ویژدانی نەنووستووی هەر مرۆڤێکی ئازادیخواز ئازار دەدات. کەواتە دەبێ چی بکرێت؟ یان بەدیوێکی تریدا ڕێگای دەربازبوون لەم نەهامەتییانە چییە؟ یان باشترە بڵێین ئایا ڕێگایەک بۆ خۆقوتارکردن هەیە؟

پێش لەوەیکە بۆ وڵامی ئەم پرسیارانە بگەڕێین دەبێ بزانین کە هۆکارەکان چی بوون کە ئەمڕۆ ئێمە ناچارین باس لەم جۆرە گرفتانە بکەین؟ نەبوونی سەرچاوە و سامانی بەپیت؟ نەبوونی پلان و ئامانجی دیاریکراو؟ نەبوونی بەڕێوەبەریی سەردەمیانە و تۆکمە؟ یان چی؟

بە خوێندنەوەیەکی سەرەپێیی بۆ شێوەژیانی مرۆڤەکانی نیشتەجێ لەو جوغرافیایەی کە بە ئێران دەناسرێ دەبینین کە سەرچاوەی سەرەکی کۆی ئەم نەهامەتییانە کە ماوەی چەند دەیەیە دۆم دەکا بریتییە لە شێوەڕوانین و عەقڵیەتێک کە پێی وایە تاقەڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری لەلای ئەوە و هەر شتێک یان هەر جۆرە بیرکردنەوەیەکی تر ناڕاست و چەوتە بۆیە دەبێ بۆ گەیاندنی کاروانی بەشەری بە دوامەنزڵگەی خۆی، "ئەو" پێشەنگایەتی و ڕێبەرایەتیی بکات. ئەم بیرکردنەوە تەنیا لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا نەبووە بەڵکوو مێژووەکەی بۆ زۆر پێش لەم سیستمە دەگەڕێتەوە کە تێیدا مرۆڤەکان هەموو بڕیاروەرگر و جێبەجێکار بوون و تاقمێکیش لە لوتکەی هێرەمەکەدا باڵادەست بوون و هەموو سامانەکانی ئەم نیشتمانە لە ئیختیاریاندا بووە تاکوو بتوانن وەک خۆیان دەڵێن "ئەرکە ئیلاهی و ئاسمانییەکانیان" بە ئەنجام بگەیەنن.

ئەم شێوە بیرکردنەوەیە چەشنێک لە ناسیۆنالیزمی ئێرانییە بەناوی ناسیۆنالیزمی بێشوێنکەر کە پێش لە قاجارەکان سەری هەڵدا و دەسەڵات لەدوای دەسەڵات پەرەی پێ درا. ئەم شێوە ناسیۆنالیزمە کە زیاتر لە نێو خەون و خەیالی "ئەزەلیبوونی ئێران" و "سەرچەشنبوونی ئەم جوغرافیا دەسکردە" دەسووڕێتەوە و لە بنەڕەتدا لاقی لەسەر عەرز نییە و ڕاستییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکان نابینێ لە پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی بەرگێکی ئایینی بە بەردا کرا و هەوڵ درا ڕەوایی ئاسمانی بۆ وەربگیرێ.

بەکورتی ڕوانینی دەسەڵاتە خۆسەپێنەکان بەسەر ئەم جوغرافیا وای کردووە کە خۆسەپێنییەکی سیاسی بێتە ئاراوە کە بەهۆیەوە ڕەوایی دەبەخشرێتە هەر چەشنە ستەمێکی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و تەواوی گیانلەبەر و بێگیانی نیشتەجێ لەم جوغرافیا بە هی خۆی و بۆخۆی دەزانێ و هەر کەس و لایەنێکیش کە دژایەتی بکات و داوای مافی خۆی بکا بە دژەئێرانی، دژەئایین، دژەمرۆڤ و نۆکەر و بەکرێگیراوی دژمنی دەناسێنێ؛ بەم پێیەش گرفتەکان لە نەبوونی سامانی بەپیت یان نەبوونی پلان یان نەبوونی کەسانی شارەزا بۆ بەڕێوەبەریی نییە بەڵکوو پرسەکە لەوەدایە کە ئەگەر

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ئەمانەش هەن دەبێ لە خزمەت دەسەلاتی بڕیاردەردا بن نەک لە خزمەت بەرژەوەندی گشتی و کۆمەڵگا؛ لێرەدا دەگەڕێنەوە بۆ پرسیارە جەوهەرییەکەمان کە دەبێ چ بکەین؟ و ڕێگای دەربازبوونمان چییە؟

لە وڵامدا و تەنیا لە چەند ڕستەدا دەتوانین بڵێین "گەر دەمانهەوێ بەو ئازادییە بگەین کە لە سێبەریدا مرۆڤەکان بە بەختەوەری بگەن، ڕەوشی ژیان قەڵەمبازێک بەرەو ئارامی هەڵگرێت و چیدی بینەری تابلۆی تراژیکی مردن بەهۆی برسیەتی نەبین دەبێ ئەم بیرکردنەوە وەک خۆی بناسین و لەبەرامبەریدا بوەستین و دایرمێنین دەنا ئەگەر وا نەبێ بە نەمانی ڕێژیمی ئێستەی زاڵ بەسەر ئێران، بیرکردنەوەکە ناڕووخێ و جارێکی تر و بەناوێکی تر و لە بەرگێکی تردا سەر هەڵدەداتەوە و ئێمەش تووشی سووڕانەوە لە نێو بازنەیەکی بەرتەسکدا دەبینەوە، وەک ئەوەیکە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری خومەینی دیتمان".

**١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

## سەردەمێکی نوێ بۆ ڕۆژنامەی کوردستان




**حەسەن قارەمانی**

ڕۆژنامەی کوردستان لە گۆڕەپانێکدایە، کە پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و نەریتی ڕۆژنامەنووسی تێیدا کۆدەبنەوە. ئەم سەردەمە نوێیە بەو مانایەیە کە ڕۆژنامە دەبێت داهێنانەکان لە دیجیتاڵکردن و ئامرازە تەکنەلۆژییەکان لە باوەش بگرێت، نەوەی Z و ڕۆژنامەنووسانی گەنجی دیکە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لەم گواستنەوەیەدا، چونکە ئەوان خاوەنی لێهاتوویی تەکنیکی و داهێنەری پێویستن بۆ پەرەپێدانی فۆرماتە دیجیتاڵییە نوێیەکان و سەرقاڵکردنی خوێنەران بە شێوەیەک کە پێشتر نەدەکرا.

لە جیهانێکدا کە بە گەشەسەندنی خێرای دیجیتاڵی و گۆڕان تایبەتمەندە، میدیای تەقلیدی ڕووبەڕووی ئاستەنگی گەورە دەبێتەوە لە پاراستنی پەیوەندییەکانیان. بۆ ڕۆژنامەی کوردستان کە سەردەمانێک پلاتفۆرمی ناوەندی بوو بۆ نوخبەی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستان ڕۆژهەڵات، تەنیا ڕاپۆرتکردن نییە لەسەر ئێستا بەڵکو خۆگونجاندنە لەگەڵیدا.

ماوەی چەند دەیە ڕۆژنامەی کوردستان دەنگێکی گرنگە لە کوردستان، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی گواستنەوەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ

سەردەمی دیجیتاڵی بووەتەوە. ئەمەش بە واتای پاراستنی ناسنامەی گۆڤارەکە و لە هەمان کاتدا جێبەجێکردنی ئەو داواکاری و دەرفەتانەی کە سەردەمی دیجیتاڵی دەیهێنێت. ڕێگای پێشەوە هەم بە ئاڵنگاری چاوەڕواننەکراو و هەم تێڕوانینە بەنرخەکان هێڵکاری کراوە، ئەمەش وایکردووە مۆدێرنکردنەکە ببێتە گەشتێکی فێرکاری.

تەرکیزێکی ستراتیژی بریتییە لە پەرەپێدانی شێواز و فۆرماتێکی نوێی کارکردن کە نەک تەنها بەشداریکردنی خوێنەر بەهێزتر دەکات بەڵکو ڕۆژنامەی کوردستان وەک نمونەیەک لە ڕۆژنامەگەری دیجیتاڵیدا جێگیر دەکات. بە تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا داهێنەرەکان، بەهێزکردنی شوێنپێی دیجیتاڵی خۆی لە هەمان کاتدا ڕاستگۆیی لەگەڵ بەها تەقلیدییەکانیدا، ڕۆژنامەکە دەرفەتێکی هەیە بۆ بەردەوامبوون لە بوون بە سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو بۆ زانیاری بۆ هەردوو نەوەی ئێستا و داهاتوو.

مۆدێرنیزاسیۆن تەنیا پێویستییەک نییە، بەڵکوو دەرفەتێکە بۆ پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی ڕۆژنامە کوردستان. ڕۆژنامەکە بە دیدێکی ستراتیژی و توانای ئامێزگرتنی گۆڕانکاری، دەتوانێت وەک دەنگێکی بەهێز و سەرچاوەی ئیلهام لە دیمەنی میدیادا بمێنێتەوە.

**بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، کە دەنگێکی گرنگە لە کوردستان ئەمانە خاڵە سەرەکییەکانن کە دەبێت باسیان لێ بکرێت:**

### گواستنەوە لە نەریتەوە بۆ دیجیتاڵکردن:

دیمەنی میدیایی ئەمڕۆدا کە بە خێرایی دەگۆڕێت، دیجیتاڵکردن ئیتر پێگەی ڕەوتێکی نییە، بەڵکو پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. خوێنەرانی مۆدێرن داوای دەستڕاگەیشتنێکی دەستبەجێ و بەردەوام بە هەواڵ و شیکاری دەکەن، زۆرجار لە کاتی ڕاستەقینەدا و لەسەر چەندین پلاتفۆرم. ئەم گۆڕانکارییە بەو مانایەیە کە میدیای تەقلیدی دەبێت شێوازی کارکردنیان پێناسە بکاتەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیدار بمێنێتەوە. بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ئەمە بە مانای دارشتنەوەی بەرفراوان و گونجاندن لەگەڵ واقیعێکی دیجیتاڵی دێت.

یەکخستنی ئامرازە دیجیتاڵییەکان لە تەواوی ڕەوتی کاردا هەنگاوێکی چارەنووسسازە. لە ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی بابەتەوە تا باشکردنی دابەشکردنی ناوەڕۆک، دیجیتاڵکردن بە واتای دەرفەتێکە بۆ ئەوەی نەک تەنها خێراتر بگاتە خوێنەران، بەڵکو بۆ پێشکەشکردنی ئەزموونی کەسی زیاتر.



سەرچاوە
Serchawe

بەڵام دیجیتاڵکردن تەنها پەیوەندی بە تەکنەلۆژیاوە نییە - مەسەلەی بەهێزکردن و ڕەنگدانەوەی متمانە و ناوبانگی ڕۆژنامەکەشە. ئامادەیی دیجیتاڵی سەرکەوتوو پێویستی بە ناوەڕۆکێکی کوالیتی بەرز هەیە کە لەگەڵ بەها سەرەکییەکانی گۆڤارەکەدا بمێنێتەوە، لە هەمان کاتدا خۆی لەگەڵ پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی نەوەی نوێدا بگونجێنێت. ڕۆژنامەی کوردستان بە کەمایەتی دان بە داهێنان بەبێ ئەوەی سازش لەسەر یەکپارچەیی ڕۆژنامەگەری بکات، دەتوانێت پردێک لە نێوان مێژووی شانازی خۆی و ئایندەی دیجیتاڵیدا دروست بکات.

ئەم گواستنەوەیە پرۆسەیەکی چالاکە بەڵام پێویستە. ڕۆژنامەی کوردستان بە ئامێزگرتنی دیجیتاڵیزەکردن، نەک هەر دەتوانێت داواکارییەکانی سەردەم بەدی بهێنێت بەڵکو پێگەی خۆی وەک دەنگێکی پێشەنگ لە جیهانی هەواڵەکاندا چەسپێنێت، ئامادەیە بۆ گەشتکردن بەو گۆڕانکاریانەی کە داهاتوو دەیهێنێت..

## گەشتکردن بە بۆشایی نەوەکان:

یەکێک لە ئاستەنگە چاوەڕواننەکراوەکان مامەڵەکردن بووە لەگەڵ هەمەجۆریی نەوەکان . لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسە دێرینەکانی کە لە دامەزراندنیەوە لەگەڵ ڕۆژنامەکەدا بوون و ڕۆژنامەنووسانی گەنجی نەوەی Z کە ئێستا ڕۆڵێکی ناوەندییان گرتۆتە ئەستۆ، هاوسەنگییەکی ورد پێویستە. ڕۆژنامەنووسە دێرینەکانی بەشداری ئەزموونی چوارچێوەی مێژوویی دەکەن، لە کاتێکدا نەوەی گەنج داهێنەریی و شارەزایی تەکنیکی دەهێنێت. بە دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردن کە هەردوو گروپەکە هەست بە بیستراو و ڕێزگرتن بکەن، سوود لە خاڵە بەهێزە جیاوازەکانیان وەربگرین.

یەکێک لە ئاستەنگە چاوەڕواننەکراوەکان بەڵام بەرچاوەکان لە پیشەسازی میدیای ئەمڕۆدا مامەڵەکردنە لەگەڵ هەمەجۆریی نەوەکان. بۆ ڕۆژنامەی کوردستان ئەمە بە مانای هاوسەنگکردنی بەشداری ڕۆژنامەنووسە دێرینەکانی بەئەزموون، کە هەر لە سەرەتای ڕۆژنامەکەوە بوونیان هەیە، لەگەڵ نەوەی Z زی داهێنەر و شارەزای تەکنەلۆژیا، هەر گروپێک خاڵی بەهێزی بە نرخ دەهێنێت، بەڵام دیدگا و شێوازی کارکردنی جیاوازیان پێویستی بە وردبینی هەیە و یەکگرتنی ڕێزدار.

ڕۆژنامەنووسانی دێرین تێگەیشتنێکی قووڵ لە چوارچێوەی مێژوویی ڕۆژنامەکە و میراتی ڕۆژنامەنووسی لەگەڵ خۆیان دەهێنن. ئەزموونەکانیان هەستێکی بەردەوامی و متمانەپێکراوی دروست دەکەن کە پێویستە بۆ پاراستنی متمانەی خوێنەر. لە هەمان کاتدا نەوەی گەنج وزەیەکی تازە و داهێنان و لێهاتوویی تەکنیکی پێشکەش دەکات کە داهێنان و گونجاندن لەگەڵ سەردەمی دیجیتاڵیدا دەباتە پێشەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

کلیلی سەرکەوتووانەی بەڕێوەبردنی ئەم جیاوازییانە لە دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردندایە کە هەردوو گروپەکە هەست بکەن کە بیستراون و بەهایان هەیە. بە پێشخستنی پەیوەندی کراوە و هاندانی ڕاهێنەرایەتی، دەتوانرێت پرد لە نێوان ئەزموون و داهێناندا دروست بکرێت. ڕۆژنامەنووسە دێرینەکان دەتوانن تێڕوانین و نەریتەکانیان بەیەکەوە باس بکەن، لە کاتێکدا گەنجەکان بەشداری دیدگای نوێ و لێهاتوویی دیجیتاڵی دەکەن.

ئەم هاوکارییە نەوەکان نەک هەر ئاڵنگارییە نییە بەڵکو دەرفەتێکە. ڕۆژنامەی کوردستان بە کەڵک وەرگرتن لە خاڵە بەهێزەکانی هەردوو گروپەکە دەتوانێت ژوورێکی هەواڵی دینامیکی و سەلمێنەری داهاتوو پەرەپێبدات کە کوالیتی ڕۆژنامەگەری لەگەڵ داهێنانی تەکنەلۆژی تێکەڵ بکات. دەرئەنجامەکەی ڕۆژنامەیەکی مۆدێرنە کە بە سەرکەوتوویی باشترینەکانی نەریت و داهێنان تێکەڵ دەکات.

## هاوسەنگی نێوان تەکنەلۆژیا و مرۆڤایەتی:

لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیا شۆڕشێک لە جیهانی ڕۆژنامەگەریدا دەکات، گێڕانەوەی چیرۆکەکان کە مرۆڤەکان دەجووڵێنن و کاریگەرییان لەسەر دروست دەکات. سەرەڕای ئەو ئەگەرە زەبەلاحانەی کە ئامراز و پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان پێشکەشی دەکەن، ڕۆژنامەگەری مەترسی لەدەستدانی ڕۆحی خۆی هەیە ئەگەر لایەنی مرۆیی لەدەست بدات. تەکنەلۆژیا ئامرازێکی بەهێزە، بەڵام ئەوە دیدگا و هاوسۆزی و توانای تێگەیشتن و ڕەنگدانەوەی کۆمەڵگای ڕۆژنامەنووسانە کە ڕۆژنامەگەری مانادار دەکات.

ڕۆژنامەی کوردستان دەرفەتێکی  هەیە بۆ کەڵک وەرگرتن لە هەمەجۆریی نەوەکان بۆ بەهێزکردنی کوالیتی ڕۆژنامەنووسیی خۆی. بە دروستکردنی کلتوری کارکردنی گشتگیر کە هەردوو ڕۆژنامەنووسە دێرینەکانی بە ئەزموون و نەوەی گەنج و تەکنەلۆژیا پاڵنەر هەست بە بەشداریکردن دەکەن. ڕۆژنامەنووسانی بەتەمەن کۆنتێکستی مێژوویی دەوڵەمەند و یەکپارچەیی ڕۆژنامەنووسی پێشکەش دەکەن، لە کاتێکدا نەوەی گەنج داهێنان و شارەزایی تەکنیکی و تێگەیشتن لە پلاتفۆرمە نوێیەکان دەهێنێت کە بەکارهێنانی هەواڵەکانی ئەمڕۆ.

بۆ بنیاتنانی ئەم هاوکارییە، پێشخستنی پەیوەندی و هاوکاری کراوە زۆر گرنگە. لە ڕێگەی ڕاهێنەرایەتییەوە، ڕۆژنامەنووسە دێرینەکانی دەتوانن ئەزموون و بەها ڕۆژنامەنووسییەکانیان بەیەکەوە باس بکەن، لە کاتێکدا گەنجەکان دەتوانن بەشداری لە تێڕوانینەکاندا بکەن سەبارەت بەوەی کە چۆن دەتوانرێت تەکنەلۆژیای نوێ و فۆرمات دیجیتاڵی

بەکاربهێنرێت بۆ گەیشتن و بەشداریکردنی بینەرێکی فراوانتر. هاوسەنگی لە نێوان نەریت و داهێناندا تیمێکی سەرنوسەری دینامیکی و پێشکەوتوو دروست دەکات.

ئایندەی ڕۆژنامەگەری لە توانای ئامێزگرتنی گۆڕاندایە بەبێ ئەوەی دڵی لەدەست بدات. ڕۆژنامەی کوردستان بە بەهادان بە هەم پێشکەوتنی تەکنەلۆژی و هەم چیرۆکی مرۆڤایەتی، دەتوانێت بەردەوام بێت لە دەنگێکی بەهێز و متمانەپێکراو، نەک هەر ڕاپۆرت لەسەر جیهان بەڵکو دەستی لێبدات.

## بنیاتنانی داهاتوو لەسەر بنەمای میرات:

مێژوو سەرچاوەیەکی بە نرخە بۆ داڕشتنی داهاتوو و ڕۆژنامەنووسانی دێرین لە ڕۆژنامەی کوردستان هەڵگری سەرەکی ئەم میراتەن. تێگەیشتنی قووڵیان لە گرنگی مێژوویی ڕۆژنامەکە و بنەما ڕۆژنامەنووسییەکان بناغەیەکی تۆکمە پێشکەش دەکەن بۆ ئەوەی لەسەری بنیات بنێن. بە ڕۆڵگێڕان وەک ڕاهێنەر، دەتوانن ئەم زانیاری و ئەزموونە بە نرخە بگوازنەوە بۆ هاوکارە گەنجەکان.

ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسانی دێرین زۆر لەوە زیاترە کە بەڕێوەبەری مێژوویی بوون؛ هەروەها پارێزەری بەها سەرەکییەکانی ڕۆژنامەکەن. بە پابەندبوون بەم بەهایانە دڵنیا دەبنەوە لەوەی ڕۆژنامەی کوردستان نەک هەر ڕەوتەکان پەیڕەو دەکات بەڵکو بەردەوامە لە پێشکەشکردنی ڕۆژنامەگەریی کوالیتی بەرز کە ڕەگ و ڕیشەی لە دەستپاکی و متمانەدا هەیە. لە هەمان کاتدا ئەزموونەکەیان توانایەکی پێدەبەخشێت کە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ بخەنە چوارچێوەیەکی مێژوویی فراوانترەوە، ئەمەش تێگەیشتن بۆ خوێنەران قووڵتر دەکاتەوە.

نەوەی گەنجی ڕۆژنامەنووسان، بە داهێنان و لێهاتوویی تەکنیکی خۆیان، دەتوانن بەشداری دیدگا و داهێنانی نوێ بکەن. بەڵام بۆ ئەوەی تواناکانیان بە تەواوی بقۆزنەوە، پردێک لە نێوان نەوەکاندا پێویستە. بە دروستکردنی ژینگەیەکی کارکردن کە ڕاهێنەرایەتی و فێربوون بەشێکی سەرەکی بێت، سەرنوسەران دەتوانن باشترینەکانی نەریت و داهێنان تێکەڵ بکەن. ڕۆژنامەنووسە دێرینەکان دەتوانن ئیلهامبەخش بن و ڕێنمایی بکەن، لە کاتێکدا گەنجەکان بیرۆکە و ئامرازی نوێ دەهێنن بۆ بەرەنگاربوونەوەی گۆڕانی بەکارهێنانی میدیا.

فێربوون لە مێژوو واتە ڕێزگرتن لە ڕابردوو بەبێ ئەوەی پابەند بیت پێیەوە. ڕۆژنامەی کوردستان بە میراتێک وەک



سەرچاوە
Serchawe

پلاتفۆرمێکی سەقامگیر، دەتوانێت بەردەوام بێت لە گەشەکردن و داهێنان و وەک دەنگێکی پێشەنگ لە جیهانێکی ئاڵۆز و دیجیتاڵیدا بمێنێتەوە.

## کردنەوەی توانای نەوەی نوێ: Z

نەوەی Z بە لێهاتوویی دیجیتاڵی و بیرکردنەوەی داهێنەرانەی خۆی، شۆڕشێکی گەورەی لە شێوازەکانی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردووە. لە ڕۆژنامەی کوردستاندا، ئەم نەوەیە گەنجە بووەتە هێزێکی بزوێنەری داهێنان، بەتایبەتی بە ناساندنی بیرۆکە و پرۆسەی کار کە هاوتەریبن لەگەڵ دیمەنی تەکنەلۆژی ئەمڕۆ. بەشدارییەکانیان نەک هەر شێوازی کارکردنی گۆڤارەکەی نوێکردووەتەوە، بەڵکو دەرگای بەڕووی شێوازی نوێی سەرقاڵکردنی خوێنەرانیشدا کردووەتەوە.

بەشێکی گرنگی ئەم گۆڕانکارییە دەرفەت دەدات بە ڕۆژنامەنووسانی گەنج کە ڕاستەوخۆ بیرۆکەکانیان بخەنە بەردەم بەڕێوەبەرایەتی. ئەم متمانەیە بە تێڕوانینەکانیان، بەتایبەتی لە بوارەکانی وەک سۆشیال میدیا و فۆرماتە دیجیتاڵییە نوێیەکان، کولتوورێکی کارکردنی دینامیکی و کراوە دروست دەکات. بە خستنەڕووی دیدگاکەیان لە بڕیاردان، گۆڤارەکە دەتوانێت لە پێشەنگی پەرەپێدانی ناوەڕۆکدا بێت کە سەرنجی بینەر لە جیهانێکی دیجیتاڵیدا بگرێت و بیهێڵێتەوە.

ئەو ئازادییە داهێنەرانەی کە بە نەوەی Z دراوە، تەنیا بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ نییە، بەڵکو تاقیکردنەوەی شێوازی نوێی چیرۆکگێڕان.

ڕۆژنامەی کوردستان بە گوێگرتن و بەهادان بە تێڕوانینەکانی نەوەی گەنج دەتوانێت بەردەوام بێت لە پەرەپێدان و بەهێزکردنی ڕۆڵی خۆی وەک دەنگێکی پێشەنگ و داهێنەر لە جیهانێکی میدیایی هەمیشە گۆڕاودا.

## ڕۆژنامەی کوردستان ئایندەیەک کە لەسەر داهێنان بنیات نراوە:

لە کاتێکدا ڕۆژنامەی کوردستان چاوی لە پێشەوەیە، ڕوونە کە داهاتووەکەی لەسەر تێکەڵەیەکی هاوسەنگ لە ڕۆژنامەگەری کوالیتی و داهێنانی تەکنەلۆژی وەستاوە. بۆ ئەوەی داواکارییە هاوچەرخەکان بەدی بهێنرێت، ستراتیژێک پێویستە کە نەک تەنها سەرنجی لەسەر ناوەڕۆکی ڕۆژنامەنووسی بێت، بەڵکو لەسەر ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژی و کولتوورییەکانیش لە دیمەنی میدیایی ئەمڕۆ.

بەشێکی سەرەکی ئەم ستراتیژە ڕاهێنان و پەرەپێدانی بەردەوامە. بۆ ئەوەی لە کێبڕکێدا بمێنێتەوە، پێویستە هەردوو ڕۆژنامەنووس و ستافی تەکنیکی دەستیان بە ڕاهێنانی بەردەوام بگات. ئەمەش نەک تەنها تێگەیشتن لە ئامراز و پلاتفۆرمە نوێیەکان، بەڵکو فێربوونی بەکارهێنانی داهێنەرانە و کاریگەرانە. ڕۆژنامەی کوردستان بە وەبەرهێنان لە لێهاتوویی ستافەکەیدا دەتوانێت دڵنیابێت لەوەی کە ئامادەن بۆ ڕۆیشتن بە گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆجی و کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتەکانی بە تەواوی.

لە دەرەوەی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان، گۆڤارەکە دەبێت لە رووی کولتووریشەوە پەیوەندیدار بمێنێتەوە. ڕۆژنامەی کوردستان بە گرنگیدان بە پرسە هەنووکەییەکان کە کاریگەرییان لەسەر دانیشتوانی کورد هەیە، چ لە ئاستی ناوخۆیی و چ لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، دەتوانێت ڕۆڵی خۆی وەک دەنگێکی متمانەپێکراو بۆ کۆمەڵگاکەی قووڵتر بکاتەوە. ئەمەش پێویستی بەوەیە ڕۆژنامەکە ڕەنگدانەوەی هەبێت و سەرقاڵی ئەو پرس و چیرۆکانە بێت کە زۆر گرنگن بۆ خوێنەرانی. پەیوەندی ڕۆشنبیری نەک هەر پەیوەندی ڕۆژنامەکە بەهێز دەکات، بەڵکو یارمەتیدەرە بۆ دروستکردنی پردی نێوان نەوەکان و ڕوانگە.

## داڕشتنی داهاتوو بە هاوسەنگی و یەکپارچەیی:

ڕۆژنامەی کوردستان لە کاتێکی وروژێنەر بەڵام پڕ ئاڵنگاریدایە. بە وەرگرتنی گۆڕانکاری لە هەمان کاتدا دەستگرتن بە میراتەکەیەوە..

تێکەڵکردنی تەکنەلۆژیا و داهێنان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا زۆر گرنگە بۆ گونجاندن لەگەڵ جیهانێکی میدیایی کە هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەوە تەنها بەکارهێنانی پلاتفۆرم و ئامرازی نوێ نییە، بەڵکو پەرەپێدانی ڕێگەی داهێنەرانە بۆ سەرقاڵکردنی خوێنەران و گەیاندنی هەواڵەکان بە شێوەیەک کە دەنگدانەوەی لەگەڵ سەردەمدا هەبێت. لە هەمان کاتدا، ئەم داهێنانە هەمیشە دەبێت لە یەکپارچەیی ڕۆژنامەنووسیدا زەمینەسازی بکرێت - بەردی بناغەیەک کە دڵنیای دەدات ڕۆژنامەی کوردستان وەک دەنگێکی باوەڕپێکراو بۆ خەڵک دەمێنێتەوە.

میرات و پەیوەندی کولتووری گۆڤارەکە هێزەکەیەتی و پێویستە بەردەوام بێت لە ئاگادارکردنەوەی ناوەڕۆک و تۆنەکەی. ڕۆژنامەی کوردستان بە ڕاستگۆیی لەگەڵ ڕەگ و ریشەی خۆی، دەتوانێت پەیوەندیی خۆی وەک سەکۆیەک بۆ چیرۆک و خەبات و پێشکەوتنی کۆمەڵگا بپارێزێت. ئەم ڕێزگرتنە بۆ مێژوو کە لەگەڵ دیدێکی پێشکەوتوودا تێکەڵ کراوە، ڕێگە بە



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

گۆڤارەکە دەدات باشترینەکانی نەریت و داهێنان تێکەڵ بکات.


لەم سەردەمە وروژێنەرەدا ڕۆژنامەی کوردستان توانای ئەوەی هەیە کە زۆر زیاتر لە ڕۆژنامەیەک بێت. دەتوانێت ببێتە دەنگێکی پێشەنگ کە نەک تەنها ڕەنگدانەوەی واقیع بێت بەڵکو ئیلهامبەخش بێت بۆ گۆڕانکاری.

**١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## خیانەت بە فەلسەفە و ڕووناکبیری!




**(لە پەراوێزی دیبەیتی مەهدی نەسیری و بیژەن عەبدولکەریمی)**

**شاڕۆخ حەسەنزادە**

چەند ڕۆژ لەمەوبەر، دوو کەسایەتیی ناسراوی ڕاگەیاندنەکان لە ئێران پێکەوە باسێکیان لەسەر پاشەڕۆژی ئێران و ڕووداوەکانی نێوخۆ و دەرەوە کرد. "بیژەن عەبدولکەریمی" مامۆستای زانکۆ لە بواری فەلسەفەی و "مەهدی نەسیری" ڕۆژنامەنووس و چالاکی سیاسی هەرکام بە پێی ڕوانگە و لە گۆشەنیگای خۆیانەوە هەوڵیان دەدا پڕۆپاگەندە بۆ بۆچوونەکانیان بکەن. بەڕواڵەت ئەو دوو بەڕێزە هەردووکیان ڕەخنەگری سیاسەتەکانی ڕێژیمن و تەنانەت بەڕاشکاوی باس لە تێپەڕین لەو نیزامە دەکەن.

سەرجەم گوتوبێژەکە نزیک سێ کاتژمێر و نیوە و ئەوەی منی هان دا لەو پێوەندییەدا هەڵوێستەیەک بگرم، دوو ڕوانگەی جیاوازی ئەو دوو بەڕێزە بوو کە وێڕای هەموو ڕەخنەکانیان لە سیستەم و دەستەڵات، ئێستا، داهاتوو و جۆری حاکمییەت، بەهیچ کلوچێک بەلای مافی نەتەوەکان و دەوریان و داهاتوویان، و سەنگ و قورساییاندا نەچوون و لەنێو دوو ئایدۆلۆژی

ئەزموونکراودا قەتیس مانەوە.

بە شێوەیەکی گشتی؛ "عەبدولکەریمی"، هەوڵی دەدا وەک فەیلەسووفێک دەربکەوێت و بە قسە و لێدوانی فەلسەفی و بەکارهێنانی چەمکگەلی زانستی خۆی هەڵکێشێ و بڵێ؛ من زۆر لەوانە زاناترم و ئەوەی من دەیڵێم ڕاستە. تەنانەت بەڕاشکاوی پلاریک لە نەسیری دەدا و دەڵێ؛ بەداخەوە ئەو باسانە هەمیشە بەو ئاقارەدا دەڕۆن کە من لێی تێناگەم و خۆزگە دەخوازێ ئەو خەڵکانە ئاستی زانستی خۆیان بەرنە سەر و بە شێوەی زاستی پێکەوە قسە بکەن!

عەبدولکەریمی سەرەتا بە شێوەیەکی دەستکرد هەوڵ دەدا خۆی بەدوور بگرێت لە سیستەم و پێی ناخۆشە کۆمەڵگە تانەی لێدەدەن و پشتیان تێکردووە و وەک "بەکرێگیراوێکی حاکمیەتی" پێناسەی دەکەن، لە چەند جێ دەست دەکات بە پاڕانەوە و لە جێی دیکەش دەبێتە دژبەر! لە شوێنێک دەڵێ: "بەپێی ئەو ڕەوشەی لە دەوروپشتمان هەیە، بەڵێ دەبێ گۆڕانکاری بکرێ، ئەوە بە قازانجی نیزامە، تەنانەت بە قازانجی ئەمنییەتی نەتەوەییمانە، ئەگە ئەو گۆڕانکارییانە نەکرێن و دۆخەکە باش نەکرێت مەترسیی تێداچوون هەیە... ئێمە خوازیاری گۆڕانکارین و تەنانەت خوازیاری گۆڕینی ئەو نیزامەشم!" بەڵام لە درێژەدا چەندین جار تووشی دژوازی دەبێ و هەرجارێ بۆ لایەک شەن دەکا و دەڵێ؛ ئەو ڕێژیمە گۆڕانی بەسەردا نایە و تەنانەت ڕۆژئاواییەکانیش ئەوەیان ناوێ و وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەو دەیهەوێ بەو قسانە ئاوێکی پاک بەدەستی خەڵکی نارازیدا بکات و پێیان بڵێ، واز بێنن، دنیا دەگەڵ گۆڕینی ڕێژیم نییە و ئەگە بڕیارە گۆڕانکارییەکەی چاکسازیخوازانەش هەبێ دەبێ هەر بەو هێزە حکوومەتی و ئەمنییەتی و خەڵکی نێوخۆ کە ئەو بە "بەرادەرانی ئینقلابی-شیعە" ناویان دەبا، بکرێ.

ناوبراو بە هیچ شێوەیەک بڕوای بە ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوە نییە و ڕەنگبێ ئەگەر بۆی بکرێ هەموویان قڕ بکات! سەروبنی قسەکانی عەبدولکەریمی، زۆر زیرەکانە ترساندنی خەڵک لە بەسووریەبوونی ئێران بوو. ئەو مانۆڕی لەسەر ئەوە دەدا ئەگە شتێک ڕووبدات و بۆشایی ئەمنییەتی لە ئاکامی نەمانی دەستەڵات هەبێ، ئەوە کارەسات ڕوو دەدات! پاشان خەڵک وەبیر غەزە و لوبنان و عێراق دێنێتەوە و دەیهەوێ بۆ خەڵک وێنا بکات ئێرانیش وەک ئەوانی لێ دێ و ماڵی هەمووماں خراپ دەبێ! بەڵام ئایا ئەم بۆچوونە ڕاستە؟ بڕیارە ڕۆژئاوا هێرش بکاتە سەر ماڵ و سامانی ئەو خەڵکە و لەنێویان بەرێ؟ تەنانەت لە جێیەکدا لە زار بەرپرسانی ئەمنی و سپاییدا دەڵێ، لات و چەقۆکێشەکانی تاران ماڵەکانی باکووری تارانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کردوە! بەڕاستی مامۆستایەکی فەلسەفەی زانکۆ ئاگاهانە یان نائاگاهە فریوی درۆ و دەلەسە و پیلانەکانی دامەزراوە ئەمنییەتییەکان بخوات و بەم شێوە نزمە پرۆپاگەندە بۆ دیکتاتۆر بکات دەبێ ئاستی تێگەیشتنی چەندە بێ و چ ئەخلاقێکی هەبێ؟



سەرچاوە Serchawe

لە ڕەوتی مێژوودا بەشێک لە بیرمەندان و فەیلەسووفەکان دە داوی ڕێژیم و دەستەڵاتەکان کەوتوون یان خۆبەخشانە هاوکاریان بوون و زانستی خۆیان خستووەتە خزمەت بەرژەوەندیەکانیان. ئەوان وێڕای ئەوەیکە توانیویانە گۆڕانکاری مەزن لە شێوەی بیرکردنەوە و ڕۆنانی چەمک و مانای تایبەت لە زانستدا بخولقێنن، بەڵام هەڵوێستی سیاسی و پشتیوانییان لە دەستەڵاتەکان بەتایبەت دیکتاتۆر و فاشیستەکان؛ گەورەیی ئەو بیرمەندانەی خستووەتە ژێر پرسیار. یەکێک لە هەرە فەیلەسوفە ناسراوەکانی سەدەی بیستەم، "مارتین هایدگەر" بوو. هەڵبەت نامهەوێ لێرەدا کەسایەتی و زانایی هایدگەر و عەبدولکەریمی پێک بگرم، بەڵام دەوری هایدگەر لە سەردەمی هیتلەری نازی بەو زانستەی هەیبوو بە نەرینی زۆر کەسایەتی و بیرمەندی وەک "ئێدمۆند هۆسرێل" و "کارێل یاسپێرس"، کە لە زۆر شوێندا باسیان لەوە کردووە لەبەر ئەو بۆچوونە سەقەتانەی بەتایبەت لەهەمبەر جوولەکەکان، هیچ کات نایبوورن و لەبواری ئەخلاقییەوە شەرمەزاری دەکەن. ئەوان لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هایدگەر، ڕەگەزپەرستێکی شارەزا بوو.

هایدگەر بە زمانێکی فەلسەفی تایبەت بە خۆی، هیتلەر وەک کەسایەتییەکی ئاوەزمەند و مەزن پێناسە دەکات کە بڕیاری داوە مرۆڤایەتی لە "فەرامۆشیی بوون" ڕزگار بکات! وەک شێوەی بیرکردنەوەی عەبدولکەریمی کە پێی وایە ئەوە خامنەیی و ڕێژیمەکەیەتی لەبەرامبەر "نیزامی سوڵتە" (ئەمریکا و ئەورووپا)دا ڕاوەستاون و ئێمەش دەبێ بە هەموو شێوەیەک لە پشتی بین و نەهێڵین بکەوێت. ئەو بەڕێزە پێیوایە ئەوەی خامنەیی دەیکا و دەیڵێ بەبێ بیرکردنەوە نەبووە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندییەکانی نەتەوەیی ڕۆنراوە و نابێ پشتی تێبکەین. هایدگێریش لە ٢٧ـی مەی ١٩٣٣ دا لەنێو خوێندکارانی زانکۆی فرایبورگ دا گوتبووی؛ هێڵە گشتییەکانی زانکۆ دەبێ گوێڕایەڵی لە خواستەکانی "پێشەوا" بکا!

لە نزیک سێ کاتژمێر و نیو گوتوبێژەکەدا، سێ چوار جار ناوی کورد هات کە هەردووک لا بەتایبەت عەبدولکەریمی وەک چەکدارگەلێک کە شەڕیان بە نیزام فرۆشتوە یان شەڕخواز و "تەجزیەتەڵەبن" باسیان دەکات. ئەگە "ئێدوارد سەعید" لە "ئۆریەنتالیزم"دا چۆنیەتی ڕوانگە و خۆبەزلزانینی ڕۆژئاواییەکان لەهەمبەر ڕۆژهەڵاتیەکان باس دەکات و لەسەر ئیستعمار و زۆرداریی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەدوێ، عەبدولکەریمیش ئاگاهانە بە سووکی باسی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد دەکات، بەڵام پێشی وایە دەبێ لەبەرامبەر سیستەمی زاڵ و ئیستعماری نوێدا بوەستین و نابێ ملکەچی بین دەنا وەک "لیڤیاتان"ـی "هابز" سەری هەموولایەک دەخوات! هایدگەریش بە چەمکێک کە لەخۆی وەدەرنابوودەیهەویست بیسەلمێنیت کە جوولەکەکان کاڵفامن و ڕێک لە ڕاستای سیاسەتەکانی ئایدۆلۆژیکی هیتلەری نازی، لەو جێگە و پێگە سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەی کە هەیانبوو، بیانهێنێتە خوار هەتا بەستێن بۆ کۆمەڵکوژییان ئامادە بکات. واتە ئەو تیۆڕوانینە کۆلۆنیالیستییە بە هەمو شێوەیەک بۆ لەنێوبردنی جوولەکە یان دژەجوولەکە وەک ئەو ڕوانگەیەی عەبدولکەریمی لێد ێ کە کوردی پێ کێوی، شەڕخواز و بەلووچی پێ نەخوێندەوار و قاچاغچییە و تورکی پێ بێ مێشکە و ... ئەو جۆرە ڕوانینە بە

مەبەستی تواندنەوە و ئاسیمیلاسیۆن تەنانەت لە هونەر و سینەمای ئێرانیشدا ڕەنگی داوەتەوە. بە واتایەکی دیکە، زانستی ڕۆژئاواییەکانی وەرگێڕاوەتەوە و بە قازانج و مەبەستی تایبەتی خۆی بۆ چەوساندنەوەی نەتەوەکانی دیکەی ئێران کەڵک وەردەگرێ. جا سەیرەکە لەوەدایە، ئەگە ڕێژیمی ئێران بە ڕێبەریی خامنەیی لە بەرامبەر زۆرداریی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بوەستێت، ئەوە بۆ عەبدولکەریمی ڕەوایە و مافی خۆیەتی لە پەنا ڕێژیم بەدژی ڕۆژئاوا بوەستێ، بەڵام ئەگە کورد یان نەتەوەکانی زوڵملێکراو لە بەرامبەر ملهوڕی و جینایەتەکانی ڕێژیم ڕابوەستن و لە پێناو مافەکانیاندا خەبات بکەن، ناڕەوایە و دەبنە شەڕخواز و تەجزیەتەڵەب!

زۆر سەیرە چۆن کەسێک بانگەشەی ئەوە بکات لە بواری زانست دوامین پلەکانی بڕیوە و وەک مامۆستای زانکۆی تاران وانەکانی فەلسەفە دەڵێتەوە دەتوانێ پاساو بۆ مانەوەی سیستەمێکی دیکتاتۆر و درێژەی جینایەتەکانی بێنێتەوە؟ چۆن دەتوانێ ئەوەندە کورتبین و بەرژەوەندیخواز بێ؟ بەڕێزیان فەلسەفەی ئەخلاقی ئەفلاتوون و تەنانەت کانتیش خوێندوەتەوە بەڵام لەبیری چووەتەوە. ئەخلاق، لە بۆچوونەکانی ئەفلاتووندا لە لقەکانی سیاسەت و بیرکردنەوەیە، ناوبراو دوای گەنگەشە لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی باسی دادپەروەری تاکیش دەکات کە ئەمەیان وەک ئەخلاق پێناسە دەکات، بایەخەکان لە ڕوانگەی ئەفلاتون لە سێ خاڵ تێناپەڕن: ١. جوانی. ٢. دادپەروەری. ٣. حەقیقەت. کۆی تێگەیشتن لەم سێ خاڵە، خێر و چاکەیە. ئەوەیکە دەڵێ؛ ئەخلاق لە ڕەهەندەکانی جوانییە، مەبەستی لێرەدا بۆ وێنە جوانیی گوڵ نییە بەڵکوو جوانی لە کار و کردەوەی مرۆڤەکانە کە لە ڕوحێکی خەملێندراو بە ئاوەزەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو شێوە ڕوانینە و پاساوهێناوە و دژوازییەی قسەکانی عەبدولکەریمی، بێئاکاریی ناوبراو دەسەلمێنێت و وادیارە بەرژەوەندییە کەسییەکانی ئیزنی بیرکردنەوەی لێسەندوە و زانست و ئاوەزی خۆی دۆڕاندوە. ئەو هەست بەبەرپرسیارەتییەی کە دەبێ هەیبی دەکاتە قوربانی و بنەما ئەخلاقییەکانی وەلاناوە و بایەخ بە خواستی خێری گشتی نادات.

ئەخلاقی کانتی کە وەک بۆچوونگەلێکی ئاکاری و ئەرکمەند بوون، بۆ یەکەمجار لەلایەن "ئێمانۆیەل کانت"ـەوە لەسەر بناغەی ئاوەزمەندی چاخی ڕەوشەنگەری پێناسە کراوە. بە باوەڕی ناوبراو؛ خواستی خێرخوازانە تەنیا بە هۆکاری خۆی وەک بایەخێکی ڕەها سەیر دەکرێ و؛ کردەوەیەک تەنیا کاتێک دەتوانێ خێرخوازانە بێ کە هەست بە بەرپرسیارەتی لە هەمبەر بنەما ئەخلاقییەکانیی لەبەرچاو گرتبێ. لە بەشێکی دیکەدا کانت پێی وایە؛ مرۆڤەکان هیچکات نابێ تەنیا وەک ئامرازێک بۆ گەیشتن بە ئامانجێک کەڵکیان لێ وەربگیردرێ بەڵکوو دەبێ هەمیشە وەک خودیی ئامانج چاو لێبکرێن و مرۆڤایەتی خۆی بپارێزێت. بناغەی جیهانداگریی کانت لەسەر ئەمە ڕۆنراوە؛ کردەوەیەک هەتا ئەوکاتەی لۆژیکێکی دژواز نەخولقێنێت، دەبێ بۆ سەرجەم تاکەکان لەبەرچاو بگیرێ.

عەبدولکەریمیش وەک هایدگەر و "کارێل شمیت" پاساو بۆ فاشیمزم دێننەوە و دژی دیمۆکراسیی لیبراڵن کە دواتر لەلایەن قوتابی و دۆستەکانیان تەریق دەکرێتەوە، بەڵام لێرەدا قسەیەکی جوانیش دەکات؛ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و هێنانەوەی ڕێژیمێک کە هەر ئەو خەڵکە ڕووخاندوویەتی ئەوپەڕی گەوجی و نەزانییە و نابێ ڕوو بدات. لە شوێنێکیش دا لەبەرامبەر ئەو هەمووە گەندەڵی و فەسادەی کە نەسیری باسی دەکات و بە ڕەزای پەهلەوی هەڵدەڵێ، دەڵێ؛ باشتر وایە شازادە ئەو سەدان میلیۆن دۆلارەی باوکی دەگەڵ خۆی دزی و بردی بێنیتەوە جا دواتر قسە بکات! بەڵام لە کۆتاییدا بە تەواو مانا ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و تەسکی کۆماری ئیسلامی بە نییەتێکی پاکەوە دەردەبڕێ و دەڵێ؛ ئێمە ئوستوورەی مێژوویی وەک عەلی و حوسێنمان هەیە، ڕێبەر و ئایدۆلۆژی و قارەمان (قاسم سلێمانی)مان هەیە، چەک و میدیامان هەیە، هێزی بەسیج هەیە و باسی مەزڵووم بوونی ئێران و فلەستین و تەنانەت ئەمریکای لاتین و ئەفریقاش دەکات! ئەو بەئاشکرا خۆی لەپەنا هێزە ئەمنییەتییەکان دەبینێتەوە و پێیوایە هێزی شیعە و برادەرانی سپایی دەتوانن ئەو نیزامە لەسەر پێ ڕابگرن. عبدولکەریمی نایشارێتەوە و دەڵێ ئەوانەی لە لوبنان و ەفلستین دەکوژرێن منداڵانی ئەم نیشتمانن و لەسەر حەق بوون و ئەو ڕێک وەک قسەکانی خامنەیی و بەرپرسانی سپا لێدوان دەدا. ئەو بزووتنەوەی ژن ژیان ئازادی بە فیت و بەرهەمی میدیای ڕۆژئاوایی و نیزامی سوڵتە دەزانێ و لەسەر ئەو باوەڕەیە هێزەکانی ئینتزامی ئەگە ئەو چەند کەسەیان نەکوشتبا و کوێر نەکردبا ڕەنگبوو هەزاران و دەیان هەزار کەسی دیکە لە ئاکام بۆشایی دەستەڵات کوژرابان! ئەو پێی وایە تەنیا دەبێ لەگەڵ هێزی شۆڕش یان "بەچەهای ئینقلاب" دەتوانن قسە بکەن و هەر ئەوانیش دەتوانن چارەسەری ئەو دۆخە بکەن ئەوانی دیکە درۆ دەکەن و ڕاسپێردراوی دەوڵەتانی دیکەن بۆ شێواندنی ئێران!

قسەکانی نەسیری کە خۆی وەک ڕۆژنامەنووس و تەنانەت ڕووناکبیر پێناسە دەکات، بەتایبەت باس کردن لە قەیرانە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، ئابووری، نیزامی، کۆمەڵایەتی و کولتووری هەمووی ڕاست و لەجێی خۆیدا بوو. بەتایبەت پرسی دارمینی سەرجەم هێزە جێگرەوەکانی و کۆتایی دەستەڵاتی بەشار ئەسەد لە سووریە مۆتەکەیک بوو خەونی خۆشی دەستەڵاتی ئاڵۆز کردوە. نەسیری بوێرانە کێشە و گرفتەکانی هەڵدا، پێی وابوو کارەستایک جگە لە مانەوە دەستەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوونی نییە و هەرچی دەیکێشین لەدەست ئەو حاکمیەتەیە، دەرگای هەموو چاکسازییەک داخراوە. سیاسەتی دژایەتی دەگەڵ "سولتە ستیزی" شکستی هێناوە و دەبێ دەگەڵ دنیا بەتایبەت ڕۆژئاواییەکان و لەسەرووی هەمووان ئەمریکا ئاش ببینەوە. نەسیری بە ڕاشکاوی باسی لە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەکرد و بێ سڵ کردنەوە شەخسی خامنەیشی دەکردە ئامانج و هەموو ئەو هەڵە و سیاسەتە چەوتانەی لە ژێر سەری ناوبراو دەزانی.

لە ئاکامدا مەهدی نەسری وێرای ڕەخنە بەجێیەکانی بەداخەوە ڕێگای لێ هەتڵە دەبێ و ناوبراویش ڕاستییەکانی کۆمەڵگە نابینێت و بەهەر هۆکارێک بێ، پێی وایە دەبێ بۆ ڕابردوو بگەڕێینەوە و دواڕۆژی ئەو جوگرافیایە دەدەست پاشاخوازەکاندا

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

بێ. نەسیریش وەک عەبدولکەریمی باسی مافی نەتەوەکانی نێو ئێران ناکات و بە ڕوانگەیەکی داخراوی دیکتاتۆری هیچ باوەڕێکی بە مافی گەلانی نیشتەجێ لە ئێران نییە و خۆی لە قەرەی ئەو باسانە نادات چوونکە باوەڕی پێ نییە.

لە کۆتاییدا ئەوەیکە شیاوی سەرنجە ئەوەیەکە؛ بە ڕواڵەت ئەو دوو بەڕێزە لە بەرامبەر یەکتر دا ڕاوەستاون، هەرکام بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و تەنانەت دژی یەکترن، بەڵام ئەگە منی کورد باسی مافەکانی خۆم لە ناو ئەو وێژمانەدا بێنمە گۆڕ، ئەو دوو کەسە و لایەنگرکانیان پێکەوە لەبەرامبەر ئێمە دەچنە یەک سەنگەر و بە تەواو مانا دژایەتیمان دەکەن. ئەوان ئێستاش پێیان وایە دەبێ لە ناوەند دەستەڵاتی ڕەهایان هەبێ، بە بەزەیی خۆیان خێر بە پەراوێز بکەن، مافی دامەزراندن و بەڕێوەبەری هی ئەوان بێ، جگە لەوە ئەگە دەنگ هەڵبڕین و داوای مافی خۆمان بکەین دەبینە یاغی و جوداخواز! مەخابن ئەم عەقڵییەتە دەمارگرژەی ناوەندتەوەر لەو قۆنەغەدا یەکتر دەگرنەوە (بۆ وێنە لە بزووتنەوەی ژینا) و وێڕای بە ڕواڵەت قسە جوانەکانیان هیچ باوەڕێکیان بە دێموکراسی و مافەکانی ئێمە نییە و دواڕۆژی نزیکی ئازادیان لێڵ کردوە.

**١٨ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

---



سەرچاوە Serchawe

# لە کۆلکە ڕەوینەوە و بەسەر بەرازدا کەوتن



**سمایل شەرەفی**

ماوەی چەند مانگێکە یەکێک لەو دەنگە ناڕازی و ڕەخنەگرانەی نێوخۆی وڵات کە ئەلحەق بوێرانە و لێبڕاوانە لە سەروگوێلاکی تەواوەتیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەدات، "مێهدی نەسیری"یە. نەسیری کە ساڵی ١٣٧٠ بە دەستوری عەلی خامنەیی بەڕێوەبەریی ڕۆژنامەی "کەیهان" پێ ئەسپێردرا، لەگەڵ خوێندنی لە حەوزەی عیلمییەی قوم تا دەیەی ٩٠ی هەتاوی وەک کەسێکی نزیک لە ڕێبەری نیزام، نوێنەرایەتیی ناوبراوی لە کاروباری فەرهەنگیدا لەئەستۆ بووە.

مێهدی نەسیری لە ساڵەکانی سەرەتای دەیەی ٩٠دا وردەوردە نێوانی لەگەڵ شێوەی بەڕێوەبردیی وڵات لەلایەن باڵی بناژۆخوازی دەسەڵاتەوە تێک دەچێ و تا ڕادەیەک لە بەرەی بەناو ڕیفۆرمخوازی دەسەڵات نزیک دەبێتەوە کە نزیکبوونەوە لەوانیش زۆر ناخایەنێ و خۆی گوتەنی دوای سەرکوتی خۆپێشاندانەکانی ١٣٩٨ی هەتاوی، هیوای بە تەواوەتی ڕێژیم لە دەست دەدات. ناوبراو پێش لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژینا، وێڕای ناڕەزایەتیدەربڕینی بە ئەندازیاریکردنی هەڵبژکاردنەکانی ١٤٠٠، ڕاشکاوانە ریزی خۆی لە ڕێژیم جیا دەکاتەوە و لە ڕەوتی بزووتنەوەی ژینادا وەک سیمایەکی دیاری

میدیایی و سیاسی، و وەک ڕەخنەگرێکی جیدیی ڕێژیم لە میدیاکان دەرکەوت.

نەسیری کە پێشتر نوێنەرایەتیی کەسی یەکەمی ڕێژیمی لە چەند شوێن و ناوەندی فەرهەنگی و میدیاییدا کردبوو و لە حەوزەی ئوسولی فیقهیدا خوێندوویەتی، لە وتوێژ و دیبەیتەکانیدا شارەزایانە و لە هەمان کاتدا بوێرانە دەردەکەوێ و لێبڕاوانە باسی لە تێپەڕین لە تەواویەتی ڕێژیم دەکات. ناوبراو لە ساڵی ١٤٠٣ گەڵاڵەی "لە تاجزادەوە تا شازادە"ی هێنایە گۆڕێ و قسەی لە زەرووڕەتی وتوێژی نێوان ئۆپۆزیسیۆن لە دەرەوە و نێوخۆی وڵات کرد.

نەسیری کە ئێستا بە یەکێک لە دژبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران دادەنرێ و زۆرترین دەرکەوتنی لە میدیاکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە و بە قەولی خۆی بە جیدی کار لەسەر گەڵاڵەی "لە تاجزادەوە تا شازادە" دەکات، ئیدیعا دەکات لەگەڵاکەکەیدا هەموو گرووپێکی فکری و تەشکیلاتی دەتوانن خۆیانی تێدا ببیننەوە. بەڵام کە سەیری تێفکرین، لێکدانەوە و پلانە کارییەکەی دەکەی و لێی ورد دەبییەوە، چەند گرفتی بنەڕەتییان تێدا بەدی دەکرێ کە بریتین لە؛

١- بۆ پاساوی بیرۆکەی "لە تاجزادەوە تا شازادە" لە هەموو لێدوانەکانیدا هەوڵ دەدات وا نیشان بدات کە پاشایەتیخوازی لە ئێران و شەخسی ڕەزا پەهلەوی کە بەردەوام بە "شازادە" ناوی دەبات، لە نێو کۆمەڵگە نارازییەکانی ئێراندا زۆرترین لایەنگر و پێگەی هەیە. نەسیری بەم ئیدیعایە دەیهەوێ بڵێ؛ ئەگەر قەرارە دیالۆگێک لە نێوان بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا ساز بێت، ئەوە سەڵتەنەتتەڵەب و خودی "شازادە"یە کە دەبێ ڕۆڵی سەرەکی بگێڕن.

٢- هەر بۆ پاساوی زەقکردنەوەی لایەنی سەڵتەنەتتەڵەب و ڕەزا پەهلەوی، زۆر ناشیانە و لە ڕووی دەمارگرژییەوە هەوڵی پاساودانەوەی کارنامەی پڕ لە سەرکوت و جینایەتی دەسەڵاتی پەهلەوی دەدات، بە جۆرێک کە تەنانەت جاری وایە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ١٣٥٧ دەباتە ژێر پرسیار و پاکانە بۆ حەمەڕەزاشا و نیزامی پەهلەوی دەکات.

٣- لەگەڵ ئەوەی لە شیکردنەوەی گەڵاڵەی "لە تاجزادەوە تا شازدە" باس لە کەوتنە دیالۆگی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات دەکات، بەڵام بە هیچ جۆر خۆی لە هێز و لایەنەکانی سەر بە نەتەوەکان و یەک لەوان کورد و حیزبە سیاسییەکانی نادات کە سەرەکیترین قوربانیانی سیاسەتی دژیگەلیی ڕێژیم و لە هەمانکاتدا بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە خەباتکارترین لایەن بوون و هەن. تەنانەت لە یەکێک لە لێدوانەکانیدا گریمانەی ئێرانی فدراتیو ڕەت دەکاتەوە و خۆی لە باسکردن لە مافی نەتەوەکان دەبوێرێ.

بەفرانباری ٢٧٢٤

٤- بەپێچەوانەی خەڵکی ئێران و گەلانی ئەم وڵاتە کە بۆ دوای نەمانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بیر لە بەرەوپێشچوون و بنیاتنانی دەسەڵاتێکی وڵامدەری دێموکراتیک دەکەنەوە، هەموو هەوڵێکی قسەکردن لە گەڕانەوە بۆ مودێلێکی کۆنی پاشایەتییە کە خەڵکی ئیران ٤٧ ساڵ پێش ئێستا ڕووخاندیان و بەداخەوە تووشی دەسەڵاتێکی دیکەی لەو خراپتر بوون.

مێهدی نەسیری و هەموو ئەوانەی وەک بەڕێزیان کەسایەتیی سیاسی لە نێوخۆی وڵات کە بیر لە گەڕانەوە بۆ نیزامی پاشایەتی دەکەنەوە - کە پێناچێ زۆریش بن - ئەگەر دەیانهەوێ لەم قۆناغەدا هاوکاریی بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێران بە مەبەستی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی گەلی بکەن، پێویستە وشیار بن و کراوەتر گوێ لە خەڵکی ئێران ڕادێرن و بەچاوێکی واقعبینانەوە لە پرسی نەتەوەکان و داخوازییە ڕەواکانیان بڕوانن.

گەڕانەوە بۆ مودێلی کۆنی حوکمڕانی لە ئێران جیا لە "لە کۆلکەڕەوینەوە و بەسەر بەرازداکەوتن" شتێکی دیکە نیە و وێناچی خەڵکی وڵات هێندەش بیرەوەریی مێژوویيان کوێر بووبێتەوە و ئەو ڕابردووەیان بیر چووبێتەوە.

لە کۆتاییدا وەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ کرا، وێڕای دیتن و پێزانین بۆ هەوڵ چالاکییەکانی کەسانی وەک مێهدی نەسیری کە لە نێوخۆی وڵات و لە قورگی دوژمندا ئاوا بوێرانە بانگەشەی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی ئێران دەکەن و خۆیان بە پشتیوانی خەڵکی ناڕازی لە ڕێژیم لە قەڵەم دەدەن، پێویستە دڵنیایان بکەینەوە کە نەدیتن و حاشاکردن لە پرسی نەتەوەکان و یەک لەوان پرسی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و، خۆگێلکردن لە چارەسەرکردنی ئەو کەیسە نەتەوەییانەی کە لە ئێراندا هەن، نەکهەر لە قازانجی ئێرانی داهاتوو نیە، بەڵکوو قەیرانەکان قووڵتر و بەرینتر دەکەنەوە.

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات: پاراستنی شوناسی نەتەوەیی و خەبات لەپێناو ئازادی بە ماف و ئەرکێکی گشتی دەزانین




**کۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ!**
**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

ناوەندەکانی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەپۆلێکی نوێی گرتنی چالاکانی مەدەنی، کولتووری و خەڵکی سڤیلیان وەڕێ خستووە و لە ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەو دەسبەسەرکراوانە پەروەندەی ئەمنیەتییان لەدژ دروست کردوون کە بەشێکیان لە بێدادگاکانی ڕێژیمدا حوکم دراون و بەشێکی دیکەش چاوەڕوانن سزای دیاریکراوی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمیان بەسەردا بسەپێندرێ.

دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لانیکەم ١٢٣٥ کەسیان لە هەموو ئێران بە تۆمەتی بانگەشە یان چالاکی دژی ئەمنییەتی ڕێژیم دەسبەسەر کردوە کە ٦٣٠ کەس لەوان، واتە پتر لە نیوەیان کورد بوون. ئەو سەدان کەس لە دەسبەسەرکراوانەی کورد کە بەشی هەرە زۆریان چالاکانی کۆمەڵایەتی، مەدەنی، ژینگەپارێز و هەڵسوور لە

بواری زمان، کولتوور و ئەدەبی کوردی بوون؛ تۆمەتی تێکدانی ئەمنییەتی نیشتمانیی وڵاتیان! دراوەتە پاڵ و لەو سۆنگەیەوە لە بەندیخانەیان پەستاوتوون. لە تازەترین شەپۆلی گوشاری بانگکردن و بەندکردنی لاوانی کوردیشدا دەیان کەس تەنیا بە تاوانی! دەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و جامانەدەملکردن لە بۆنە و ڕێوڕەسمە نەتەوەیی و کولتورییەکاندا کەوتوونەتە بەر تیغی سەرکوت و داپلۆسینی حکوومەتی، کە ئەمە هەمووی نیشانەی ترسی ڕێژیم لە بزووتنەوەی سیاسی و نەتەوەیی کورد لە ئێرانە.

ئەم شەپۆلە نوێیە لە ڕەشبگیری چالاکانی مەدەنی لە کوردستان و سەپاندنی سزای زیندان بەسەریاندا هاوکاتە لەگەڵ قوڵبوونەوەی قەیرانە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا کە ئەمە جیا لە ترسی ڕێژیم لە پەرەسەندنی خەباتی شوناسخوازانەی خەڵکی کوردستان و شەپۆلی نوێی ناڕەزایەتییە گشتی و جەماوەرییەکان هیچ تەعبیرێکی دیکەی لێ ناکرێ. دەزگای سەرکوت و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بە خەیاڵی خاوی خۆیان دەیانەوێ بە بردنەسەرێی تێچووی چالاکیی سیاسی، نافەرمانیی مەدەنی و ناڕەزایەتیی ڕاستەوخۆ لە دژی ڕێژیم پێش بە کڵپەسەندنی خەباتی مافویستی و شوناسخوازی خەڵکی کوردستان بگرن، ئەویش لە کاتێکدا کە ڕێژیم بۆخۆی نوقمی قەیرانە جۆراوجۆرەکانە و چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا لە لێواری هەڵدێرانە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە زیاتر لە چلوشەش ساڵە هێزی سەرکوت و دوژمنایەتیی خۆی لەسەر خەڵکی کوردستان تاقی دەکاتەوە و بە هەموو جۆرە چەکێک و سیاسەتێکی کوشتوبڕ و قەڵاچۆ هەوڵی سەرکوتی خەباتی مافخوازانە و بزووتنەوەی سیاسیی هەردەم ڕوو لە گەشەی کوردستان دەدات، جیا لە پەرەسەندنی ڕق و بێزاریی خەڵک و لەسەرڕێمانەوەی ئەم نەتەوە شوناسخوازە بەرهەمێکیان نەچنیوەتەوە.

ناوەندی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئیمان بە خەبات و خۆڕاگریی ڕەوای خەڵکی کوردستان و دڵنیابوون لە سەرکەوتنی ئیرادەی گەلی کورد بەسەر سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بەردەوامی گرتن و گوشارەکانی ناوەندەکانی داپلۆسێنەری بە نیشانەی لاوازی و زەبوونی ئەم ڕێژیمە و دوا پەلەقاژەکانی دەزانێت.

**سڵاو لە ئازایەتی و بوێریی ڕۆڵەکانی کورد!**
**سەر کەوێ و سەر دەکەوێ خەباتی شوناسخوازیی کورد لە هەموو بەستێن و مەتەرێزەکاندا.**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ناوەندی تەشکیلات**


**١٩ی بەفرانباری ١٤٠٣ی هەتاوی - ٨ی ژانوییەی ٢٠٢٥ی زایینی**

**١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە Serchawe

# ٢٠٢٥ و ئەگەرە دژوارەکان!



**شەماڵ تەرغیبی**

لە پاش کشانەوەی تاکلایەنەی ئامریکا لە بەرجام، یەکێک لە گەورە قەیران و مەترسییەکان بۆ سەر کۆمەڵگەی جیهانی بریتی بووە لە پرۆژەی ناوکیی کۆماری ئیسلامی و هەوڵەکانی تاران بۆ دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆم کە ئەم خاڵە لە نێوئاخنی ڕاپۆرتەکانی ئاژانسی وزەی ناوکی و ناوەندە جیهانییەکانی چاودێر بە سەر ئەم پرۆژەی کۆماری ئیسلامیش ڕەنگی داوەتەوە.

لە ئێستاشدا کە خولی دووهەمی سەرۆکایەتیی دانڵد ترامپ تا چەند ڕۆژی دیکە دەست پێ دەکات، ئەگەرەکانی بەردەم دەسەڵاتبەدەستانی کۆماری ئیسلامی تا دێن دژوارتر دەبنەوە؛ بەو واتایە کە وەک شرۆڤەکاران دەڵێن ئەگەری لێدانی بنکە ئەتۆمی و ناوکییەکانی ڕێژیمی تاران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە هەست پێ دەکرێ.

ماڵپەڕی ئاکسیووس لە ڕاپۆرتێکدا لەمبارەوە نووسیویەتی بڕیاری ترامپ لە ساڵی ٢٠١٨ بۆ چوونەدەر لە بەرجام کۆماری



سەرچاوە Serchawe

ئیسلامیی خستە ڕێڕەوی سازکردنی بۆمبی ناوکی و ئێستە دەبێ وەک وڵاتێک سەیری ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بکرێت کە ئەگەری دەستڕاگەیشتنی بەم تێکنۆلۆژییە سەربازییە زیاتر لە هەر کاتیکی دیکەیە؛ کەواتە ترامپ لە ساڵی ٢٠٢٥دا لەگەڵ قەیرانێکی جیددی بە ناوی کۆماری ئیسلامیی خاوەن چەکی ناوکی بەرەوڕووە و بە دڵنیاییەوە ئەگەر زووبەزوو چارسەری نەکات ئەوا لە ساڵەکانی دواتردا دەبێتە سەرئێشەیەکی گەلێ مەترسیدار!

بەگوێرەی دواهەواڵە پێوەندیدارەکانیش بەشێکی دیار لە کابینەی پێشنیاریی ترامپ و بەشێکی بەرچاو لە کاربەدەستانی ئیسراییل وەک سەرەکیترین هاوبەشی سیاسی و ئیستراتێژیکی ئامریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوین و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی ئورووپایی و لە سەرووی هەمووان فەرانسە ڕایان وایە کە ستراتێژی گوشاری لانیزۆر چیدیکە کاریگەریی لەسەر تاران نییە و بژاردەی سەربازی دەبێ وەک بژاردەیەکی یەکلاکەرەوە بخرێتە بەر دەست.

ئەم مژارە کە لە تەنیشت دابەزینی بەرچاوی ڕەواییی حکوومەتی لای خەڵکانی نیشتەجێ لە جوغرافیای ئێران دادەنین و لەولاشەوە پرسی کزبوون، لاوازی و تەنانەت لەنێوچوونی گرووپە نیابەتییەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی لە پاش ٧ی ئۆکتۆبر و لەمانەش گرینگتر لەنێوچوونی دەسەڵاتی ئەسەد لە سووریە وەک سەرەکیترین هاوبەشی ستراتێژیکی کۆماری ئیسلامی لە ناوچە دەخەینە پاڵ یەک، ڕاستییەکی گرینگمان بۆ ئاشکرا دەکات؛ ئەویش ئەوپەڕی لاوازی و دۆشداماویی کۆماری ئیسلامییە کە بە درێژایی تەمەنی خۆی ئەزموونی نەکردوە! هەر لەم ڕووەشەوەیە کە دەبینین کۆماری ئیسلامی لەڕێگەی دەزگای دیپلۆماسی خۆی و بە چراسەوزی عەلی خامنەیی سەرقاڵی دۆزینەوەی ڕێگەیەکە بۆ ئەوەی کاتی زیاتر بکڕێت و بەجۆرێک مامەڵەیەک لەگەڵ ترامپ بکات!

لێرەدا دوو ئەگەر خۆیان زەق دەکەنەوە: یەکەمیان سەرکەوتنی دیپلۆماسیی تاران بۆ بە قەناعەت گەیاندنی ڕۆژاوا بە پێشمەرجی قبووڵکردنی داخوازییەکانی ئامریکا و ئورووپا و دانی گەرەنتی بە ئیسراییل بۆ نەهێشتنی سەرئێشە و دووهەمیان ملکەچنەبوون بە داواکارییە نێودەوڵەتییەکان.

لە حاڵەتی یەکەمدا ئەگەر بێت و کۆماری ئیسلامی داخوازییەکانی کۆمەڵگەی جیهانی وەک خۆی وەربگرێت و ئامادە بێ ڕەفتار و ئاکارەکانی بگۆڕێ و بچێتە خانەی وڵاتێکی بەدیسیپلینی پێمل بە کۆنڤانسیۆن و بڕیارە جیهانییەکان ئەوا لە کردەوەدا دیاردەیەک بەناوی کۆماری ئیسلامی نامێنێت! واتە ئەگەر تاران بیهەوێ دنیای ڕۆژاوا بە قەناعەت بگەیەنێ کە واز لە سیاسەتی "ڕێژیم چەینج" بهێنن دەبێ پێمل بێ بە هەموو داواکارییەکانی ڕۆژاوا کە بەدڵنیاییەوە بەشێکیان ئەمانە بن: وازهێنان لە پرۆژەی سازکردنی چەکی ناوکی، وازهێنان لە دەستێوەردانی دەرەکی و ساپۆرتی گرووپە نیابەتییەکان،

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

دانی بەڵێنی لەمەڕ سەرئێشەسازنەکردن بۆ وڵاتانی دەوروبەر بەتایبەت ئیسراییل، ڕەچاوکردن و جێبەجێکردنی خاڵەکانی نێو مەنشووری مافەکانی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان، قبوڵکردن و جێبەجێکردنی سەرجەم کۆنڤانسیۆنە پەسندکراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، دانی ماف بە نەتەوەکانی ئێران و ڕێزدانان بۆ ویست و ئازادییە گشتی و تاکەکەسییەکان هەم لە ئێران و هەم لە تەواوی دنیا، واژۆکردن و پێملبوون بە یاساکانی FATF و زۆر خاڵی دیکەش کە ئەگەر تاران ئەم کارانە بکات ئەوا ڕێک بەپێچەوانەی تەواوی ئەو سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییانەیە کە لەسەری بنیات نراوە کەواتە قبوڵکردنیان بریتییە لە نەمانی کۆماری ئیسلامی.

لە حاڵەتی دووهەمدا کە بریتییە لە ملکەچنەبوون بە داواکارییەکان، ئیتر ئەودەم تاران و بە دیاریکراوی عەلی خامنەیی دەبێ خۆیان بۆ بژاردەی سەخت و دژواری ڕووخان ئامادە بکەن؛ جا مەرج نییە ئەو کەوتن و ڕووخانە بەشێوەیەکی ئاسایی بێت و بەدڵنیاییەوە بێتێچوو نابێ! نە بۆ کۆماری ئیسلامی و نە بۆ خەڵکیش کە لەو جوگرافیایە دەژین بەڵام خاڵی گرینگ لەم نێوانەدا ئەوەیە کە خەڵک بۆ ئەو ئازادییەی کە ساڵانێکە تێچووی بۆ دەدەن و بۆ گەیشتن بەو ڕۆژەی کە چیدی سێبەری ڕەشی سەرەڕۆیی بەسەریاندا زاڵ نەبێ ناچارن و دەبێ یەک جار بۆ هەمیشە ئەو هەلومەرجە سەختە قبووڵ بکەن بەو هیوایەی کە دواڕۆژێکی ڕوونیان بۆ نەسڵی دوای خۆیان مسۆگەر کردبێ.

**١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# لە دیکتاتورییەوە بۆ دێموکراسی یا هەر دیکتاتوری⁉




**ئەلبورز ڕوویین‌تەن**

ساموئل هانتینگتون لە وتارەکەی لە سەر دێموکراسی وەک شەپۆلی سێیەم کە باس لە بونیاتنانی دێموکراسی لە وڵاتگەلی جیاواز و هەروەها فاکتەرگەلی کاریگەر لەو بوارەدا دەکات، لەسەر ئیسلام و دێموکراسی بەو ئاکامە دەگات کە کولتووری ئیسلامی و بەهاکانی دێموکراسی یەکناگرنەوە و پێکەوەسازانی ئەم دووە ئاڵۆز و ناڕون دەبیندرێ. سی پێنج ساڵ لەو ئاکامەی ساموئل هانتینگیون دەگوزرێ، بەڵام بە دیتنی دۆخی سووریەی دوای بەشار ئەسەد زۆر نامۆ نیە بۆ ئێمە. چونکە کۆمەڵێک فەندەمێنتالیستی ئیسلامیی زۆر توندڕەو کە ئێستا دەڵێن ئێمە میانەڕەوین، بەڵام ڕوانگەکانیان بە نیسبەت هەموو بابەتەکان ناڕوونن و خۆیان لە وەڵامی پرسیارەکان دەدزنەوە هەموو بابەتێک بە داهاتوو دەسپێرن. لێرەدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کاتێک پرسی کورد دێتەوە ئاراوە دەسەڵاتی سێکولار یا ئوتوکراتیک، دەسەڵاتی لائیک یا ئایینی، سۆسیالیست یا لیبڕال، پاشایەتی یا کۆماری جیاوازییەکی ئەوتوی نیە، چونکە هەر هەموویان سەرەتا سەرکوتی سیستماتیکی کورد دەکەنە ئەولەویەتی خۆیان و حکوومەتی خۆی بەردەوام دەکات.

تازەترین دیکتاتوری کە لە ناوچەدا ڕووخا، دیکتاتۆریی ڕێژیمی بەعسی بنەماڵەی ئەسەد لە سووریە بوو، ئەو ڕێژیمەی کە تەنیا لە ڕێگەی سەرکوت و جنایەتەوە لە سەر حوکم مابۆوە. بە ڕووخانی ئەو ڕێژیمە هیوای گەیشتن بە دێموکراسی ئەگەر زۆر بە کەمیش بێ، بەڵام لای گەلانی سوریە دروست بووە، کەچی دەبینین هەتا ئێستا نەک ئاسۆیەکی ڕوون نابیندرێ، بەڵکوو هەنگاو بەرەو دیکتاتورییەکی دیکە لە لێدوان و کردەوەی حاکمانی نوێدا بەدی دەکرێ. پرسەکە ئەوەیە بۆچی دەرس لە دیکتاتوریی حاکمان وەرناگیرێ و جارێکی دیکە بەرەو دیکتاتوری هەڵدەگیرێ، تەنانەت ئەگەر لە هەندێک بواردا دێموکراسییش بەدی کرا، بەڵام بەرانبەر پرسی کورد هەمان مێنتالیتە هەر هەیە و هێڵی سووری خۆیان لە سەر بنەمای دژایەتیی مافی گەلی کورد دادەنرێت.

لە دوایین لێدوانی ئەحمەد شەرع کە باسی پرسی کورد دەکرێ، دەڵێ تەواوەتی و یەکپەتیی خاکی سووریە بۆ ئێمە هێی سووره و هەر بۆیە نەک جیابوونەوە، بەڵکوو فیدراڵیش نابێ لە سووریە هەبێ. هەروەها بە گشتی هەندێک لێدوانی گشتی کە ئێمە هەموو سوورین و وەک گەلی سووریە جیاوازییەکمان نیە و لەو بابەتانە؛ واتە هەر هەمان لێدوان و گوتاری حاکمانی تاران و ئانکارا دووپات دەکرێتەوە. ئەحمەد شەرعی ئێستا و محەممەد جولانیی دوێنێ تەنانەت باس لە ئاسایشی نەتەوەیی تورکیە دەکات کە ئەمیش بۆ ئەوان گرینگە و بەو شێوەیە هەنگاو بەرەو دیکتاتورییەکی دیکە هەڵدەگیرێ، جا چەندیان پێ دەکرێ ئەوە بابەتێکی دیکەیە.

ئەحمەد شەرع کە بە تێرۆریست دادەنرا و پاداشی ١٠ میلیۆن دۆلاری بۆ گرتنی و هەبوونی زانیاری لە بارەی ئەوە داندرابوو، لە ڕۆژانی یەکەمدا لێدواەنکانی زۆر گشتی بوون و هەوڵی دەدا لەسەر ئەو بابەتانە بدوێ کە بۆ ڕۆژئاوا گرینگن بوون، ئەویش ئەوە کە خەڵک حکوومەت دەکات. ئەوان ئێرانیان دەرکردوە و ئیتر شوێنی لە سووریە نیە، باس لە ئاوەدانی و دابینکردنی پێداویستە سەرەتاییەکان بۆ خەڵکی وەک ئەولەوییەتی خۆی و حکوومەتەکەی دانا. دوایە لە بیستەهەمین ڕۆژی ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە لێدوانی بۆ کەناڵی "ئەلعەربیە"دا باسی لەوە کرد کە لەوانەیە بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن چەند ساڵ بخایەنێت، ئەوەش ئەو ڕاستییە نیشان دەدات کە ستراتیژیی ئەوان جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیانە و دواتر چی دەبێ هیچ ڕوون نیە. بەڵام دیسان لەسەر ئەوە پێی داگرتەوە کە چەک تەنیا دەبێ لە دەست حکوومەتدا بێت، بۆ ئەوەی کورد چەک بکرێت.

ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی نوێ هەڵگری ئەو وانەیەیە کە بە ڕووخانی دیکتاتورییەک هاتنی دێموکراسی مسۆگەر نیە، تەنانەت ئەگەر دێموکراسییەکی کرچوکاڵیش دروست بوو، دیسان کە باس لە پرسی کورد دەکرێ هەر هەمان مێنتالیتەی فاشیستی کە هەبوونی خۆیان لە نەبوونی گەلی کورد دەبینێتەوە دووپات دەبێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

دێموکراسی بەبێ بە فەرمیناسینی مافی نەتەوەکان و یەک لەوان نەتەوەی کورد، نەک دێموکراسی نیە، بەڵکوو دیکتاتورییەکی دیکە بە ڕەنگێکی دیکەیە و تەنیا بە گۆڕینی ڕێژیمەکان گۆڕانکاری ئەوتو دروست نابێ و ئەمە لە بازنەی گۆڕینی دیکتاتورێک بە دیکتاتورێکی دیکە زیاتر نیە.

**١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# دەوڵەتی ناکارامەی ئێران دەرفەتی نوێ بۆ گۆڕینی ڕێژیم دەستەبەر دەکات



نورشەلیم پۆست – دان دایکەر

و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرەتای دامەزرانییەوە لە ساڵی ١٩٧٩، لە هەموو کاتێک زۆرتر لە هەلومەرجێکی ناسکدایە. ئێستا کاتی هاتوە ئێرانییەکان ڕێژیم برووخێنن و ڕێگا بۆ دەوڵەتێکی ئازاد، دێموکڕاتیک و یەکگرتوو خۆش بکەن.

لە کۆتاییەکانی حەفتاکانی زایینی، ئوری لوبرانی دوایین باڵوێزی ئیسرائیل لە دەرباری ئێران و پرۆفیسۆری ئەفسانەیی مێژووناس، بەرنارد لویس، پێشبینیی ڕووخانی دەسەڵاتی شای ئێران، محەممەدڕەزا پەهلەوییان کرد. پرۆفیسۆر لویس لەبیری ماوە کە شای ئێران، لە دۆخێکی وروژاودا، بە ئاماژەکردن بەوە کە مێدیای ڕۆژئاوا لەژێر کاریگەریی جوولەکاندایە، داوای لە لویس کرد "بە خەڵکی خۆت بڵێ دەست لە نووسینی شتی نەرێنی لەسەر من هەڵگرن".

لویس، بە چاویلکەی مێژووناسییەوە، داوا دژە جوولەکەکەی وەک نیشانەی بێهیوایی لێکدایەوە و پێشبینیی کرد ئەوە دەستپێکی ڕووخانی دەسەڵاتەکەی و سەرهەڵدانی ڕژێمی ئیسلامی بێ. پێشبینیی لویس دروست بوو، هەم ئەوکاتی و هەروەها هی ئێستاش. چل و پێنج ساڵ دواتر، بێهیوایی ڕژێمی ئیسلامی بۆ مانەوە بووەتە هۆی هێنانەگۆڕێی دیسکۆرسێکی بێوێنەی دژی جوولەکە کە جوولەکەکانی نێوخۆی ئێران بە ئامانج دەگرێ. پێشتر، ڕژێم هێندێک لێدوانی دژە جوولەکەی بە دژی زایۆنیزم و زایۆنیستەکان بڵاو دەکردنەوە و خۆی لە هێرشکردنە سەر کۆمەڵگەی جوولەکەی ئێرانی دەبوارد. بەڵام، لەبەر پەرەئەستاندنی بێهیواییەکەی، بەتایبەتی دوای ڕووخانی بەرهەمە نایابە هەرێمییەکەی، واتە حیزبوڵڵا لە نۆڤەمبەری ٢٠٢٤، ڕێچکەیەکی فەرمیی نەفرەت لە جوولەکانی گرتووەتە بەر.

ئەمڕۆ، ڕژێم بە شێوەی سیستماتیک سووکایەتیی دژە جوولەکە بڵاو دەکاتەوە. لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا، پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە چەند شاری ئێران لە ڕێوڕەسمەکانی ڕۆژی هەینیدا حاشایان لە ڕەوایی بوونی "دەوڵەتی جوولەکان" کردوە. لێدوانە پڕ نەفرەتەکانی نوێژی هەینی بوونە بەرنامەی ئاسایی کاناڵەکانی تەلەفزیۆن. ڕێبەرانی ئایینی، کاربەدەستانی سەربازیی، ڕووناکبیران، هونەرمەندان و کەسایەتییە ناسراوەکان لە هێڵی "دژە زایۆنی" تێپەڕیون و بەئاشکرا بێڕێزی دژی جوولەکان بڵاو دەکەنەوە. ڕژێم خەریکی دروستکردنی ئەو ڕوانگەیە کە گوایە هەموو خەڵکی ئێران لایەنگری ئەجێندای دژی جوولەکەی ئەوانن.

نموونەکان زۆرن، محەممەد خەزعەلی، کوڕی ئایەتوڵڵایەکی بەناوبانگ، لە گفتوگۆیەکی ئەو دواییانەدا جوولەکەکانی بەوە تۆمەتبار کرد کە دوژمنی ڕژێمن. لە نموونەیەکی دیکەدا، پێشنوێژێکی شاری قەزوین، کە نوێنەری خامنەییە، لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی دەوڵەتیدا لە پڕ بینەرترین کاتی شەو، بێڕێزییەکی زۆری بە جوولەکان کرد. ئەو بە ئاماژەکردن بە قورئان، هەوڵی دا بیسەلمێنێ کە جوولەکە حەز لە پارە دەکەن، چاوچنۆکن و دەبێ لە حاکمە موسڵمانەکانیان بترسن.

لە نموونەیەکی دیکەدا، ئەندامێکی پلەبەرزی سوپای پاسداران، سەردار محەممەد جەعفەر ئەسەدی لە بەرنامەی هەواڵەکانی تەلەفزیۆنی ڕژێمدا گوتی "جوولەکە لەعنەتییەکان" لە ٧ی ئۆکتۆبەر بەولاوە کاری هەڵەیان بەرانبەر بە سەرجەم خۆرهەڵاتی نێوەڕاست کردوە. کاتێک ئەو کەسەی وتووێژی لەگەڵ دەکرد پرسیاری لێ کرد، "مەبەستت زایۆنیستەکان نییە؟" ئەو وڵامی دایەوە و گوتی "نا، هیچ جیاوازییەک لەنێوانیاندا نییە، ئەوان خراپترین کاریان لەگەڵ پێغەمبەری خۆیان کردوە، ئەوە شتێکی زانراوە (وەک سەرچاوە ئاماژەی بە قورئان کرد)".



سەرچاوە
Serchawe

نووسەری ئێرانی محەممەد تاریزاهێدیش بە هەمان شێوە لە کاتێکی پڕ بینەر لە سەر تەلەفزیۆن گوتی جەژنی پوریمی جوولەکان "دژی ئێرانییەکان و ڕەگەزی ئارییایە" و بۆ "دروستکردنی مێژووی جوولەکە و قوربانیبوونیان" هەڵبەستراوە.

ڕەنگبێ ئەوەی بەردەوام، لە لایەن وتاربێژانەوە، کە بە شێوەی نەریتی بەر لە وتاردان دەگوترێتەوە، ئاماژە کردن بە جوولەکان وەک "کافر" بێ و دەڵێن ئەوان دەبێ "چاوەڕوانی نەهامەتی لەلایەن لایەنگرانی عەلی" بن. ئەوە پێش وتارە گرینگەکانی ڕێبەری گەورە عەلی خامنەیی دووپات دەکرێتەوە.

## هەرەسهێنانی ئێران

وەکوو لە ١٩٧٩ ڕووی دا، جارێکی دیکە دژە جوولەکەبوونی ڕێژیم وێدەچێ پێشبینیکرانی لێکهەڵوەشانی بێ. ئابووریی ئێران خەریکی تێکڕمانە. دراوی ئێران بووەتە یەکێک لە لاوازترین دراوەکانی جیهان. هەژاری و برسییەتی بەربڵاوە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنانی خواردەمەنی و دەرمان داخراون. کەمبوونی سووتەمەنیی بەربڵاو و کووژانەوەی کارەبا، بە داخرانی ١٧ شوێنی بەرهەمهێنانی کارەبا، وڵاتەکە ئازار دەدەن. کارەبای بنکەی سەرۆککۆمار نیوە کووژاوەیە. ناوەندە بازرگانییەکان، قوتابخانەکان، زانکۆکان، فەرمانگەکانی پۆلیس و دامودەزگا حکوومەتییەکان داخراون.

هەرەسهێنانی ئێران تا ڕادەیەکی زۆر ئاکامی تێچووە چەند میلیارد دۆلارییەکەی بۆ بەکرێگیراوانی وەکوو حەماس، حیزبوڵڵا و حوسییەکانە کە ئێستا تا ڕادیەکی زۆر بێکەلک کراون. مۆرەی ئێران لە سووریە، واتە ڕێژیمی ئەسەد ڕووخاوە. تێکشکاندنی سیستەمی بەرگریی ئاسمانیی ئێران و بنکە هەستیارەکانی دیکە لە لایەن ئیسرائیلەوە، ڕێژیمی ناسکتر لە پێشوو و بێهیواتر کردوە.

لە نێوخۆ، نارەزایەتیی جەماوەری ئاستی بڕوابەخۆیی ڕێژیمی دابەزاندوە. سەرکوتی دڕندانەی ڕێژیم دژی جووڵانەوەی "ژن، ژیان، ئازادی" دوای کوشتنی مەهسا ئەمینی لە سێپتەمبەری ٢٠٢٢، بووە هۆی زیاد کردنی سەرکوت، دەستبەسەر کردن، ئەشکەنجە و لە سێدارەدانی بەرهەڵستکاران، کە ئەوەش نیشانەی ترسی ڕێژیم لە لەکیسدانی کۆنترۆڵەکەیەتی.

## خامنەیی دانی بەوەدا ناوە

ئەو کەلکی لە سۆسیالمێدیا وەرگرت تا شکست و ناسکیی ڕێژیمەکەی بشارێتەوە و گوتی "دەڵێن کۆماری ئیسلامی

بەکرێگیراوەکانی لە ناوچەدا لەکیس داوە. کۆماری ئیسلامی هێزی بەکرێگیراوی نین. یەمەن لەبەر ئایینی خۆی دەجەنگێ. حیزبوڵڵا، حەماس و جیهادی ئیسلامی بۆیە شەڕ دەکەن چونکە بڕوای ئایینی ئەوان پێیان دەڵێ وا بکەن." خامنەیی، بە هەمان شێوە لەبارەی دۆڕانەکەی لە سووریە لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئیکسدا لێدوانی داوە، "لاوانی سووریە هیچ شتێکیان بۆ لەکیسدان نیە. زانکۆکانیان، قوتابخانەکانیان، ماڵەکانیان و ژیانیان ئەمین نین. ئەوان دەتوانن چی بکەن؟ ئەوان دەبێ بڕوا بەخۆ دژی ئەو لایەنانە بوەستنەوە کە ئەو نائەمنییەیان هێناوەتە ئاراوە و ئیشاڵڵا ئەوان بەسەریاندا سەر دەکەون." لە نێوخۆ، مەلاکان درێژە بە کایە بە قووڵترین ترسەکانی جەماوەر دەکەن. ئەوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسرائیل بەوە تاوانبار دەکەن کە پیلانی دابەشکردنی ئێران بەسەر حکوومەتی ئەتنیکی جۆراجۆردا دادەڕێژن. ڕێژیم هەڕەشەی لە خەڵک کردووە و پێشبینی کردوە کە سەر ڕوتکردن لە ئێران خەڵک تووشی چارەنووسی لیبی دوای موعەممەر قەزافی و هەروەها خەڵکی عێراق دوای ڕووخانی سەددام حوسێن دەکات.

دەستێوەردانەکان و دژە جوولەکە بوونی ڕێژیم نیشانەی دوایین هەوڵی ڕێژیم بۆ وروژاندنی جەماوەری ئێرانی دژی کۆمەڵگەی ناسکی جوولەکەی ئێرانە. ئێرانی ئەمڕۆ، ڕووت، ناسک و بێهیواتر لە هەموو کاتێک دوای بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ١٩٧٩یە. دنیای عەرەب، ئیسرائیل و دەستبەکاربوونی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ وەک لایەنی بەهێز بۆ گرەو لەسەرکردن لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست سەیر دەکات. گەڕانەوەی سیاسەتی ئەوپەڕی زەختی وڵاتە یەکگرتووەکان دەتوانێ یارمەتیدەری تێکدانی هاوسەنگی بە زەرەری ڕێژیمی ئێران بێ. ئێستا کاتیەتی خەڵکی ئێران ڕێژیم بڕووخێنن و ڕێچکەیەکی نوێ بەرەو دەوڵەتێکی ئازاد، دێموکڕاتیک و یەکگرتووە بکەنەوە.

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

## دژی فاشیزم!



**ڕەزا دانشجوو**

چەند ڕۆژێک دوای هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر بازاڕێکی کاتیی کریسمس لە شاری ماگدێبۆرگ لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمان لەلایەن کەسێکی بە ڕەچەڵەک سعوودییەوە، کاتێک پێش دەستپێکردنی یەکێک لە یارییەکانی بۆندسلیگا لەنێوان یانەکانی شتوتگارت و ئیسن، هاندەران و یاریزانانی هەردوولا بە یادی قوربانیان و برینداارانی ئەم ڕووداوە خولەکێک بێدەنگییان ڕاگەیاند. لەم نێوەندەدا توندڕەوێکی ڕاستڕەو لە ئامادەبووان بە هاواری: "ئەڵمان بۆ ئەڵمانییەکان!" ناڕەزایەتیی خۆی سەبارەت بەم کردەوە تیرۆریستییە دەربڕی، کە هەر زوو ڕووبەڕووی کاردانەوەی توندی هاندەران و ئامادەبووان بووە کە وێڕای فیتووولیدان بۆ بێدەنگکردنی،داواکارییەکەی بە دروشمی "نازی، برۆ دەرێ!" وڵام درایەوە.

ئەم هەڵسوکەوتە جێی سەرنجەی هاندەران وخەڵکی ئەڵمان دەتوانێت وانەیەکی گەورە بێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی بیرۆکە توندڕەوەکان لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆی ئێران و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا. پرسیارەکە ئەوەیە، بەڕاستی چ شتێکی دروشمی "ئاڵمان بۆ ئاڵمانییەکان" خراپ و نائاساییە کە ڕووبەڕووی کاردانەوەی وا دەبێتەوە؟ تۆ بڵێی ئەم کەسانەی کە بەم شێوەیە وەڵامی

ئەم داواکارییە دەدەنەوە وڵاتی خۆیان خۆش ناوێت؟! لە بنەڕەتدا ئەم دروشمە چ پەیوەندییەکی بە نازیزم و بیرۆکەی ڕاستڕەوانەوە هەیە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پێویستە کەمێک بگەڕێینەوە دواوە. ناسینی ئەو هەلومەرجەیی کۆمەڵگەی ئاڵمان لە کاتی هاتنەسەرکاری نازییەکان و ئاگاداربوون لە چونیەتیی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات لە لایەن هیتلێر و حیزبی نازی دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆرڕاستییەکان ئاشکرا بکات.

هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسیی نێوان دوو جەنگی جیهانی زەمینەی بۆ سەرهەڵدانی نازیزم لە ئاڵمان خۆش کرد. زۆرێک لە ئاڵمانییەکان هەرگیز شکستی ئاڵمانیان لە جەنگی جیهانی یەکەمدا قبوڵ نەکرد و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە هۆکاری سەرەکیی ئەم شکستە خیانەتکردنی هەندێک لە بریکارەکانی دوژمن، بەتایبەتی جولەکەکان و هاوکاریکردنیان لەگەڵ دوژمن وهەروەها پیلانێکی نێودەوڵەتی بۆلەنێوبردنی ئالمان بوو. ئاڵمانییەکان ئەوەی لە پەیمانی "ڤێرسای"دا بەسەریاندا سەپێندرا و ئەو قەرەبووکردنەوە قورسانەی کە پێویست بوو بیدەن زۆر نادادپەروەرانە و وەک پیلانی تاقمێک دەوڵەتی دیار بۆ لەنێوبردنی ئاڵمان دەزانی. شانازیی لەدەستچووی ئاڵمانییەکان و بارودۆخی نالەباری ئابووری، ڕێگەی خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی بزووتنەوە ڕاستڕەوە توندڕەوەکان و لەنێویاندا حیزبی نازی(!Nationalsozialismus) هەستکردن بە بێزاری، ڕەتکردنەوەی قەبوڵکردنی مەرجە سەپێنراوەکان، نیگەرانییەکان لە بڵاوبوونەوەی مەترسی کۆمۆنیزم و ناسەقامگیری ئابووری، دۆخی وڵاتەکەیان زۆر ناسەقامگیر کردبوو.

قەیرانی ئابووریی نێودەوڵەتیی ساڵی ١٩٢٩ ئەم هەستەی نائومێدی و بێهیوایی زیاتر کرد. هیتلێر کە لە جەنگی جیهانی یەکەمدا وەک سەرباز خزمەتی کردبوو و بریندار بوو، لە ساڵی ١٩١٩ پەیوەندی بە گروپێکی بچووکەوە کرد کە خۆیان بە حیزبی ناسیۆنال سۆسیال (National Sozial) پێناسە دەکرد. هیتلێر دواتر بوو بە سەرۆکی حیزبی نازی و توانی لە ماوەیەکی کورتدا بیروڕاکانی بکاتە ئەجێندا و بەرنامەی سەرەکیی ئەم حیزبە. هیتلێر لە ماوەی کورتی زیندانیکرانیدا، کتێبی (Mein Kampf)ی "خەباتی من" نووسی، کە بیروڕاکانی ئەو لە سەر باڵادەستیی ڕەگەزی ئاڵمانییەکان و پێویستیی هەژموونیی نازییەکان بەسەر هەموو جیهاندا لەخۆدەگرێت. ئەوەی جێگای سەرنجە هیتلێر لە ڕێگەیەکی تەواو یاسایی و هەڵبژاردنەوە هاتە سەر دەسەڵات! لە ڕاستیدا وەک باس کرا کۆمەڵگەی بێهیوا و نارازی ئەو سەردەمە بۆ دڵنەوایی شانازی و سەرفرازی لەدەستچووی لە هەموو کاتێک زیاتر ئامادەی بیستن و قەبووڵکردنی دروشمە بێبنەما، پۆپۆلیستی و زێدەڕۆیانەی هیتلێر بوو!

ئێستا دەتوانین تێبگەین کە بۆچی دروشمی "ئاڵمان بۆ ئاڵمانییەکان" کە بەڕواڵەت مەعقوولە، بۆ گەلی ئاڵمان ئەوەندە ترسناک دەردەکەوێت. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا پارتی ڕاسترەوی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئاڵمان (AfD) توانیویەتی وردە وردە لەژێر پەردەی دروشمی پۆپۆلیستی و خۆشاردنەوە لە پشت هەندێک لە واقیعی ئابووری کۆمەڵگەی ئاڵمان و بێگومان بە هاوکاری تاقمێک کردەوەی تێرۆریستی لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە، دەنگەکانی زیاد بکات بەڵام زۆرینەی کۆمەڵگە هێشتاش بە ترسەوە سەیری کردار و سەرهەڵدانی ئەم حزبە دەکات. ئەوان دەزانن کە چۆن پۆپۆلیزمی نازی نەک تەنها کۆمەڵگەی ئاڵمانی بەڵکوو ئورووپای بەرەو لێواری لەناوچوون برد و وڵاتەکەیانی کردە وێرانەیەک کە ساڵانێک نەتوانرا ئاوەدان بکرێتەوە. ئەوان دەزانن کە گەورەترین هێزی ئابووری ئورووپا و سێیەم گەورەترین هێزی ئابووری جیهان چەند پێویستی بە هێزی کارامەی بیانی هەیە. ئەوان دەزانن...

ڕاستییەکە ئەوەیە کە هۆکاری سەرەکی ئەم کاردانەوە توندە بەرامبەر بە ڕاستە توندڕەوەکان خۆشەویستی وڵات و پەرۆشی بۆ داهاتووی نیشتیمانیانە! هەرچەند تێڕوانینی ئینسانی بۆ ژیانی ئاشتیانەی گەلان دەتوانێت وەک یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم کاردانەوەیە باسی لێبکرێت بەڵام دەبێ بگوترێت کە خۆشەویستی و بەرژەوەندی ئاڵمان و بیر لە داهاتووی وڵات بە تایبەت لە ڕوانگەی ئابوورییەوە هۆکاری سەرەکییە.

لە پشتی نارەزایەتی و فیتوولیدان و وتنەوەی ئەو هاندەرانەوە مێژوویەکی تاریک و یادەوەرییەکی ناخۆش هەیە کە نایانەوێت جارێکی دیکە وڵاتەکەیان لە داوی دیماگۆگێری و دروشمی پۆپۆلیستیدا لەنێو بچێت.

بیری فاشیستی لە شێوەی بەناو بزووتنەوەکانی "پان" لە جوگرافیای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، بەتایبەت لەنێو داگیرکەرانی کوردستاندا، هەمیشە گرنگترین بەربەست بووە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرێکی بنەڕەتی نەک هەر کێشەی کورد، بەڵکو کێشەی نەتەوەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە، کە وڵاتەکەیان بە جۆرێک داگیر کراوە. ڕەنگە پان تورکیزم و پان فارسیسزم دوو بیرۆکەی هەر گرینگی فاشیستی لە ناوچەکەدا بن. بیرۆکەی پان فارسیزم (بە ناوی ساختەی ئێرانیزمەوە) لە سەردەمی پەهلەوییەوە، بە ئیشارەتکردنی یەک نەتەوە و یەک زمان و یەک ئاڵا، سەرەتای پرۆژەیەک بوو بۆ نەهێشتن و ئاسمیلەکردنی نەتەوەکانی دیکەی ئێران. لە چاوی پەهلەوی و پان فارسەکاندا لەم جوغرافیا فراوانەدا تەنیا یەک زمان هەبوو و تەنیا یەک کەس توانای پاراستنی ئەم زمان و کولتوورەی هەبوو و ئەویش شاهانشا بوو! دوای ئەوەی شا هەڵات و خومەینی هاتە سەر دەسەڵات، فاشیزم، ئەمجارە بە شێوەی ئایینی، سێبەری قورسی خۆی بەسەر ئێراندا بڵاو کردەوە و هەموو شتێک جگە لەو ئایینەی کە حکوومەت فەرمانی پێ کردبوو، پشتگوێ خرا و سەرکوت کرا!

بەفرانباری ٢٧٢٤

بەداخەوە ساڵانێک دوای ئەزموونی تاڵی ئەم جۆرە حوکمڕانیە، ئێستاش فاشیزم بە هەردوو فۆرمەکەی هەڕەشەیە بۆ سەر ئێران و نەتەوەکانی ئەم جوگرافیایە. چ فاشیزمی مەزهەبی ڕێژێمی خامنەیی وچ فارسیزمی لایەنگرانی پەهلەوی! بەداخەوە دەبێ بگوترێت کە لە شێوەی بیرکردنەوەی هەردوو گرووپەکەدا، بچووکترین ئاسەواری ئاگاداریی لە واقیعەکانی کۆمەڵگەی هەمەچەشنی ئێران، چ لە ڕووی فەرهەنگی و چ لە ڕووی زمانەوانیییەوە بوونی نییە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، شێوەی بیرکردنەوەی باڵادەستی ئەو گرووپانە نە تەنیا هیچ گۆڕانکارییەکی بە خۆیەوە نەدیووە بەڵکوو زۆر لە ڕابردوودا دۆگماتیکتر و ڕادیکاڵتر بوون.

ئەگەرچی دەبێ بگوترێت کە بە گشتی لایەنگرانی هەردوو بیرۆکە بەشێکی کەم لە کۆمەڵگای ئێران پێکدەهێنن، بەڵام واقیعی تاڵ ئەوەیە کە بە هۆی لاوازی پێکهاتەی کۆمەڵگەی سیاسی ئێران و نەبوونی حیزب و بزووتنەوەی سیاسیی دامەزراو لە ئێران، بوونی ئەم گرووپانە دەتوانێت بۆ دێموکراسی و مافی مرۆڤ نەک تەنها لە ئێران بەڵکو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا زۆر مەترسیدار بێت.

لە بەرامبەر فاشیزم و دروشمە پۆپۆلیستییەکانیدا، جگە لە یەکگرتوویی و هۆشیاری هیچ ڕێگەیەکیتر نییە. بۆ زاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەیەکدا کە جگە لە وێرانکاری و کاولکاری هیچی تر ناهێنێت، پێویستە بزووتنەوە ئازادەکان پێکەوە و بە کۆی دەنگ کاربکەن بۆ لەناوبردنی ئەم ژەهرە کوشندەیە.

ئەم وشیارییە کە لە جوگرافیای فەتیسکراوی کوردستاندا بانگەشەی بۆ دەکرێت و لە سەردەمی شۆڕشی ژینادا چەندین جار دەنگی دایەوە، دەبێت دووبارە بکرێتەوە و پڕوپاگەندەی بۆ بکرێت. لەگەڵ فاشیست دانوستان و دیالۆگ بێمانایە و بیری فاشیستی ناگۆڕدرێت! تاقە ڕێگە بەرخۆدان و ئاشکراکردنی پێکهاتەی ئەم شێوە بیرکردنەوەیە. وەک شەقامەکانی کوردستان و وەک هاندەرانی یانەی شتوتگارت و ئیسن!

"نازی برۆ دەرێ" یان "کوردستان، کوردستان، گۆڕستانی فاشیستان."

ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ٨٨٦ دا چاپ و بڵاو بۆتەوە

١٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# لە ٧٩ ساڵ بەر لەئێستاوە




عەلی بداغی

بە چاپ و بڵاوبوونەوەی ژمارە ٨٨٦ی "کوردستان"، ئەم ڕۆژنامەیە پێی نایە هەشتاهەمین ساڵی لەدایکبوون، دەرچوون و هەروەها بڵاوبوونەوەی بەردەوامی هەتا ئێستا. ڕۆژی ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤ی هەتاوی ڕۆژنامەی "کوردستان" لە درێژەی چەند ئەزموونێکی سەرکەوتووی ڕۆژنامەنووسیی کۆمەڵەی ژ.کاف و حیزبی دێموکراتی کوردستاندا یەکەم ژمارەی بڵاو بۆوە. "کوردستان" وەک زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان و دواتر مینبەری مێدیایی کۆماری کوردستان لە خاڵگۆڕانی مێژوویی بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پێی نایە گۆڕەپانی ژیان و خەباتەوە. قۆناغێکی زێڕین کە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان توانیبووی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرەپێشبردنی ئامانجە سیاسی و نەتەوەییەکانی دابمەزرێنێ و حیزبی دێموکراتیش توانیبووی لە ماوەیەکی کورتدا کۆماری کوردستان، وەک گرینگترین دەسکەوتی سیاسی و مێژوویی بۆ کورد بەدی بێنێت.

ئەگەر لە ماوەی ٧٩ ساڵی ڕابردوودا زۆر گۆڕانکاری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و وڵاتانی دراوسێ ڕوویان داوە، زۆر



سەرچاوە
Serchawe

دۆخ و ڕێژیمی سیاسیی جۆراوجۆر هاتوون و ڕۆیشتوون، زۆر شۆڕش و ڕاپەڕین لە ئێران و وڵاتانی دراوسێش کە کوردیان بەسەردا دابەش بووە کراون و نیزامی سیاسیی وڵاتیان گۆڕیوە؛ "کوردستان"یش لەسەر دەستی چەند نەوە بە تایبەتمەندی و دنیابینیی جیاوازەوە هەتا ئێستاش لە ئەرک و تێکۆشان و ڕەسالەتی خۆی بەردەوام بووە.

لە یەکەم سەرنجدا ڕەنگبێ دەرچوونی ٨٨٦ ژمارە لە تازەترین خولی ڕۆژنامەی کوردستان کە لە ڕێبەندانی ١٣٤٩ی هەتاوییەوە دەستی پێ کردوە و هەتا ئێستا ٥٤ ساڵی خایاندوە، لای خوێنەر بە ئەژمار کەم بێتە بەرچاو. بەڵام بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسیی کورد، خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و ئەو قۆناغە سەخت و دژوارانەی ئەم حیزبە لە بەربەرەکانی دژی دوو ڕێژیمی پاشایەتیی پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی بڕیویەتی، نەک کەمیی ژمارە بڵاوبووەکان لە چاو تەمەن و ماوەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ڕەخنەی زۆری نایەتەوە سەر، بەڵکوو ئەوەی گرینگ و پڕبایەخ دەنوێنێ بەردەوامی، کۆڵنەدان و بەچۆکدانەهاتنی «کوردستان» و حیزبی دێموکراتە.

"کوردستان" لە ماوەی ٨ دەیەی ڕابردوودا ڕۆڵی سەرەکیی لە پێگەیاندن و بردنەسەرێی ئاستی زانیاری و وشیاریی سیاسیی ڕۆڵەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. "کوردستان" لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بەتایبەت لەو ڕۆژە سەختانەی نەیارانی کورد بە توندی پلانیان بۆ تواندنەوەی شوناسی نەتەوەیی کورد دادەڕشت و بە هەموو توانای سەربازی و دەزگای سەرکوت و میکانیزمە ئیدارییەکان شەڕی ناسنامەی کوردیان دەکرد، مەتەرێزی لەگیراننەهاتووی پارێزگاری لە زمان و ئەدەبی نەتەوەی کورد بووە.

"کوردستان" نەک هەر هەڵگری باوەڕ و پەیامی سیاسیی حیزبی دێموکرات و خەباتی شوناس‌خوازیی ئەم حیزبە، بەڵکوو لە هەموو قۆناغ و بڕگەکانی ژیانیدا مینبەر و ئاڵاهەڵگری خەباتی مێدیایی کورد دژی نەیارانی ئەم نەتەوەیە بووە. "کوردستان" لەڕووی مێژووییشەوە سامانێکی نەتەوەیی دەوڵەمەندە. ئەم ڕۆژنامەیە تۆمارگەی خەبات و بەرخۆدانی گەلی کورد لە ئێران، ئاوێنەی سیاسەت و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکرات بەنیسبەت ڕووداو و گۆڕانکارییەکان لە کوردستان و ئێران، و هاوکات شوێنی بەدیکۆمێنتکردنی جینایەت و ڕەفتارە دژیگەلییەکانی دوو دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد لە ئێران بووە.

"کوردستان" چ ئەوکات لە فەرعانە - لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان و چەند ساڵی یەکەمی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧- و لە زێدی خۆی دەرچووبێ، چ لە تەنگانە لە قۆناغە سەختەکانی خەباتی پێشمەرگانە چاپ و بڵاو بووبێتەوە و چ ئێستا کە لە دوورخراوەییدا درێژە بە ژیان و ڕەسالەتی خۆی دەدا؛ هەموو کاتێک بەگژ پلان و پیلانەکانی



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ڕێژیمە ناوەندگەرانی تاران بۆ شێواندنی ڕاستییەکانی کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران و دروستکردنی قەیرانی شوناس بۆ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆتەوە.

هەروەک هەمووان دەیزانن و پێشتریش لە وتارێکدا باسم کردوە، بانگەشە و بەدواداچوون بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس و بەرجەستەکردنی بایەخمەندییە شۆڕشگێڕی و خەباتکارییەکان خسڵەتی هەمیشەیی "کوردستان" بووە. "کوردستان" ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ وەک پرنسیپێکی ئەخلاقی و ئینسانی و جیهانگیر، و ئاوڕدانەوە لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا بە ئەرک و پرەنسیپی نەگۆڕی خۆی داناوە. بایەخدان بە ژینگە و پاراستنەکەی وەک سەرچاوەی سروشتیی زێد و بەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکان هەموو کاتێک لە ڕۆژەڤی ڕوانینەکانی "کوردستان"دا بووە. "کوردستان" قەت لە پرسی ژنان و یەکسانی ڕەگەزی خافڵ نەبووە و بەردەوام بەگژ هەڵاواردن و هەر فەرق و دووچاوەکییەکیدا چۆتەوە کە سەرچاوەکەی چ کولتوور و نەریتی کۆمەڵ یان ڕوانگە و سیاسەتی دەسەڵاتەکانی زاڵ بەسەر کوردستاندا بووبێت.

"کوردستان" لە سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان و ڕکەبەریی خێرای مێدیاییدا ئەگەر لەلایەک شانازی بە ڕابردووی پڕ شانازیی خۆی دەکا و هەر لەسەر هەمان ڕێچکەکەی ٧٩ ساڵ بەر لە ئێستایە، بەڵام بە چاوی کراوەوە لە داهاتووی خۆی و ئەرکەکانی لەهەمبەر کۆمەڵگە و بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەکەیدا دەڕوانێت. "کوردستان" سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی سەر ڕێی ژیانی خۆی لە تاراوگە، بەڵام هەوڵ دەدا هاوکات لەگەڵ بەردەوامیی خۆی، بە بایەخدان بە پرس و بابەتەکانی ڕۆژ و خوێندنەوەی واقعبینانە لە گۆڕانکارییەکان و ڕوانگەی سەردەمیانە بۆ مژار و ڕۆژەڤەکان هەروەک هەمیشەی جێگای متمانە و ڕێزی خوێنەرانی بێت.

**٢٠ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# سەرمایەی کۆمەڵایەتی و ئەرکی حیزبی دێموکرات



**جەماڵ ڕەسووڵی دنخە**

سەرمایەی کۆمەڵایەتی چارەسەری هەموو دەردەکانی کۆمەڵگەیە، بەتایبەتی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ کە کۆمەڵگەیەکی بە هەموو شێوەیەک پێکەوە گرێدراوە. سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە هەست، تێگەیشتوویی، نۆرم، بەها، شوناس و پێکەوەبوونی تاکەکانی کۆمەڵگەیەک دەوترێ. ئەو هاوبەشییە لە جیاوازییەکاندا پێوەندیی نێوان تاکاکەکان ڕێکدەخات کە دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرمایە کۆمەڵایەتی. سەرمایەی کۆمەڵایەتی تەنانەت بچووکترین ئاکار و کردارەکانی تاکەکان دەگرێتەوە کە هەموویان لە بەرانبەر بە یەکتری بەرپرسیار دەکات. ئەگەر تاکێک کارێکی باش بکات هەمووی کۆمەڵگە قازانجی لێ دەبینێ و بە پێچەوانەکەشی هەروایە و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە ئاکاری نەشیاو، نابەرپرسیاربوون، نەبوونی فێرکاری لە کۆمەڵگەدا، وڵامدەرنەبوون بە کێشە و گرفتەکان دەکەوێتە مەترسییەوە.

حیزب، دەوڵەت، حکوومەت، لایەن، تیم یا گرووپێک ئەگەر نەتوانن سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆیان بناسن، یا ئەگەر هەیانە و نایناسن و نازانن دروستی بکەن، یان دەنا هەیانە و کاری لەسەر ناکەن؛ ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەیکە بەرەبەرە

چۆن ئەو سەرمایە دروست کراوە، بەرەبەرەش لەدەستی بدەن. لەدەستدانی سەرمایە هەتا سنووری هەڵوەشانەوەی دەسەڵات دەڕوات. مەرج نییە هەڵوەشانەوە ڕووخانی دەسەڵاتێک بێت - بگرە لەوانەیە لەسۆنگەی هەڵوەشانەوە دەسەڵاتەکەش هەرەس بێنێت - بەڵکوو ئەم هەڵوەشانە کۆمەڵایەتی بێت کە پێی دەوترێ "دابڕانە کۆمەڵایەتییەکان". لەم ڕووەوە زۆر گرینگە تاک و لە کۆدا کۆمەڵگە سەرمایەی خۆی بناسێ.

کۆمەڵگەیەکی زیندوو ئەو کۆمەڵگەیەیە بەنیسبەت ساکارترین و بچووکترین کێشەکان هەستیار بێت و لە بەرانبەریاندا بێدەنگ نەبێ. سەرمایەی کۆمەڵایەتی پێوەندیی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەیە کە بەویژدانن و، لەسەر بابەتەکانی کە ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە بێدەنگ نابن. ئەو سەرمایەی کۆمەڵایەتییە لەسەر بناغەی متمانە، ڕاستگۆیی، سداقەت و باوەڕ دامەزراوە. بۆ ئەوەش کەسانێکی زۆر بەوەج و نموونە توانیویانە ئەو سەرمایەیە دروست بکەن وەک ڕێبەرەکانی کە کاریزمان، خۆشەویستن، لە نێو کۆمەڵگەدا بە ڕوح هەن.

لە باشووری کوردستان سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەهێزە بەڵام کاری لەسەر نەکراوە. بۆ نموونە؛ کەسێک دەڕواتە دووکانێک شتێک دەکڕێ ئەگەر خاوەن دووکانیش لەوێ نەبێ کڕیار پارەی خۆی لە سەر مێزەکە دادەنێ و دەڕوات. ئەوە نیشانەی ئەوەیە خەڵک بێ هیچ یاسا و جەبرێک متمانەیان پێک هەیە. واتا خاوەن ویژدانێکی زیندوون لە بەرانبەر یەکتریدا و هەست بە بەرپرسیارەتی دەکەن.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرمایەی کۆمەڵایەتی مەترسیی زۆری لەسەرە. هۆکارەکەشی ئەوەیە ژیانی خەڵک لە بواری سیاسی و بەتایبەتی ئابووری زۆر تێکچووە. سیستمی سیخوڕی و سیخوردروستکردنی کۆماری ئیسلامی متمانەی لەنێو خەڵکدا لاواز کردوە. لەگەڵ ئەوەشدا سەرمایە کۆمەڵایەتییەکان بۆ حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەسمایەیەکی بەبایەخن کە نابێ لە دەستی بدەن، چونکی لە ڕەوتی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن زۆرترین دەسکەوتی پێ دەستەبەر بکەن. نموویەک بێنینەوە: کاتی خۆی لە شەڕی نێوان حیزبی دێموکرات و ڕێژیمی ئێراندا سەربازێک لە پادگانێکدا سەربازێکی دیکە دەکوژێ. فەرماندەکە لێی دەپرسێ کێ کوشتوویەتی، ئەویش دەڵێ: پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات هاتنە سەرمان و ئەویان کوشت. فەرماندەکە دەڵێت ڕادەوەستین هەتا ئێوارێ، ئەگەر ڕادیۆ دەنگی کوردستان باسی کرد دیارە حیزبی دێموکرات کوشتوویەتی، دەنا نا وا نییە. ئێوارێ و سبەینێی ئەو ڕۆژە ڕادیۆی حیزب باسی ئەو ڕووداوە ناکات و دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێ سەربازەکە خۆی ئەو تاوانەی کردوە. لێرەدا ڕاستگۆیی حیزب سەرمایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەنرخی بۆ حیزب و بزووتنەوەکە دروست کردوە.

لە حیزبی دێموکراتیشدا ئەو سەرمایە کە دروست کراوە، بەهێزە بەڵام لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەدا بەتەواوی نەهادینە

نەبووە؛ بەڵکوو متمانەیەکە کە خەڵک بە حیزبیان هەبووە و هەیە و ئەوەش بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی دەیان ساڵەی حیزبی دێموکرات و ڕۆڵ و کاریگەریی ڕێبەرانێکی کاریزمای وەک دوکتور قاسملووە. خۆ هەر لەجێدا یەکێک لە ڕەمزەکانی مانەوەی حیزبی دێموکراتیش هەر ئەوە بووە کە خەڵک پشتیوانیەتی و لە هەموو قۆناغ و بڕگەکانی ژیانی سیاسیی ئەم حیزبەدا لەگەڵی بەردەوام بوون.

د. قاسملووی نەمر لە "کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزمی دێموکراتیک"دا ڕاست باس لەوە دەکا و خەمی گەورەشی بۆ کۆمەڵگە ئەوەیە کە سەرمایەی کۆمەڵایەتیی خۆی لەدەست نەدا و لەسەر ئەوە باوەڕەیە حیزبی دێموکرات هاوکات لەگەڵ بردنەپێشی پرسی نەتەوەیی، دەبێ بە بەردەوامی کار لەسەر چاکسازیی کۆمەڵگە بکات. بۆیەشە حیزبی دێموکرات هەر دوو بابەتی نەتەوایەتی و ئامانجی دوارۆژی بۆ کۆمەڵگەی لە بەرنامەی خۆیدا جێگیر کرد. بەڵام سنوورەکانی ئەم دوو چەمکە کە کارکردی جیاوازیان هەیە، پێویستە دیار و جیا بن. بەڵام لە ئێستادا تا ڕادەیەک ئەم بوارانە تێکەڵ بە یەکتری کراون کە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەیە پرسی نەتەوەگەرایی خۆی لە هەموو بابەتێک وەردەدا. بەو مانایە کە تاک یا خەڵک هەر کارێک بکات بە نەتەوەگەرایی گرێ دەدرێتەوە کە دەکرێ وا نەبێت و ئەوەش زیانی بۆ کۆمەڵگە هەیە. بۆ نموونە کاری خێرخوازی پێوەندی بە نەتەوەگەرایی نییە، بەڵکوو پرسێکی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە و دەکرێ لە بەستێنی خۆیدا بەهێز بکرێ. یان لادان و هەڵخلیسکانی کۆمەڵایەتیی وەک: "پرسی ئەخلاقی، دزی، گەندەڵی، لەبیرکردنی تاکی کۆمەڵگە، لاوازیی ئابووری، هاندانی نابەجێ، ولامنەدانەوە بە کێشە و گرفتەکان و..." ئەوانە ئەگەر ولامیان نەدرێتەوە و دەسەڵات دژی نەوەستێتەوە - جا حیزب بێ یا دەوڵەت - بەرەبەرە متمانەی تاکەکان هەم بە دەسەڵات و هەم بە یەکتری لەنێو دەبات. کاتێکیش سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەنێو، چوو ئیدی دەسەڵات، تاک و کۆمەڵگە لێک دادەبڕێن و لەوەها کاتێکدا دەسەڵات بۆ حوکمی خۆی پەنا بۆ سەرکوت دەبات و کۆمەڵگەش دژی بەها و بایەخەکان دەجووڵێتەوە.

پێوەندیدار بە حیزبی دێموکرات و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بابەتێک کە ڕێبەریی حیزبە وەک خەسار دەبێ ببیینێت و مشووری لێ بخوات، کەلێن و دابڕانی نەوەکان و فکرەکانە لە یەکتری و لەدەستدانی ئەو سەرمایە کۆمەڵایەتییەیە کە دەکرێ بە زیانی خەڵکی کوردستان و جووڵانەوەکە بشکێتەوە. حیزبی دێموکرات بەو ڕابردوویەی کە هەیەتی بێگومان دەتوانێ خوێندنەوەی نوێ و خەسارناسانە بۆ کۆمەڵگە بکات و ئەو سەرمایە بەهێز و بەهێزتر بکاتەوە و بەهۆی ئەوەیکە ماتەوزەیەکی زۆری هەیە، دەتوانێ پێش بەو هەڕەشەیە بگرێ؛ بەتایبەتی کارکردن لەسەر سۆسیالیزمی دێموکرات بۆ کۆمەڵگە دەتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# کۆتا بزمارەکان لە تابووتی "بەرەی موقاوەمەی" کۆماری ئیسلامیی ئێران



**ناسر سالحیئەسڵ**

مێژوویی نوێی وڵاتی یەمەن لە پاش سەربەخۆیی ئەو وڵاتە لە ساڵی ١٩٧٦ەوە دەست پێدەکات. سەربەخۆیی وڵاتی یەمەن پاش شەڕێکی خوێناوی لەگەڵ وڵاتی داگیرکەری بریتانیا و دوابەدوای ئەو، شەڕی نێوخۆیی نێوان لایەنە سیاسییە ڕکەبەرەکان وەدیهات. ڕکەبەریی لایەنە سیاسییەکانی یەمەن لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان دوو بلوکی، کاپیتالیستیی ڕۆژئاوا و کۆمونیزمی ڕۆژهەڵات، دابەشبوونی ئەو وڵاتەی بۆ دوو وڵاتی جیاواز و بەستراوە لێکەوتەوە. کۆماری عەرەبیی یەمەن "یەمەنی باکوور" کە لە لایەن عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی ڕۆژئاوا پشتگیری دەکرا و کۆماری دێموکراتیکی یەمەن "یەمەنی باشوور" کە سەر بە بلوکی کۆمونیزم و یەکیەتیی سۆڤیەت بوو. لە ماوەی شەڕی سارد و لە چوارچێوەی پرەنسیپە نەگۆڕەکانی سیستەمی دوو جەمسەریدا ئەو دوو وڵاتە چەندین جار بەرەوڕووی یەکتر بوونەوە و تەنانەت تا سنووری تێکهەڵچوونی نیزامییش چوونە پێش. پاش کۆتاییهاتنی شەڕی سارد لە ساڵی ١٩٩٠ی زایینی ئەو دوو وڵاتە لە چوارچێوەی "کۆماری یەمەن"دا یەکیان گرتەوە.

وڵاتی یەمەن پێکهاتەیەکی "سادە" و لە هەمان کاتدا "تێکهاڵاوی" هەیە. "سادە" بەو مانایە کە فەرهەنگی زۆرینەی خەڵکی یەمەن لە سەر بنەمای نۆرمی عەشیرەیی، باوەڕی مەزهەبی و ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەیەکی لایە لایە بیچمی گرتوە. هەروەها "تێکهاڵاو" بەو مانایە کە ئەو وڵاتە کێشە و قەیرانی ڕیشەداری مێژوویی هەیە کە بەردەوام مەترسییەکی گەورە لە سەر یەکیەتی و یەکگرتوو مانەوەی ئەو وڵاتە بووە. ئەو کێشە و قەیرانانە دوو سەرچاوەی سەرەکییان هەیە کە بریتین لە:

**یەکەم**: بوونی دوو بافتی جیاوازی سیاسی_فەرهەنگی لە باکوور و باشووری یەمەن، نۆڕمی عەشیرەیی و دەسەڵاتخوازیی هێزە ئیسلامییەکان.

**دووهەم**: دەستێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کاروباری وڵاتی یەمەن.

یەکیک لە گرینگترین ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی وڵاتی یەمەن "حوسییەکان"ن کە شیعەی "زەیدی"ن و لەگەڵ حکوومەتی ناوەندیی سوونە مەزهەب کێشەی جیددی هەیە. ڕیشەی سەرەکیی ناکۆکییەکانی نێوان شیعەکانی "زەیدی" و "حکوومەتی ناوەندیی یەمەن" بۆ گۆڕانی سیستەمی سیاسیی ئەو وڵاتە لە "ئیمامەت"ەوە بۆ "کۆماری" دەگەڕێتەوە. زەیدییەکان بە درێژایی ١٢٠٠ ساڵ لە ژێر ئاڵای ئیمامەتی ئیسلامیی شیعە بە سەر ناوچەکانی باکووری یەمەن حوکمڕانییان کردوە. حووسییەکان حکوومەتداری بە مافی ئیمامانی "بەنی هاشم" دەزانن و دەسەڵاتدارێتیی هەر لایەنێکی دیکە جگە لەو بنەماڵەیە ڕەد دەکەنەوە. بەو پێیە بەردەوام هەوڵی وەدەستگرتنەوەی دەسەڵاتیان داوە. ئەو هۆکارە مێژووییە لە پاڵ سیاسەتە هەڵەکانی حکوومەتی ناوەندی، نایەکسانی لە دابەشکردنی دەسەڵات و بە تایبەتی هەڵاواردنی نیگەتیڤی دەوڵەتی "عەلی عەبدوڵڵا ساڵح" سەرۆکی ئەو کاتی یەمەن، ناکۆکییەکانی نێوان زەیدییەکان و حکوومەتی "سەنعا"ی گرژتر کردوە.

لە کاردانەوە بە دۆخی نالەباری ئابووری و سیاسەتی هەڵاواردنی حکوومەتی ناوەندی لە ساڵی ١٩٩٢ی زایینی ڕێکخراوەیەکی سیاسی بە ناوی "ئەنسارولڵا" لە پارێزگای "سەعدە" کە پێگەی سروشتیی زەیدییەکانە، بۆ پێڕەوانی مەزهەبی زەیدی، بوونی خۆی ڕاگەیاند. ئەو ڕێکخراوەیە بەرەبەرە چالاکییەکانی خۆی پەرە پێدا و بەتایبەتی پاش ساڵی ٢٠٠٠ی زایینی لە ژێر سەرکردایەتیی "حوسین ئەلحووسی" تەواو وەکوو هێزێکی سیاسی خاوەن پێگەی جەماوەری دەرکەوت. حوسین ئەلحووسی کەسایەتییەکی مەزهەبی بناژۆخوازی توندڕەو بوو .درووشمەکانی شۆڕشی ئیسلامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی کردە بنەمای ئیدئولوژیکی کاری سیاسی ئەو ڕێکخراوەیە. هەروەها ڕێکخراوەی ئەنسارولڵای حووسییەکان دژایەتیی ئامریکا، ئیسرائیل و وڵاتانی سوننە مەزهەب بەتایبەت عەرەبستانی سعوودی دەکات. لە سەرەتادا داواکاری سەرەکی ڕێکخراوی زەیدییەکان خودموختاریی زیاتر بۆ پارێزگای سەعدە بوو تا بتوانن پارێزگاری لە نەریتی فەرهەنگی و مەزهەبی

و سیاسی "زەیدییە" لە بەرامبەر کارتێکەریی ئیسلامگەرایانی سوننی مەزهەب بکەن.

حوسییەکان ماوەیەکی کەم نییە لە سەر گۆڕەپانی سیاسی وڵاتی یەمەن جموجۆڵیان هەیە. هەر لەو ماوەیەدا تەنانەت عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیش، دەرکەوتنی لە ناکاوی حوسییەکانی وەکوو مەترسییەکی گەورە بۆ سەر داهاتووی حکوومەت و دەوڵەتی یەمەنی دەدیت. لە ئاکامی شەڕی دووهەمی عێراق و هاوکاریی یەمەن و ئامریکا گەرای سەرەتایی پێکدادانی ئەو دوو لایەنەی داندرا. لە ساڵی ٢٠٠٤ی زایینی لە ئاکامی ڕێپێوانی جەماوەریی بە دژی سیاسەتەکانی حکوومەتی ناوەندی لە شاری سەنعا پێکدادانی نیزامی لە نێوان حوسییەکان و هێزەکانی ئەرتەش ڕووی دا. ئەو ڕووداوە سەرەتای زەنجیرە پێکدادانی نیزامیی نێوان ئەو دوو لایەنە بوو کە هەر لە قوناغەکانی یەکەمدا کوژرانی حوسین ئەلحووسی لێکەوتەوە. کوژرانی حوسین ئەلحووسی، حوسییەکانی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان زیاتر لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکتر کردەوە و سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئیران لەو دەرفەتە کەلکی وەرگرت و توانی کار و بەرنامە نیزامییەکانی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەنسارولڵای حوسییەکان چالاکتر و چڕتر بکات. بە شێوەیەک کە تا واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی ئاگربڕ لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و حوسییەکان لە ساڵی ٢٠١١ی زایینی، بە دەنەدانی سپای پاسداران پێنج جار پێکدادانی نیزامی لە نێوان ئەو دوو لایەنەدا ڕووی دا.

بەگەیشتنی شەپۆلەکانی بەهاری عەرەبی بۆ یەمەن، حووسییەکانی یەمەن دەرفەتی بۆشایی دەسەڵاتی سەرچاوەگرتوو لە ڕووخانی دەوڵەتی عەلی عەبدوڵڵا ساڵحیان بۆ پەرەپێدانی هێژموونیی خۆیان بە هاوکاریی نیزامی و ماڵیی سپای قودسی ڕێژیمی ئێران، لە پارێزگای سەعدە و ناوچەکانی دەورووبەری ئەو پارێزگایە قۆستەوە. لە ئاکامی ئەو بارودۆخەدا حوسییەکان دەستیان بە فراوانخوازی کرد کە ئەویش بە پشتیوانی و پاڵپشتیی سەرەکی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و عەلی عەبدوڵلا ساڵح، سەرکۆماری لەسەرکار لادراوی یەمەن بوو. هەروەها بەشداری‌نەکردنی ڕێکخراوەی ئەنسارولڵای حووسییەکان لە هاوکێشەکانی دەسەڵاتی سیاسی پاش دەوڵەتی ڕووخاوی عەلی عەبدووڵڵا ساڵح، کاردانەوەی قوڵتربوونەوەی کێشە ئەنسارولڵای حووسییەکان و دەوڵەتی مەنسوور هادی لێکەوتەوە. چونکە قەیرانی نێوان دەوڵەتی نوێی یەمەن و ئەنسارولڵا، هەلی ڕەخساوی بۆ دەستێوەردانی زیاتری سپای قودسی ڕێژیمی ئیرانی ڕەخساند کە لە ناوچەی نیمچە دوڕگەی عەرەبی کێشە بۆ عەرەبستانی سعوودی و کەنداوی عەدەن لە دەریا عوماندا دروست بکات. بۆیە بە پشتیوانی و هاوکاریی ماڵی_نیزامی و دابینکردنی مووشەک و درۆن لە لایەن سپای قودسەوە، چالاکییەکانی ئەنسارولڵا بۆ شێوە و شێوازیی نیزامی و تیرۆریستی گۆڕدرا. وا بوو لە ٢١ی سێپتامبری ٢٠١٤ی زایینیدا گرووپی ئەنسارولڵای یەمەن بە هاوکاریی "سپای قودس"ی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەستیان بە سەر شاری گرینگی سەنعا داگرت و دوو ڕۆژ دواتر سەرۆککۆمار و تێکرای ئەندامانی کابینەی دەوڵەتی مەنسوور هادی دەستیان لە کار کێشایەوە. هەڵوەشانەوەی دەوڵەت و کابینەی مەنسوور هادی،



سەرچاوە
Serchawe

نەکهەر ئەو وڵاتەی بۆ پەلکێشی شەڕی نێوخۆیی کرد، بەڵکوو ئەوە بە مانای هاوپەیمانی حکوومەتی نوێی یەمەن لەگەڵ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بوو کە کۆتایی بە حوکمرانیی دەوڵەتێک هێناوە کە دوست و دراوسێ عەرەبستانی سعوودی و ئەندامی شورای هاوکاریی کەنداو بوو. لە ڕوانگەی وڵاتی عەرەبستانەوە هەڵدێرانی یەمەن بۆ بەرەی بەناو موقاوەمەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیتوانی سەرەتایەک بۆ هەڵدێرانی وڵاتانی دیکەش بێت؛ چونکە ئەو شەڕە درێژەی شەڕی پرۆکسی دوو جەمسەری شیعە و سوننەیە کە لە سەنگەرە جیاجیاکانی ناوچە لە ڕووبەڕووبوونەوەیەکی قورسدان.

خاڵی جیاکەرەوەی کێشەی یەمەن ئەوەیە ئەو وڵاتە لە نیمچەدورگەی عەرەبی هەڵکەوتوە کە بە درێژایی مێژوو لەژێر هێژموونیی عەرەبستاندا بووە. بەو پێیە ئەمە بەزاندنی هێڵە سوورەکانی عەرەبستان و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیی کەنداو بوو لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە. چونکە بە دەسەڵاتگەیشتنی گرووپی ئەنسارولڵای حووسییەکان لە وڵاتی یەمەن لە ڕاستیدا بە مانای دراوسێیەتی و هاسنووریی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی نیمچەدوورگەی عەرەبی لەگەڵ عەرەبستانە و ئەو دەرفەتە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەرەخسێنی هەتا لە نائەمنکردنی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی عەرەبستاندا دەستی ئاوەڵاتر بێت. جگە لەوە مانەوەی دەسەڵاتدارەتیی ئەنسارولڵای حوسییەکان لە وڵاتی یەمەن، دەیتوانی ببێتە کارتێکی یاری پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بۆ خامنەیی تا وڵاتی عەرەبستان ناچار بە سازان لە وڵاتی سووریەی پاش بنەماڵەی ئەسەد و مانەوەیی حەشدی شەعبی لە وڵاتی عێراق بکات. چونکە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ترسی لەوە هەیە پاش ڕووخانی دەسەڵاتدی بنەماڵەی ئەسەد و شکستی گەرەوەی گرووپە پرۆکسییەکانی لە لوبنان و سووریە و غەززە، هەر گۆڕانکارییەک لە یەمەن کە لە قازانجی خەڵکی ئەو وڵاتە و لاوازکردنی دەسەڵاتی حوسییەکان بێ، گۆڕانکاریی گەورەی لە ناوچەیی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بە دوودا دێت و بوار بۆ ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەبارتر دەبێت.

لە گۆڕانکارییەکانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا داهاتووی گرووپی ئەنسارولڵای حوسییەکان مەترسیی گەورەی لەسەرە. چونکە بە هۆی کردەوەکانی ئەم گرووپە وەک مووشەکهاویشتن بۆ سەر ئیسرائیل و نائەمنکردنی ڕێڕەوی بازرگانی لە کەنداوی عەدەن و کێشە خوڵقاندن بۆ وڵاتی ڕوو لە گەشەی عەرەبستان، ئەویش بە هاندان، دەستێوەردان و پشتیوانیی ماڵی و نیزامی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ناسەقامگیرییەکی پتر لە ناوچەی نیمچە دوورگەی عەرەبی، هەم بۆ وڵاتانی ڕۆژاوا و هەم بۆ وڵاتی ئیسرائیل خوڵقاوە کە ناکرێ درێژەی هەبێت. بۆیەلە ئەگەری هێرشی بەرینی ئیسرائیل و وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سەر ئەنسارولڵای حوسییەکان و بەهێزکردنی لایەنە دێموکراتیکەکانی یەمەن بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری سەنعا، گرووپی تێرۆریستی ئەنسارولڵای حوسییەکان کۆتایی بە دەسەڵاتەکەی دێت. لە وەها هەلومەرجێکدا وڵاتی یەمەن بەرەو ئاشتی و سەقامگیریی نێوخۆیی و دوورکەوتنەوەی لە دەستێوەردان و ئاژاوەنانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەچێت.



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**ئێستا پاش بزماررێژکردنی تابووتی ئەنساروڵلای حوسییەکان، گەلانی یەمەن بە دامەزراندنی حکوومەتیکی بنکەفراوانی دێموکراتیک و وڵامدەر کە هەموو پێکهاتەکان و ئایینزاکان لە خۆ بگرێ، دەتوانن هیوادار بە گەشەی سیاسی - ئابووریی و ژیانی سەردەمیانە بن. بۆیە ڕووخانی دەسەڵاتی حوسییەکان چەندە لە بەرژەوەندیی خەڵکی یەمەنە، ئەوەندەش ڕێژیمی عەلی خامنەیی لە لێوارەکانی ڕووخان و دارمان نزیکتر دەکاتەوە.**

**٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

# بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان




## پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و بەشداری لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا

## (بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان)

**فواد خاکیبەیگی**

لە نیوەی دووهەمی دەیەی (١٩٩٠) بەولاوە، بەکارهێنانی ئینتێرنێت لە بوارەکانی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە پێشکەوتووەکان و تا ڕادەیەکیش لە وڵاتانی لە حاڵی گەشەسەندندا، فراوان بووە و بەهۆی کاریگەریی بەربڵاوی لە سەرجەم کایەکانی ژیانی تاکەکان، بۆتە هۆی هاتنە کایەی چەندین چەمک وەک " گوندی جیهانی"، "وشیاریی هەسارەیی" و "کۆتایی جۆگرافیا" لە ناوەندە ئاکادیمیەکانی ئەم سەردەمە. وەک دەگوترێ سیاسەت بە سەر باڵەکانی ڕاگەیاندنەکاندا دەسووڕێت. بە تایبەتی بەهۆی زۆری بەکارهێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئاستی ناوچەیی، نەتەوەیی، نێونەتەوەیی و جیهانی لە ئینتێرنێت، ڕۆڵگێڕانیان لە هەڵسوکەوتی و چالاکییە سیاسییەکان زیاتر بەدیار دەکەوێت. هەروەها تەکنۆلۆژیای نوێ ئەو توانایەیان هەیە کە کۆمەڵگەی مەدەنی و دیمۆکراسی لە سەرتاسەری جیهان بەهێز بکەن.



سەرچاوە
Serchawe

شۆڕشی پەیوەندییەکان، لە ڕێگای سەتەلایت، ئینتێرنێت و جۆرەکانی دیکەی مێدیای کۆمەڵایەتییەوە جیهانێکی نوێی هاوتەریبی لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە دروست کردوە کە تێیدا جۆرێکی نوێ لە پەیوەندییە مەجازییەکان هاتوونەتە کایەوە، کە بە هۆیەوە کولتوورەکان لە ڕێگای ئامرازەکانی ئەلەکترۆنیکەوە دەگوازرێنەوە و چەمکەکانی کات و شوێن واتایەکی تازە پەیدا دەکەن. پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی گۆڕانکاری بەرچاویان هێناوەتە کایەوە لە کولتوور، سەرچەشنەکانی بەکۆمەڵایەتیبوون، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی ڕۆژانەماندا. لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەیە "کاستلیس" پێی وایە لە کۆتایی هەزارەی دووهەمدا جیهانێکی نوێ خەریکی فۆرمگرتنە کە خاوەن بونیادێکی نوێی کۆمەڵایەتییە.

هەر بۆیە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ڕێکخراوە ناحکوومییەکان و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بە بەشداربوونیان لە فەزای مەجازی بە ڕێگای بەکارهێنانی ئینتێرنێت و سەتەلایت، هاووڵاتیانی ناڕازی بە سیاسەتی ناوچەیی، نەتەوەیی و جیهانیان کۆ کردۆتەوە و ڕێکیان خستوە، بەم شێوەیە چالاکییەکان و دژایەتییان بە دژی حکوومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ڕێکخستوە. هەروەها وەکوو ئەکتەری سەرەکیی کۆمەڵگەی مەدەنی نارەزایەتییەکانیان بە جیهانی کردووە و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرینگی دروستکردن و بەهێزکردنی ڕای گشتی بۆ دەربڕینی خواستەکانیان. لە لایەکی دیکەوە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بۆ بەرپەرچدانەوەی کاریگەریی مێدیای دەسەڵاتداران، بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی دیکتاتۆر، پشتیان بە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەستووە.

ژمارەی ئەو کەسانەی پەیوەستن بە ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان میلیاردها بەکارهێنەری تێپەڕاندوە و بەردەوام لە زیادبووندایە. ئەم گەشەسەندنی چەندایەتی و چۆنایەتییە لە ئامرازەکانی پەیوەندی کردن کاریگەریی زۆری لە سەر کۆکردنەوەی سەرچاوەکان لە نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەبووە. هەروەها پەیوەندی نێوان بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی زانیاری لە ئاستی گشتی و جیهانی، بۆتە هۆی گۆڕانکارییەکی گەورە لە پێکهاتەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، و جێگەی فۆرمە کلاسیکەکانی کۆکردنەوەی پێشوەختەی تاکەکانی گرتۆتەوە و بۆتە ئامرازێکی نوێی هەماهەنگی بۆ کۆکردنەوەی چالاکان و ناڕازییان لە دەوری بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان و هاودەنگکردنی چالاکان و بەشدارانی بزووتنەوەکە.

کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە و شێواز و کاریگەریی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێستادا بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ پەرەسەندنی تەکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان. بە مەبەستی باسکردن لە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەوا دوو ئاراستە یا تێڕوانین هەیە، تێڕوانینی گەشبینانە کە باس لە کاریگەریی ئەرێنی و تێڕوانینی ڕەشبینانە باس لە کاریگەریی نەرێنی تۆڕە

کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. تێڕوانینی گەشبینانە هیوادارە کە سروشتی هێز لە تۆڕەکانی دیجیتاڵی بگۆڕدرێ بۆ سروشتی هێز لە دنیای واقیعی، لە بەر ئەوەی تۆڕەکانی دیجیتاڵ زیاتر لە هەر کات لەگەڵ ژیانی ئێمە تێکەڵاون. ئەو ئاراستەیەی کە باوەڕیان بە گەشبینیی دیجیتاڵی هەیە لایەنە بەهێز و باشەکانی ئینتێرنێت بۆ چالاکییە بەکۆمەڵەکان دێننە بەرباس کە چەند بوار لە خۆ دەگرێت و بریتین لە:

## کاریگەریی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان

گرینگترین کاریگەریی ئینتێرنێت لەسەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیەکان، ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان و هاودەنگکردنی چالاکانە. بۆ ئەوەی کە ئینتێرنێت یارمەتیدەری ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکان بێ پێویستە پێشتر دوو قۆناغی شوناسسازی و پێکهێنانی تۆڕی پێکهێنابێت. لە ئێستادا ئینتێرنێت تواناییەکی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی شوناسی بەکۆمەڵ، بە پێکهێنانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی زانیاری و باوەڕەکان لە کەشی سایبرنتیکی.

تیئۆریی "شوناسی بەکۆمەڵ" لە لایەن (ئالبرتۆ ملۆچی Alberto Malucci) خرایەڕوو. خاڵی سەرەکیی تیئۆرییەکەی؛ تێگەیشتن لە ئامانجەکان و خواستی بکەران و چالاکانە. ئەو پێیوایە کە کردەی بەکۆمەڵ شتێک نییە بێجگە لەو ئامانج و خواستانەی کە بکەران بە مەبەستی دەستڕاگەیشتن پێی ئەنجامی دەدەن. خاڵی گرینگ سەبارەت بە کردەی بەکۆمەڵ لە ڕوانگەی (ملۆچی) ئەوەیە کە شوناس بە کۆمەڵی تاڕادەیەک جێگیر و تێکەڵاو، دەبێت لە نێو ئامانجەکان، ئامرازەکان و شێوازە جیاوازەکانی یەکانگیری و کاری ڕێکخراوەیی دروست بێت.

بۆ نموونە لە ڕووداوەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە بەهێزکردنی شوناسی بەکۆمەڵ بە ڕێگای بڵاوکردنەوەی پەیام و ڤیدیۆ و وێنەکانی فەیسبووک، تویتێر و وێبلاگەکان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە بەهێزکردنی شوناسی بەکۆمەڵ لەنێو خەڵکدا. هەروەها لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبی ڕاگەیاندنەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی -یوتیوب، فەیسبووک و تویتێر- وێڕای وێبلاگنووسانی ئۆنلاین و مۆبایل لە دروستکردنی پەیوەندی، هاوئاهەنگی و چاوەدێری ڕەوتی خۆپێشاندانەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و باکووری ئەفریقا ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو. بە تایبەتی لە میسر و توونس کە شۆڕشی کۆمەڵایەتی تێیاندا سەرکەوتن، کە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هاوئاهانگیی چین و توێژەکان و کردەی ئاڵوگۆڕخوازانە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەرنامەڕێژی بۆ کرا.

جێگەی ئاماژەیە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەو نێوەدا هۆکار بوون بۆ ڕێکخستن و خێراکردنی ڕەوتی خۆپێشاندانەکان، نەک



سەرچاوە Serchawe

دەستپێکەری جموجۆڵ و ڕاپەڕینەکان. لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆڵی فەیسبووک و تویتێر بە چەشنێک پڕ ڕەنگ و بەرچاو بوو کە بەشێک لە توێژەران و هەروەها هەواڵنێریی ڕۆیتێر لە چەمکەکانی وەک "شۆڕشی فەیسبووک" یا " شۆڕشی تویتێر" بۆ ئاماژەدان بە ڕاپەڕینەکان بەکار دەهێنا.

**بەجیهانیبوونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان**

پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و پەرەسەندنی ژێرخان و هەروەها دابەزینی نرخ بۆتە هۆی گەشەکردنێکی بێوێنە لە دەستڕاگەیشتنی خەڵک بە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پەیوەندییەکان و بە میلیاردها خەڵکی لە سەرانسەری جیهان پێکەوە گرێ داوە. شۆڕشی پەیوەندییەکان لە ڕێگای سەتەلایت، ئینتێرنێت و جۆرەکانی دیکەی مێدیای کۆمەڵایەتییەوە جیهانێکی نوێی هاوتەریبی لە گەڵ جیهانی ڕاستەقینە دروست کردوە کە تێیدا جۆرێکی نوێ لە پەیوەندییە مەجازییەکان هاتوونەتە کایەوە، لەم جۆرە پەیوەندییە مەجازییەدا کولتوورەکان لە ڕێگای ئامرازەکانی ئەلکترۆنیکەوە دەگوازرێنەوە و چەمکەکانی کات و شوێن واتایەکی تازە پەیدا دەکەن.

لە سەردەمی بەجیهانیبوون ڕاگەیاندنەکان جێگە و پێگەیەکی تایبەتیان لە ئاستی جیهانی بەدەستهێنا و بوون بە هۆکاری بەشێک لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم سەردەمە. سروشتی ئەو ڕاگەیاندنانە سەرو نەتەوەیی و نەبوونی سنووره کە لە ئێستادا دەستپێڕاگەیشتنی ئاسان کردوە. نموونەیەکی بەرچاو لە بواری سوود وەرگرتن لە ئینتێرنێت بۆ بەجیهانیکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان؛ ڕاپەڕینی (زاپاتیستەکان) لە مکزیکە. زاپاتیستەکان لە وڵامدانەوە بە هێرشی نیزامیی حکوومەت کە گرژی و ئاڵۆزی تێکەوت، هەوڵیان دا بەمێدیاییکردنی ئەو بابەتە و سوود وەرگرتن لە ئینتێرنێت، نارەزایەتی خۆیان بە گوێی جیهانیان بگەیەنن. زاپاتیستەکان تێگەیشتن کە تاقە ڕێگای سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکانیان بەدەستهێنانی لایەنگری و پشتیوانیی جیهانییە. بەمێدیاییکردنی ئەو بزووتنەوەیە، بەربەستی سەرەکی لە بەردەم تۆڵەکردنەوەی توندوتیژی حکوومەت دروست کرد. ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە نێودەوڵەتیکردنی ئەو بزووتنەوەیە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕا، بۆ گروپێکی بچووکی وەکوو زاپاتیستەکان لە کۆمەڵگەی میکزیک تریبوونێکی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە زاپاتیستەکان و بە دژایەتیکردن لەگەڵ حکوومەتی مێکزیک کۆ کردەوە. بە واتایەکی تر بابەتی ناوچەیی زاپاتیستەکانی بە جیهانی کرد و هێنایە بەردەم دادگای ڕای گشتی جیهانی.

وەک چۆن لە بزووتنەوەکانی بەهاری عەرەبی ڕاگەیاندن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی گرینگیان گێڕا بۆ گەیاندنی دەنگی ئەوان بە ئاستی جیهان، بە هەمان شێوە لە بزووتنەوەی داگیرکردنی (واڵئێستریت)یش تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی

سەرەکییان گێرا و دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە ئاستی جیهانی هەبوو. ئینتێرنێت و پەیوەندیی تۆڕە کۆمەڵایەییەکان لە بزووتنەوەی واڵ ئێستریت لە کۆمەڵگەی ئەمریکا، ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پێکهێنا و ڕای گشتی جیهانی بە لایەنگری لە بزووتنەوەکە و دژایەتی لەگەڵ حکوومەت و نیزامی سەرمایەداریی مەوجوود هێنایە سەر هێڵ و بزووتنەوەکەی بە جیهانی کرد.

هەربۆیە سەروو نەتەوەیی بوون و دەنگدانەوەی لە ئاستی جیهانی بوو بە یەکێک لە تایبەتمەندی و پێکهاتەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوییەکان، کە هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سوود وەرگرتن لە تەکنۆلۆژیا، ئینتێرنێت و ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی ڕەهەندی تەکنۆلۆژی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە هەرچی زیاتر پەرەسەندنی دیاردەی بەجیهانیبوون.

## ڕێبەری ئاسۆیی

"کاستلیس" لە کتێبی "تۆڕەکانی تووڕەیی و هیوا؛ بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی ئینتێرنێت" ئاماژە بەوە دەکات کە قۆناغی تێپەڕیین لە تووڕەیی بۆ هیوا لە کەشی ئۆتۆنۆمی (خودموختاری) دەستەبەر دەبێت. بڕیارەکان بە گشتی لە نێو گرووپدا دەدرێت و بزووتنەوەکان بێ ڕێبەرن. ئەمەش نەک بە هۆی ئەوەی کەسی شیاو نەبێت یا کەس خواستی ڕێبەربوونی نەبێت، بەڵکوو بە هۆی بێ‌متمانەیی زۆری بەشدارانی بزووتنەوەکانە بەرانبەر لە جۆرە نوێنەرایەتی کردن و بەسەنتەرکردنی دەسەڵات. هەروەها باس لەوە دەکات کە ئاسۆیی بوونی تۆڕەکان دەبێتە هۆی بەهێزبوونی هەستی هاوکاری و یەکدەنگی لەنێو بەشداران و پێویستیی هەبوونی ڕێبەری کەم دەکاتەوە.

نوێترین نموونە دەتوانین ئاماژە بە شۆڕشی نوێی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی بکەین کە ڕێکخستنی کۆبوونەوەکان و چالاکییەکان لە لایەن ناوەندێکی دیاریکراوی ڕێبەری و سەنتەر بوونی ڕێکخستنەکان نەبووە، وەکوو شۆڕشە کلاسیکیەکانی ئورووپای ڕۆژهەڵات و کۆمارەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو کە کەسانێکی دیار و ناسراو وەکوو کاریزما، ڕێبەریی شۆڕشەکانیان دەکرد. بەڵکوو شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" هاوشێوەی شۆڕشەکانی ناسراو بە بەهاری عەرەبی بە ڕێگای ڕێبەریکردنی فراوان و ئاسۆیی و چالاک بوونی گرووپە خۆجێییەکان بووە.

وەک چۆن لە بزووتنەوەکانی میسر و تونێس ڕێبەر یا حیزبی پێشەنگیان لە سەرووی بزووتنەوەکە نەبوو، لەو بزووتنەوانە بەر لەوەی لە دەوری تاکێک کۆببنەوە لە دەوری ئایدئۆلۆژییەکی تایبەت وەک یەکسانیخوازی، مافی مرۆڤ یا دێموکراسی کۆ



سەرچاوە
Serchawe

دەبوونەوە. هەروەها ڕێبەری کاریزماتێک جێگەی بە ڕێبەری بە کۆمەڵدا کە زۆربەی کات لە فەزای سایبرنتیکی پێک دێت و دواتر چالاکی دەکەن. شۆڕشی میسر هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو و هیچ حیزب و گرووپێکی تایبەتیش ڕێنیشاندەری نەبوو و ئەوە خودی خەڵک بوون کە لە ڕێگای ڕاگەیاندنەکان و بەتایبەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەستیان بە ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ڕێڕەوی نارەزایەتییەکان و خۆپێشاندانەکان کرد. هەر بۆیە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی میسر نموونەیەک بوو لە تەواو خەڵکیی و ڕێبەرییەکی ئاسۆیی هەبوو زیاتر شۆڕشەکە لە خواریّ بۆ سەریّ بوو.

بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو زیاتر لەوەی بە کردەوەیەکی تاکەکەسی لە ڕێگای یەک یا چەند کەسێکی کاریزماتیک بناسرێن، بە ڕەوتی بە کۆمەڵ و کاریگەریی پێکهێنانی گروپەکان بە شێوەی ئۆنلاین دەناسرێن. بۆیە ئەو بزووتنەوانە لە ژێر ناوی "شۆڕشە بێ ڕێبەرەکان" پێناسە دەکرێن. بە هەمان شێوە بزووتنەوەی داگیرکردنی والئێستریت هیچ ڕێبەرییەکی نەبوو، نە ڕێبەری ناوچەیی، نە نەتەوەیی و نێودەوڵەتی. بنەمای بێ ڕیبەری لە ڕاستیدا تاقیکردنەوەیەک بوو بۆ ڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان. لەو بزووتنەوانەدا کۆمەڵێک کارکردی ڕێبەری هەبوون بەڵام ئەوانەش بە شێوەی ناوچەیی لە ڕێگای ئەنجومەنێکی گشتی یا کۆبوونەوە گشتییەکان دادەڕێژران. هەروەها کۆمەڵێک هاوئاهەنگی هەبوو کە یارمەتیدەر بوو بۆ دارشتنی بڕیاری بە کۆمەڵ و ئەو کردارانەش لە ڕێگای ڕاوێژکردن لە کەشی ئینتێرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێک دەهاتن.

ئەوەی کە خرایە ڕوو ڕوانگەی گەشبینانە بوو سەبارەت بە کاریگەریی ئەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، وەک لە بزووتنەوەکانی دەیەی ڕابردوو کە کاریگەریی بەرچاویان هەبوو لە سەر ئاراستەکردنی بزووتنەوەکان و فراوان بوونی بزووتنەوەکان. بەڵام بێگومان هەر دیاردەیەک دەکرێت سەرەڕای باشییەکان و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی ئەوا کۆمەڵێک کاریگەریی نەرێنیش بەدوای خۆیدا بێنێ. بۆیە لە درێژەدا هەوڵ دەدرێت گۆشەنیگای ڕەشبینانە یا کاریگەریی نەرێنیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە سەر بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بخرێتە ڕوو.

٢١ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# "گرتن و لێدان و کوشتن، عامیلی ئازادییە"



**هەردی سەلیمی**

ئەمە بەشێک لە شێعرەکەی مامۆستا "قانع"ـە کە لە شێعر دەرچووە و بووەتە شوعار و تەنانەت بووەتە وێردی سەر زمانی هەر کوردێک کە گاگۆڵکێی خەبات دەکات. ئایا بەڕاستی گرتن و لێدان و کوشتن دەتوانێ عامیلی ئازادی بێت؟ یان ئاوا بپرسین: ئازادی مەعلوولێکە لە گرتن و لێدان و کوشتن؟ لە وڵامدا دەبێ بڵێین بەڵێ یەکێک لە هۆکارەکانە، گرتن و لێدان و کوشتن یا گەیشتن بە ئازادی خێراتر دەکاتەوە، یان هێورتری دەکاتەوە؛ بەڵام ناتوانێ پێش بەو کەسە بگرێ کە ڕێبواری ڕێی ئازادییە. ئەمە ڕاستییەکە و ڕەوتی مێژوو بێئیستسنا نیشانی داوین و بەردەوامیشە لە نیشاندانی ئەم ڕاستییە. لەم حاڵەدا پرسیار ئەمەیە ئەی بۆچی دەسەڵاتدارانی خۆسەپێن بۆ مانەوەیان پەنا دەبەنە بەر گرتن و لێدان و کوشتن؟ ئەگەر بەکورتی وڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، دەبێ بڵێین بۆ ئەوەی گەیشتن بە ئازادییەکە هێورتر کەنەوە.

وەک چۆن هیچ ڕووداوێک یەک هۆکاری نییە، زۆربەی ئاکارەکانیش چەندین هۆکاریان لەپشتە، وەک سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی. دەکرێ زۆر هۆکار بوترێ بەڵام لێرەدا سەرەکیترین هۆکارەکان باس دەکەین:

## بەفرانباری ٢٧٢٤

**یەکەم**: ڕازیکردنی لایەنگرانیان. بۆ دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆژیک زۆر گرنگە لایەنگران و پاڵپشتانی خۆی ڕازی بکات و نیشان بدات کە بە دڵی ئەوان دەجووڵێتەوە.

**دووهەم**: بردنەسەری تێچووی کار و تێکۆشانی سیاسی. دەیانهەوێ بە سیاسەتی گرتن و لێدان و کوشتن تێچووی هەر جۆرە چالاکییەک کە لەدژیان دەکرێ، ببەنە سەر و لە ڕێگەی ئەو گیراوانەوە پەیامێک بۆ نەگیراوەکانیش بنێرن.

**سێهەم هۆکار**: بڵاوکردنەوەی ترس و بەدوای ئەودا ناچالاکبوونی ناڕازییان و کونترۆڵی کۆمەڵگە لەلایەن دەسەڵاتەوە. ئەمە یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانە، لە یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوودا "کا.گێ.بێ"یان هێندە گەورە کردبۆوە بۆ ئەوەی خەڵک بترسێ و لە ئاکامیشدا پێش لەوەی هەوڵێک بدەن خۆ بە شکستخواردوو بزانن لە بەرامبەر دەسەڵاتدا.

**چوارەم**: یەکریزیی نێو ماڵی دەسەڵات، ئەمە کە دەتوانێ سەرەکیترین هۆکار بێت، بۆ ئەوەیە کە هەموو باڵەکان لێک نزیک کاتەوە و ئەسڵی "حفظ نظام"یان بیر بێنێتەوە، لە ڕێگەی ئەم پەروەندەسازییانەوە بە هەموو لایەک ڕابگەیەنێ کە دەسەڵاتەکەیان لە مەترسیدایە و دەبێ وەخۆ کەون بۆ پاراستنی.

بۆیە کۆماری ئیسلامی کە ئێستا هەتا بینەقاقا لە قوڕی قەیرانی جۆراوجۆردا چەقیوە، دەیهەوێ لە ڕێگەی سەرکوتەوە کێشەکانی "چارەسەر" بکات. بەپێی ئامارێک کە لەلایەن ڕێکخراوی مافی مرۆڤی "هەنگاو"ەوە بڵاو بووەتەوە لە ساڵی زایینیی ڕابردوودا ١٢٣٥ کەس لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کراون و هەروەها ٥٠٦ چالاکی سیاسی، ئایینی و مەدەنی سزا دراون. هەر لەم پێوەندییەدا "هرانا"ش ڕایگەیاندوە کە ٥٤ کەس سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپاوە. لە بەرامبەر ئەم دڕەندەیییەی دەسەڵاتدا خۆڕاگریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی هەر بەردەوامە و تەنانەت لە نێو زیندانەکاندا کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ سێدارە هەر بەردەوامە و ئێستا پتر لە ٥٠ حەوتووی تێپەڕاندوە و ٣٠ بەندیخانە بەم کەمپەینەوە پەیوەست بوون.

لەگەڵ پشتڕاستکردنەوەی سزای لەسێدارەدانی "پەخشان عەزیزی" ژنە کوردی چالاکی مەدەنی، دوو زیندانیی دیکەش بە ناوەکانی "بێهرووز ئێحسانی" و "مێهدی حەسەنی" بە تۆمەتی لایەنگری لە "سازمانی موجاهیدینی خەلق" سزای لەسێدارەدانیان پشتڕاست کراوەتەوە. بێهرووز ئێحسانی، ٧٠ ساڵ تەمەنیەتی و لە دەیەی شەستی هەتاوییشدا هەر لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بووە. ناوبراو لە نامەیەکدا کە لە زیندانی "ئێڤین"ەوە بڵاوی کردووەتەوە، لە پێوەندی

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

لەگەڵ ئەم سزایەیدا دەڵێ: "سەرەنجام پاش ٢٢ مانگ، ئێستا بێئەوەی بەڵگەیەکیان هەبێ سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرکردووم، چاوەڕوانییەکی تریشمان لە دەسەڵاتی پەتوسێدارە نییە. من هەروەک لە کاتی لێپرسینەوەکانیشدا وتوومە بە دەردی شەهید "خسرو گلسرخی" لەسەر گیانم ئەویش بە حەفتا ساڵ تەمەنەوە چەنە لێنادەم و ئامادەم گیانی بێبایەخم فیدای ڕێی ڕزگاریی خەڵکی ئێران بکەم." ئەم ئاستە لە باوەڕ و نەترسان و هاتنە مەیدانەوە دەریدەخات کۆماری ئیسلامی ناتوانێ هیچکام لەو مەبەستانەی وا لە سەرکوتکردن هەیەتی، بیانپێکێ و نەیپێکاوە تا ئێستا، بۆیەشە ئێمە شایەدی نموونەی ئاوا و وەڕێخستنی کەمپەین و شادی و سەماین لەنێو دڵی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامیدا.

لەم نێوەدا بابەتی ڕێژیم جیاوازە و بۆ هەموو لایەک ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام کۆمەڵگەش لە پێوەندی لەگەڵ سزای لەسێدارەداندا چەند بەرپرسیارەتی لەسەرشانە. دەبێ ئێمە بەتەواوی دژی ئەم سزا نامرۆڤانە و ئەم کوشتنە بەئەنقەست و حکوومەتییە بین، نەک تەنیا نارەزایەتی بۆ کەسانێک هەڵبڕین کە پێمانوایە بێتاوانن، بەڵکوو دەبێ ئەم سزایە لە گشتییەتی خۆیدا ئیدانە بکرێ بێلەبەرچاوگرتنی هەرچەشنە جیاوازییەکی ئەو کەسانە، واتە نابێ ڕوانگەیەکی هەڵبژێرانە لەم بارەوە هەبێ و کەسانێک بەهۆی بیر، ئایین، نەتەوە، ڕەگەز و هتدیانەوە زەقتر بکەینەوە یان پەراوێزیان بخەین. لە کۆتاییدا و بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە دەسەڵات ناتوانێ بە گرتن و لێدان و کوشتن بەردەوام بێت، سەرەتا قسەی باوکی شەهید "یەحیا ڕەحیمی" لە شەهیدانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بێنینەوە کە ڕوو بە عەلی خامنەیی لە دژایەتی لەگەڵ سزای لەسێدارەدان وتی: "ئیتر بەسە ئێعدام مەکە بیکە خاتر گیان ئەو "بەشار ئەسەد" ڕفێقتە!" کە بەم قسەیە وەبیری دێنێتەوە چەندە دەتوانن بە ئێعدام دەسەڵاتیان بپارێزن هەروەک ئەسەد، ئینجا قسەیەکیش لە "تالیران"، دیپلۆماتی فەڕانسەوی بێنینەوە کە لە وەڵامی سەرکوتکەراندا وتی: "ئێوە دەتوانن بە سەرنێزەکانتان هەموو کارێک بکەن، بەڵام ناتوانن لەسەریان دانیشن "!

**٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# بە چی ڕا کۆماری ئیسلامی گەیوەتە لێواری هەڵدێران؟




**عەلی بداغی**

لە بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچە و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا ڕەشبینترینی ئەو کەسانەی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان دوورەدەست دەدی، قەناعەتیان وایە ئەم ڕێژیمە لەسەر لێواری هەڵدێرانە. هۆکارەکانی ئەم قەناعەتهێنان و ئاکامگیرییە بۆ کۆمەڵێک دۆخ و هەروەها گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و کولتووری دەگەڕێتەوە. ئەم کورتە وتارەش باس لە فاکتەرەکانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە داهاتوویەکی نە زۆر دووردا دەکات.

ئابووری و بەهێزبوونەکەی بێگومان گرینگترین کۆڵەکەی ڕاگرتنی هەر نیزامێکی سیاسی و حکوومەتییە. ئێران ئەگەرچی وڵاتێکی دەوڵەمەند لەڕووی سەرچاوەکانی هێزی مرۆیی، وزە، کانگا و کشتوکاڵە؛ بەڵام ٤٥ ساڵ سیاسەتی دەرەکیی کۆماری ئیسلامی کە هیچ تەبایی و سنخییەتێکی لەگەڵ بەرژەوەندیی خەڵکی ئەم وڵاتە نییە، ئابووریی ئێرانی خستووەتە دۆخی ئاویلکەدان. لەو پێوەندییەدا تەنیا ئاماژە بە دارمانی بەها و بایەخی تمەن وەک دراوی نیشتمانیی وڵات دەکەین کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە توانای کڕینی خەڵکەوە هەیە و لە ماوەی ٤٥ ساڵدا نەک دوو هێندە و سێ هێندە و دە هێندە،

بەڵکوو ١٢ هەزار هیندەی پێش بە دەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی دابەزیوە. ئابووریی دارماوی ئێران جگە لە سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی و خەرجکردنی سامانی گشتیی وڵات لە لوبنان، سووریە، فەلەستین، یەمەن و عێراق هۆکارگەلی دیکەشی هەن؛ وەک: گەندەڵیی بەربڵاو و سیستماتیکی حکوومەتی، پاوانکردنی بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکانی ئابووریی وڵات لەلایەن بازنەیەکی تەسک لە بڕیاربەدەستانی ڕێژیم و دزی و گزیی بەرپرسانیش لە جێی خۆی کە ئێستا هەر ئەو دۆخە شپرێوە ئابوورییە ببێتە هۆکارێک بۆ ڕووخانی ڕێژیم.

هۆکارێکی دیکە بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کەلێن و مەودای نێوان خەڵک و دەسەڵاتە کە نەک هەر ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر دەبێت، بەڵکوو بە بەردەوامی ئاڵقە نیزیکەکانی حاکمییەتیش لێیان هەڵدەوەرێ و مۆرەکانی موخلیس و کارای دوێنێیان ئەمڕۆ لێیان بوونەتە ڕەخنەگر و لەگەڵ پاکانەکردن بۆ خۆیان بە کەمتر لە ڕووخان و دارمانی حوکمەتیش ڕازی نین.

لە ماوەی پتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا گوشارە ئابووری و نارەزایەتییە گشتییەکانی خەڵک بە سەرکوت و پێشێلکرانی ماف و ئازادییەکانیان، بە گرانی و بێکاری، بە گەندەڵیی ئابووری و بێبایەخیی خەڵک لە بەرنامە و پرۆژەکانی حکوومەت بەردەوام کەلێنی نێوان خەڵک و حوکمەتی بەرفراوان کردوە. پەرەسەندنی خۆپێشاندانە سەراسەرییەکان و جار بە جار بایکۆتی گشتگیرتری هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکانی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە دوو دەیەی ڕابردوو بەڵگەی ڕاستیی نەک هەر دوورکەوتنەوەی خەڵک و دەسەڵات، بەڵکوو دوژمنایەتیی ئەو دووانە لەگەڵ یەکترین.

کۆماری ئیسلامیی ئێران نەک هەر ئەوە کە شەرعییەتی سیاسیی خۆی لە نێوخۆی وڵات لە دەست دابێت، بەڵکوو لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە سۆنگەی سیاسەتی شەڕاشۆیی، قەیرانخوڵقێنی و ناسەقامگیرکردنی سیاسی و ئەمنییەتیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەلایەک و، لەلایەکی دیکە سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچندرێت. شکست و تێکشکانی ئەو ماوەیەی "بەرەی مقاومەت"یش دەکرێ هەر لەو چوارچێوەیەدا خوێندنەوەی بۆ بکرێ و زیان و خەسارەکانی بۆ کۆماری ئیسلامی ببیندرێ. لەسۆنگەی ئەم تێکشکانەوە پێگەی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە بە لاوازترین ئاستی خۆی گەیشتوە، وەبەرهێنانە سیاسی و سەربازییەکانی ڕێژیم لە چەند دەیەی ڕابردوودا، ئەویش بە تێچووە سەدان میلیارد دۆلارییەکان هەرەسیان هێناوە، ئەو شکست و هەرەسهێنانە هاوکات لە بەرەی دژدا ورەی خەڵک بۆ بەردەوامی لە نارەزایەتییەکان و ئۆپۆزیسیۆن بۆ هەوڵی جدیتر بۆ ڕێکخستنی خۆپێشاندانەکانی بەرزتر کردوە و لە هەمان حاڵدا پێگەی سیاسیی دژبەرانی ڕێژیمی لە هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکاندا قورستر کردوە.



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ئێستا کە فاکت و هۆکارەکان باس لەوە دەکەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرەو هەڵدێری ڕووخان دەڕوات، پرسیار ئەوەیە چ شتێک خێرایی بەو ڕەوتە دەدات؟ پێش هەموو شتێک پێویستیی پەرەسەندنی خۆپێشاندان و نارەزایەتییە گشتییەکانی خەڵکە کە بەهۆی ناکارامەیی و ناوەڵامدەربوونی حکوومەت، هەروەها کەڵەکەبوونی قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان لە تەنیشت سەرکوتی ماف و ئازادییەکانی خەڵک پاڵنەرەکان بۆ ئەو مەبەستە زۆر و ئامادەن. لێکنیزیکی و کۆڕایی ئۆپۆزیسیۆن و ساغبوونەوەیان لەسەر هێڵە گشتییەکان بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و چۆکردنی حوکمەتی داهاتوو کە هەمووان خۆی تێدا ببیننەوە، دەتوانێت خێراییەکی زیاتر بە ڕووخانی ڕێژیم ببەخشێت. لە تەنیشت دەور و بەشداریی خەڵک و ڕێکخراوەکان لە نێوخۆی وڵات و یەکیەتیی بەکردەوەی ئۆپۆزیسیۆن کاریگەریی کۆمەڵگەی جیهانییش دەتوانێ ڕۆڵی کاتالیزۆر و وەپێشخەری ڕووخانی ڕێژیمی لێ بکەوێتەوە. تەریکخستنەوەی کۆماری ئیسلامی و زیادکردنی گوشارەکانی وەک سزا هەمەلایەنەکان، بڕینی پێوەندییە سیاسی، دیپلۆماسی و ئابوورییەکان و پشتیوانیکردنیان لە ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم دەتوانن بۆ ئەو مەبەستە گرینگ و چارەنووسسازیش بن.

لە ئێستادا گرینگ ئەوەیە هاواری خەڵکی ئێران لە ئێستادا بە باشترین شێوە بە کۆمەڵگەی جیهانی گەیشتوە کە بە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی کۆسپێکی جدی لە بەردەم بەدیهاتنی ماف و ئازادییەکانی گەلانی ئێران هەڵدەگیرێ، هاوسەنگییەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە بەرژەوەندیی دێموکراسی و سەقامگیربوونی ئەمنییەت دەگۆڕدرێ و ڕووخانی ئەم ڕێژیمە دەتوانێ ئیلهامدەر و پاڵنەر بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش بێت.

**٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

## بە بۆنەی مەحکومکردنی حوکمی داسەپاوی لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی




دوای ساڵێک لە داوای پێداچوونەوە بە حوکمی داسەپاوی لەسێدارەدان بۆ هەریەک لە بەندکراوانی سیاسیی کورد؛ پەخشان عەزیزی و وریشە مرادی، بەداخەوە پارێزەری پەخشان عەزیزی ڕایگەیاند کە حوکمی لەسیدارەدانی ناوبراو لە لایەن دیوانی باڵای دادوەریی ڕێژیمەوە تەئید کراوە.

پەخشان عەزیزی کە گەلاوێژی ساڵی پار لە تاران دەستبەسەر کرا و تا ئێستا لە زیندانی ئێڤین ڕووبەڕووی گەلێک ئازار و ئەشکەنجە بۆتەوە، بە پێی وتەی خۆی، پارێزەرەکەی، ئەندامانی بنەماڵەکەی و زۆرێک لە نزیکانی، جیا لە چالاکیی مرۆیی لە بواری تەندروستی و هاوکاریگەیاندن بە خەڵک، لە هەموو ئەو تۆمەتانەی خراونەتە پاڵی بەری بووە.

بڵاوبوونەوەی هەواڵی پشتراستکردنەوەی حوکمی لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی، خەڵکی کوردستان و ڕێکخراوەکانی پشتیوانی مافەکانی مرۆڤ و چالاکانی سیاسی و مەدەنیی نیگەران کردوە و لەم پێوەندییەدا هەوڵی جۆراوجۆر لە پێوەندی لەگەڵ وەڕێخستنی کەمپەینی نارەزایەتیی دژ بەم حوکمە و ڕاگرتنی، لە ئارا دایە.

شەپۆلی ڕەشبگیریی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەروەها داسەپاندنی حوکمی نارەوای جۆراوجۆر بەسەر زیندانیانی سیاسی

## بەفرانباری ٢٧٢٤

لە کوردستان و شوێن و ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە لایەک نیشانەی لاوازی و شکستی ڕێژیم بەرانبەر بەو قەیرانە نێوخۆیی و ناوچەییانەیە کە ڕووبەڕووی بۆتەوە و، لە لایەکی دیکەش ترسی لە تەقینەوەی ڕەق و بێزاریی پەنگخواردوی گەلانی ئێرانە کە دەیان ساڵە سەرکوت دەکرێن.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پێی وایە بە گرتنی چالاکانی سیاسی و مەدەنی و داسەپاندنی حوکمی قورس و ناڕەوا بەسەریاندا دەتوانێ فەزای ترس و تۆقاندن بە سەر خەڵک و وڵات دا زاڵ بکات و بە خەیاڵی خۆی پێش بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان بگرێ. ئەوە لە حاڵێک دایە کە جیا لەوەی بازنەی بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی گەلانی ئێران دژ بە ڕێژیم بەرینتر بوونەتەوە، خودی ڕێژیم بە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و کێشە ئەساسییە نێوخۆییەکانی، لە دۆخێکی تەواو قەیراناوی دایە و بازنەی لایەنگرانی لە هەموو کات بەرتەسکتر بۆتەوە و لە هەڵوەرینی زیاتر دان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی داسەپاندنی حوکمی لەسێدارەدانی پەخشان عەزیزی، وریشە مرادی و هەموو ئەو زیندانییە سیاسییانەی کە بە ناڕەوا حوکمی جۆراوجۆریان بەسەردا سەپاوە، پشتیوانی لە هەر هەوڵێک بۆ هەڵوەشانەوەی ئەم حوکمە نادادپەروەرانەیە بە ئەرکی ئازادیخوازان و بەتایبەت کۆڕ و کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافەکانی مرۆڤ و وڵاتانی دێموکراتیک دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەری

٢٢ی بەفرانباری ١٤٠٣

١١ی ژانوییەی ٢٠٢٥

٢٢ی بەفرانباری ٢٧٢٤

# دیپلۆماسیی ژنان پاڵنەرێ بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی




ئازاد مستۆفی

دیپلۆماسی زۆرجار وەک هونەری دانوستان و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دادەنرێت و ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە دارشتنی دیمەنی کۆمەڵایەتی - سیاسی وڵاتان. لە مێژووی دیپلۆماسیدا پیاوان زاڵ بوون بەسەریدا و لەم سەردەمەدا هەتا دێت بەشداریی ئافرەتان و ژنان لە بوارە جیاجیاکانی دیپلۆماسیدا پتر خۆدەنوێنی. ئەم گۆڕانکارییە تەنیا هەنگاوێک نییە بەرەو یەکسانی جێندەری بەڵکو کاریگەریی فراوانتری هەیە، بەتایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی زارەکی و جەستەیی دژی ژنان. لەم نووسینەدا هەوڵ دەدەم تێڕوانینێکی گشتیی هەبێت بۆ پەیوەندی نێوان دیپلۆماسی ژنان و کەمکردنەوەی توندوتیژی بەرامبەریان. بابەتێک کە کەمتر باسی لێوە کراوەو هیوادارم ببێتە پەنجەرەیەک بۆ چالاکیی زیاتری ژنان و کچانی کورد لە بواری دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، کە لە ساڵانی ڕابردوودا توانیویانە بە باشی ئەنجامی بدەن، سەرنجی هەموولایەک بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. بۆ ئەوەی بچمە نێو باسەکەوە، بەپێویستی دەزانم بەکورتی پەیوەندی نێوان بوونی ژنان لە دیپلۆماسی و توندوتیژی کۆمەڵایەتیدا لە ڕوانگەی دوو تیۆری، تیۆری کاریگەریی ڕۆڵ مۆدێل و تیۆری بڕبڕەیی شی بکەمەوە.

### ١- تیۆری کاریگەریی ڕۆڵ مۆدێل Role Model Effect

ئەم تیۆرییە ئەوە پیشان دەدات کە نوێنەرایەتیکردنی ئاشکرای ژنان لە پۆستەکانی سەرکردایەتیدا، هەڵوێست و نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت. کاتێک ژنان ڕۆڵی دیپلۆماسی کاریگەر دەگێڕن، تەحەدای چەشنە کۆنەپەرستانەکان دەکەن و ژنانی دیکە بەهێز دەکەن، ئەمەش کاریگەرییەکی شەپۆلاوی دروست دەکات کە لێبوردەیی بەرامبەر بە توندوتیژی جێندەری کەمدەکاتەوە. کاریگەریی ڕۆڵ مۆدێل ناگەڕێتەوە بۆ تاکێک، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی لە بوارەکانی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی و دەروونناسیدا هەیە. ئەلبێرت باندورا Albert Bandura، دەروونناسی ناسراو، زۆرجار لە ڕێگەی تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەستە بە بیرۆکە بنەڕەتییەکانی پشت ئەم چەمکەوە. "باندورا" جەخت دەکاتەوە کە مرۆڤەکان لە ڕێگەی چاودێریکردنی ئەوانی ترەوە فێری ڕەفتار و نۆرمەکان دەبن، بەتایبەتی ئەوانەی کە پێیان سەرسامن یان بە هاوشێوەی خۆیان دەزانن. سەبارەت بە نوێنەرایەتی جێندەر، ئەم تیۆرییە پێشنیازی ئەوە دەکات کە ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییە دیارەکاندا هانی ئەوانی دیکە دەدەن کە ڕۆڵی هاوشێوە بگێڕن و تەحەدای چەشنە کۆنەپەرستانەکان بکەن.

### ٢- تیۆری بڕبڕەیی Intersectionality Theory

ئەم تیۆرییە کە لەلایەن کیمبەرلی کرێنشاو Kimberlé Crenshaw داڕێژراوە، تیشک دەخاتەسەر سرووشتی یەکتر گرێدراوی پۆلێنبەندییە کۆمەڵایەتییەکان. ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا زۆرجار تووشی چەندین جۆر لە جیاکاری دەبن- لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەژاد و توێژ. بە چارەسەرکردنی ئەم ئاڵۆزیانە، دیدێکی جیاواز دەهێننە نێو سیاسەتەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان. کرێنشاو، توێژەری یاسایی و داکۆکیکاری مافە مەدەنییەکان، لە ساڵی ١٩٨٩ چەمکی ئینتەرسێکشناڵیتی ناساند. ئەو نیشانی دا کە چۆن ناسنامە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ڕەگەز، نەژاد و چینایەتی کارلێک دەکەن و شێوازی ناوازەی جیاکاری دێننەئاراوە. لەو کاتەوە تیۆری کرێنشاو بووەتە بەردێکی بناغەی تێگەیشتن لە چۆنیەتی یەکتربڕینی نایەکسانی سیستەمی، بەتایبەتی لە چارەسەرکردنی پرسەکانی وەک توندوتیژی دژی ژنان. هەردوو تیۆرەکە تێڕوانینێکی بەنرخ بۆ لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییەکانی ئامادەبوونی ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە فراوانەکانیدا دەخەنەڕوو.

### ئەلف: ژنان لە دیپلۆماسیدا: چەند نموونەیەک لە جیهانی مۆدێرن

لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بەشداریکردنی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر سیاسەتەکانی

چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری لەسەر ئاستی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا هەبووە. لە درێژەدا نموونەی فەڕەنسا، بریتانیا، ئەمریکا و ئەڵمانیا دەخەمەڕوو کە پێشان دەدەن چۆن بەربەستە مێژوویەکان و دەستپێشخەرییە مۆدێرنەکان بەشداریکردنیان لە دیپلۆماسیدا لە قاڵب داوە. بۆ نموونە سیاسەتی دەرەکی فێمینیستیی سوید کە لە ساڵی ٢٠١٤ دا خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە ڕوونی یەکسانی جێندەری و مافی ژنان لە پێشینەی کارەکانیدایە. ژنە دیپلۆماتکارەکانی وەک مارگۆت والسترۆم Margot Wallström پاڵپشتی دەستپێشخەرییەکانی دژی توندوتیژی جنسییان کردووە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان و پێشینەیەکی جیهانییان داناوە. هەروەها لە نیوزلەندا، لە سەردەمی حکوومەتەکەی جاسیندا ئاردرن Jacinda Ardern ، دیپلۆماتکارە ژنەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە جێبەجێکردنی سیاسەتی پێشکەوتنخوازانە، لەوانەش یاسایەکی گشتگیر بۆ توندوتیژی خێزانی. بۆ ئەوەی زیاتر سەرنج بخەمە سەر سوودەکانی کاریگەریی ئەرێنی ژنە دیپلۆماتکارەکان لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە کۆمەڵگەدا، چەند نموونەیەک لە جیهانی مۆدێرن دێنمە بەرباس.

## فەڕەنسا

هاتنە ناوەوەی ژنان بۆ نێو دامەزراوەی دیپلۆماسی فەڕەنسا لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەستیپێکرد، هەرچەندە تێکەڵبوونی تەواویان، خاو بوو. سۆزان بۆرێل Suzanne Borel لە ساڵی ١٩٣٠ یەکەم ژنە دیپلۆماتکاری فەڕەنسی بوو. ساڵانێک پێش ئەوەی ژنان لە ساڵی ١٩٤٤ مافی دەنگدانیان دەست بکەوێت، ئەو توانایی خۆی لە بواری دیپلۆماسیدا سەلماندبوو. گەشەسەندن و پێشکەوتن لە دوای جەنگی جیهانی دووەم خێراتر بوو و مارسێل کامپانا Marcelle Campana لە ساڵی ١٩٧٢ بووە یەکەم باڵیۆزی ژن. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئیمانوێل ماکرۆن Emmanuel Macron، دیپلۆماسی فێمینیست بووە جێی سەرنج. لەگەڵ دەستپێشخەرییەکانی وەک ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی فێمینیست لە ساڵی ٢٠١٩ بە ئامانجی پێشخستنی یەکسانی جێندەری لە ئاستی جیهانیدا. لە ساڵی ٢٠٢٣ فەڕەنسا ٤٠٠ ملیۆن یۆرۆی بە دەستپێشخەرییەکانی پەیوەست بە جێندەرەوە بەخشی، لەوانە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و پاراستنی مافەکانی زاوزێ. ئاکامی ئەم هەوڵەی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا بووە هۆی ئەوەی کە لە ئێستادا ژنان نزیکەی لەسەدا ٢٥ی باڵیۆزەکانی فەڕەنسا پێکدەهێنن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەوڵە بەردەوامەکانە بۆ یەکسانی جێندەری.

## بریتانیا

لە بریتانیا لە دوای جەنگی جیهانی دووەم، ژنان بە فەرمی هاتنە نێو دیپلۆماسییەوە و لە ساڵی ١٩٤٦ وەزارەتی دەرەوەی

ئەو وڵاتە تــاقیکردنەوەی پێشــبڕکێی بەڕووی ژنانــدا کــردەوە. بەڵام پراکتیزەکردنــی جیاکــاری، لەوانەش قەدەغەکردنــی پێکهێنانی ژیانی هاوبەش بۆ دیپلۆماتکارانی ژن هەتا ساڵی ١٩٧٢ بەردەوام بوو کە پێداگریی ژنان لە خواستەکانیان بووەی هۆی ئەوەیکە ئەمڕۆ نزیکەی ٣٠%ی باڵیۆزەکانی بریتانیا، ژنانن و جیاکارییەکـانیش نەمـاون . ڕۆڵ و دەستپێشخەرییەکانی بەرەوپێشبردنی هەمەجۆریی نوێنەرایەتی جێندەری لە پۆستە دیپلۆماسییە سەرەکییەکان زیادی کردووە. بەشداری چالاکانەی بریتانیا لە هەڵمەتە نێودەوڵەتییەکان دژی توندوتیژی جێندەری، وەک دەستپێشخەری ڕێگریکردن لە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا(PSVI) ، کاریگەریی دیپلۆماتکارە ژنەکان لە چارەسەرکردنی ئەم پرسانە دەسەلمێنێ.

## وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

ئەمریکا لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە دەستیکرد بە تێکەڵکردنی ژنان لە شاندی دیپلۆماسی خۆیدا. ڕۆس برایـان ئۆین Ruth Bryan Owen یەکەم بـاڵیۆزی ژنی ئەمریکـا، لە سـاڵی ١٩٣٣ لە دانیمـارک بـوو. بەدرێژایی دەیانسـاڵ، بـوونی ئەژمارێکی بەرچاوی ژنانی سەرکەوتوو لە بـواری دیپلۆماسی وەک مـادلین ئۆلبرایت Madeleine Albright ، کۆنـدۆلیزا ڕایس Condoleezza Rice و هیلاری کلینتۆن Hillary Clinton وەک وەزیـری دەرەوە زیـادی کـردووە. لە ئێسـتادا ژنــان لەســەدا ٣٢ی باڵیۆزەکــانی ئەمریکــا پێکــدەهێنن. ژنــانی دیپلۆماتکــار ڕۆڵــی ســەرەکییان هەبــووە لە پێشخســتنی دەستپێشــخەرییە جیهانییەکــان دژی توندــوتیژی جێنــدەری، لەوانە دەستپێشــخەری پاراســتنی تونــدوتیژی جێنــدەری و وەڵامدانەوەی فریاگوزاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا.

## ئەڵمانیا

ژنانی ئەڵمانی لە دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتنە نێو گۆڕەپانی دیپلۆماسییەوە و لە نەوەدەکاندا پێشکەوتنی بەرچاویـان بەدەستهێنا. گرنگیدانی ئەم وڵاتە بە یەکسانی جێنـدەری لە سیاسـەتی دەرەوەی وڵاتەکەیـدا دیـارە. هەوڵەکـانی ئەم دواییە بـریتین لە پێشخستنی ڕۆڵـی ژنـان لە دانوسـتانەکانی ئاشـتی و ڕووبەڕووبـوونەوەی تونـدوتیژی دژی ژنـان لەسـەر ئاسـتی جیهـانی. ئەمـڕۆ ژنـان نـزیکەی لەسـەدا ٢٥ی ڕۆڵـی بـاڵیۆزایەتی لە ئەڵمانیـادا بەدەسـتەوەیە و حکـوومەت پشـتگیری لە ڕێککەوتنـامە نێودەوڵەتییەکـان دەکـات سەبـارەت بە تونـدوتیژی لەسـەر بنەمـای ڕەگەزی، وەک) CEDAW پەیمانـنـامەی نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاکارییەک دژی ژنـان).

وەک لە ئامارەکانی ئاماژەپێکراودا دەبینین لە هەر چوار وڵاتدا بەشداری ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا زیادی کردووە بەڵام



سەرچاوە Serchawe

بۆشایی بەرچاو ماونەتەوە. بۆ نموونە: فەڕەنسا: ژنان ٢٥%ی ڕۆڵی باڵیۆزیان بەدەستەوەیە. بریتانیا: نزیکەی ٣٠%ی باڵیۆزەکان ژنن. ئەمریکا: ژنان ٣٢%ی پۆستەکانی باڵیۆزیان بەدەستەوەیە. ئەڵمانیا: باڵیۆزی ژن ٢٥%ی کۆی گشتی پێکدەهێنن. ئەم ژمارانە ئاماژەن بۆ ئەو پێشکەوتنانەی کە بەدەست هاتوون و لەهەمانکاتدا جەخت لەسەر پێویستی بەردەوامیی هەوڵدان بۆ یەکسانی جێندەری لە دیپلۆماسیدا دەکەنەوە.

## کاریگەریی لەسەر توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری

بەشداریی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا، مەودای سیاسەتەکانی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی دژی ئافرەتان فراوانتر کردەوە. بۆ نموونە: دیپلۆماسی فێمینیستی فەڕەنسا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە پێشینەی کارەکانی داناوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتی دەستپێشخەرییەکانی وەک PSVI گرتەئەستۆ و نووسینگەی جیهانی پرسەکانی ژنانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە تەحەددیایانە کردەوە. بریتانیا و ئەڵمانیا ڕۆڵی ئافرەتانیان لە ئاشتیپارێزی و چارەسەرکردنی ململانێکان بەرەوپێش بردووە کە تێیدا ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان پێکهاتەیەکی گرینگە. ئەم نموونانە دەریدەخەن لە کاتێکدا پێشکەوتن بەدیهاتووە بەڵام بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری تەواو لە دیپلۆماسیدا بۆ کەمکردنەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری و پێشخستنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی فراوانتر زۆر گرنگە. هەروەها ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا نەک هەر کاریگەرییان لەسەر سیاسەتە جێندەرەکان هەیە، بەڵکو گێڕانەوەی کۆمەڵایەتیش سەبارەت بە ڕۆڵی ژنان دەگۆڕن و بێگومان بەمەش توندوتیژی سیستماتیک کەم دەبێتەوە.

## ئامانجەکانی PSVI

PSVI کورتکراوەی دەستپێشخەری بۆ ڕێگریکردن لە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا Preventing Sexual Violence in Conflict Initiative" یە و هەوڵێکی مرۆڤدۆستانە و دیپلۆماسیانەیە لەلایەن بریتانیاوە لە ساڵی ٢٠١٢ەوە وەرێخراوە. دەستپێشخەرییەکە لەلایەن ویلیام هێگ، وەزیری پێشووی دەرەوەی بریتانیا و ئەکتەری ناودار و چالاکوانی مافی مرۆڤ ئەنجلینا جولی سەرپەرشتی کرا و هەوڵدەدات بەکارهێنانی بەربڵاوی توندوتیژی جنسی وەک چەکێکی جەنگ ئیدانە بکات و ئامانجەکانی بریتین لە:

- **لێپرسینەوە و دادپەروەری:** باشترکردنی بەڵگەنامە و لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی جنسی لە ململانێکاندا بۆ دڵنیابوون لە لێپرسینەوەی تاوانباران.

– **پاڵپشتی بۆ ڕزگاربووان:** پاڵپشتی گشتگیر بۆ ڕزگاربووان دابین دەکات، لەوانەش هاوکاری پزیشکی و دەروونی و یاسایی.

– **پاڵپشتی نێودەوڵەتی:** زیادکردنی هۆشیاریی جیهانی و فشار لەسەر حکوومەت و ڕێکخراوەکان بۆ ئەوەی لە پێشینەی کارەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جنسی دابنێن.

– **پەرەپێدانی سیاسەت:** تێکەڵکردنی میکانیزمەکانی خۆپاراستن و وەڵامدانەوە لە پرۆسەکانی ئاشتیپارێزی و دیپلۆماسیدا.

### هەندێک لە دەستکەوتە سەرەکییەکانی PSVI بریتین لە:

- لووتکەی جیهانی بۆ ئەوەی دژکردەوەیەکی یەکگرتوو دیاری بکەن و کۆتایی بە توندوتیژی جنسی لە ململانێدا بێنن لە لەندەن ساڵی ٢٠١٤ سەرکردەکانی جیهانی و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕزگاربووانی کۆکردەوە.

- پشتگیریی ماددی و مەعنەوی ئەو ڕێکخراوە بنەڕەتیانەی کە مامەڵە لەگەڵ توندوتیژی جنسی لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەکەن.

- پشتگیریکردن لە پرۆتۆکۆڵە نێودەوڵەتییەکان سەبارەت بە کۆکردنەوەی بەڵگە بۆ لێپێچینەوە لە تاوانەکانی توندوتیژی جنسی.

PSVI ڕۆڵی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لە داڕشتنی سیاسەت لە نەتەوە یەکگرتووەکان و دامەزراوە نێودەوڵەتییەکانی دیکە و جەختی لەسەر گرنگی چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری لە هەوڵەکانی ئاشتیپارێزی و ئاوەدانکردنەوەی دوای ململانێدا کردووە.

### ب، تەحەددا و سەرکەوتن لە وڵاتانی گەشەنەکردوو

لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا پەیوەندی نێوان ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان پڕ لە وردەکاری و هەستیار و گرنگە. ژنانی دیپلۆماتکار زۆرجار بانگەشە بۆ سیاسەتی گشتگیر دەکەن و باس لە پرسگەلی سیستماتیک وەک نایەکسانی جێندەری و توندوتیژی دەکەن بەڵام بەربەستە کولتووری و ئابووری و دامەزراوەییەکان لەم وڵاتانەدا بەو مانایەیە کە کاریگەرییەکانیان یەکسەر دیار نییە. بۆ نموونە، ژنە دیپلۆماتکارەکان لەم جۆرە وڵاتانەدا زۆرجار هەوڵدەدەن بۆ یارمەتی و هۆشیاری نێودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی جێندەری بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نۆرمەکانی پیاوسالاری چەسپاو و نەبوونی میکانیزمی جێبەجێکردن دەتوانن ڕێگری لە پێشکەوتن بکەن. سەرەڕای ئەم



سەرچاوە
Serchawe

تەحەددایانە، بوونی ژنان لە دیپلۆماسیدا هەنگاوێکی سیمبولیک و پراکتیکییە بەرەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان، ئیلهامبەخشە بۆ بزووتنەوە جەماوەرییەکان و کاریگەریی لەسەر سیاسەتە نێوخۆییەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ توندوتیژی دژی ژناندا دەکات. بێگومان ئەمەش جەخت لەسەر توانای گۆڕانکارییەکانی بەشداریکردنی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا دەکاتەوە تەنانەت لەو شوێنانەی کە بەربەستی پێکهاتەیی بەرچاویان هەیە. لێرەدا ئاماژە بە نموونەی وڵاتانی گەشەنەکردوو دەهێنم کە دەیسەلمێنێ چۆن چالاکییەکانی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانی دیپلۆماسیدا، سەرەڕای ئاستەنگی سیستماتیک، دەتوانن کاریگەرییان لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژناندا هەبێت.

## ڕواندا

لەم وڵاتەدا ژنان پاش کۆمەڵکوژییەکەی ساڵی ١٩٩٤ کە شایەتی توندوتیژی جنسی بەربڵاوی بوون، هاتنە ڕیزی پێشەوە دیپلۆماسی و سیاسەتگوزاری. ژنە دیپلۆماتکارەکان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە دارشتنی سیاسەتەکانی دوای جەنگی ڕواندا، وەک ناساندنی چوارچێوەی یاسایی بۆ چارەسەرکردنی توندوتیژی جێندەری، لەنێویاندا یاسای توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری ساڵی ٢٠٠٨. ئێستا ڕواندا یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا زۆرترین نوێنەرایەتی ژنانی لە حکوومەتەکەیدا (لەسەدا ٦١ لە پەرلەمان) هەیە و دیپلۆماتکارە ژنەکان پلاتفۆرمەکانیان بەکاردەهێنن بۆ پشتگیریکردن لە داکۆکیکردنی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ژنان و هەوڵەکانی بنیاتنانی ئاشتی. بوونی ئەوان لە دیپلۆماسیدا یارمەتیدەرە بۆ تەحەدای نۆرمەکانی پیاوسالاری چەسپاو و هاندەری کردەوەی ناوچەیی و نێودەوڵەتییە بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری.

## ئەفغانستان

لە ئەفغانستانی هەمیشە جەنگاویدا، بوونی ژنانی وەک ڕۆیا ڕەحمانی باڵیۆزی پێشووی وڵاتەکەی لە ئەمریکا، لە کۆمەڵگەیەکی پیاوانەی نەریتی و بناژۆخوازدا هەنگاوێکی بوێرانە بوو. ڕەحمانی لەسەر پلاتفۆرمە نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لە پەروەردە و مافەکانی ئافرەتان دەکرد و سەرنجی بۆ ئەو توندوتیژییە ڕاکێشا کە ڕووبەڕووی ژنانی ئەفغانستان دەبۆوە. لە کاتێکدا کە ناسەقامگیری سیاسی و سەرهەڵدانەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان زۆرێک لە دەستکەوتەکانی پێچەوانە کردووەتەوە، گومانی تێدا نییە کە ژنە دیپلۆماتکارەکانی وەک ڕەحمانی ئیلهامبەخشن بۆ بزووتنەوەکانی ناوەوە و دەرەوەی ئەفغانستان و دەیسەلمێنێت چۆن بەشداری ژنان تەنانەت دەتوانێت لە بەرامبەر بەرەنگاربوونەوەی بەرچاودا پاڵ بە گۆڕانی سیستماتیکەوە بنێت.

## لیبێریا

یەکەمین سەرکۆماری ژنی لیبێریا، ئێلین جۆنسۆن سیرلیف Ellen Johnson Sirleaf ، دیپلۆماتکارێکی بەرچاو نەبوو بەڵکو وەک کەسایەتییەکی سیمبولیک سەرکردایەتی ژنانی وڵاتەکەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا دەکرد. حکوومەتەکەی ژنە دیپلۆماتکارەکانی لەخۆگرتبوو کە لە پێشینەی کارەکانیاندا چارەسەرکردنی توندوتیژی دژی ژنان وەک پرسێکی نیشتمانی لەئەستۆ بوو. لیبێریا لە ساڵی ٢٠٠٥دا یاسای دەستدرێژی جنسی لە ژێر سەرکردایەتی ئەودا ڕاگەیاند و ژنە دیپلۆماتکارەکانی لیبریا لە کاتی چاکبوونەوەی وڵاتەکە لە شەڕە ناوخۆییەکاندا ڕۆڵی سەرەکییان لە پێشخستنی دانوستانەکانی ئاشتی هەستیاری جێندەردا هەبوو.

## نەیجیریا

نەیجیریا دیپلۆماتکارە دیارەکانی ژنی وەک ئامینە محەمەد-ی بەخۆیەوە بینیوە کە پێش ئەوەی ببێتە جێگری سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک وەزیری ژینگەی نەیجیریا کاری کردووە. لە کاتێکدا ناوبراو ڕۆڵی زیاتر نێودەوڵەتییە بەڵام کارەکانی سەبارەت بە توندوتیژی ڕەگەزی، لەوانەش چارەسەرکردنی توندوتیژی دژی کچان لە باکووری ڕۆژهەڵات لە کاتی یاخیبوونی بۆکۆحەرامدا، کاریگەرییان لەسەر کارنامەی نێوخۆیی نەیجیریا هەبووە. هەوڵە دیپلۆماسییەکانی ئەو جەخت لەسەر گرنگی پەروەردەی کچان و یەکتربڕینی گەشەپێدان و یەکسانی جێندەری دەکەنەوە.

لەم نموونانەدا زۆرجار کاریگەری ژنان لە دیپلۆماسیدا لە گۆڕانکارییە ڕاستەوخۆکانی سیاسەت تێدەپەڕێت و لەبری ئەوە گۆڕانی کۆمەڵایەتی وردە وردە دەوروژێنێت. تەحەددیاتی وەک بەرخۆدانی کولتووری، نەبوونی سەرچاوە و میکانیزمی لاوازیی جێبەجێکردن، ڕێگری لە پێشکەوتنی دەستبەجێ دەکات بەڵام بوونی ئافرەتان لە دیپلۆماسیدا تیشک دەخاتەسەر ڕۆڵی گرنگی ئەوان لە دروستکردنی گۆڕانکاری درێژخایەن. ئەم ژنانە بە ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی داکۆکیکردن و پەروەردە و هاوکاریی نێودەوڵەتییەوە، ڕێگە بۆ پێشکەوتنەکانی داهاتوو لە کۆمەڵگەکانیاندا خۆش دەکەن. ئەم حاڵەتانە جەخت لەسەر توانای گۆڕانی دیپلۆماسی ژنان، تەنانەت لەو چوارچێوەیەشدا کە نایەکسانی جێندەری بە قووڵی چەسپاوە دەکەنەوە. چالاکی کەمی ژنان لە دیپلۆماسیدا تەنیا ڕەنگدانەوەی نایەکسانییەکان نییە بەڵکو بەردەوامی بەو نایەکسانییە دەدات. کۆمەڵگەکان بە وەلانانی ژنان لە ڕۆڵی سەرکردایەتی، شکست لە چارەسەرکردنی پرسە تایبەتەکانی جێندەری و توندوتیژی دژی ژنان دەهێنن و لەهەمانکاتدا نۆرمەکانی پیاوسالاری بەهێز دەکەن. بە پێچەوانەوە، بەشداریکردنی ژنان لە

دیپلۆماسیدا، فرەچەشنی و داهێنان و پێشکەوتن بەرەوپێش دەبات. تەحەدای توندوتیژی سیستماتیکی دەکات و ڕێگە بۆ سیاسەتی دادپەروەرتر و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دروست دەکات. چارەسەرکردنی ئەم نەبوونیە نەک تەنها بۆ یەکسانی جێندەری بەڵکو بۆ دروستکردنی جیهانێک کە توندوتیژی دژی ژنان چیتر تەحەمول نەکرێ، زۆر گرنگە.

### ج- ئایا ئامادە نەبوون یەکسانە بە توندوتیژی؟

نەبوونی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا پرسێکی فرەلایەنەیە کە لە تەنها ئامارێک تێدەپەڕێت. ئەمەش ڕەنگدانەوەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی قووڵترە و ئەو پێکهاتانە بەهێزتر دەکات کە توندوتیژی دژی ژنان بەردەوام دەکەن. بێگومان، نەبوونی نوێنەرایەتی ژنان لە دیپلۆماسیدا، هەم وەک نیشانەی سیستەمی پیاوسالاری و هەم وەک میکانیزمێک کە پارێزگاری لێدەکات و لە کۆتاییدا ڕێگری لە پێشکەوتن بەرەو یەکسانی جێندەری دەکات. کەمی ژمارەی ژنان لە ڕۆڵی دیپلۆماسیدا ڕەنگدانەوەی لایەنگرییە ڕەگەزییە چەسپاوەکان و نایەکسانی پێکهاتەیی. لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا، بەتایبەت لە وڵاتانی گەشەنەسەندوو، نۆرمەکانی کولتووری و ڕۆڵی ڕەگەزیی نەریتی وادەکات کە پۆستی سەرکردایەتی بۆ پیاوان تەرخان بکرێت. زۆرجار ژنان دەخرێنە سەر ڕۆڵی لاوەکی کە دەرفەتەکانیان بۆ بەشداریکردن لە بڕیاردان لەسەر ئاستی نیشتمانی و نێودەوڵەتی سنووردار دەکات. ئەم وەدەرنانی سیستماتیکیە پەیامێکی کۆمەڵایەتی فراوانتر دەنێرێت کە دەنگ و بەشدارییەکانی ژنان کەمتر بەهایان هەیە. کاتێک نیوەی دانیشتووان لە مێزی دانوستانەکان دوور دەخرێنەوە، زۆرجار سیاسەت و پراکتیکەکان شکست دەهێنن لە چارەسەرکردنی ئەو پرسانەی کە بەشێوەیەکی ناوازە کاریگەرییان لەسەر ژنان هەیە، لەوانەش توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەری. جگە لەوەش، نەبوونی نمونەی ئافرەتانی دیار لە دیپلۆماسیدا، ئەو باوەڕە بەردەوام دەکات کە ئەم جۆرە ڕۆڵانە بۆ ژنان بەدەست ناهێنرێن، ئەمەش سووڕێکی ڕەتکردنەوە دروست دەکات.

**نەبوونی ئامادەیی لە دیپلۆماسیدا دەرئەنجامی سیمبۆلیک و پراکتیکی هەیە کە توندوتیژی دژی ژنان چڕتر دەکاتەوە:**

#### ١- دەرئەنجامە سیمبۆلیکەکان

- نەبوونی ژنان لە پۆستە سەرکردایەتییەکان، پەراوێزخستنیان ئاسایی دەکاتەوە و هەروەها ڕوانینە کۆمەڵایەتییەکان کە توندوتیژی دژی ژنان وەبەرچاو ناگرێت، دەپارێزێت.

- دیتنی ئافرەتان لە بەشەجۆراوجۆرەکانی دەسەڵات کەم دەکاتەوە و ئەو تێڕوانینەی کە ژنان توانای کەمتریان هەیە یان

شایستەی سەرکردایەتیکردن نین، بەهێز دەکاتەوە؛ ئەمەش لە بەرامبەردا ڕەوایەتی بە پراکتیک و سیاسەتی جیاکاری دەدات.

### ٢- دەرئەنجامە کردارییەکان

- سیاسەت و ڕێککەوتنە دیپلۆماسییەکان زۆرجار نۆرمەکانی نێوخۆ و نێودەوڵەتی لە قاڵب دەدەن. بەبێ هەبوونی ڕوانگەی ژنان، ئەم سیاسەتانە ڕەنگە شکست بهێنن لە چارەسەرکردنی پرسەکانی وەک توندوتیژی خێزانییەوە هەتا ئازاردانی جنسی و بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە، ئەم پرسانە بەبێ گرنگیدان و ئەولەویەتدانێکی تەواو بەجێبهێڵن.
- لەوانەیە کەشی دیپلۆماسی کە پیاوان زاڵن، چارەسەرە هەستیارەکانی جێندەر پشتگوێ بخەن و خاڵی کوێر لە چارەسەرکردنی توندوتیژیدا بەردەوام بمێنێتەوە.

### گشتگیریی وەک چارەسەرێک بۆ توندوتیژی

بەتێپەڕبوونی کات سەلمێنراوە کە زیادکردنی نوێنەرایەتی ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا کاریگەریی گۆڕینی هەیە، نەک تەنها لە بواری دیپلۆماسی خۆیدا بەڵکو لەسەر تێڕوانینی کۆمەڵگەش بەرامبەر بە توندوتیژی دژی ژنان.

### ١- پاڵپشتیکردنی ستراتیژی هەمەلایەنە

زۆرجار ژنە دیپلۆماتکارەکان ڕوانگەی ناوازە دەهێننە سەر مێزەکە و بانگەشە بۆ ئەو سیاسەتانە دەکەن کە باس لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی توندوتیژی دژی ژنان بکەن. لەوانە:

– **ڕێوشوێنی یاسایی:** پتەوکردنی یاساکان بۆ پاراستنی ژنان لە توندوتیژی و دڵنیابوون لە جێبەجێکردنیان.
– **دەستپێشخەرییە پەروەردەییەکان:** بەرەوپێشبردنی یەکسانی جێندەری لەڕێگەی پەروەردە و هەڵمەتەکانی هۆشیاری گشتی.
– **چاکسازی کۆمەڵایەتی:** تەحەدای نۆرمەکانی کولتووری کە توندوتیژی و جیاکاری بەردەوام دەکەن.

### ٢- نموونە بۆ گۆڕانکاری

بوونی ژنان لە دیپلۆماسیدا وەک هێمایەکی بەهێز کاردەکات، تەحەدای چەشنە کۆنە پەرستانەکان دەکات و هانی نەوە گەنجەکانی ژنان دەدات بۆ گەیشتن بە ڕۆڵی سەرکردایەتی. ئەم بینینە یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان و پەرە بە قبووڵکردنی زیاتری بەشداری ژنان لە ژیانی گشتیدا دەدات.

### ٣- هەمەجۆریی سیاسەت

ژنان لە بواری دیپلۆماسیدا پرۆسەی داڕشتنی سیاسەت هەمەچەشن دەکەن و دڵنیا دەبن لەوەی کە پرسە هەستیارەکانی جێندەری چارەسەر دەکرێن. بەشداریکردنیان گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان دەوڵەمەند دەکات و چارەسەری گشتگیرتر بۆ ئاستەنگە جیهانییەکان پەرەپێدەدات، لەوانەش توندوتیژی دژی ژنان.

**هەندێک لە ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ بەهێزکردنی کاریگەری ژنان لە بواری دیپلۆماسی و کەمکردنەوەی توندوتیژی دژی ژنان بریتین لە:**

– **پەروەردەی گشتگیر:** هاندانی کچان و ژنان بۆ بەدواداچوونی پیشەی دیپلۆماسی لە ڕێگەی سکۆلەرشیپ و پرۆگرامی ڕاهێنەرایەتی.
– **پشکی جێندەری:** جێبەجێکردنی پشکەکان بۆ دەستەبەرکردنی نوێنەرایەتی هاوسەنگ لە نوێنەرایەتییە دیپلۆماسییەکان.
– **گۆڕانکاری کولتووری:** بۆ ئاساییکردنەوەی ژنان لە ڕۆڵی سەرکردایەتیدا، کەڵکوەربگیرێت لە ڕاگەیاندن و کەمپەینی گشتی.
– **هاریکاری نێودەوڵەتی:** بەهێزکردنی تۆڕی جیهانیی دیپلۆماتکارانی ژن بۆ هاوبەشکردنی ستراتیژی و سەرچاوەکان.

**Bandura, A. (1977). Social Learning Theory. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.**
**Lockwood, P. (2006). "Someone Like Me Can Be Successful: Do College Students Need Same-Gender Role Models?" Psychology of Women Quarterly, 30(1), 36-46.**
**Crenshaw, K. (1991). Mapping the Margins: Intersectionality, Identity Politics, and Violence Against Women of Color. Stanford Law Review, 43(6), 1241-1299.**

**Women of French Diplomacy. Embassy of France in the United States.**



سەرچاوە
Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

**Published: May 4, 2018.**
**International Strategy for Equality Between Women and Men (2018-2022)**
**French Ministry of Europe and Foreign Affairs.**
**Historical Evolution of Women in British Diplomacy. UK Foreign Office Gender Initiatives.**
**The Rise of Female Diplomats in the U.S. Office of the Historian, U.S. Department of State. (https://history.state.gov)**
**Women in German Diplomacy: A Historical Overview. German Federal Foreign Office. (https://www.auswaertiges-amt.de)**
بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی **PSVI** دەتوانن سەردانی لاپەڕە فەرمییەکەی بکەن:
**(https://www.gov.uk/government/collections/preventing-sexual-violence-in-conflict-initiative)**

**له ساڵی ١٩٣٨ لەدایکبووە، له ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠١٨ بیست و چوارەمین سەرکۆماری لیبێریا بووە. له ساڵی ١٩٧٩ تا مانگی نیسانی ١٩٨٠ له سەردەمی سەرۆکایەتی ویلیام تالبێرت وەزیری دارایی بووە. له ساڵی ٢٠١١دا لەگەڵ توکل کرمان و لیما گبۆی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەستهێناوە و یەکەم ژنە له کیشوەری ئەفریقیا وەکو سەرکۆمارهەڵبژێردرێت.**

**٢٣ی بەفرانباری ٢٧٢٤**



سەرچاوە
Serchawe

## شکستێکی دیکەی کۆماری ئیسلامی، سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان



"کوردستان"

ڕێکخراوی بەرگریی لە ڕەوتی ئازادیی زانیارییەکان لە نوێترین ڕاپۆرتیدا سەرنجی خستووەتە سەر سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان و میدیاکان لە ئێران لە ساڵی ٢٠٢٤ی زایینی. لەم ڕاپۆرتەدا بە وردی باس لە سەرکوت و گوشاری هێزە ئەمنیەتییەکان بۆ سەر ڕۆژنامەنووووسان و میدیاکان دەکرێ.

لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوی بەرگریی لە ڕەوتی ئازادیدا هاتووە؛ "لە ساڵی ٢٠٢٤ی زایینیدا، ٣٨٥ لێپێچینەوەی یاسایی و ئەمنییەتی لە لانیکەم ٢٥٦ ڕۆژنامەنووس و میدیا و میدیاکار کراوە، سزای بەندکران بۆ ١١ ڕۆژنامەنووس جێبەجێکراوە و ٣٦ چالاکی میدیایی و ڕۆژنامەنووس دەسبەسەر کراون.

هەروەها ڕێژیمی ئێران دژی ڕۆژنامەوانان و چالاکانی ماڵپەڕ و میدیاکان بە گشتی سزای ٦٩ ساڵ و ١٠ مانگ بەندکران، لێدانی ١١٠ قامچی و زیاتر لە ٢٠٠ میلیۆن تمەن سزای نەختی دەرکردووە.

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە جیا لە ڕەوایەتی درۆینی خۆی هەر گێڕانەوە و ڕەوایەتێکی دیکە بە درۆ و چەواشەکاری لە قەڵەم دەدات، تۆمەتی "بێبنەمابوون" دەداتە پاڵ هەر گێڕانەوەیەکی جیاواز لە ڕەوایەتەکانی خۆی و سزای قورس و گران بە سەر ئەو میدیا و ڕۆژنامەنووسانەدا دەسەپێنێ کە ڕاستییەکان بە خەڵک دەڵێن و زانیارییە ڕاستەکان بۆ کۆمەڵگە دەگوازنەوە.

ڕێکخراوی بەرگریی لە ڕەوتی ئازادی لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛ "بڵاوکردنەوەی هەواڵی بێ بنەما" بە ٢٠٥ جار زۆرترین تۆمەتی وەپاڵدراو دژی ئەو توێژە بووە و لانیکەم ٤١٠ خاڵی مافی یاسایی ئەوان لەلایەن ناوەندە بەناو دادوەریی و ئەمنییەتی‌یەکانی ڕێژیمەوە پێشێل کراوە."

سەرچاوەی سەرەکیی هەموو ئەم پێشیلکاری و گوشارانە بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان، هەڕەشە و گوڕەشەکانی ڕێبەری نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بەردەوام لە وتەکانی‌دا باس لە قەدەغەبوونی هەر جۆرە گێڕانەوە و ڕەوایەتێک لە ڕووداوەکان دەکات کە لەگەڵ لێکدانەوەکانی ئەو ناتەبا بن. ناوبراو لەهەر بۆنەیەکدا کە دەردەکەوێ بە بڵاوکردنەوەی تەوەهومی پیلانگێڕی و "لە کەمی‌دا بوونی دوژمن" و "وریابوون بەرانبەر بە پیلانی دوژمنانی ئیسلام و ئێران" و "عەواملی نفوزی"، سێرە لە میدیاکان و ڕۆژنامەنووسان دەگرێ و فەرمان بە هێزە سەرکوتکەرەکانی دەکات کە "پێش بەو دەنگ و نووسین و دەرکەوتنانە بگرن کە دڵی خەڵک بەتاڵ دەکەن."

بۆیە ڕێکخراوی بەرگریی لە ڕەوتی ئازادیی زانیارییەکانیش بە درووستی لە ڕاپۆرتەکەی‌دا باسی لەوە کردووە کە عەلی خامنەیی ڕێبەری ڕێژیم فەرمانی سەرکوتی بۆ ڕۆژنامەوانان، میدیاکان و بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەرکردووە و زیاتر دەستی ناوەندە سەرکوتکەرەکانی بۆ سەرکوت و دەمکوتی ئەو توێژە ئاوەڵا کردووە.

لە تازەترین دەرکردنی فەرمانی بۆ سەرکوتی ڕۆژنامەنووسان، خامنەیی کە ڕەوایەت و گێڕانەوەی پڕ لە پاساوی بۆ دوایین ئاڵۆگۆڕەکانی سووریە و شکستە یەک لەدوای یەکەکانی ڕێژیمەکەی لە ناوچەکە دەکرد، ڕاشکاوانە هەر جۆرە خوێندنەوەیەکی دیکەی - جیاواز لە خوێندنەوەی خۆی - بە تاوان زانی. خامنەیی وتی؛ هێندێک لە میدیاکانی نێوخۆ هەوڵ دەدەن وا بنوێنن کە کۆماری ئیسلامی لەم ڕووداوانەدا تووشی شکست و پاشەکشە بووە، ئەمە تاوانێکی گەورەیە و هەر کەس ئەمە دووبارە بکاتەوە و درێژەی پێ بدات تاوانبارە و دەبێ سزا بدرێت.

ئەم دەربڕین و فەرمانەی خامنەیی ڕوانگە و هەڵوێستی نزیک بە پێنج دەیە لە سیاسەتی سەرکوتی کۆماری ئیسلامییە



سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

بەرانبەر بە هەر جۆرە دەربڕینێکی جیاواز و جیابیرییەک. بۆیە میدیاکانی سەر بە دامودەزگاکانی ڕێژیم بە دەنگ و ڕەنگی ڕەسمیشییەوە کە بە پێی ڕاپرسییە ساڵانەکانی خودی ڕێژیم، کەمترین لایەنگری هەیە - بە هۆی تووش بوونی بە ڕەوایەتێکی خەتی و داخراوی چوارچێوەدار لە ڕووداوەکان - هیچ متمانەیەکی پێ ناکرێ.

لە بەرانبەردا ڕۆژنامەنووسانی ئازا و دەروەستی حەقوێژ کە بە ماڵ و گیانی خۆیان دەیان ساڵە هەوڵی ڕاگرتنی دەلاقەیەکی هەرچەند چووکە لە گەیاندنی ڕاستییەکان بە خەڵک دەدەن، تەنیا بەتاوانی گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەک خۆی، ئیزنی کاریان پێ نادرێ، بەربەستیان بۆ ساز دەکرێ، تۆمەتیان دەرێتە پاڵ، دەستبەسەر دەکرێن و لە کۆتاییدا حوکمی قەدەغەکردنی کار و چالاکییان بەسەردا دەسەپێندرێ.

بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم سەرکوت و پێشێلکارییە ڕووت و ئاشکرایانە کە مێژوویەکی بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت ڕێژیمی پێشووی پاشایەتیش هەیە، ڕۆژنامەنووسان و بە گشتی میدیاکارانی خاوەن هەڵوێست و ئەرک وەخۆگری وڵات، تەسلیمی سانسۆڕ و سەرکوتی سیستماتیکی دەسەڵات نەبوون. کە ڕۆژنامەیەکیان لێ داخراوە، یەکی دیکەیان بە ناوێکی دیکەوە بڵاوکردۆتەوە، کە وێبلاگ و سایتێکیان لێ داخراوە، پەیج و کاناڵی دیکەیان ڕێک خستوە. بەتایبەت کە ئێستا بە هۆی هاتنەئارای تێکنۆلۆژیی نێتۆرک و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانەوە - سەرەڕای بەربەستی فێلترینگ - دەرەتانی چالاکی و گەیاندنی خێرای زانیارییەکانیان بە خەڵک زیاتر بۆ ڕەخساوە، بە بێگوێدانە هەڕەشە و گوڕەشەکانی خامنەیی و دەزگای سەرکوتی ڕێژیم، بەربڵاوتر لە جاران بەردەوامن.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە چیدیکە گێڕانەوە و ڕەوایەتەکانی لە ڕابردوو، لە دین، لە سیاسەت، لە ئیدئۆلۆژیک بوونی خۆی، لە ڕووداوەکانی دەوروبەر، لە سەبک و شێوازی ژیانی ئینسانی دڵخوازی خۆی و بە گشتی لە جیهان، هیچ گوێرێکی نیە و دەنگی بڕی هیچ تێگەیشتنێکی سەردەمیانە ناکات، لە هەر تریبوونێکی جیاواز و جیابیر تۆقیوە. بۆیە هەوڵ دەدات پێش بە هەر دەنگ و گێڕانەوەیەکی جیاواز بگرێ و بەخەیاڵی خۆی کپی بکات. بەڵام بە هەموو پێوانەیەک لەوەشیاندا بۆی ناچێتە سەر و تێک دەشکێ.

٢٤ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە Serchawe

# شەترەنجی شێتان




**شیوا موڕادیان**

بۆ یەکەمجار ٦٠٠ساڵ پێش لە زایین و لە وڵاتی هیندوستان یارییەک بەناوی "شاتورانجا" دروست کرا. چیرۆکی دروستبوونی شاتورانجا لە سەرچاوەکاندا ئاوەها باسی لێکراوە کە پاشای ئەوکاتی هێندوستان نەخۆش دەبێت و هیچ دوکتورێک ناتوانێ نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات، جابۆیە داوا لە خەڵک دەکەن هەرکەس بتوانێ نەخۆشی پاشا چارەسەر بکات ئەوە خەڵاتێکی باش وەردەگرێت. دوای ماوەیەک کەسێک دەچێتە لای پاشا و شەترەنجێک کە بۆ خۆیی دروستی کردوە بە پاشای دەدات. پاش ماوەیەک یاریکردن و قووڵبوونەوەی پاشا بە یاری شەترەنج، نەخۆشییەکەی چارەسەر دەبێت و دیزاینێرەکە خەڵاتی پاشا دەباتەوە. وشەی شەترەنج لە زمانی کۆنی هێندییەکانەوە وەرگیراوە کە پێی دەوترێت سانسکریت، لە زمانی سانسکریتدا شەترەنج بە شاتورانجا هاتووە کە واتای چوار بەشی سپا بووگە (سەرباز، فیل، ئەسپ و قەلا). بناغەی یارییەکەش لەسەر کیش و ماتکردنی پاشاکەیە، کاتێک بە تەواتەی پاشا دەوستێندرێت و هیچ خانەیەکی نابێ بۆ ڕۆیشتن و هیچ مۆرەیەک نییە بیپارێزێت، لە ئاکامدا پاشا دۆڕاوی یارییەکە دەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

## بەفرانباری ٢٧٢٤

کۆماری ئیسلامیش پاش زیاتر لە ٤٧ ساڵ یاریکردن بە مۆرەکان و دامەزراندنیان لەسەر خانە گرینگەکانی یاری شەترەنجی شێتان، تا کیش و مات بوونی یەکجاری، مەجالێکی زۆری نەماوە. بەدرێژایی دەسەڵاتدارێیەتی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بەسەر خاک و خەڵکی ئێراندا، بەردەوام هەوڵی ئەوەیان داوە تاکوو نەک تەنیا ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەڵکوو تەواوی جیهان تووشی ناسەقامگیری بکەن و لە کۆتاییدا بە بڕوای ئەوان مێهدی ئاخر زەمان دەرکەوێت و جیهان ئارام بکاتەوە لە کێشە و ئاژاوەیەک کە بۆخۆیان هۆکارە سەرەکییەکەی بووگن. ساڵانێکە سیستەمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە ڕێگەی گرووپە بەستراوە و گوێ لەمستەکانییەوە شەڕی بە هەموو جیهان فرۆشتووە و خەونی گەورەی دروستکردنی "هیلالی شێعە" و بە دروستکردنی دوژمنگەلی فەرزی بۆ خۆی شەرعییەتی بە شەڕەکانی خۆی داوە و خەڵکانی نێو دەسەڵاتەکەی خۆی پێ هەڵخڵەتاندووە و پاساوی بۆ هەموو جینایەتێکی هێناونەتەوە. ئێران و هێزە نیابەتییەکانی بۆ خوڵقاندنی کارەساتی ٧ی ئۆکتۆبر ئامادەکارییەکەیان کردبوو و پێیان وابوو ئەمجارەش وەکوو ئەو شەڕانەی کە ساڵانی پێشوو دەیانکرد و دوای ماوەیەکی کورت ئاگربەست دەکرێ و هەموو شتێک بە قازانجی هێزە نیابەتییەکان و ئێران تەواو دەبێ و بەم شێوەیە زەبرێکی قورس لە ئیسرائیل دەدەن و ئێرانیش هەم لە ناو هێزە نیابەتییەکان و هەمیش لە ناوچەکە زیاتر هێژموونی خۆی دەسەپێنێ. بەڵام بە پێچەوانەوە دوای دەسپێکی شەڕی حەماس و ئیسرائیل لە ٧ی ئۆکتۆبری ساڵی ڕابردوو بە هاوکاری کۆماری ئیسلامی، حکوومەتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامی تووشی کۆتایی هاتنی مۆرە چێنراوەکانی دەبێتەوە و ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوە ئەو ڕیزە پارێزەرەی پێش بە تۆتالیتێر کۆتاییان پێ بێت و یاریزانی تۆتالیتێری شەترەنج کیش و مات بکرێت. دوای کوژرانی ئیسماعیل هەنییە لەنێو باوەشی خامنەیی لە تاران و کوژرانی حەسەن نەسروڵڵا لە بەیروت، یەحیا سینوار لە غەززە و ڕێبەرانی دیکەی حەماس لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەرەی مقاومەت یان سەربازانی پێشەوی پارێزەری لە پاشای شێتی حکوومەتی تۆتالیتێر، ئێستا ئیتر پاسەوانێکی ئاوا نەماوە بۆ بەرگری لە کیش و مات کردن. یاریزانی بەخەیاڵ پاشای یاریی، بە نەمانی بەشار ئەسەد، کۆتا مۆرەی یارییەکەی لە سوورییە و تێگەیشتن لەو بابەتەی کە وشترەکەی پێش دەرکەی بەشار ئەسەد بەمزووانە دەگاتە بەر دەرکەی خۆی و لە کۆتاییەکانی خۆیدایە و بە نەمانی مۆرە هەرە گرینگەکانی ناچار بووگە لە ترسا حاشا لە هێزە نیابەتییەکانیشی بکات و واش دەنوێنێنی کە هیچ پێوەندییەکیان بە یاریزانە شێتەکەوە نەبووە و نییە، چۆن لە سەرەتادا بۆ هەمووان ڕوون بوو، ئێستا بۆ خامنەیی واتە پاشای شێتی یارییەکە و دۆڕاوی سەرەکی، ڕوونە کە لە دەستپێک تا کۆتایی کیش و ماتی دەمێنێتەوە بۆ دیکتاتۆر و تۆتالیتێر.

٢٦ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# خامنەیی تووشی وەهمی سەرکەوتن بووە یا ترساوە؟



**هەردی سەلیمی**

ڕووداوە خێرا و یەک لەدوای یەکەکانی ئەم ماوەیەی ناوچەکە زۆرێک لە شرۆڤەکارانی سیاسیی تووشی سەرسوڕمان کردووە. بەجۆرێک کە کەمتر کەسێک ئامادەیە بەدڵنیاییەوە باس لە داهاتووی ئاڵۆزی ئەم ناوچەیە بکات، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک دڵنیان لەوەی کە کۆماری ئیسلامی، ئەو کۆماری ئیسلامییەی پێشووتر نییە و چەندین شکستی قووڵی ئەزموون کردووە و جارێ ماویشیەتی و شکستی دیکەشی ڕووبەڕوو دەبێتەوە. بە جۆرێک کە هەموو کێشە و قەیرانەکانی تەمەنی کۆماری ئیسلامی یەکجێ گوشراون و کورت بوونەتەوە و لە ئێستادا یەخەیان گرتووە. لەو شکست و دۆشداماوییانەی کۆماری ئیسلامی کە لەم ماوەیەدا زۆریان ئاماژە پێکراوە و بۆ هەمووان ڕوونن، دەگەڕێین، دەکرێ ئێستا شکستی ئاگربەستی شەڕی غەززەشی لێ زیاد بکەین.

ئاگربەستی ئەمجارە بەدەر لەوەی بۆ حەماس و ئیسرائیل چ ئاکامێکی هەبووە و کام لایان دەتوانین بە براوە بزانین، دەبێ بڵێین نەفسی ئەم ئاگربەستە شکستێکی ترە بۆ کارنامەی کۆماری ئیسلامی. بەڕواڵەت هەردووک لا باس لەوە دەکەن کە

سەرکەوتوو بوون، بەڵام لە ڕاستیدا نە ئیسرائیل توانی بەتەواوی بە ویستەکانی خۆی بگات و نە حەماسیش؛ هەردووک لا لە شوێنێکدا چەقین. بەڵام وەک چۆن کۆماری ئیسلامی ئاگربەستی لوبنانیشی وەک سەرکەوتنێک باس کرد، دەیهەوێ ئەمەی غەززەش بە هەمان شێوە دەرخواردی لایەنگرانی خۆی بدات؛ لێرەدا دەبێ بڵێین ئەگەر ئەو گریمانەیەش قەبووڵ بکەین کە حەماس سەرکەوتوو بووە، ناتوانێ ئەم "سەرکەوتن"ە بچێتە سەر حیساب و کارنامەی کۆماری ئیسلامی. بۆ؟ چونکە کۆماری ئیسلامی تاکە دەوڵەتێکی جیهان بوو کە بە شێوەی ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ پاڵپشتی حەماس بوو، بەڵام لە هەموو دەوری ئەم وتووێژانەدا بچووکترین حیسابی لەسەر نەکرا و ئەوە دەوڵەتانی میسر و قەتەر بوون ڕۆڵی نێوبژیوانی و دەمڕاستیان گێڕا، هەروەک چۆن لەسەر داهاتووی سووریەش، کۆماری ئیسلامی کە بە میلیاردەها دۆلاری لەو وڵاتەدا خەرج کردبوو، هیچ ڕۆڵێکی بۆ لەبەرچاو نەگیرا و وەک ئەسەد لەو وڵاتە وەدەر نرا.

بەم پێشەکییەوە هەڵسەنگاندنێکی سەرپێیی بۆ قسەکانی ئەم دواییانەی عەلی خامنەیی دەکەین، لەم پەنجەرەوە دەڕوانینە قووڵایی شکستەکانی کۆماری ئیسلامی. خامنەیی لە ٢١ـی سەرماوەزی ئەمساڵەوە هەتا ١٩ی بەفرانبار، واتە کەمتر لە مانگێک، ٥ جار بۆ لایەنگرانی سوخەنرانیی کردووە. لێرەدا کورتەیەک لە هەر پێنجیان دێنینەوە: ٢١ی سەرماوەز وتی؛ دەڵێن بەرەی موقاوەمەت لاواز بووە... بەتەواوی لە هەڵەدان.

٢٧ی سەرماوەز وتی: پێیان‌وایە بابەتی مەقاوەمەت کۆتایی پێ‌هاتووە: بەتەواوی لە هەڵەدان.

٣ی بەفرانبار ڕووبە ئیسرائیلییەکانی وتی؛ قسەی قۆڕ دەکەن، ئێوە کەی سەر کەوتوون داماوانە؟!

١٢ی بەفرانبار وتی: پێیان‌وایە ئەو خوێنانەی لە ڕێی پاراستنی حەرەمدا ڕژاون، بەفیڕۆ چوون... هەڵەیەکی گەورەیە.

١٩ی بەفرانباریش خامنەیی وتی: دوژمن بە بانگەشە دەڵێ ئێوە خەریکە لاواز دەبن. خۆی خەریکە لاواز دەبێ... موقاوەمەت زیندووە.

ئەم دووبارەبێژییە بێ‌سوودانەی عەلی خامنەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئیسلامی بەتەواوی لە ڕووی وێژمان، چەمک، زمان، سیاسەت، بانگەشەوە تووشی قەیران و شکستێکی قووڵ بووە و ئەم وتاردانە دوابەدوای یەکانەی ڕێبەری ڕێژیم تەنیا هێورکەرەوەیەکە بۆ لایەنگرانیان؛ ئەڵبەت لەوانەیە زیاتر لەوەی بۆ لایەنگرانی هێورکەرەوە بێت، بۆ خودی خامنەیی هێورکەرەوەیە. بە واتایەکی تر لێرەدا ڕوون نییە خامنەیی ورە بەوان دەدات یان کۆبوونەوەی ئەوان لە دەوری

بەفرانباری ٢٧٢٤

خامنەیی ورەیەکە بۆ ئەم؟

ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ترسێکی زۆری لێ نیشتووە و بەحەق پێیوایە خەڵکی ئێران لە تەدارەکی ناڕەزایەتیدەربڕینێکی دیکەدان، بۆیە بەردەوام هەڕەشە لە خەڵک دەکات و ڕێوشوێن دادەنێ بۆ ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم کە گەر بێت و کەسێک گومان، نائومێدی، دووبەرەکی یا ترس بڵاو بکاتەوە، دەبێ ئەو کەسە بەدواداچوونی بۆ بکرێ و سزا بدرێت. بەڵام کام گومان و نائومێدی و ترس و دووبەرەکی؟ ڕێک ئەوانەی وا سەرتاپای لایەنگرانی داگرتووە، ئەوان گومانیان بۆ دروست بووە لەوەی بۆچی چەند ساڵ لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆیان بەکوشت دران؟ نائومێد بوون لەوەی کە سەرەڕای تێچووی ماددی و گیانی زۆریان شکستیشیان خواردووە، ترس دایگرتوون لەبەر ئەوەی چارەنووسی لایەنگرانی ئەسەد چاوەڕوانیانە، هەر ئەمانەش دووبەرەکیی خستووەتە نێویانەوە؛ بۆیە گەر قەرار بێ کەسێک سزا بدرێ لەوانەیە کەسی بە دەوری خامنەییەوە نەمێنێ، چون ئەم چوار تایبەتمەندییە و زیاتریش هەموو یارانی دەسەڵاتی داگرتووە. خامنەیی لەمانە تۆقیوە بۆیە بەردەوام وەک کەسێکی ئالزایمێری دێ و دووپاتەبێژی دەکات.

دوو خاڵی تریش کە جێی ئاماژەیە ئەوەیە کە خامنەیی دەستەوداوێنی مەدداح و پەسنبێژان بووە بۆ ئەوەی بانگەشە بۆ سیاسەتەکانی بکەن و ڕوونکردنەوە بۆ خەڵک بدەن، ئەمە خۆی گرینگە کە کۆماری ئیسلامی لە عەلامە و ئایەتوڵڵاوە هەتا ئەم ئاستە داکشاوە – ئەڵبەت نەک بڵێین ئەوان پلەیان بەرز بوویێت، بەڵام مەدداح و عەلامە جیاوازن لە کۆنتێکستی هەمان کۆماری ئیسلامیدا - یەکی تریش ئەوەیە ئەدەبیاتی خامنەیی لە ترس و دۆڕاویدا گۆڕاوە و نزم بووەتەوە، وا وێدەچێ ماوەیەکی تر لە دەسەڵاتدا بێ و شکستی تریش ببینێ و بچێژێ، کاری دەگاتە جنێو و جنێوکاری؛ چون هەر ئێستاش وشەی وەک بەدبەخت و داماو و نەفام و... لە دەمی داناکەوێ و دژبەرانی خۆی بەم وشە ئاستنزمانە ناو دێنێت. ئەگەر خامنەیی وەک سەمبولێک لە کۆماری ئیسلامی ببینین، نیشان لەوەیە ئەم قەیران و شکستانە هەتا ناخیان ڕۆچووە و تووشی گرفتی دەروونییشی کردوون، سەرەڕای تێکڕمانی قەبارەیان.

٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤



سەرچاوە
Serchawe

# مێژووی پڕسەروەریی خەباتی حیزبی دێموکرات




**فەتاح ڕەسووڵی**

نەتەوەی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە درێژای مێژوو لەژێر زوڵم و ستەم و چەوسانەوەدا بووە. ڕابردووی پڕە لە ڕووداوی کارەساتبار و تراژێدیک. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو هێرش و جینایەتانە هیچکات ملکەچی داگیرکەران نەبووە و بەردەوام بەدرێژایی مێژوو بەتایبەت لە سەد ساڵی ڕابردوو بەرگری لە مان و مەوجودییەتی خۆی کردووە و بۆ ڕزگاری و گەیشتن بە ئازادی و سەربەستی لە خەبات و تێکوشان نەوەستاوە، لەو ڕێگایەشدا قوربانی زۆری داوەو توشی نەهامەتی گەورە بووەتەوە.

لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و دوای نەمانی میرنشینەکان، تەکیە و خانەقاکان بوونە مەڵبەندی بەرخودان و تێکۆشان؛ دواتر لە سەرەتای سەدەی بیستەم بە دامەزراندنی ڕێکخراو و کلۆپەکان جیلێکی نوێ لە کەسایەتییە ڕووناکبیرانی کورد جڵەوی بزووتنەوەی سیاسیی کوردیان گرتە دەست و بە شێوازێکی مەدەنی وسیاسی هەوڵی وەدەست هێنای مافەکانی کوردیان دا. ئەگەرچی شەڕی جیهانی یەکەم دەیتوانێ ئەو دەرفەتە بۆ کورد بڕەخسێنێت کە بە هیوای و

## بەفرانباری ٢٧٢٤

ئاواتەکانی بگات لە بەڵام لە ئاوابەندی سیاسەتی زلهێزان دەوری کورد وەک نەتەوەیەکی مەزن لەبەرچاو نەگیرا. لە مەودای نێوان دوو شەڕی جیهانی یەکەم و بیستەم، بزووتنەوەی سیاسی کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوور و باکوور بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەبوو بەڵام لە هەموویاندا بە هۆکاری وەک کێشەکانی ناوخۆیی و دەرەکی، بەرەوڕووی توندترین سەرکوت و کوشتاری بەکۆمەڵ بوونەوە، هەمیسان کورد بە چۆک دانەهات و بەردەوام بوو لە خەبات و تێکۆشان. هەموو ئەو کاروچالاکی و بزووتنەوانە بیری ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردی بە هێزتر کرد و لەسەر مافە نەتەوایەتییەکان مکوڕتر بوون. لەو دەرفەتەدا بوو کە ڕووناکبیران، دڵسۆزان و کەسایەتییەکانی دەروەستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەلومەرجی ئاڵۆز و شەڕی زلهێزەکان و بۆشایی دەستەڵاتی ناوەندی ئێران، لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانی کەڵکیان وەرگرتوو لەسەر داروپەردووی ڕێکخراوی نەتەوەیی "ژێکاف" لە ٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لە قۆناغێکی هەستیار و چارەنووس سازدا بە سەرۆکایەتی پێشەوای نەمر قازی محەممەد "حیزبی دێموکراتی کوردستان" دامەزرا. ئەم حیزبە هەر زوو توانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەوری ئاڵا و دروشمەکانی خۆی کۆبکاتەوە و بەشێک لە ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە. حیزبی دێموکرات وەک یەکەم حیزبی مۆدێرن، شۆڕشگێڕ و ڕزگاریخواز بوو بە خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانییەوە. گرنگایەتی و پێویستی پرسی نەتەوە و شوناسی کوردی لە بەرنامەی سەرەکی ئەم حیزبە بوو. هەر ئەوەش وایکرد دوای چەند مانگ لە دامەزراندنی، لە ٢ی ڕێبەندانی هەمان ساڵ(١٣٢٤) بەوپەڕی بوێری و هەست بە بەرپرسیارەتی مێژوویی کۆماری کوردستان لە مهاباد ڕابگەیەندرێ و قازی محەممەد وەک پێشەوا و یەکەم سەرۆک کۆماری کورد دیاری بکری. دووی ڕێبەندان واتە ڕۆژی دامەزراندی یەکەم کۆماری کوردی وەک ڕۆژێکی پیرۆز و بەرز بۆ هەمیشە لە یادەوەری نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشەکەی کوردستاندا بە مەزنی ماوەتەوە. ئەگەرچی تەمەنی کۆمار کەمتر لە ساڵێک بوو و بە هۆکاری نێوخۆیی و هێرشی سپای داگیرکەری ڕێژیمی ڕزاخان، ئەزمونی کۆماری کودستانیش وەک بیرەوەرییەک مایەوە، لەلایەکی دیکە هەر ئەو ١١ مانگە بوو بە مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەروەری بۆ سەرجەم گەلی کورد. کۆماری کوردستان تەمەنی کورت بەڵام وەک ئەزمونێکی سەرکەوتوو زۆر دەسکەوتی گرینگ و بەنرخی بۆ گەلی کورد بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە میرات بەجێهێشت. جیبیا لەوەی پلان و بەرنامە و یاسایەکی ڕێکوپێکی بۆ بەڕێوەبردن و ئیدارەی وڵات دانا، وێڕای ئەوەیکە بایەخی بە پرسی ژنان، منداڵان، وێژە و بڵاوکراوەکان، هەروەها دامەزراندنی سپای نەتەوەیی لە ژێر ناوی پیشمەرگە دا، ئاڵای کوردستان و سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب"یشی کردە هێمای نەتەوەی کورد. کۆماری کوردستان پەیامی گرینگی شوناسخوازی نەتەوەیی و گوتاری یەکگرتویی و شۆڕشی جەماوەری و بەهێزکردنی هەستی ناسیونالیستی لە نێو گەلی کورد، بڵاوە پێکرد و بوو بە مەکۆی سەرجەم هاووڵاتیانی کوردستانی گەورە و وەک چرایەک ڕووناکی بەخشیە هەمو کوردستان. وانەیەکی بەرز و مەزنی دیکە کە لە کۆمار و سەرۆکەکەی بۆ ئێمە بەجێ ما ئەوە بوو کە؛ هەر وەک پێشتر بەڵێنی بە گەلەکەی دابوو لە کاتی تەنگانەشدا بە جێیان ناهێڵێت، بەڵێنییەکەی خۆی بردە سەر، بەرێزیان وێڕای ئەوەیکە دەیزانی دەیکوژن بەڵام خەڵکی خۆی بەجێ نەهێشت و وەفادار مایەوە لە کاتی دادگایی

کردنیشی دا زۆر ژیرانە و بەوپەڕی شەهامەتەوە بەگژ دوژمنانیدا چۆوە و لە هەوڵ و ئامانجەکانی نەتەوەکەی بەرگری کرد، قازی نەمر بۆ جارێکیش لە ئامانجەکانی پاشەکشەی نەکرد و سەربەرزانە بەرەوپیلی مەرگەوە چوو و بەسەخاوەتەوە گیانی فیدای بەرژەوندییە باڵاکانی گەلەکەی کرد و ئاڵای ڕزگاری میلەتەکەی بە شەکاوەییەوە هێشتەوە و بە نەسڵی داهاتوی ئەسپارد. ئەو نەمامەی بە دەستی پیشەوای مەزن ڕوێندرا ئێستا وەک دارە بەڕوو ڕەگاژۆی سەرجەم کوردستانی داگرتووە و بە هیچ لافاو و ڕەشەبایەک لە بن نایەت. ڕاستە تێکچونی کۆمار و سێدارەی پێشەوا وەک ڕێبەری ئەم جووڵانەوەیە ڕووداویکی تاڵ و قورس بوو، لە بواری مەعنەویشەوە کاریگەری نەرینی لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دانا. بە دوای کارەساتی ڕووخانی کۆماری کوردستان شەپۆلی ڕاوەدونان و ڕەشبگیری خەباتگێڕانی حیزب دەستی پێکرد، بەشیکی بەرچاو لە کادرە چالاک و پێشکەوتووەکان ڕاپێچی چاڵە ڕەشەکانی ڕێژیمی پەهلەوی کران، بەشێک شاربەدەر و بەشێکیش پەڕیوەی باشووری کوردستان بوون و لەوێ گیرسانەوە و خەباتیان دەست پێی کردەوە. بە رواڵەت ڕێژیمی دیکتاتۆری شا توانی کۆماری کوردستان بڕوخێنیت، بەڵام نەیتوانی بیروهزری نەتەویی لە ناخی کوردا بسرێتەوە و ئێرادەی گەلی کورد تێکبشکێنیت. لە قۆناغێکی ئاستەم و دژوار و پڕ لە ئاستەنگدا جیلێکی نوێ لە تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری کورد بە شێوازی جۆراوجۆر خەباتیان درێژە پێدا و ئاڵای نەتەوییان بە شەکاوەیی ڕاگرت. چالاکیی سیاسی، مەدەنی، تەشکیلاتی و تەنانەت نیزامی بە شێوەی نهێنی و ئاشکرا لە زۆربەی ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی داگیرکراودا لە لایەن ئەندامانی دەروەستی حیزبەوە بەڕێوەدەچوو. ساڵەکانی ٤٦و٤٧ لە دۆخێکی سەخت و ئاڵۆزدا چالاکی چەکداری دەست پێدەکاتەوە، قرمەی چەکی ڕۆڵە بەورەکانی دێموکرات بێ دەنگی فەزای ئێران دەشکێنن و خەو لە چاوی بەکرێگیراونی ڕێژیم دەشێوێنن، کە خەونی لە نێوچوونی ئەم بزوتنەوەیان دەبینی. ئەم جووڵانەوە شۆڕشگێڕانەیە پەیامیکی گرینگ بۆ تاران بوو؛ گەلی کورد هەرماوە و قەت ئاڵاکەی نانەوێ، کوردی ئازادیخواز لە پێناو مافە ڕەواکانی بەرگەی هەموو نەهامەتی و کارەساتێک دەگرێ و ئامادەیە لە پێناو سەربەخویی و ئامانجەکانی دا فیداکاری بکات. ئەم چالاکییە قارەمانانەیە ئەگەرچی قوربانی و خەساری گیانی بۆ شۆڕشگێڕان هەبوو لەهەمان کاتدا خوێنی سووری تێکۆشەرانی دێموکرات بوو بە ڕووبارێک و زەوی قاقڕ و تینووی نیشتمانی پاراو کرد، جارێکی دیکە هیوا بۆ کۆمەڵانی خەڵک گەڕایەوە، شادی و باوەڕ بە خۆبوونی خەڵکی بووژاندەوە. ساڵی ١٣٥٧ گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران بە تێکڕا بە دژی شا ڕابوون و ڕوخاندیان بەڵام ئاڵوگۆڕی دەستەڵات لە بەینی دوو ڕێژیمی دیکتاتور و دژە گەلی، تەنیا جیاوازیان لە جلوبەرگیان دابوو! ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکرات و کادر و پێشمەرگەکانی لە باشووری کوردستانەوە گەڕانەوە ناوخۆ و وەک سەردەمی کۆماری کوردستان لە لایان کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە باوەشیان بو کراوە و پێشوازی گەرمیان لێکرا. ئەمەش دەرفەتێکی نوێی ڕەخساند بۆ بووژانەوەی ڕێکخراوە سیاسیەکان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکەمین هێزی جەماوەری دووبارە خۆی ڕێکخستەوە و دەستی بە کاروچالاکیی سیاسی کردەوە، حیزبی دێموکرات کە بەرهەمی دەیان ساڵ خەبات و تێکۆشان بوو بە بەرنامە و ستراتیژی تازە خەباتێکی گشتگیر و فرەڕەهەندی لە هەموو شار و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکردەوە. لاوانی

## بەفرانباری ٢٧٢٤

خوێن گەرم و نیشتمانپەروەر لە سەرتاسەری کوردستان پۆل پۆل پەیوەستی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات دەبوون. هێزیکی گەورەی سیاسی نیزامیان پێکهێنا. ئەم قۆناغە بە سەرکردایەتی د. قاسملوو ڕێبەری زانا و بلیمەت وەک لاپەڕەیەکی زێڕین لە مێژووی کورد و حیزبی دێموکرات ماویتەوە هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و کەسی د. قاسملوو ئەوەبوو بەشێوەی ئاشتی و دیالۆگ و دوور لە خوێن ڕشتن و توندوتیژی لەگەڵ ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتو بگەنە چارەسەر. بۆ ئەم مەبەستە چەند جار چاوپێککەتن لەگەڵ خومەینی و لیژنەی دانوستانکاری کورد و ناوەند کرا. بەڵام هەموو هەوڵەکان بێ ئاکام مانەوە، خومەینی نەتەنیا پشتی لە داخوازییە ڕەوکانی گەلی کورد کرد بەڵکوو لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد ڕاگەیاند و کوردستان لە هەمووولایەکەوە لەسەر زەوی و ئاسمانەوە کەوتە بەر پەلاماری دڕندانەی ڕێژیمی ئاخۆندەکان وەک کورد دەڵێ بە؛ شەلم کوێرم کەس نابوێرم، کەوتنە قەتلوعام و قەڵاچۆکردنی شارو گوندەکانی کوردستان و دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەپاراست. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی دوژمن و بەرگری لە کەرامەت و مانەوەی گەلەکەیان کەوتنە شەڕیکی نەخوازراو و سەنگەریان لە داگیرکەران گرت. لە هەموو ناوچەکانی کوردستان شکستیان بە دوژمن هێنا. ئەم شەڕەی خومەینی و حاکمانی تاران کە بە دژی گەلی کورد ڕاگەیەندرا، لەو کاتییەوە بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوامە و تێچووی قورسی بۆ هەردووک لا هەبووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزی سەرەکی و شوێندانەر و خاوەن پێگەی جەماوەری هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە باوەڕی بە پرنسیپەکانی ئەخلاقی و ئاشتەوایی هەبووە و یاسا و ڕێسا بنەماکانی مافی مرۆڤی هەتا ئاستێکی باش بەتایبەت لە شەڕەکان دا پاراست کە ئەمە لە کارو کردەویدا ڕەنگی داوەتەوە. گەلی کورد بە دریژای مێژووی خەبات بۆ سەربەستی و مافەکانی هیچ کات شەڕخواز و هێرشبەر نەبووە، بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە ئەوەیە؛ لە تەواوی ئەو شەڕانەی کورد وەک خاوەن ماڵ تەنیا بەرگریکار بوو و هێرشی بۆسەر خاکی کەس نەکردووە بەلام دوژمن وەک پەلاماردەر و داگیرکەر هێرشی کردووەیە سەر خاکی کوردستان. لە سەرەتای دەیەی شێستەوە شەڕیکی نابەرابەر لە نیوان هێزەکانی ڕێژیم و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەراسەری کوردسان دەستی پێکرد و حیزبی دێموکرات وەک گەورەترین هێزی مەیدانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. ئەو شەڕە داسەپاوە هەتا ساڵی ١٣٦٣ی هەتاوی بەشێوەی بەرە و جبهەیی و پارتێزانی لە هەمو کوردستان بەردەوام بوو، لەبەر پاراستنی خەڵکی کورد و ماڵوێرانی هێرشی دوژمن، بە پاشەکشەی هێزە کوردییەکان بەرەو سنورەکانی باشووری کوردستان و گۆڕینی تاکتێکی شەڕ، قۆناغیکی دیکەی خەبات دەست پێدەکات. کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بۆ جەولەی سیاسی و نێزامی و پەیوندی گرتن بە کۆمەڵانی خەڵک دەچوونەوە قووڵایی ناوچەکانی کورستان و کاروچالاکیان دەکرد. ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و شەخسی د. قاسملوو کە هەمیشە باوەڕی بە ئاشتی و وتوویژ بووە بۆ چارەسەری پرسی کورد بەردەوام هەوڵی دەدا ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی تێبگەهێنێ دانوستان و ئاشتی زۆر باشترە لە شەڕ، بەڵام ڕێژیم هیچ باوەڕێکی بە ماف و ئازادی گەلان نەبوو و لە نیازپاکی و ئاشتی خوازی د. قاسملوو بۆ لە داو خستنی کەڵکیان وەرگرت، ٢٢ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٨ی هەتاوی لە سەرمیزی وتوویژ لە ڤیەن پیتەختی ئوتریش



سەرچاوە Serchawe

**بەفرانباری ٢٧٢٤**

دیپلۆمـات تیرۆریسـتەکانی ئێرانـی ئەو زاتە بەرزەیـان تێـرور کـرد. گەلـی کـورد بە لەدەسـتدانی ئەم کەسـایەتیە گەورە و پڕکـاریگەرەی هەروەهـا جـووڵانەوەی ڕزگـاریخوازی ئێـران و کوردسـتان تووشـی خەسـارێکی گەورە بـوو و هەتـا ئێسـتاش ئەم خەسـارە و کەلێـنە پـڕ نەکـراوەتەوە. دوای تیـروری د.قاسـملوو ئەرکـی ڕێـبەری حیـزب دەکەویـتە سەرشـانی د.شەرەفکەندی، کەسایەتیکی کـاریگەر لە گۆڕەپـانی خەبـاتی سیاسی، مودیرێکی بەمشوور و زانـا، بە کەڵـک وەرگرتن لە ئەزمونەکانی شەهید د.قاسملوو لە بەردەوامی خەبات نەوەستا و بە گڕوتینێکی زیاترەوە شۆڕش و جووڵانەوەیان بەرەو پێش برد و خەونەکانی ڕێژیمی ئاخوندیان کردە مۆتەکە. بەداخەوە جارێکی دیکە بە پیلان و دەسوی ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری ئێرانـی لە ٢٦ی خەرمانـانی ١٣٧١ی هەتـاوی، ئەو سەرکردە مەزنەشی لە ڕیستورانی میکۆنـووس لە بەرلینی وڵاتـی ئاڵمـان شەهید کـرد. لەدەسـتدانی کارەسـاتباری دوو ڕێبەر و سـەرکردە لە مـاوەی سێ سـاڵدا خەسـارێکی گەورە بـوو بـۆ بـزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد و برینێکی قووڵ لە سەر جەستەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. کۆمـاری ئیسلامی پێیوابـوو ئەم جارەیـان تیـری خەڵاسـی لە پەیکەری خەبـاتی "حـدکا " داوە لە ڕاستیدا دوژمن و تەنـانەت بەشێکیش لە دۆسـتان و دڵسـۆزانی حیـزب باوەڕیـان کردبـوو کە خەبـاتی حیـزب ئەگە کۆتـاییشـی پـێ نەیەت، زۆر لاواز دەبـێ. بەڵام بە هەوڵ و تێکۆشـان و بـێ وچـانی پێشـمەرگەکان خەونەکـانی دوژمنـان وەڕاست نەگەران و ڕێبەرایەتیـی حیـزب و ڕۆلە فیـداکارەکانی نیشتیمان بەڵێنیان دەگەڵ ڕوحی شەهیدان و گەلەکەیان نـۆی کـردەوە ئەم ڕێگـایە تـا سەر بـڕۆن و نەهێڵن ئەم خەبـاتە لە پێی بکەویت.

دوای هەموو نەهامەتییەکان، سەپاندنی شەڕ، تیرۆر، سێدارە و گرتن و ئەشکەنجەی تێکۆشەرانی کـورد حیزبـی دێمـوکرات خەبات و بزوتنەوەکەی بە پەشتیوانی جەماوەری شلگیرانە قۆناغەکانیان بڕیوە و ئاسـۆی سـەرکەوتن زۆر لە جـاران ڕونتـر و نیزیکتـر بـووەتەوە. هیـچ موبـاڵەغەی تێـدا نییە کە دەڵێـین حیزبـی دێمـوکرات سـەروگەردنێک لە سـەروی هەمـوو هێـزە سیاسیەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و غەیـرە کـوردی ئێـرانیە، خـاوەن مێـژوو و ئەخلاقـی شۆڕشگێری، خـاوەن بڕیـاری سـەربەخۆ و پێگەی سیاسی و جەماوەری و خـولقێنەری ڕەسەنایەتی و شۆناسی نەتەوەیە، ڕۆژبەڕۆژ خۆشەویستی و پشـتیوانی کـۆمەڵانی مافخوازی گەلی کورد بۆ حیزبەکەیـان لە هەڵکشـاندایە و ئـاوێتەی یەک بـوونە. مێـژووی خەبـاتی بـێ پسـانەوەی "حـدکا" بە زۆر قـۆنـاغی ئاستەم و دژواردا تێپەڕیـوە بەرز و نزمـی و ئاستەنگ و کێشەگەلێکی زۆری بینیـوە، قـوربـانی زۆری داوە وخـۆین لە جەستەی دەچۆڕێ بەڵام بەوحاڵەشەوە هیچکات سەنگەری خەباتی چۆل نەکردوە و بۆتە سەرچاوەی هیـوا و ئومێدی گەلـی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چاوەڕوانی و چاوەکانیش هەر لە سەر ئەم حیزبەن بۆ گەیشتن بە ئـازادی و سـەربەستی.

**٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤**

# پەیامی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢ی ڕێبەندان، ٧٩هەمین ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان




**هۆگرانی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان!**

٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی، واتە ٧٩ ساڵ لەمەوبەر گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە درەوشاوەترین لاپەڕەکانی مێژووی خۆی تۆمار کرد و بە کردەوە کیانێکی سیاسی-نەتەوەیی لەسەر بەشێک لە جوغرافیای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دامەزراند. بە بۆنەی ئەو ساڵیادە مەزنەوە گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین و ئێوە میراتگرانی کۆماری کوردستان دڵنیا دەکەینەوە تا وەدیهێنانی ئامانجەکانی، درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی دامەزرێنەرانی کۆمار دەبین.

ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە لایەن ڕێبەری بلیمەت و پێشەوای حیزبی دیمۆکراتی کوردستان، قازی محەممەدەوە لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە شایانی یادکردنەوە و لێکدانەوەیە. لەدایکبوونی دەسەڵاتی کوردی و لە هەمان کاتدا نێوەڕۆکی ئەوە دەسەڵاتە، کۆمەڵێک پەیام و دەرەنجامی بۆ گەلی کورد لەخۆ گرتوە کە نەتەنیا لەو ساتەوەختە مێژووییەدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکو ئاسەوارەکانی بۆ ئێستا و داهاتووی خەباتی ڕزگاریخوازیی نەتەوەکەمان ماوەتەوە و

دەمێنێتەوە. ئەگەرچی کۆماری کوردستان تەنیا لە جوغرافیایەکی سنوورداردا قەتیس مایەوەو بۆ ماوەی ١١ مانگ بەردەوام بوو، بەڵام لەڕووی ئەو کاریگەرییەی لەسەر خەباتی نەتەوەیی گەلەکەمانی جێهێشت، هەم جوغرافیای کوردستانی بە هەموو بەشەکانەوە تەنی و هەم تا ئێستاش وەک دینامیزمی بزووتنەوەی نەتەوەیی بەسەر سەرجەم بزووتنەوەی نەتەوەییەوە ڕۆڵ دەگێڕێ. کۆماری کوردستان بە پیادەکردنی ئیرادەی خۆبەڕێوەبەریی گەلی کورد، پەرەدان بە زمان و کولتوور و خوێندن و هونەر و هەروەها دابینکردنی ئەمن و ئاسایش لەڕێگەی دامەزراندنی سوپای نیشتمانی و دواتر ناودێرکردنی جەنگاوەری کورد بە "پێشمەرگە" و هەڵدانی ئاڵای کوردستان و بە فەرمی کردنی سروودی نەتەوەیی و دامەزراندنی چاپخانە و ئێزگەی ڕادیۆ و بڵاوکردنەوەی چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و، هەروەها سەروەرکردنی یاسا بە سەر هەموو هاووڵاتیانی کۆماردا و لە هەموان گرینگتر کۆکردنەوەی کەسایەتییە ئایینی، ڕۆشنبیری و سەرۆک عەشیرەتەکان لە بەش و ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە چوارچێوەی حکوومەتی کوردیدا، بناغەکانی نەتەوەسازی بە شێوەیەک چەسپاند کە بە تێپەڕبوونی نزیک بە ٨ دەیە لە ڕووخانی، تا ئێستاش گەلەکەمان لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە شانازییەوە یادی دەکاتەوە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان هەڵقوڵاوی پاشخانێکی مێژوویی بوو لە وشیاریی نەتەوەیی و، ڕەگ و ڕیشەی لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردییەوە سەرچاوەی گرتبوو کە لانیکەم لە مێژووی هاوچەرخدا بەردەوام زیندوو و بەرقەرار بووە. بەدوای ئەوەی ڕەزاشای پەهلەوی هەوڵیدا دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانی لەسەر حیسابی تواندنەوەی نەتەوە نافارسەکان بنیات بنێ، گەلی کورد بە هەموو شێوەیەک بەرامبەر ئەو پرۆژەیە وەستایەوە و ئامادە نەبوو بچێتە ژێر باری ئەو ستەمە گەورەیە. لە ڕاستیدا دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕەتکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوەی سەقەتی ئێرانی بوو کە حەولی دەدا بە زەبری هێز خۆی بسەپێنێ. ئەو هەڵوێستە مێژووییە لەلایەک گەلی کوردی بۆ یەکەم جار کردە خاوەن ستاتۆیەکی مۆدێرن و پێشکەوتنخوازی نەتەوەیی و لە لایەکی‌ترەوە سامانێکی بەنرخی خستە سەر مێژووی گەلەکەمان.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی کۆماری کوردستان بڕوامەندیی بە تۆلێرانس و پێکەوەژیانی ئاشتیانە بوو کە تیایدا سەرجەم جیاوازییەکانی کۆمەڵگەی کوردستانی بە کورد و تورک و ئەرمەنی و هتد جێگا ببێتەوە. لە سەردەمێکدا کە زۆربەی دەوڵەتانی ناوچە خاوەن سیستەمێکی سیاسیی نادێمۆکراتیک و سەرەڕۆ بوون، سەرهەڵدانی دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک لە بەشێک لە کوردستان، ژێری و ڕێکخراویی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و ڕێبەرانی ئەو حیزبە دەردەخا.

**جەماوەری تێکۆشەری کوردستان!**

ئەوساڵ لە کاتێکدا بەرەو پیلی یادکردنەوەی ٢ی ڕێبەندان دەچین کە کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی و



سەرچاوە
Serchawe

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕێ. ڕێژیمی سیاسی لە ئێراندا چ لە ئاستی نێوخۆیی و چ لە ئاستی دەرەکیدا لەگەڵ کۆمەڵێک قەیرانی قووڵ بەرەوڕوویە، لە ئاستی ناوخۆییدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەلێنی نێوان خەڵک و دەسەڵات بەرینتر دەبێتەوەو نارەزایەتیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان لە دۆخی نالەبار و تاقەت پڕووکێنی ئابووری، کەشی خنکێنەری سیاسی، بەرزبوونەوەی ڕێژەی ئێعدام و سزا قورسەکان بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کێشە کۆمەڵایەتییە کەڵەکەبووەکان، گەندەڵیی سیستماتیک و بەربڵاو لە هەموو جومگەکاندا، بێ هیوایی و کۆچی بەکۆمەڵی لاوان و هێزی مرۆیی پسپۆڕ بۆ دەرەوەی وڵات و سەرەنجام تێپەڕینی گەلانی ئێران لە ڕووی زەینییەوە لە ڕێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتدا ڕوو لە هەڵکشانە، بە جۆرێک کە تەنانەت زۆرێک لە تیۆریسیەن و شارەزایانی نێو خودی دەسەڵات دان بە ئامادەیی ڕۆحی شۆڕشگێڕی لە نێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە ئامانجی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتدا دەنێن. لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەم قەیرانەکان بەربڵاوترن و هەم ئامادەییەکی فراوانتر بۆ ڕێکخراوبوونی نارەزایەتییەکان بەدی دەکرێ، ئەوەش وایکردوە خەڵکی کوردستان لە هەموو دەرفەتەکان بۆ دەربڕینی بێزاری و ڕەتکردنەوەی سیاسەتەکانی ڕێژیم بقۆزنەوەو وەک پێشەنگی بزووتنەوەی ئازادیخوازی ئێران دەرکەون. بزووتنەوەی ژینا و بەشداریی بەرچاوی خەڵکی کوردستان لە نارەزایەتییەکاندا بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی ئێران، کەسایەتییەکی سیاسیی ئەوتۆی بە کوردستان بەخشیوە کە چ لە ئاستی نێوخۆی ئێراندا و چ لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا پرسی کوردی بەرجەستەتر کردۆتەوەو ڕۆژهەڵاتی کوردستانی وەک دەروازەی گۆڕانکاری وێنا کردوە. خەڵکی کوردستان کە هەر لە سەرەتای هاتنەسەر کاری ئەو ڕێژیمەوە خەباتێکی ناسنامەخوازانەی فرەڕەهەندی دژی دەسەڵات دەستپێکردوە، پشت ئەستوور بە حیزبە سیاسییە نەتەوەیی و شۆڕشگێڕەکانی، کە خاوەن پێگەیەکی فراوانی جەماوەرین و بەتایبەت لە بزووتنەوەی ژینا و کۆمەڵێک ڕووداویتر لەو ساڵانەدا ئەو ڕاستییەیان سەلماند، تا ئاستێکی بەرچاو بوونەتە جێگای هیوا و هومێدی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران.

لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا، کۆماری ئیسلامی لە پاشەکشەیەکی بەردەوام دایە لە پەیوەندییە سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانیدا و بەتەواوی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا تەریک کەوتۆتەوەو تەنیا ڕێژیمە دیکتاتۆر و نابەرپرسەکان بە شێوەی سنووردار و بە پێی بەرژەوەندییەکانیان تەعامولی لەگەڵ دەکەن. درووشمە بریقەدارەکانی ڕێژیم سەبارەت بە ڕزگاریی گەلی فەلەستین و ناردنەدەرەوەی شۆڕش کە ٤٥ ساڵە وەک ستراتیژی پاراستنی خۆی پەنای بۆ بردوون، لەگەڵ شکستێکی قەرەبوونەکراو بەرەوڕوو بوونەتەوە. بەشێوەیەک کە زۆربەی گرووپە نیابەتییەکانی لە فەلەستین و لوبنان و سووریە و یەمەن و شوێنەکانی تر کە لە سەر حیسابی سەروەت و سامانی گەلانی ئێران دایمەزراندوون و پڕچەکی کردوون، لە لێواری داڕمان دان. ڕووخانی ڕێژیمی ئەسەد لە سووریە کە وەک خەڵوەتگەی ئەمنی ڕێژیم بۆ قەڵەوکردنی تیرۆر کەڵکی لێوەردەگرت و بە دەیان میلیار دۆلاری لێ خەرج کردوە، لە ڕووی سیاسی و ئەمنیەتییەوە زەبرێکی گورچوبڕی لە ڕێژیم داوە کە ئەو شکستە تەنانەت هاواری کەسانێک لە نێو خودی ڕێژیمی لێکەوتۆتەوە. ڕەوتی ڕووداوەکان ئەوەمان پێدەڵێ کە



سەرچاوە
Serchawe

له ڕۆژنامەی کوردستان و کوردستان میدیاوە

بەفرانباری ٢٧٢٤

کۆماری ئیسلامی ناچار دەکرێ بە تەواوی بگەڕێتەوە نێو قاوغی خۆی و چیتر ناتوانی یاری بە چارەنووسی گەلی فەلەستین و گەلانی دیکەی ناوچەکە لە پێناو مانەوەی خۆیدا بکا.

بە لەبەرچاوگرتنی کۆی قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان و بە سەرنجدان بە شکستی ئیدئۆلۆژیکی ڕێژیم لە لایەک و کەڵەکەبوونی تووڕەیی و بێزاری گەلانی ئێران لە لایەکیتر بۆمان دەردەکەوێ بەردەوامیی حوکمڕانیی کۆماری ئیسلامی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەگەڵ ئاستەنگی گەورەتر بەرەوڕوویە و تێچووی مانەوەی قورستر دەبێتەوە.

## حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!

بە سەرنجدان بەو هەلومەرجەی لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، دەرفەتێکی لەبار بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و ئازادیخوازانی ئێران هاتۆتە پێش و حیزب و لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە بەردەم بەرپرسیارەتییەکی مێژوویی و تەنیا بە یەکگرتوویی و یەکڕیزی دەتوانین دەرەقەتی ئەو قۆناغە بێین و گەلی کورد لە کوردستان بە وەدیهاتنی مافە نەتەوەییەکانیان هیوادار بکەین. پێکهێنانی پلاتفۆڕمێکی هاوبەش لە وەها کات و ساتێکدا ئەرکی لە پێشینەی هەموو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران لەو پێناوەدا هەموو هەنگاوێکی پێویست بۆ دەستەبەرکردنی زەمینەی گونجاو بۆ کاری هاوبەش دەگرێتە بەر و داوا لە سەرجەم حیزب و لایەنەکان دەکا بە سەرەنجدان بە زەرووڕەتی یەکخستنی ناوماڵی کورد لە بارودۆخی ئێستادا هەولەکانیان بۆ ئەو مەبەستە بخەنە گەڕ.

**حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی یادی دامەزرانی کۆماری کوردستان و پیرۆزبایی ئەو یادەوەرییە مەزنە لە گەلی کورد، ئامانج و دەسکەوتەکانی کۆمار بە چرای ڕێگای خەبات و تێکۆشانی خۆی دەزانێ.**

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتی

ڕێبەندانی ١٤٠٣ی هەتاوی

ژانویەی ٢٠٢٥ی زایینی

٢٩ی بەفرانباری ٢٧٢٤


کۆماری
کوردستان
تاجی خەبات و تێکۆشانی بزووتنەوەی
ڕزگاریخوازانەی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستان
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
ناوەندی تەشکیلات



# سپاس و پێزانین

بۆ هەموو هاوڕێ و دۆستان بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، وتووێژ و بابەتەکان.

دەستتان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

**ڕەحمان نەقشی**

